حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زمان

# تۆڕبەندی ڕێزمانی وشە لە زمانی کوردییدا

تێزێکە

**گۆنا عمر عبدالله**

پێشکەشی کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانیی کردووە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی دکتۆرا لە زمانی کوردیدا

سەرپەرشت:

**پ.د.کاروان عمر قادر**

(٢٧٢٣)ی کوردی (٢٠٢٣)ی زایینی

ئەم تێزە بە ناونیشانی **(تۆڕبەندی ڕێزمانی وشە لە زمانی کوردییدا)**، بە سەرپەرشتیی من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا لە زمانی کوردییدا.

پ.د.کاروان عمر قادر

سەرپەرشت

ڕۆژ: ٥ / ٤ / ٢٠٢٣

بەپێی ئەو پیشنیازە، ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

پ.ی.د.محمد عمر عول

سەرۆکی بەشی زمانی کوردی

ڕۆژ: ١٨ / ٤ / ٢٠٢٣

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە و لەگەڵ خوێندکارەکەدا گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی دیکەی کرد و بڕیارماندا، کە بڕوانامەی دکتۆرای لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.

ناو: پ.د. نوریمان عبدالله خوشناو

ئەندام

ڕۆژ: ١٨/ ٥ /٢٠٢٣

ناو: پ.د. ابوبکر عمر قادر

سەرۆکی لیژنە

ڕۆژ: ١٨/ ٥ /٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. [illegible]

ئەندام

ڕۆژ: ١٨/ ٥ /٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. [illegible]

ئەندام

ڕۆژ: ١٨/ ٥ /٢٠٢٣

ناو: پ.د. کاروان عمر قادر

ئەندام و سەرپەرشت

ڕۆژ: ١٨/ ٥ /٢٠٢٣

ناو: پ.ی.د. سامان جبار عبوزید

ئەندام

ڕۆژ: ١٨/ ٥ /٢٠٢٣

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمانەوە پەسەندکرا.

پ.د. شاخەوان جلال حاجی فرج

راگری کۆلێجی زمان

ڕۆژ: ٥ /٦ /٢٠٢٣

## ئەم تێزە پێشکەشە بە..........

- دایك و باوكی خۆشەویستم.
- هاوسەرم.
- خوشك و براكانم.
- منداڵەكانم( لاس و زیوە).

## سوپاس و پێزانین

سوپاس بۆ:

- بەڕێز (پ.د. کاروان عومەر قادر)، کە بەو پەڕی دڵسۆزییەوە ئەرکی سەرپەرشتیکردنی تێزکەی گرتەئەستۆ و هەنگاو بەهەنگاو هاوکاریکردووم، سوپاسی ماندووبوون و پشوودرێژی بەڕێزی دەکەم.
- بەڕێزان سەرۆکایەتیی بەشی زمانی کوردی و ڕاگرایەتیی کۆلێژی زمان، کە پیشەییانە و دڵسۆزانە هاوکارم بوون.
- هەموو ئەو مامۆستا و هاوڕێیانەم، کە لەتەواوی کارەکەدا هاوکاری ماددی و مەعنەویم بوون.
- خێزانەکەم (دایك و باوك و هاوسەر و خوشك و برا و منداڵەکانم) ، کە هەمیشە پاڵپشتیانکردووەم.

## هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| X | کەرەستەی گۆڕاو |
| !!+ | گرێی چالاك |
| ئان | ئاوەڵناو |
| ن | ناو |
| ف ن | فرێزی ناوی |
| ف ك | فرێزی کاری |
| • | گرێیەکی تۆڕبەندی پەیوەندار |
| س | سەربار |
| تە | تەواوکەر |
| ب | بکەر |
| بەر | بەرکار |
| ISA | هێڵەگرێدەری گشتی/ دایك |
| ▽ | سێگۆشەی میراتی هێڵەگرێدەر |
| ↓ | گرێی سەرە |
| ⌒ | پەیوەندیی بەندێتیی نێوان وشەکان |
| ○ | جۆری پەیوەندیی نێوان وشەکان |

# لیستی زاراوەکان

| | |
|---|---|
| | ئـ |
| Token | ئاماژەیی |
| | ب |
| Conceptualization | بەچەمککردن |
| Schematization | بەئەسکەلەکردن |
| Grammaticalisation | بەڕێزمانیکردن |
| Symbolization | بەهێماکردن |
| Embodiment | بەجەستەکردن |
| Pre-Dependent | بەندی پێشەوە |
| Post-Dependent | بەندی دواوە |
| Construction | بونیادەکان |
| Spreading Activation | بڵاوبوونەوەی چالاککردن |
| Base | بنەما |
| | پ |
| Perception | پەیپێبردن |
| Generalization Commitment | پەیوەستبوونی هەمەکییانە |
| Cognitive Commitment | پەیوەستبوونی درکپێکردن |
| Symbolic Assembly | پێکەوەلکاندنی هێمایی |
| Atemporal Relation | پەیوەندیی ناکاتی |
| Relation | پەیوەندیی |
| Dependency Relation | پەیوەندیی بەندێتیی |
| Associative Link | پەیوەندییە هاوبەشەکان |
| Profile | پوختە |
| Scanning | پشکنین |

| | |
|---|---|
| Categorization | پۆلکردن |
| Dependency Classification | پۆلکردنی بەندێتیی |
| | ت |
| Mono stratal | تاکرەوە |
| Cognition | درکپێکردن |
| Network | تۆڕبەند |
| | ج |
| Type | جۆریی |
| Clitic Pronoun | جێناوی کلیتیك |
| | خ |
| Hostword | خانەخوێ |
| | د |
| the content requirement | داواکاری ناوەڕۆك |
| Conceptual Structure | داڕشتەی چەمکییانە |
| Perceptual Structure | داڕشتەی پەیپێبردنانە |
| Dependency Structure | داڕشتەی بەندێتیی |
| Network Structure | داڕشتەی تۆڕبەند |
| Frequency Of Occurrence | دووبارە بوونەوەی ڕوودان |
| | ڕ |
| Realization | ڕاستاندن |
| Constructional Approaches | ڕێبازە بونیادەکان |
| Cognitive Grammar | ڕێزمانی درکپێکردن |
| Sanction | ڕێگەپێدان |
| Full Sanction | ڕێگەپێدانی هەمەکیی |
| Partial Sanction | ڕێگەپێدانی هەندەکیی |
| Word Grammar | ڕێزمانی وشە |
| Dependency Grammar | ڕێزمانی بەندیتی |
| Agreement | ڕێککەوتن |
| Usage Event | ڕووداوە بەکارهاتووەکان |
| | ز |

| | |
|---|---|
| Ground | زەمینە |
| Inheritance Hierarchy | زنجیرەی هەرەمی میراتی |
| | س |
| Head | سەر |
| Adjunct | سەربار |
| Pre-Adjunct | سەرباری پێشەوە |
| Post-Adjunct | سەرباری دواوە |
| | ش |
| Prototype | شاوەچە |
| Hyponym | شاوشە |
| Figure | شێوە |
| Inflection | شکانەوە |
| | چ |
| Relational Concepts | چەمکە پەیوەندارەکان |
| Nonrelational Concepts | چەمکە ناپەیوەندارەکان |
| | ک |
| Temporal | کاتی |
| Clitic | کلیتیك |
| | گ |
| Usage-Based Thesis | گریمانەی بنەمای بەکارهێنان |
| Symbolic thesis | گریمانەی هێمایی |
| Node | گرێ |
| Variant | گۆڕاوەکان |
| | ل |
| Structured Inventory | لیستی داکراو |
| | م |
| The Content Requirement | مەرجی داواکاری ناوەرۆك |
| Target | مەبەست |
| Dependency Distance | مەودای بەندێتیی |
| Inheritance | میرات |

| | |
|---|---|
| Default Inheritance | میراتـی گریمانـەیی |
| Multiple Inheritance | میراتـی هـەمـەچـەشنـە |
| | ن |
| Exceptional | نـاوازەکان |
| Architecture Of Language | نـەخشـەی زمانـی |
| Instantiation | نموونـەی بـەرجـەستـەکـەر |
| | هـ |
| Valency | هـاوهێزی |
| Coordinate | هـاوپێوەند |
| Diagram | هێڵکاریـی |
| | یـ |
| Conventional Linguistic Units | یـەکە زمانـەوانییـە بـاوەکان |

# پێڕستی ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | |
| ١/٠) ناونیشان و بواری تێزەکە | ١ |
| ٢/٠) کەرەستەی تێزەکە | ١ |
| ٣/٠) هۆی هەڵبژاردنی تێزەکە | ١ |
| ٤/٠) ڕێبازو تیۆریی تێزەکە | ١ |
| ٥/٠) بەشەکانی تێزەکە | ٢-١ |
| ١) بەشی یەکەم: ڕێزمانی درکپێکردن و پەیپێبردنی ڕێزمانی وشە | |
| ١/١)زانستی درکپێکردن | ٦-٤ |
| ١/١_١)زانستی زمانی درکپێکردن | ٦ |
| ١/١-١-١) ڕێبازی زانستی زمانی درکپێکردن | ٩-٦ |
| ١/١-١-٢) بوارەکانی زانستی زمانی درککپێردن | ١٠-٩ |
| ١/١ -١-٣) چەمکە پەیوەستەکانی زانستی زمانی درکپێکردن | ١٠ |
| ١/١-١-٣-١) پەیوەستبوونی هەمەکییانە | ١١ |
| ١/١-١-٣-٢)پەیوەستبوونی درکپێکردن | ١١ |
| ١/١-٢) سیمانتیکی درکپێکردن | ١٣ |
| ١/١-٣)ڕێبازە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزمان | ١٦-١٤ |
| ١/١-٣-١) گریمانە ئاڕاستەکراوەکان( گریمانەی هێمایی) | ١٩-١٦ |
| ١/١-٣-٢) گریمانە ئاڕاستەکراوەکان (گریمانەی بنەمای بەکارهێنان) | ٢١-١٩ |
| ٢/١) مۆدێلی ڕێزمانی درکپێکردن | ٢٤-٢١ |
| ٢/١ -١) مۆدێلی پێڕەوی داڕشتەی چەمکییانە | ٢٤ |
| ١ /٢-٢) ڕێزمانی درکپێکردن | ٢٥ |
| ١/ ٢-٣) ڕێبازە بونیادەکان بۆ ڕێزمان | ٣٢-٢٦ |
| ١ /٢-٤) ڕێبازەدرکپێکردنەکان بۆ بەڕێزمانیکردن | ٣٥-٣٢ |
| ٢/١- ٤-١) یەکەکانی ڕێزمان | ٣٥ |
| ٢/١ -٤-٢ ) کۆزانینی ڕێزمانی | ٣٧-٣٥ |
| ٢/١ -٥) کۆدداکردنی ئاوەزییانە و بەئەسکەلەکردن | ٣٩-٣٧ |

| | |
|---|---|
| ١/ ٢ -٥-١) ئەسكەلە و نموونەی بەرجەستەکەری | ٣٩-٤٤ |
| ١/ ٢-٥-٢) دووبارە بوونەوە لە پێکهێنانی ئەسکەلەدا | ٤٤-٤٦ |
| ١/ ٢-٥-٣) پۆلکردن | ٤٧-٥٠ |
| ٢/١- ٥-٤) پشکنین | ٥٠-٥٣ |
| ٢/١ -٦) ڕێگەپێدان | ٥٣-٥٥ |
| ١/ ٢-٦-١) ڕێگەپێدانی هەمەکی | ٥٥ |
| ٢/١-٦-٢) ڕێگەپێدانی هەندەکیانە | ٥٦-٥٨ |
| ٢) بەشی دووەم: تۆڕبەندی زمان لەبۆتەی ڕێزمانی وشەدا | |
| ١/٢) بنەما تیۆرییەکانی ڕێزمانی وشە | ٦٠ |
| ١/٢-١) تۆڕبەندی زمانی ڕێزمانی وشە | ٦١-٦٥ |
| ١/٢-٢) تایبەتمەندییەکانی ڕێزمانی وشەیی | ٦٥ |
| ١/٢-٢-١) میراتی گریمانەیی | ٦٥-٧٢ |
| ١/٢-٢-١-١) میراتی گریمانەیی و ناوازەکان | ٧٢-٧٤ |
| ١/٢-٢-١-٢) میراتی هەمەچەشنەیی | ٧٥-٧٦ |
| ١/٢-٢-٢) لێکسیم و وەچە لێکسیمەکان | ٧٦-٨٠ |
| ٢//١-٢-٣) ئاماژەیی و جۆریی | ٨١-٨٢ |
| ١/٢-٢-٤) بڵاوبوونەوەی چالاککردن | ٨٣-٨٥ |
| ١/٢-٢-٥) تایبەتمەندیی داڕشتەی بەندێتیی ڕێزمانی وشە | ٨٦-٩٠ |
| ١/٢-٣) واتای کردارەکان لە گرێی تۆڕبەندەکاندا | ٩١-٩٣ |
| ٢/٢) نەخشەی زمانی لە ڕێزمانی وشەدا | ٩٤-٩٧ |
| ٢/٢-١)خستنەڕووی تایبەتێتی وشەکان و ڕایەڵە پەیوەستەگییەکانیان لە ڕێزمانی وشەدا | ٩٨-١٠٠ |
| ٢/٢-٢) لێکسیم و شکانەوەکان | ١٠١-١٠٤ |
| ٢/٢-٣) مۆرفۆلۆژی و پەیوەندییە فەرهەنگییەکان | ١٠٥-١٠٨ |
| ٢/٢-٤) زنجیرەی هەڕەمی توخمەکانی زمان | ١١٠-١١١ |
| ٢/٢-٥) ئیدیۆمەکان لە ڕێزمانی وشەدا | ١٠٩-١١٤ |
| ٢/٢-٦) کلیتیکەکان لە ڕێزمانی وشەدا | ١١٥-١١٩ |
| ٢/٢-٦-١) وشەی خانەخوێ | ١٢٠-١٢١ |
| ٢/٢-٦-٢) جۆرەکانی کلیتیکی جێناویی لە زمانی کوردییدا | ١٢٢-١٢٣ |
| ٢/٢-٦-٢-١) جێناوەکلیتیکیە بکەرییەکان | ١٢٤-١٢٦ |

| | |
|---|---|
| ٢/٢-٦-٢-٢) جێناوەلکاوە بەرکارییەکان | ١٢٩-١٢٧ |
| ٢/٢-٦-٢-٣) جێناوە لکاوە خاوەندارێتییەکان | ١٢٩ |
| ٢/٢-٦-٢-٤) کلیتیکی جێناوە تایبەتەکان | ١٣٠ |
| ٣) بەشی سێیەم: دارِشتەی ڕستە لە ڕێزمانی وشەدا | ١٣٣ |
| ١/٣) دارِشتەی بەندێتیی | ١٣٥-١٣٣ |
| ١/٣-١) پەیوەندیی بەندێتیی | ١٣٧-١٣٥ |
| ١/٣-٢) شیتەڵی دارِشتەی توخمە پێکهێنەرەکانی ڕستەی زمانی کوردی لەچێوەی ڕێزمانی وشەدا | ١٤٢-١٣٨ |
| ١/٣-٣) ڕێککەوتن لە ڕستەی زمانی کوردیدا | ١٤٥-١٤٣ |
| ١/٣-٣-١) ڕێککەوتنی ئاسایی بکەر_کردار لە داهاتوودا | ١٤٨-١٤٥ |
| ١/٣-٣-٢)ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤی_کارایی خورتیی | ١٥٠-١٤٩ |
| ١/٣-٣-٣) ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤی_بەرکاری سەرپشکی | ١٥٠ |
| ٢/٣) دارِشتەی بەندێتیی لە ڕێزمانی وشەدا | ١٥٣-١٥١ |
| ٢/٣-١) سەربار و هاوهێزیەکان لە میراتدا | ١٥٥-١٥٣ |
| ٢/٣-٢) پۆلکردنی بەندێتیی | ١٦٠-١٥٥ |
| ٢/٣-٣) دارِشتەی بەندێتیی جۆرەکانی ڕستە لەڕووی دارِشتەوە | ١٧٠-١٦١ |
| ٢/٣-٤) دارِشتەی بەندێتیی ڕستەی بکەرنادیار | ١٧٥-١٧١ |
| ٢/٣-٥) دارِشتەی بەندێتیی کرداری ئاڵۆز (مۆرفۆسینتاکس) | ١٨٢-١٧٥ |
| ئەنجامەکان | ١٨٤-١٨٣ |
| سەرچاوەکان | ١٩١-١٨٥ |
| الملخص | ١٩٢ |
| Abstract | ١٩٣ |

# پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژ | هێڵکارییەکان | لا |
|---|---|---|
| | **هێڵکارییەکانی بەشی یەکەم** | |
| ١. | لێکۆڵینەوە لە واتاو ڕێزمان لە زانستی زمانی درکپێکردن | ٩ |
| ٢. | تۆڕبەندی مۆرفۆلۆژی | ٢٠ |
| ٣. | مۆدێلە درکپێکردنەکانی ڕێزمان | ٢٢ |
| ٤. | مۆدێلی درکپێکردنی یەکەی زمانەوانی (دار) | ٢٣ |
| ٥. | پەیوەندیی ئەسکەلە و نموونەکەی | ٤٣ |
| ٦. | دووبارەبوونەوەی ئاماژەیی بەرز | ٤٦ |
| ٧. | دووبارەبوونەوەی ئاماژەیی نزم | ٤٦ |
| ٨. | هێڵکاریی پۆلە سەرەکییە سینتاکسییەکان | ٥٠ |
| | **هێڵکارییەکانی بەشی دووەم** | |
| ١. | تۆڕبەندی چەمکی کەلوپەلی ناوماڵ | ٦٣ |
| ٢. | تۆڕبەندی هێڵەگرێدەری(وشە) | ٦٧ |
| ٣. | تۆڕبەندی پەیوەندیی کرداری ڕابردوو و ڕانەبردووی زمانی کوردی | ٦٧ |
| ٤. | تۆڕبەندی تایبەتێتی وشەی سەرڕووت لە ئێستاو ڕابردوودا | ٧٠ |
| ٥. | تۆڕبەندی چەمکە پەیوەندار و ناپەیوەندارەکان | ٧٢ |
| ٦. | تۆڕبەندی مۆرفیمی ناسراویی و ناوازەیی | ٧٤ |
| ٧. | تۆڕبەندی پۆلکردنی ئاژەڵی پشیلە، لەسەربنەمای میراتی هەمەچەشنە | ٧٦ |
| ٨. | تۆڕبەندی زنجیرەی هەرەمی میراتی لێکسیم | ٧٧ |
| ٩. | تۆڕبەندی لێکسیمی ئەسپ | ٧٩ |
| ١٠. | تۆڕبەندی پۆلکردنی باڵندە لەڕووی تایبەتمەندیی فڕینەوە | ٨١ |
| ١١. | تۆڕبەندی بڵاوبوونەوەی چالاککردن لە شتێکی فڕیوو لە ئاسماندا | ٨٥ |
| ١٢. | تۆڕبەندی داڕشتەی بەندێتیی لە (زانا ڕۆیشت) | ٨٧ |
| ١٣. | هێڵکاری تۆڕبەندی بۆ ڕستەی (ژەنێ خەوت) | ٨٩ |
| ١٤. | هێڵکاریی تۆڕبەندی بۆ ڕستەی(ئەیلان نانەکەی خوارد) | ٨٩ |
| ١٥. | هێڵکاریی تۆڕبەندی بۆ ڕستەی (ئەیلان نانەکەی بەدەست خوارد) | ٩٠ |
| ١٦. | تۆڕبەندی  شاوشەی(پەپوولە) | ٩١ |
| ١٧. | هێڵکاریی تۆڕبەندی شاوشەی(خەوت) | ٩١ |
| ١٨. | تۆڕبەندی کرداری (خەوت) لە گرێی داڕشتەی تۆڕبەندا | ٩٣ |
| ١٩. | تۆڕبەندی سێ ئاستە زمانەوانییەکە لە ڕێزمانی وشەدا | ٩٥ |
| ٢٠. | تۆڕبەندی قەوارەکان و پەیوەندییەکان لە ئاستەکانی زماندا | ٩٦ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢١. | تۆڕبەندی شیکردنەوەی وشەی (باخ) لە ئاستەکانی زماندا | ٩٧ |
| ٢٢. | تۆڕبەندی پۆلە وشەییەکان | ٩٩ |
| ٢٣. | تۆڕبەندی بۆماوەیی لە پۆلی پۆلی وشە کرداری پەیوەندیی | ١٠٠ |
| ٢٤. | تۆڕبەندی بەستنەوەی لێکسیمی **دێ** بە شکانەوەی (کۆ)وە | ١٠٢ |
| ٢٥. | تۆڕبەندی نواندنی لێکسیم و شکانەوەی وشەی زێڕ | ١٠٣ |
| ٢٦. | تۆڕبەندی ڕاستاندی وشەکان لەلایەن فۆڕمەکانەوە | ١٠٦ |
| ٢٧. | تۆڕبەندی شکانەوەو پەیوەندییە فەرهەنگییەکان | ١٠٨ |
| ٢٨. | تۆڕبەندی توخمەکانی زنجیرەی هەرەمیی زمان | ١١٠ |
| ٢٩. | تۆڕبەندی داڕشتەی ئیدیۆمی کێچ کەوتە کەوڵی | ١١٣ |
| ٣٠. | تۆڕبەندی داڕشتەی ئیدیۆمی کای کۆن بەبا دەکات | ١١٤ |
| ٣١. | تۆڕبەندی میراتی هەمەچەشنەی جێناوی کلیتیك | ١١٧ |
| ٣٢. | تۆڕبەندی پەیوەندیی نێوان پۆلی وشە کلیتیك و پۆلی وشە پاشگر | ١١٩ |
| ٣٣. | تۆڕبەندی پەیوەندیی نێوان کلیتیك و وشەکان | ١٢٠ |
| ٣٤. | تۆڕبەندی جۆرەکانی وشەی خانەخوێ | ١٢٣ |
| ٣٥. | تۆڕبەندی کلیتیکی بکەری لەڕستەی ڕابردووی تێپەڕدا | ١٢٤ |
| ٣٦. | تۆڕبەندی کلیتیکی بکەری لە کرداری ڕانەبردووی تێپەڕدا | ١٢٥ |
| ٣٧. | تۆڕبەندی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی ڕابردووی تێپەڕ | ١٢٦ |
| ٣٨. | تۆڕبەندی داڕشتەی ئەبستراکتی (کردار) وەك وشەی خانە خوێ | ١٢٧ |
| ٣٩. | تۆڕبەندی ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی ڕانەبردووی تێپەڕ | ١٢٨ |
| ٤٠. | تۆڕبەندی کلیتیکی خاوەندارێتی لە ڕستەی ( ئەو کتێبەکەمی برد ) | ١٢٩ |
| ٤١. | تۆڕبەند بۆ ڕستەی(لێیان دەخوات) | ١٣١ |
| **هێڵکارییەکانی بەشی سێیەم** | | |
| ١. | تۆڕبەندی فۆرم هەمبەر بە ئەرکی ڕێزمانی وشەکان | ١٣٥ |
| ٢. | تۆڕبەندی ڕێککەوتنی بکەر_ کردار لە کرداری داهاتوودا | ١٤٦ |
| ٣. | تۆڕبەندی ڕێککەوتنی بکەر کردار لە ڕستەی (زیوە وێنە دەکێشێت) | ١٤٧ |
| ٤. | تۆڕبەندی ڕێککەوتنی بکەر کردار لە ڕستەی (من دەڕۆم) | ١٤٨ |
| ٥. | تۆڕبەندی ڕێککەوتنی بکەر-کردار لە ڕستەی (ئەو دێت) | ١٤٨ |
| ٦. | تۆڕبەندی ڕێککەوتنی بکەر_کردار لەڕستەی (ئێوە دێن) | ١٤٩ |
| ٧. | تۆڕبەندی ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤی کارایی خورتی | ١٥٠ |
| ٨. | تۆڕبەندی ڕێککەوتنی بەرکار لەگەڵ بکەرو کردار | ١٥١ |
| ٩. | تۆڕبەندی بکەرو سەربار لە ڕستەیەکی سادەدا | ١٥٤ |
| ١٠. | تۆڕبەندی پۆلی گشتی بەندێتیی | ١٥٦ |
| ١١. | تۆڕبەندی داڕشتەی بەندێتیی لە کرداری تێپەڕی زمانی کوردیدا | ١٥٧ |

| | | |
|---|---|---|
| ١٢. | هێڵکاریی تۆڕبەند بۆ ڕستەی (٢٦) | ١٥٨ |
| ١٣. | تۆڕبەند بۆ ئەو کردارانەی ڕێگە بە بەندەکانیان دەدەن لەدوای خۆیانەوە بێن | ١٥٩ |
| ١٤. | هێڵکاریی تۆڕبەند بۆ ڕستەی (٢٧) | ١٦٠ |


## پێڕستی شێوەکان


| ژ | شێوەکان | لا |
|---|---|---|
| **شێوەکانی بەشی یەکەم** | | |
| ١. | یەکەی هێمایی(پشیلە) | ١٧ |
| ٢. | یەکە هێماییەکان | ١٨ |
| ٣. | ئەسکەلەی بونیادی وشەی (سێو) | ٢٧ |
| ٤. | بونیادی وشەکانی (دژە ژەهر، دژە ئاو، دژە خۆر) | ٢٧ |
| ٥. | ئەسکەلەی وشەکانی ( دژە ژەهر، دژە ئاو، دژە خۆر) نوێنراوە | ٢٨ |
| ٦. | ئەسکەلەی بونیادی (ئاوەڵناویی و نا ـ ئاوەڵناویی) | ٢٨ |
| ٧. | ئەسکەلەی ئیدیۆمی(ئاسنی سارد دەکوتێت) | ٢٩ |
| ٨. | بەڕێزمانیکردنی وشەی(هێلکەوڕۆن) | ٣٤ |
| ٩. | یەکەکانی ڕێزمان | ٣٥ |
| ١٠. | ئەسکەلەی ئاڵۆزی هێمایی، لەلایەن (لانگەکەر)ەوە پێشکەشکراوە | ٤٢ |
| ١١. | بەئەسکەلەکردنی قەوارەکان | ٤٩ |
| ١٢. | پەیوەندیی کاتی و ناکاتی | ٥٢ |
| ١٣. | پەیوەندیی کاتی و ناکاتی ــ سادە و ئاڵۆز | ٥٣ |
| ١٤. | ڕێگەپێدانی یەکە زمانەوانییەکان | ٥٤ |
| **شێوەکانی بەشی دووەم** | | |
| ١. | شێوەی ئەندازەیی (١) | ٦٤ |
| ٢. | شێوەی ئەندازەیی (٢) | ٦٤ |
| ٣. | شێوەی ئەندازەیی (٣) | ٦٤ |
| ٤. | جیاکردنەوەی وشە ئاماژەیی و جۆرییەکان | ٨٣ |


## پێڕستی داڕشتەی ڕستەکان


| | | |
|---|---|---|
| **داڕشتەی ڕستەکانی بەشی سێیەم** | | |
| ١. | داڕشتەی بەندێتیی بۆ(نەسرین پڵاو لێدەنێت) | ١٣٧ |
| ٢. | داڕشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی(هەر شیرین ببە) | ١٣٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٣. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی (ئەو گوڵانە ئاوبدە) | ١٤٠ |
| ٤. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی(دوو دەفتەرم بۆ بکڕە) | ١٤٠ |
| ٥. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی(چ ڕەنگێك هەڵدەبژێریت؟) | ١٤١ |
| ٦. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی(باشترین کارت هەڵبژاردووە) | ١٤١ |
| ٧. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی(٩) | ١٤٢ |
| ٨. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی (شەم خەوت) | ١٦١ |
| ٩. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی (٢٩) | ١٦١ |
| ١٠. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی(٣٠) | ١٦٢ |
| ١١. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی (٣١) | ١٦٣ |
| ١٢. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەیەکی سادەی فراوانکراو | ١٦٤ |
| ١٣. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەیەکی هاوپێوەند | ١٦٥ |
| ١٤. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی لێکدراوی هاوپێوەند | ١٦٥ |
| ١٥. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی(٣٥) | ١٦٦ |
| ١٦. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی (٣٦) | ١٦٧ |
| ١٧. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەیەکی دوو سەرەیی | ١٦٧ |
| ١٨. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەیەکی لێکدراوی پێچەوانەیی | ١٦٨ |
| ١٩. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی (٣٩ ) | ١٦٩ |
| ٢٠. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەیەکی سەرجێناوی | ١٧٠ |
| ٢١. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەیەکی شوێنکەوتوو | ١٧٠ |
| ٢٢. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی(٤٢) | ١٧١ |
| ٢٣. | دارِشتەی بەندێتیی (بۆ ڕستەی(٤٦.أ) | ١٧٣ |
| ٢٤. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی(٤٦.ب) | ١٧٣ |
| ٢٥. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ ڕستەی( ٤٦. پ) | ١٧٤ |
| ٢٦. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ کرداری ئاڵۆزی(چنیمن) | ١٧٦ |
| ٢٧. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ کرداری ئاڵۆزی(دەمچنی) | ١٧٧ |
| ٢٨. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ کرداری ئاڵۆزی(دایگرتن) | ١٧٧ |
| ٢٩. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ کرداری ئاڵۆزی(پێمچنیت) | ١٧٨ |
| ٣٠. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ کرداری ئاڵۆزی(بۆمیاندانابوویت) | ١٧٨ |
| ٣١. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ کرداری ئاڵۆزی(پەسەندیکردن) | ١٧٩ |
| ٣٢. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ کرداری ئاڵۆزی(دەیانچنم) | ١٧٩ |
| ٣٣. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ کرداری ئاڵۆزی(دایاندەگرێت) | ١٨٠ |
| ٣٤. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ کرداری ئاڵۆزی(پێتدەچنم) | ١٨٠ |
| ٣٥. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ کرداری ئاڵۆزی(لێیانتوەردەگرمەوە) | ١٨١ |
| ٣٦. | دارِشتەی بەندێتیی بۆ کرداری ئاڵۆزی(پەسەندیاندەکات) | ١٨١ |

## پێڕستی خشتەکان


| ژ | خشتەکان | لا |
|---|---|---|
| **خشتەکانی بەشی یەکەم** | | |
| ١. | خشتەی ئەسکەلەی بونیادی سادە و ئاڵۆز | ٣٠ |
| ٢. | خشتەی ڕوونکردنەوەی پارامێتەری یەکە زمانییەکان | ٤٠ |
| **خشتەکانی بەشی دووەم** | | |
| ١. | خشتەی هەندێک لە لێکسمەکان و کۆیەکانیان | ١٠٢ |
| **خشتەکانی بەشی سێیەم** | | |
| ١. | خشتەی دارشتەی بەندەکانی ڕستە بەپێی هاتنیان لە پێش یان دوای سەرە | ١٧٤ |
| ٢. | خشتەی دارشتەی بەندەکانی ڕستەی بکەر نادیار | ١٧٥ |
| ٣. | خشتەی دارشتەی بەندێتیی کرداری ئاڵۆزی تێپەڕ | ١٨٢ |


## پێڕستی وێنە


| | | |
|---|---|---|
| ١. | جۆرەکانی مێز | ٦٨ |

## پێشەكی:

### ١/٠) ناونیشان و بواری تێزەكە:

تێزەكە بۆ (تۆڕبەندی ڕێزمانی وشە لە زمانی كوردیدا) تەرخانكراوە، هەوڵێكە بۆخستنەڕووی داڕشتەی زمانی كوردیی بەپێی بنەماكانی تیۆریی ڕێزمانی وشە.

### ٢/٠) كەرەستەی تێزەكە:

كەرەستەی تێزەكە لە( زمانی كوردی_ كرمانجی ناوەڕاست) ەوە وەرگیراوە، نموونەكانیش لە ئاخاوتن یان نوسینی ئەم شێوەزارەوە وەرگیراوە.

### ٣/٠) گرنگی تێزەكە:

ڕێزمانی وشە وەك مۆدێلێكی تری ڕێزمانی دركپێكردن، سەرجەم ئاستەكانی زمان وەك تۆڕبەندێكی تێكچڕژاو دەبینێت، كە وشەكان و پەیوەندییە تۆڕبەندییەكانیان نمایندەیان دەكەن. شیكردنەوەی زمان بە كۆزانین و ڕەفتارەكانی ترەوە دەبەستێتەوە و زمان وەك تۆڕبەندێكی كۆزانین دەردەخات و بە كۆزانینەكانی تری ئاوەزی مرۆڤەوە دەیبەستێتەوە، كەرەستە و داتاكانی زمانی كوردی و بەكارهێنانیان، وەك تۆڕبەندێك لە پەیوەندیی نێوان بەشەكانی تری دركپێكردنی گشتیی مرۆڤ پێكدێت.

### ٤/٠) ڕێباز و تیۆریی تێزەكە:

ڕێبازی لێكۆڵینەوەكە ڕێبازی دركپێكردنی شیكارییانەیە، لە چێوەی بنەماكانی ڕێزمانی وشەدا، وەك تیۆرییەكی ڕێزمانی دركپێكردن.

### ٥/٠) بەشەكانی تێزەكە:

تێزەكە، جگە لە پێشەكی و ئەنجام و لیستی سەرچاوەكان، پوختەی تێزەكە بە هەردوو زمانی(ئینگلیزی و عەرەبی)، لە سێ بەش پێكهاتووە، بەشەكانیش كراون بە چەند پار و وەچەپارێكەوە:

بەشی یەکەم بە ناونیشانی (ڕێزمانی درکپێکردن و پەیپێبردنی ڕێزمانی وشە)یە، لەم بەشەدا تیۆریی بنچینەیی و هاوتاکان بۆ تیۆریی ڕێزمانی وشە، بە نموونە و شیکردنەوەی پێویستەوەخراوەنەتەڕوو، لە دوو پار پێکهاتووە، پاری یەکەم بەناونیشانی(زانستی زمانی درکپێکردن)ە، کە تێیدا باس لە بنەماکانی زانستی زمانی درکپێکردن کراوە و پاری دووەمیش بەناونیشانی(مۆدێلی ڕێزمانی درکپێکردن) ە، کە تێیدا باس لە مۆدێلی ڕێزمانی درکپێکردن کراوە، وەك بنەمایەك بۆ تیۆریی ڕێزمانی وشە.

بەشی دووەم بە ناونیشانی (تۆڕبەندی زمان لە بۆتەی ڕێزمانی وشەدا) یەو لەم بەشەدا گرنگی دراوە بە بنەما سەرەکییەکانی ڕیزمانی وشە و چۆنیەتیی کارکردنی لە زمانی کوردیدا، لە دوو پار پێکهاتووە، پاری یەکەم بە ناونیشانی (بنەما تیۆرییەکانی ڕێزمانی وشە) یە، کە لەم پارەدا بنچینەکانی تیۆرییەکە خراوەتە ڕوو، پاری دووەمیش بە ناونیشانی (نەخشەی زمانی لە ڕێزمانی وشەدا)یە، کە تێیدا نەخشەی زمانی لە تۆڕبەندی ڕێزمانی وشەدا خراوەتەڕوو.

بەشی سێیەم بە ناونیشانی(داڕشتەی ڕستە لە ڕێزمانی وشەدا) لەم بەشەدا وەك بەشێکی کارەکی، گرنگی بە شیکردنەوەی ڕستەکانی زمانی کوردیی بەپێی تیۆریی ڕێزمانی وشە دراوە و لە دوو پار پێکهاتووە، پاری یەکەم بە ناوی (داڕشتەی بەندێتیی) یە، کە تێیدا باس لە داڕشتەی بەندێتیی لە زمانی کوردیدا کراوە و پاری دووەم بە ناونیشانی(داڕشتەی بەندێتیی جۆرەکانی ڕستە لەڕووی داڕشتنەوە) یە، لەم پارەشدا بەشێوەیەکی کارەکی کار لەسەر شیکردنەوەی داڕشتەی ڕستەکانی زمانی کوردی کراوە هەروەها داڕشتەی کرداری ئاڵۆزیش بەپێی تیۆریی ڕێزمانی وشە خراوەتەڕوو. لە کۆتایی تێزەکەدا ئەنجامەکان بە چەند خاڵێك دیاریکراون.

# بەشی یەکەم

# ڕێزمانی درکپێکردن و پەیپێبردنی ڕێزمانی وشە

## ١) ڕێزمانی درکپێکردن و پەیپێبردنی ڕێزمانی وشە:

### ١/١) زانستی درکپێکردن"cognitive science":

زانستی درکپێکردن پرۆژەیەکە هەوڵدەدات لە ئاوەزی مرۆڤ تێبگات. تێگەیشتن و زانینیش دەربارەی ئاوەزی مرۆڤ، کارێکی سەرنج ڕاکێش و ئاڵۆزە و لە زۆر پسپۆڕێتیی جیاوازەوە لێی کۆڵراوەتەوە، لەوانە زانستی دەمارزانی لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی بایۆلۆژیانەی ئاوەز دەکات، زانستی دەروونزانی لە پێواژۆ ئاوەزییەکانی وەك تێگەیشتن و بڕیاردان ...هتد دەکۆڵێتەوە. زانستی کۆمپیوتەریش لە چۆنیەتی هاوشێوەکردن و بە مۆدێلکردنی ئەو پێواژۆییانە لە کۆمپیوتەردا دەکۆڵێتەوە. زانایانی بایۆلۆژی و مرۆڤناسیش لەلایەنی گەشەی ئاوەز دەکۆڵنەوە. کاری زانستی زمانی درکپێکردنیش، دانانی چوارچێوەیەکە بۆ هەموو ئەو پەیپێبردنە جیاوازانە بەیەکەوە. لە زانستی درکپێکردندا زاراوەی درکپێکردن، بە واتایەکی گشتیی بەکاردێت، مەبەست لێی دیاریکردنی تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی پێواژۆ درکپێکردنەکانە لای مرۆڤ، ئاژەڵ، یان ئەو ئامێرانەی هەستی تێگەیشتنیان بۆ دانراوە . تێڕامان لە خودی تێگەیشتن، بەوەی چۆن لە ئاوەزی مرۆڤەکاندا ڕێکخراوە، ئامراز و هۆکارەکانی پەیوەست و پەیوەندار بەم تێگەیشتنەوە چین، مرۆڤەکان چۆن فێری بوون و چۆن لە تێگەیشتنی شارەزاییەکانیان، چارەسەری کێشەکانیان و داڕشتنی کارەکانیان سوودی لێوەردەگرن و دەیخەنەگەڕ، چۆن تێگەیشتن بە هەستەکان، کردارەکان و پەیپێبردنەکانەوە بەستراوە، کە بە کۆزانین دادەنرێن. هەموو ئەمانە بە زانستی درکپێکردنەوە پەیوەستن، کەواتە دەکرێت بگوترێت: " تێگەیشتن هەر شتێك دەگرێتەوە، کە لەوانەیە بیری لێبکەیتەوە، وەك کۆزانینی گشتیی (کۆزانینی مرۆڤ، شتەکان، ڕووداوەکان" (Hudson,2007:7) هۆکارەکانی ناسینەوە، بەیادهێنانەوە، دۆزینەوەی پەیوەندییەکان و بەستنەوەیان بە جیهانی دەرەوە و دەوروبەر هەموویان پەیوەستن بە بوونیادی مرۆڤ و بەسەر تەواوی جەستەی مرۆڤدا دابەش دەبن و دواتر لە ئاوەزدا لێکدانەوەیان بۆدەکرێت و ئامادە دەکرێنەوە و لەڕێگەی ئامڕازی سەرەکیی کردەی پەیوەندییکردنەوە، دووبارە خۆیان دەنوێننەوە و بەرجەستە دەکرێنەوە، بە واتایەکی تر مرۆڤ لە توانایدایە،

تیشك بخاتە سەر سەرنجەکانی و بیانگۆڕێت، شوێن بابەتە هەست جوڵێنەرەکان بکەوێت، خەیاڵ و وێنەکان پێکبهێنێت و شارەزاییانە دەستکارییان بکات، بەراوردی دوو شارەزایی بکات، ڕۆنان، یان بناغەی هاوشێوەکان دابنێت، لە توخمە سادەکان دارِشتە ئاڵۆزەکان پێکبهێنێت و لە لایەنی جیاوازەوە دیمەنێك پیشانبدات."گریمانەی بنچینەیی زانستی درکپێکردن ئەوەیە، کە دەتوانین لەڕێگەی نواندنی دارِشتەکانەوە لە ئاوەزدا و کردارە هەژمارەییەکان، کە کار لەسەر ئەو دارِشتانە دەکەن، باشتر لە بیرکردنەوە تێبگەین "( Thagard, 2005:10).

ئامانجی سەرەکیی زانستی درکپێکردن، بریتییە لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن مرۆڤ لە ڕێگەی توانا گشتییەکانییەوە بە جۆرە جیاوازەکانی بیرکردنەوە دەگات و تێگەیشتن لە کارکردنی ئاوەز بۆ چالاکییە کارەکییەکان زۆر گرنگە، بۆ نموونە مامۆستا پێویستە لەبارەی سروشتی بیرکردنەوەی خوێندکارەکانی بزانێت، بۆ ئەوەی ڕێگایەکی باشتر بۆ فێرکردنیان بگرێتە بەر، سیاسییەکان و بڕیاردەرەکان، ئەگەر لە پێواژۆی هۆشەکیی ئەو کەسانە تێبگەن، کە کاریان لەگەڵدا دەکەن، زۆر سەرکەوتوو دەبن، لەگەڵ ئەمانەشدا لێکۆڵینەوە لە ئاوەز کارێکی ئاسان نییە (بە تێپەڕبوونی سەدەکان، فەیلەسووفەکان و دەروناسەکان جۆری جیاوازی میتافۆڕیان بۆ ئاوەز بەکارهێناوە و بەراوردیانکردووە، بۆ نموونە لە کاغەزێکی بەتاڵەوە، کە چاپگەری دروستبووە بۆ ئامێری هایدرۆلیکی و کۆمپیوتەر و تەختەکلیلی تەلەفۆن. زۆر لە زانایانی درکپێکردن بۆ پەسنکردن و ڕوونکردنەوەی چۆن خەڵك کێشەکانیان چارەسەر دەکەن، بیرکرنەوەیان وەك جۆرێکی هەژمارەیی و بەکارهێنانی میتافۆرە هەژمارەییەکان پیشانداوە)(هەمان سەرچاوە، ٤-١٠).

لە ئەنجامی بەرەنگاربوونەوەی ئەو ڕێباز و ڕوانگانەی، کە باڵی بەسەر زمان و فەلسەفەدا کێشابوو، هەروەها گەشەکردنی بۆچوونە دەروونییەکانی زمان، لە هەمان کاتدا کاریگەریی ئەو دەرئەنجامانەی، کە توێژینەوە نوێیەکانی ئەوکات لە بواری پۆلکردندا هەیانبوو، بۆچوونێك لە بواری زمانەوانیدا هاتە ئاراوە، کە دەیویست زیاتر تیشك بخاتە سەر لایەنی تێگەیشتن و پەیوەندییەکانی بە زمانەوە. بەم شێوەیە قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن هاتە ئاراوە، کە ڕێبازێکی نوێی لێکۆڵینەوەی زمانە و لقێکە لە زانستی زمانی گشتیی. مێژووی

ئەم قوتابخانەیە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٠ بە دواوە، سەرەتا لە شێوەی لێکۆڵینەوەی بچووکدا دەرکەوتووە و هەریەك لە زمانەوانان (جۆرج لاکۆف، ڕۆناڵد لانگەکەر، چارلس فیلمۆرو لیۆنارد تالمی) (Geeraerts,Cuyckens,2007:7) لە چوارچێوەی ئەم زانستەدا کاریان کردووە و پەرەیان بە زانستی زمانی درکپێکردن داوە.

## ١/١_١) زانستی زمانی درکپێکردن:

ئەم زانستە خاوەنی تێڕوانین و گریمانەی ئەزمونکراو و جیاواز لە قوتابخانە زمانییەکانی پێش خۆیەتی، زمانەوانانی ئەم بوارە، وەك ئامێری ڕێکخستن و جێبەجێکردنی کردەکان و گواستنەوەی زانیاریی، لە زمانیان ڕوانیوە. لەم ڕوانگەیەوە لە زانستی زمانی درکپێکردندا، شیکردنەوەی شارەزایی و چەمکی کەتیگۆرییە زمانەوانییەکان گرنگییەکی سەرەکیی هەیە و زمان وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ لێی ناکۆڵرێتەوە، بەڵکو وەك ڕەنگدانەوەی (ڕێکخستنی چەمکە گشتییەکان، ڕێساکانی بەپۆلکردن، میکانیزمەکانی بە پێواژۆکردن و کاریگەرییە ژینگەیی و شارەزاییەکان) لێی کۆڵراوەتەوە. لەم ڕێبازەدا زمان ڕۆڵی نێوەندگیری، لە نێوان ئاوەز و جیهانی واقعدا دەبینێت، بە واتای لە خاڵی نێوەندیی نێوان بەریەککەوتنەکانمان لەگەڵ جیهان و داڕشتەی زانیارییەکانی ئاوەزماندا پێکهاتووە. لەم ڕوانگەیەوە زمان، وەك کۆگایەکی کۆزانینی جیهانی و کۆکراوەی کەتیگۆرییە واتادارە داڕشتەکراوەکان بینراوە، کە لە مامەڵەکردن لەگەڵ شارەزاییە نوێیەکان و هەڵگرتنی زانیاریی دەربارەی کۆنترینیان یارمەتیماندەدات. ( Geeraerts & Cuyckens, 2007:3-5) لە کۆی ئەم تایبەتێتیانە، سێ تایبەتێتی بۆ زمانەوانیی درکپێکردن داڕێژراون، لەوانە: یەکەم، گرنگیدان بە واتا لە شیکردنەوە زمانەوانییەکاندا، دووەم واتای زمانی سروشتێکی ئینسکلۆپیدیایی هەیە، سێیەم واتای زمانی سروشتێکی پەیپێبردنانەی هەیە( بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم تایبەتێتیانە بڕوانە( قادر،٢٠١٢: ٧٨-٨٢ ).

## ١/١-١-١) ڕێبازی زانستی زمانی درکپێکردن:

لە ڕوانگەی ئەم قوتابخانەیەوە زمان و پێکهاتەی زمان ، پەیوەستە بەچەند لایەنێکی ترەوە و هەمووشیان پێکەوە لە بونیادی قاڵبە ڕێزمانییەکاندا

ڕەنگدانەوەیان دەبێت، بۆ لێکدانەوەی ئەمانە، ئەم زانستە خاوەنی سێ بنەمای تیۆرییە (Croft & Cruse, 2004:1)، ئەوانیش:

١. زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە.
٢. ڕێزمان بریتییە لە سیستەمی بەچەمککردن.
٣. کۆزانینی زمانی لە بەکارهێنانی زمانییەوە سەرهەڵدەدات.

لە بنەمای یەکەمی زانستی زمانی درکپێکردن، کە بریتییە لە (زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە)، ئەوە ڕووندەبێتەوە، کە کۆزانینی زمانیی هەریەك لە (فۆڕم و واتا)، بەشێوەیەکی بنچینەیی داڕشتەی چەمکی دەگرێتەوە. بۆ زمانەوانانی ئەم بوارە، هەریەك لە داڕشتەی( سیمانتیکی، سینتاکسی، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی)، سروشتی چەمکیانەیان هەیە. مرۆڤیش پێواژۆ درکپێکردنەکان و توانا درکپێکردنەکانی، بۆ کۆنترۆڵکردنی/ دەست پێداگەیشتنی زمانەکەی بەکاردەهێنێت، کە لە ڕێساکاندا، وەك هەموو توانا درکپێکردنەکانی ترن. ئەو توانا درکپێکردنانەی، کە کاتێك قسە دەکەین، یان ئاماژە دەکەین، یان کاتێك لە زمانی قسەکردن، یان ئاماژە تێدەگەین، زۆر جیاواز نین، لە ئەرکە درکپێکردنەکانی، وەك پەیپێبردنی بینین، بیرکردنەوە، یان چالاکی جوڵەیی، بە واتای ئەو توانا درکپێکردنانەی، کە هەمانە و بەسەر زماندا جێبەجێیدەکەین، هەمان ئەو توانا درکپێکردنانەی ترە، کە لە لایەنەکانی تری ژیانماندا بەکاریدەهێنین (لێرەدا توانای زگماکیی مرۆڤ جیاکراوە نیە، لە توانا و دامەزراوەی زگماکیی سەربەخۆ ڕەتدەکرێتەوە) ( نەبی ،٢٠١٥: ١٩).

بنەمای دووەم، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی، ڕێزمان لە پێڕەوی بەچەمککردن پێکهاتووە، دروستە چەمکییەکان، ئەو چەمکانە دەگرنەوە، کە بە زمانەوە بەستراون، داڕشتەی چەمکی، ناتوانرێت بە ڕێککەوتنی مەرجی_ڕاستی، لەگەڵ جیهاندا کەمبکرێتەوە. لە زانستی زمانی درکپێکردندا، زمان بریتی نییە لە مەرجی_ڕاستی، بەڵکو کۆی زمان بریتییە لە هەڵهێنجاندن. هەڵهێنجاندن چەمکێکی زۆر گرنگە لە زانستی زمانی درکپێکردندا، لە دەربڕیندا بە واتای ئێمە چەمکێکی تەواو و پڕاوپڕ وەردەگرین، کە لە ئاوەزماندایە و دەمانەوێت لە ئاوەزی بەرانبەریشدا هەبێت، بۆ ئەوەی دایبڕێژین، واتە ئەوەی دەمانەوێت وەرگرتنی چەمکێکی تەواو و پڕاوپڕە و داڕشتنەوەیەتی، لە دونیای خۆماندا. ئەمە بە تەنها

پەیوەندیی بەوەوە نییە، کە چۆن لە شتێك، یان چەمکێك تێدەگەیت، بەڵکو پەیوەندیی بە چۆنیەتیی دەربڕینی شت، یان چەمکەکەشەوە هەیە. لە زانستی زمانی درکپێکردندا، ڕێزمان بریتییە لە هەڵهێنجاندن، کرۆکی ڕێزمان بریتییە لەو ئامێرانەی، کە بۆ هەڵهێنجاندنی بارودۆخەکان هەمانە. ئێمە لە کاتی ئاخاوتندا شتەکان هەڵدەهێنجین و وێنەیەك بنیاد دەنێین، کە وێنەی چەمکییە. بەهۆی بەکارهێنانی ڕێزمانەوە هەندێك شت بە ڕێگای جیاواز هەڵدەهێنجین. (هەمان سەرچاوە،٢٠١٥: ٢١)

بنەمای سێیەم، لە زانستی زمانی درکپێکردندا، بریتییە لەوەی کۆزانینی زمانی لە بەکارهێنانی زمانییەوە سەرهەڵدەدات، کەتیگۆریەکان و دارِشتەکان، کە لە(سینتاکس، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی) دا دەردەکەون، لە تێگەیشتنەکانی ئێمە بۆ دەربڕینە دیاریکراوەکان و لە بەکارهێنانیان لە بۆنە دیاریکراوەکاندا بنیادنراون. ئێمە لە ڕێگەی بەکارهێنانەوە، زمان بنیاد دەنێین، بەپێی بارودۆخەکە، لە واتای ڕاستەقینەی دەربڕاوەکان تێدەگەین. کۆزانینی زمانی ئێمە لە ملیۆنان نموونەی زمان لە بەکارهێناندا بنیادنراوە. توانا درکپێکردنەکان، وەك پەیپێبردنەکان و زۆربەی توانا درکپێکردنەکانی تر لەوانەیە چەسپێنرابن، بەڵام زمان نەچەسپێنراوە، بەڵکو لە ئەنجامی بیستنی جۆراوجۆری و زۆری حاڵەتەکانی بەکارهێنان بنیادنراوە، ئەمەش لە هەردوو پێوازۆی بەئەبستراکتکردن و بەئەسکەلەکردندا ڕووندەبێتەوە (Wilcox,2018:46) ئەمە بە واتای ئەوەی، کە شیکردنەوەی ورد بۆ جیاوازییە بچوکەکان لە ڕەفتاری سینتاکسی و لێکدانەوەی سیمانتیکی دەبێتە هۆی مۆدیلە جیاوازەکانی نواندنی ڕێزمانی، کە تەرزە تایبەتەکان و تەرزە زۆر گشتییەکان لە بەکارهێنانی زماندا لەخۆدەگرێت. بە واتای لەڕێی بەکارهێنانی زمانەوە، مۆدیلی جیاوازی ڕێزمانی و چەمکی جیاواز لە ڕێی بەکارهێنانی تاکەکەسییەوە بونیادنراون .


ئەم تیۆرییە بەراورد بە ڕێبازە لێکۆڵینەوەکانی تری زمان، لە تێڕوانینی بۆ زمان، جەخت لەسەر تایبەتمەندیی و وێناکردنە ئاوەزییەکان دەکاتەوە، زمانەوانانی زانستی زمانی درکپێکردن، پشت بە بنەمایەکی سەرەکیی لە شیکردنەوەکانیاندا دەبەستن، ئەویش (واتا) یە، ئەم تێڕوانینە، وەك لێکدانەوەیەکی نوێ لە زانستی زماندا دەرکەوت و دەبێتە سەنتەری گریمانە و تیۆرییەکانی دیکەی قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردن و تەنها خاڵی پەیوەندییش لەنێوان دارِشتەی چەمکی

و زمان واتایە. بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی چۆنیەتیی دارشتەی گریمانەی ئەم سێ تیۆرییە، کە بنەمای قوتابخانەی زانستی زمانی درکپێکردنن، هەروەها بۆ دەرخستنی رووی لێکچوون و جیاوازیی ئەم قوتابخانەیە، بە قوتابخانە زمانەوانییەکانی تر، بڕوانە (نەبی،٢٠١٥: ١١-١٢).

## ١/١-١-٢) بوارەکانی زانستی زمانی درکپێردن:

یەکێك لە گریمانەکان لە زانستی زمانی درکپێکردن ئەوەیە، کە زمان بەشێکە لە تێگەیشتنی گشتیی و مۆدولێکی جیاکراوە نییە، هەروەك لە تیۆری یەکەمی قوتابخانەکەدا خرایە ڕوو(زمان دامەزراوەیەکی درکپێکراوی ناسەربەخۆیە)، لەناو ئەم ڕێبازەدا، کۆمەڵێك وەچە تیۆری جیاکراوە و تاڕادەیەك پێکەوەگرێدراو هەن، کە بنەمای دارشتەی بوارەکانی ئەم قوتابخانەیەن، ئەوانیش:

١. ڕێزمانی درکپێکردن" Cognitive grammar"
٢. سیمانتیکی درکپێکردن "Cognitive semantic"




هێڵکاریی ژمارە (١) لێکۆڵینەوە لە واتاو ڕێزمان لە زانستی زمانی درکپێکردن( Evans & Green,2006:50)

زمانەوانەکان پێشبینی و ڕابەری ئەو پەیپێبردنە درکپێکردنانە بۆ ناو زۆربەی دیاردە زمانییەکان دەکەن و بۆ لێکۆڵینەوەی فۆنۆلۆژی و سیمانتیکی و پراگماتیکی و لایەنە سایکۆلۆژییەکانی بەکارهێنانی زمان هەڵیدەگوازن و بە هۆی پەیوەندیی زمان و کۆمەڵ، کلتور و شێوازی ژیان لە کۆمەڵدا، کاریگەریان لەسەر خوەکان و جیهانبینینیان هەیە و دەبن بەو هۆکارانەی، کە بڕیاری بەئاگایی لە زمانی هەرتاکێکدا، کە دیاردەی زمانیان پێکهێناوە، دەدەن. زمانەوانیی درکپێکردن لە ڕێگەی ڕێزمانەوە کاریگەریی دوولایەنانە لە نێوان تێگەیشتن و زماندا دەدۆزێتەوە، بە کورتی ڕێزمانی درکپێکردن جێبەجێکردنە

دیاریکراوەکانی و لقە تیۆرییەکانی بۆ زمان لەناو ڕژێمە بێ سنورەکەی زمانەوانیی درکپێکردندا دەنوێنێت. بە گوێرەی(Bielak &Pawlak 2013) (پەیوەندیی نێوان زمان و تێگەیشتن دیالێکتیکیانەیە/مشتومڕانەیە، تەنها بریتی نییە لەوەی ئەرکە درکپێکردنەکانی مرۆڤ دەربارەی دامەزراوەی زمان شتێکمان پێبڵێن، بەڵکو پێشبینیەکانمان لە زماندا بەڵگەی گرنگمان بۆ تێگەیشتن لە پێواژۆکانی درکپێکردن دەدەنێ. زمانەوانە درکپێکردنەکان، هەموو فۆڕمە زمانییەکانی، کە چوونەتە ناو هەمان میکانیزمی درکپێکردنەوە و بەشداری ڕووبەرەکانی تری شارەزاییان کردووە، لە بەریەککەوتنە فراوانەکەمان لە جیهاندا پیشاندەدەن. بە بۆچوونی زمانەوانەکان زمان لەناو شارەزاییە جەستەیی و فیزیکییەکاندا بەرجەستەکراوە، لەبەرئەوە ئەم شارەزاییە بەرجەستەکراوە ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و کلتوری گرنگی هەیە، بۆیە لە ڕێگەی بەکارهێنانە دیاریکراوەکان و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵیان لە پێکهێنانی پێڕەوی زمانەوانیدا دەردەکەوێت).( Bielak&Pawlak,2013:10).

زانستی زمانی درکپێکردن، بە شێوەیەکی بەرفراوان بەسەر دوو بواری سەرەکییدا دابەشدەبێت: (سیمانتیکی درکپێکردن) و (ڕێبازە درکپێکردنەکانی ڕێزمان)، زانستی زمانی درکپێکردن تیشکدەخاتەسەر ڕۆڵی واتا بە پێچەوانەی ڕێبازە زمانەوانییەکانی ترەوە، کە تەنها تیشك دەخەنەسەر ڕۆڵی ڕێزمان، ڕێزمانی درکپێکردن پشت بە سیمانتیکی درککپێکردن دەبەستێت، لەبەرئەوەی ڕێزمان لەناو چوارچێوەی درکپێکردندا، وەك سیستەمێکی پڕواتا سەیردەکرێت "واتا و ڕێزمان وەك دوو دیوی هەمان دراو سەیردەکرێن"(Evans& Green, 2006:49). ڕێبازە درکپێکردنەکانی ڕێزمان بۆ لێکۆڵینەوە لە یەکە زمانییەکان و پێڕەوی زمان تەرخانکراون، لەکاتێکدا لقە درکپێکردنەکان بۆ سیمانتیك، هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی پێڕەوی زمانی بە پێڕەوی چەمکییەوە، کە ئەمەش پەیوەستە بە شارەزاییە بەرجەستەکراوەکانەوە. بەم شێوەیە پەیوەندیی نێوان هەریەك لە سیمانتیکی درکپێکردن و لقە درکپێکردنەکانی ڕێزمان پەیوەندییەکی تەواوکارییە.

## ١/١ -١-٣) چەمکە پەیوەستەکانی زانستی زمانی درکپێکردن:

زانستی زمانی درکپێکردن دوو چەمکی پەیوەستبوونی هەیە، کە بریتین لە ( پەیوەستبوونی هەمەکییانە و پەیوەستبوونی درکپێکردن)، کە تایبەتن بە زانستی زمانی درکپێکردن و لە تیۆرییەکانی تری جیادەکاتەوە، پێویستە زمانەوانانی قوتابخانەکە پێوەی پابەندبن و لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ڕەچاوی بکەن، کە ئەوانیش بریتیین لە:

## ١/١-١-٣-١) پەیوەستبوونی هەمەکییانە:

یەکێکە لە دوو چەمکە پەیوەستەکانی زانستی زمانی درکپێکردن، کە پەسنکردنی هەمەکییانەی ڕێساکان دەنوێنێت، کە بەسەر هەموو لایەنەکانی زمانی مرۆڤدا جێبەجێدەبێت. بە واتای ئەوەی زانستی زمانی درکپێکردن بەدوای فراوانترین گشتاندن لە زماندا دەگەڕێت، بە پێچەوانەوەی لقەکانی تری لێکۆڵینەوەی زمان، کە دامەزراوەی زمان بۆ فۆنۆلۆژی(دەنگ)، مۆرفۆلۆژی (داڕشتەی وشەکان)، سینتاکس(داڕشتەی ڕستەکان) سیمانتیك (واتای وشە و ڕستەکان)، پراگماتیك (واتا لە بەکارهێناندا) جیادەکەنەوە، لە ئەنجامدا کەمترین بنچینەی گشتاندن لەناو ئەو لایەنانەی زماندا دەبینرێت (Evans,Bergen,&Zinken 2007:3). پەیوەستبوونی هەمەکییانە، بۆ لێکۆڵینەوەی زمان ئەنجامی کۆنکرێتیی هەیە، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانیی درکپێکردن، تیشکدەخەنەسەر ئەوەی، چ شتێك لەنێوان لایەنەکانی زماندا گشتییە و هەوڵدەدەن ڕێباز و لێکدانەوە سەرکەوتووەکان لەناو ئەو لایەنانەدا دووبارە بەکاربهێننەوە و لە لێکۆڵینەوەی زماندا بەزۆری لقە ستونییەکان بەکاردەهێنن، واتە زمان، وەك گروپێك چینی جیاکراوەی ڕێکخراوی ستونی لەسەر یەك دەبینن، کە پێکەوە پەیوەستن و زمانیان پێکهێناوە و ناکرێت لەیەکتر جیابکرێنەوە یان داببڕێن.

## ١/١-١-٣-٢) پەیوەستبوونی درکپێکردن:

پەیوەستبوونی درکپێکردن بەو پرسیارەوە بەستراوە، کە چ لایەنێکی (درکپێکردن) بەتەواوەتی لەناو زمانەوانیی درکپێکردندا دەنوێنرێت، بۆ ئەمەش گریمانەی سەرەکیی زانستی زمانی درکپێکردن دەریدەخات، کە زمان بەشێکی تەواوکەری

درکپێکردنی مرۆڤە. ناوەرۆکی لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانیی درکپێکردنیش، بریتیین لەوەی، چۆن داڕشتە زمانەوانییەکان ڕەنگدانەوەی ئاوەزی مرۆڤن، هەروەها چۆن تێگەیشتن و شارەزاییە بەرجەستەکراوەکان و دیاردە درکپێکردنەکان بە پسپۆرییەکانی ترەوە پەیوەندییدارن، بە شێوەیەکی سەرەکیی زانستی درکپێکردن زانستێکە لە نێوان زماننناسی و دەمارناسی و دەروونزانی. لە زمانەوانیی درکپێکردندا سەرچاوەی کۆزانینی زمانەوانیی، بریتییە لە کۆمەڵێکی هاوبەشی توانا درکپێکردنە گشتییەکانی مرۆڤ، سەرەڕای ئەوەش زمانەوانیی درکپێکردن، مامەڵە لەگەڵ ڕووبەرە زمانییە جیاوازەکاندا دەکات و تیۆرییانە جیایاندەکاتەوە، بۆ نموونە لە سەرنجدان لە وەچە لقەکانی زمانەوانیی درکپێکردن، وەك سیمانتیکی درکپێکردن و ڕێزمانی درکپێکردن، جێکەوتەکان شیدەکرێنەوە.

ئەو ڕووبەرەی، کە سەرکەوتووانە پەیوەستبوونی هەمەکییانە لەخۆدەگرێت، بریتییە لە زنجیرەی پەیوەندیی ڕێزمان و فەرهەنگ، کە کەرەستە ڕێزمانی و فەرهەنگییەکان وەك پێکهاتەی جیاکراوەی زمان سەیرناکرێن، بەڵکو وەك یەکە واتادارەکانی پێکهێنانی ئەو زنجیرە پەیوەندییە دەبینرێن. خاڵێکی تر، کە دەکەوێتە مەودای پەیوەستبوونی هەمەکییانەوە ئەوەیە، کە زانیاریی گرنگ دەربارەی چوونیەکی لە نێوان فەرهەنگ، مۆرفۆلۆژی و ڕێکخستنی سینتاکسی دەردەخات، بۆ نموونە فرەواتایی. " فرەواتایی دیاردەیەکە بەهۆیەوە یەکە زمانییەکان جیاوازیی زۆر، کە بە واتاوە بەستراوە، دەردەخەن " (Evans&Green,2006:36). زمانەوانە درکپێکردنەکان وایدادەنێن، کە فرەواتایی، تەنها لە واتای وشەدا کورتنەکراوەتەوە، بەڵکو وەك تایبەتێتییەکی بنچینەیی زمانی مرۆڤ لێیدەڕوانن، بۆیە فرەواتایی، وەك دیاردەیەکی گشتاندن بۆ هەموو زمان پیشاندراوە "فرەواتایی، تەنها واتای فەرهەنگی ناگرێتەوە، بەڵکو کلیلی ڕێکخستنی ڕێساکانیشە لەناو توخمە جیاوازەکانی زماندا" (Kermer,2016:17)

لەسەر بنەمای ئەم دوو چەمکە پەیوەستبوونە، زمانەوانیی درکپێکردن بۆ چەند تیۆرییەك گەشەی کردووە، کە بۆ دوو لقی سەرەکیی دابەش بوون، ئەوانیش سیمانتیکی درکپێکردن و ڕێبازە درکپێکردنەکانن بۆ ڕێزمان.

## ٢-١/١) سیمانتیکی درکپێکردن:

بوار و دامەزراوەیەکی فراوانە بۆ توێژینەوەی ئاوەز و پەیوەندیی لەگەڵ کۆزانین و شارەزایی لە زماندا، ئەم تیۆرییە لەلایەن چەند زمانەوانێکەوە وەك کاردانەوەیەك پێشکەشکرا، کە تێڕوانینێکی تەواو جیاوازی بۆ زمان و واتای زمانیی هەیە، ئاماژەیە بۆ پەیوەندیی نێوان زمان و تێگەیشتنی مرۆڤ دەربارەی جیهان، ئەویش لەڕێگای شیکردنەوەی درکپێکردنی داڕشتەی چەمکی و داڕشتەی سیمانتیکی، واتە لێکۆڵینەوە لە نواندنی کۆزانین (داڕشتەی چەمکی)، لەگەڵ بونیادی واتا (بەچەمککردن)،(Evans,2007:24-25) نواندنی کۆزانینیش، واتە نواندنی هەموو شارەزایی، پەیپێبردن، تێڕوانین و خوێندنەوەی بەکارهێنەری زمان بۆ وشەیەك، یان دیاردەیەك، کە هەموو ئەمانە پێکهاتوویەك پێکدەهێنن، کە داڕشتەی چەمکییە، بە چەمککردنیش گشت شارەزاییە زمانییەکانی مرۆڤە، کە سەرجەم دروستە چەمکییەکانی دنیابینینی، بیرکردنەوە و تێڕامانەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە، لێرەوە دەردەکەوێت، کە سیمانتیکی درکپێکردن لە ڕێگەی زمانەوە لە توانا درکپێکردنەکانی مرۆڤ دەکۆڵێتەوە، واتە لەبری گرنگیدان بە لێکۆڵینەوەی سیمانتیکیی زمانی، زیاتر گرنگی بە کارکردن و ڕێکخستنی ئاوەز دەدات.

سیمانتیکی درکپێکردن خۆی لە خۆیدا، وەك تیۆرییەك چوارچێوەیەکی دیاریکراوی نییە و جەمسەرەکانی دیاریکراو نین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەند بنەما و ڕێسایەك هەیە، کە ڕێبەرو ڕێنیشاندەرن و سیمانتیکی درکپێکردن دەناسێنن ( ئیبراهیم،٢٠١٩: ٣٧) :

١. داڕشتەی چەمکی، داڕشتەی بەجەستەکردنە.
٢. داڕشتەی سیمانتیکی داڕشتەیەکی چەمکیانەیە.
٣. واتای زمانی واتایەکی ئینسکلۆپیدییە.
٤. پێکهێنانی واتای زمانی بریتییە لە بەچەمککردن.

سیمانتیکی درکپێکردن، پانتاییەکی فراوانی لە زانستی زمانی درکپێردندا داگیرکردووە، بۆیە وردەکاری زیاتری لەسەر ناخەینە ڕوو، چونکە هەم لەدەرەوەی سنوری توێژینەوەکەمانە و هەم پێشتر کاری لەسەرکراوە، بڕوانە (ئیبراهیم،٢٠١٩: ٣٧-٤٤)، ( نەبی،٢٠١٥: ٢٩-٥٠)،( حەسەن،٢٠١٥: ٤-٤٣).

### ٣-١/١) ڕێبازە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزمان:

زمانەوانیی درکپێکردن لە چەند ڕێبازێك پێکهاتووە، ئەمەش بەتەواوی لە ڕێبازە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزماندا دەرکەوتووە، پێش ئەوەی شرۆڤەی ڕێبازەکان بکرێت، بەهۆی جیاوازیی چەمکی (ڕێزمان) لە قوتابخانەکەدا، بە پێویست دەزانرێت، سەرەتا چەمکی زاراوەی (ڕێزمان) شرۆڤە بکرێت:

زانستی زمانی درکپێکردن، وەك ڕێزمانی بەرهەمهێنان، جیاوازیی لەنێوان سینتاکس و فەرهەنگدا ناکات، بەڵکو لە زانستی زمانی درکپێکردندا سینتاکس و فەرهەنگ زنجیرەی مەودای بونیادەکان پێکدەهێنن، بۆ نموونە توخمە دیاریکراوەکان، بۆ تەرزە زۆر گشتییەکانی، وەك (ناو، ئاوەڵناو، بونیادە تێپەڕ و تێنەپەڕەکان) نموونەن. تەرزە گشتییەکان(یان ئەسکەلەکان) دەسەڵاتیان بەسەر جۆرە جیاوازەکانی نموونەکانیاندا هەیە، بۆ نموونە:

١.ا. کۆترەکە لەسەر گڵۆپەکە هێلانەی کردووە.

ب.لەبەردەم مزگەوتی گەورە چاوەڕێم بکە.

٢.ا. ئازاد تۆپەکەی هەڵدا.

ب. زیوە یارییەکەی بردەوە.

لە نموونەی (١.ا و ب) دا، ئەگەر لە هەریەك لە کەرەستەکانی( کۆتر، مزگەوتی گەورە) بڕوانیین، دەبینین کەرەستەی دیاریکراوی تەرزی گشتیی (ناو)ن، لە نموونەی (٢.ا وب) دا، کردارەکانی( هەڵدان، بردنەوە) نموونەی دیاریکراوی بونیادی تێپەڕن.

بەو پێیەی زاراوەی ڕێزمان فرەواتایە، ڕێزمان لە دوو واتای سەرەکییدا بەکاردێت: لە واتای تەسکدا، ڕێزمان بریتییە لە سینتاکس و مۆرفۆلۆژی، واتا فراوانەکەشی ئەو واتایەیە، کە لە زانستی بەرهەمهێنان و ڕێبازە درکپێکردنەکاندا هەیەتی. لە واتای فراواندا (ڕێزمان وەك تیۆرییەکی زمان دەبینرێت)، بەگشتیی ئاماژەیە بەوەی زمان چۆن کاردەکات و سنوردارنەکراوە لە سینتاکس و مۆرفۆلۆژیدا، "ڕێزمان واتادارە و لە پێڕەوی زماندا لەگەڵ فەرهەنگدا پێکەوەن، لەبەرئەوە فێربوونی ڕێزمان زۆر جیاواز نییە لە فێربوونی کەرەستە فەرهەنگییەکان، هەرچەندە واتای بونیادە ڕێزمانییەکان زۆر ئەبستراکترن لە کەرەستە فەرهەنگییەکان"(Luo,2019:152)، بە واتایەکی تر ڕێزمان ئاماژەیە بۆ هەڵگرتنی کۆزانین دەربارەی زمان، وەك (ڕەگەکان، پێشگرەکان، دارشتە

سینتاکسییەکان) بۆیە پێویست ناکات بە دارِشتەی وشە و ڕستەوە ببەسترێتەوە و لەسەر زمانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتیی جێبەجێکراوە، بەو شێوەیەش فۆنۆلۆژی و واتا و مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازییش دەگرێتەوە( Kristiansen, et al, 2006: 81-83) بۆ (لانگەکەر) ڕێزمان لیستی داکراوی یەکە زمانەوانییە باوەکانە، لەو واتایەدا ڕێزمانی درکپێکردن جیاوازە لەگەڵ تیۆرییەکانی بەرهەمهێنان، کە بەهۆی کەمترین پەسنی ئەرك، لەسەر ڕێزمانی زمان خۆی، ڕێزمان وەك ئامێری بنیاتنان سەیرنەدەکرا، بۆ نموونە ڕێزمان بەرپرس نییە بۆ پێکەوەنانی دەربڕینە ناباو/نوێیەکان لە دەرەوەی بەشە پێکهێنەرەکانیاندا.

ڕێبازە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزمان، لەگەڵ پەیوستبوونی هەمەکییانە و پەیوەستبوونی درکپێکردندا یەکدەگرنەوە و هەر لەو ڕێگایەشەوە بە مۆدێلی پێڕەوی زمانییەوە پەیوەستن. ئەمانیش پەیوەندییان بە پرۆژە زمانەوانییە درکپێکردنە گەورەترەکانەوە هەیە و ڕێبازە درکپێکردنەکان بە دوو گریمانەی ئاڕاستەکراو بە (ڕێبازە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزمان) پەیوەستن، ئەوانیش (گریمانەی هێمایی) و (گریمانەی بنەمای بەکارهێنان)ن. سەرەڕای ئەوەش ڕێبازەکانی درکپێکردن، وەك خاڵی سەرەتایی، ئەنجامی کارەکانیشی، هەر لە سیمانتیکی درکپێکردنەوە وەردەگرێت، لەبەرئەوەی پەیوەندیی نێوانیان تەواوکارییە. ئەم شوێنکەوتنی واتایە کرۆکی ڕێبازەکانی درکپێکردنە بۆ ڕێزمان، هەرچەندە لێکۆڵینەوە لە سیمانتیکی درکپێکردن و ڕێبازە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزمان لە هەندێك لایەنەوە (لە پراکتیکدا) جیاوازن ، سیمانتیکی درکپێکردن، لقێکە بۆ لێکۆڵینەوەی لە پەیوەندیی نێوان شارەزایی، تێگەیشتنی بەرجەستەکراو و زمان، بە پێچەوانەشەوە ڕێبازە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزمان ڕاستەوخۆ تیشکدەخەنە سەر لێکۆڵینەوەی یەکە هێماییە زمانییەکان، کە پێڕەوی زمانەوانیی دەگرێتەوە، هەردووکیان بواری لێکۆڵینەوەی تایبەت بەخۆیان هەیە، بەڵام پەیوەندیی پتەویان پێکەوە هەیە. زۆربەی لێکۆڵینەوەکان لە زمانەوانیی درکپێکردندا، پێویستە لێکۆڵینەوە لە هەردوو سیمانتیك و ڕێزمان پێکەوەبکەن، ئەو توێژەرانەی، پێڕەوی لقەکانی درکپێکردن بۆ ڕێزمان دەکەن، بەشێوەیەکی ئاسایی، پشت بە دوو ڕێگا دەبەستن:


ڕێگای یەکەم: ڕێگای (ڕۆناڵد لانگەکەر)ە ، کە جەختی لە لێکۆڵینەوەی ڕێساکانی درکپێکردن کردۆتەوە، لە تیۆرییەکەیدا، بەناوی (ڕێزمانی درکپێکردن

"Cognitive grammar") هەوڵی دیاریکردنی ڕێساکان دەدات، دەبنە هۆی ڕێکخستنی زمانەوانیی، کە تیایدا داڕشتەی ڕێزمان و بەستنەوەی بەلایەنەکانی تێگەیشتنی گشتییەوە دەخاتەڕوو.
ڕێگای دووەم: ئەم ڕێگایە، کە کۆمەڵێك لە لێکۆڵەران شوێنی کەوتوون، لەوانە( ولیام، کارلس، جورج لاکۆف)، مەبەستیان بوو، پەسنی زیاتر و ڕوونکردنەوەی زیاتر، لەسەر یەکە زمانەوانییەکانی زمانێکی تایبەت بدەن. ئەم توێژەرانە هەوڵیانداوە، مەودای فراوانی یەکە داکراوەکانی زمانێك دەربخەن، لە مۆرفیمەوە بۆ وشەکان، دەربڕینە ئیدیۆمییەکان، تەرزە فرێزییەکان و بەدواداچوونی داڕشتەکانیان، ئەگەرەکانی پێکهێنان و پەیوەندییەکان، ئەو توێژەرانەی شوێنی ئەم هێڵی لێکۆڵینەوەیە کەوتوون، گەشەیان بە گروپێك لە تیۆری داوە، کە بەگشتیی بە (ڕێزمانی بونیادنان) ناسراوە(Evans, 2007:17-18)، ئەم لقە لەناو زمانەوانیی درکپێکردندا خۆی گرتووە، کە تیایدا یەکەی بنچینەیی زمان بریتییە لە جووتەی (فۆڕم و واتا)، کە بە (بونیادەکان) ناسراون.

### ١/١-٣-١) گریمانە ئاڕاستەکراوەکان( گریمانەی هێمایی):

گریمانە ئاڕاستەکراوەکان دوو جۆرن، یەکێکیان گریمانەی هێماییە، لەم گریمانەیەدا، یەکەکانی ڕێزمان، کە جووتەی( فۆڕم و واتا ) دەگرنەوە، یان یەکە هێماییەکان، کە پێیاندەوترێت پێکەوەلکاندنی هێمایی"symbolic assembly" دەگرنەوە، لە زاراوەکانی (لانگەکەر) دا یەکە هێماییەکان، دوو جەمسەریان هەیە، سیمانتیکی(واتایی) و فۆنۆلۆژی (دەنگ)، بۆچوونی ئەوەی زمان لە بنچینەدا ئەرکی هێمایی هەیە و یەکە بنچینەییەکانی ڕێزمان، یەکە هێماییەکانن، ڕەگەکەی بۆ تیۆرییە زمانیەکەی (سۆسێر) دەگەڕێتەوە. زمانەوانیی سویسری (فریدینان دی سۆسێر ١٨٥٧-١٩١٣)، کە لە کاتی خۆیدا، بە باوکی زمانەوانیی مۆدێرن پەسنکراوە، لە تیۆرییەکەیدا، زمان وەك پێڕەوێکی هێمایی پیشاندراوە، دەربڕینە زمانییەکان لە نەخشەکێشانی نێوان چەمك و نیشانە دەنگییەکان پێکدێن و هەردووکیشیان( واتا و دەنگ) قەوارەی سایکۆلۆژین. هەرچەندە مۆدێلی درکپێکردن پشت بە بیرۆکەی هێمایی (سۆسێر) دەبەستێت، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازیی زۆر لە نێوان مۆدێلی (سۆسێر) و مۆدێلی درکپێکردندا هەیە. لە مۆدێلی درکپێکردندا، جەمسەری سیمانتیکی، لەگەڵ چەمك و


جەمسەری فۆنۆلۆژیش لەگەڵ دەنگەکەی تیۆرییەکەی (سۆسێر) هاوتان، هەردووکیان قەوارەی سایکۆلۆژین، بۆ ناو ڕێزمانی هۆشەکیی (پێڕەوی کۆزانینی زمانەوانیی) لە ئاوەزی قسەکەردا دەگەڕێنەوە، کە (لانگەکەر) لە ١٩٨٧ "وەك لیستی داکراوی یەکە زمانەوانییە باوەکان پەسنی دەکات" (Langacker,2008:222). مەبەست لەم دەربڕاوەش ئەوەیە، کە لە ڕێزمانی درکپێکردندا، زمان وەك لیستی داکراوی یەکە زمانەوانییە باوەکان پەسنکراوە، هەریەك لەو وشانە واتایەکی دیاریکراوی هەیە، مەبەست لە لیستی داکراو دارشتەیە، چونکە لە تۆڕبەندی واتایی و تۆڕبەندی یەکەیی پێکهاتوون و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەیە. یەکە زمانەوانییە باوەکان، واتای باوەکان ئەوانەن، کە هەموومان دەیزانین و لەسەری کۆکین و هاوبەشییان پێوە دەکەین، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە (لانگەکەر) نموونەی پشیلەی هێناوەتەوە و لە شێوەیەکدا خستوویەتیە ڕوو، لێرەدا دووبارە لە شێوەی (١) دا دەیخەینەوە ڕوو : (Wilcox,2018:49)




شێوەی ژمارە (١)یەکەی هێمایی(پشیلە)

لە شێوەی ژمارە(١) دا، وێنەی بینراوی پشیلەکە لە نیوەی خوارەوەی چوارگۆشەکەدا، چەمکی پشیلەکە دەنوێنێت، کە جەمسەری سیمانتیکیی یەکە هێماییەکەیە، جەمسەری فۆنۆلۆژیش کۆزانینی قسەکەری زنجیرە دەنگەکانی ئاخاوتنە، کە لەگەڵ چەمکی پشیلەدا دەگونجێت، بە هۆی ئەلف و بێی فۆنەتیکی هێمای [ پشیلە] نوێنراوە. یەکە هێماییەکان بەڕێگای جیاواز دەردەبڕدرێن. لە زمانی قسەکردندا فۆڕمەکان فۆنۆلۆژییانەن. هەرچەندە زمان تەنها پشت بە دەنگەکانی ئاخاوتن نابەستێت، بەڵکو پشت بە هێما نووسراوەکانیش دەبەستێت یان لە بارودۆخی زمانی ئاماژەدا پشت بە جووڵەکانیش دەبەستێت، ئەمەش بە دوای ئەو بیرۆکەیەدا دێت، کە یەکە هێماییەکان تەنها بە زمانی ئاخاوتنەوە پەیوەست نین. بەم شێوەیە لەڕوانگەی تێگەیشتنمان لە گریمانەی هێمایی، کە

(لانگەکەر) بنەماکەی دارشتووە، دەکرێت بگوترێت، کە خودی ڕێزمان (لە یەکەی هێمایی) پێکهاتوون و هەر یەکەیەکی هێمایش خاوەنی( یەکەیەکی سیمانتیکی) و(یەکەیەکی فۆنۆلۆژین) سەرجەم ئەم تێگەیشتنەش، دەکرێت لە شێوەی ژمارە(٢) دا پوخت بنوێنرێت، کە بە سود وەرگرتن لە (Evans,2006:477) & (Langacker,1987:77) دارێژراوەتەوە.




شێوەی ژمارە (٢) یەکە هێماییەکان


گریمانەی هێمایی (لانگەکەر)، ئاکامێکی گرنگی بۆ مۆدێلی ڕێزمانی هەیە، لەبەرئەوەی یەکە بنچینەییەکان یەکەی هێماین، جێکەوتەی سەرەکیی لە مۆدێلی درکپێکردندا بە دەستدەهێنن(Campo Martínez,2013:24) ، بە واتایەکی تر ئەگەر یەکە ڕێزمانییە بنچینەییەکان، یەکەی هێمایی بن، ئەوا ناتوانین بە جیا لە فۆرم و واتا بکۆڵینەوە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت، کە لێکۆڵینەوە لە ڕێزمان لە پەیپێبردنە درکپێکردنەکاندا، بریتییە لە لێکۆڵینەوە لە هەموو مەودای نێوان یەکەکان، کە زمان پێکدەهێنن، لە فەرهەنگەوە بۆ ڕێزمان (، بۆ نموونە زمانەوانانی درکپێکردن) باس لەوە دەکەن، کە فۆرمی ڕێزمانیی ڕستەیەك، بریتییە لە هەردوو فۆرم و واتا، بە هەمان شێوە وشەکانیش، هەردوو فۆرم و واتاکەی دەینوێنن. لە لقە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزماندا، بۆچوونی ئەوەی،

کە یەکە ڕێزمانییەکان بۆماوەییانە واتادارن، بابەتێکی گرنگە و دەبێتە هۆی بیرۆکەی بەردەوامی فەرهەنگ_ڕێزمان، کە وشە ناوەڕۆکییەکانی، وەك (پشیلە) و بونیادە ڕێزمانییەکانی، وەك بکەر نادیار، هەردووکیان وەك (یەکە ڕێزمانییەکان) هەژماردەکرێن، بەڵام لە ڕووی جۆری ئەو واتایەی پێوەی پەیوەستن جیاوازن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە بە بۆچوونی ڕێزمانی درکپێکردن، هەم کەرەستە زمانییەکان و هەم قاڵبە ڕێزمانییەکانیش، وەك ( یەکەی هێمایی) واتا و ڕێزمان پێکدەهێنن و هەریەکە لە (کەرەستە زمانییەکان) و (قاڵبە ڕێزمانییەکان) خاوەنی فۆرم و واتان.

## ١/١-٣-٢) گریمانە ئاڕاستەکراوەکان (گریمانەی بنەمای بەکارهێنان):

دووەم گریمانەی بنچینەیی ڕێبازە درکپێکردنەکان بۆ ڕێزمان، گریمانەی بنەمایی بەکارهێنانە، کە بە مۆدێلی تۆڕبەندی زمانیش ناسراوە، لە کرۆکی ئەم گریمانەیەدا، ڕێزمانی ئاوەزیی، یان کۆزانینی ئاوەزیی، لە ڕێگەی بەکارهێنانی یەکە زمانییەکان، یان یەکە هێماییەکانەوە داڕێژراوە. یەکێك لە خاڵە گرنگەکانی گریمانەی (بنەمایی بەکارهێنان) ئەوەیە، کە هیچ جیاکارییەك لە نێوان کۆزانینی زمانی و بەکارهێنانی زماندا ناکات (وەك توانست و توانا لە زاراوەکانی بەرهەمهێناندا)، لەبەرئەوە کۆزانین لە بەکارهێناندا دەردەکەوێت، لەم بەرچاوڕوونییەدا، کۆزانینی زمانی، بریتییە لە کۆزانینی چۆنیەتیی بەکارهێنانی زمان (Denia,2017:13) . زمانەوانەکانی بنەمایی بەکارهێنان، زمان وەك تۆڕبەندێکی جوڵەیی دەبینن، کە تێیدا لایەنە هەمەجۆرەکانی کۆزانینی زمانەوانیی بۆ(بەکارهێنانی زمان) بە بەردەوامی پێکدەهێنرێنەوە و لەژێر تەوژمی بەردەوامی نواندندا دەناسرێنەوە. (یەکێك لەو لایەنانەی ڕۆڵی گرنگ لە شیکردنەوەی داڕشتەی زمانەوانیی و واتا لەناو گریمانەی بنەمایی بەکارهێناندا دەبینێت، دووبارە بوونەوەی ڕوودانە "frequency of occurrence "، لەگەڵ ئەوەی (دووبارەبوونەوە) داڕشتەی توخمە زمانەوانییەکان لە یادگەدا بەهێز دەکات، هۆکارێکیشە بۆ ئاسانکردنی کردەی چالاککردن و بە پێواژۆکردنی وشەکان، کەتیگۆرییەکان و بونیادەکان. بەمەش کاریگەرییەکی زۆر لەسەر ڕێکخستنی کۆزانینی زمانەوانیی لە تۆڕبەندی زمانەکەدا بەجێدەهێڵن. پەیوەندیی نێوان فەرهەنگ و کۆزانینی ڕێزمانی لایەنێکی تری گرنگی

لێکۆڵینەوەی زمانە لەم گریمانەیەدا. شێوەی ئەبستراکتیی دارشتەی ڕێزمانی، لە شارەزایی بەکارهێنەرانی زمان، لەگەڵ وشە تایبەتەکان و دەربڕاوەکانەوە داڕێژراوە) (Diessel,2017:2-3) لە ڕوانگەی ئەم گریمانەیەوە بەشێوەیەکی پوخت، دەکرێت بگوترێت، کە گریمانەکە پێشنیازی ئەوە دەکات، کە کەرەستە زمانییەکانی زمانێك، هەروەها قاڵبە ڕێزمانییەکانی ئەو زمانەش، کە
خاوەنی( فۆرم و واتا) ن و ئاخێوەرانی زمانەکە ئاشنایانن و دەتوانن بەکاریانبهێنن و تێشیان بگەن، بۆ شارەزایی و ئەزموونی ئاخێوەران بۆ بەکارهێنانی، هەم یەکەکان و هەم قاڵبە ڕێزمانییەکانیشیان دەگەڕێتەوە، دووبارەبوونەوەی بەردەوامی ئەم یەکە و قاڵبەکانیشیان، شیانی کۆزانین لەسەریان لای ئاخێوەران زیاد دەکات. لێرەدا یەکێك لە مۆدێلی تۆڕبەندی مۆرفۆلۆژی وەردەگرین، کە تیایدا وشەکان یەکە بنەڕەتییەکانی شیکردنەوەن نەك مۆرفیمەکان، وەك وشەکانی (کردن، پەڕین)، (ڕاکردن، ڕاپەڕین)،( کردنەوە، پەڕینەوە)، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢):



هێڵکاریی ژمارە(٢) تۆڕبەندی مۆرفۆلۆژی


هەریەك لە وشەکانی (پەڕین، کردن) لە زمانی کوردیدا ناوی کردارین، پاشگر و پێشگرەکانیش لەگەڵ بناغەکاندا دەنوێنرێن و وشە ئاڵۆزەکانیش(یان بونیادە مۆرفۆلۆژییەکان) لە ڕێگەی پەیوەندییە فەرهەنگییەکانەوە داڕێژراون، کە بەشەکان لە نێوان وشەکانی هەمان نموونە، یان خێزانی مۆرفۆلۆژی دیاریدەکەن، وشە مۆرفۆلۆژییە ئاڵۆزەکان بەهۆی پەیوەندیی هاوبەشەوە نیشانە دەکرێن و

دەبنە ئەندامی پۆلی تایبەتی مۆرفۆلۆژی، وەك پۆلی ناوە کرداریيە ئالۆزەکان([ ڕا ـــــ]ن ،[ ـــــ ەوە]ن). لە زمانی کوردیدا وشەی( پەڕینەوە)، وەك بونیادێکی ناوی کرداری بە ئامادەکراوییی لە فەرهەنگدا هەیە و هەروەها بونیادی ( پەڕینەوە) ش لە سنتاکسدا هەیە، کە لە ڕێگەی مۆرفۆسینتاکسەوە داڕێژراوە.

**٢/١) مۆدێلی ڕێزمانی درکپێکردن:**

لە پێکهاتەی بنچینەیی مۆدێلی ڕێزمانی درکپێکردنی (لانگەکەر) دا، هەریەك لە( فەزای سیمانتیکی) و (فەزای فۆنۆلۆژی) لە کردەی بەکارهێنانی یەکە هێماییەکاندا لە هەر چوارچێوەیەکی زانراودا بەشداریدەکەن"ڕێزمانی درکپێکردن سێ جۆری بنچینەیی داڕشتە دەچەسپێنێت، ئەوانیش(سیمانتیك، فۆنۆلۆژی و هێمایی) ین، داڕشتەی هێمایی لە هەریەك لەو دوانەی تر جیاناکرێتەوە، بەڵکو هەردووکیان کۆدەکاتەوە" (Langacker,2013:76) . ئەو ڕێگایەی، کە واتایەکی پێدەکەینە هێما، فۆڕمی فۆنۆلۆژییە و داڕشتەی فۆنۆلۆژییەکە داڕشتە سیمانتیکییەکە دەکاتە هێما. (لانگەکەر) ١٩٨٧، لە هێلکاریەکدا مۆدێلی ڕێزمانی درکپێکردنی خستۆتەڕوو، کە لێرەدا بە دەستکارییەوە لە هێڵکاریی(٣) دا دەخرێتەوە ڕوو. لە هێکاریەکەدا چوارگۆشەی (ڕێزمان) کۆزانینی زمانی باو لە ئاوەزی قسەکەردا دەنوێنێت و چوارگۆشەی( بەکارهێنان) ڕووداوە بەکارهاتووەکان، یان دەربڕاوەکان دەنوێنێت، بەو واتایەی ڕووداوە بەکارهاتووەکان لە دەنگەکانی ئاخاوتن (دەربڕین) و لێکدانەوەکانیان (چەمك) پێکهاتوون، تیرە ئاسۆییەکان بەستەری کۆدەکان، یان گونجاندنیان، لەگەڵ یەکە باوەکانی کۆزانین لە ئاوەزی قسەکەردا و پێڕەوی (دەنگی و چەمکی)، کە لەناو نموونەی باروودۆخەکانی بەکارهێنانی زماندا بەیەکداچوون، دەنوێنێت. بە واتایەکی تر جەمسەری سیمانتیکی دەربڕینە زمانەوانییەکان لەگەڵ (چەمك) هاوتان و جەمسەری فۆنۆلۆژی دەربڕینە زمانەوانییەکان لەگەڵ زنجیرە دەنگەکانی، کە درکیان پێدەکرێت هاوتان. تیرە ستوونییەکان بەستەرە هێماییەکان، لەگەڵ یەکخستنی دەنگ و واتا یان کۆزانینی دەنگ و واتا دەنوێنێنن، ئەوەی گرنگە تێبینی بکرێت، ئەوەیە لە کاتێکدا کۆزانینی یەکە باوەکان لە چوارگۆشەیەکی جیاواز لە ڕووداوە بەکارهاتووەکان"usage event" نوێنراوە، ئەوە جیاکردنەوە لە نێوان توانست و توانا ناگەیەنێت ، وەك لە مۆدێلی


بەرهەمهێناندا، توانست توانا دیاریدەکات، بەڵکو لە مۆدێلی درکپێکردندا، بەکارهێنان دەمانگەیەنێت بە کۆزانین. ئەمەش لە ڕێگای تیرە دوو سەرەکانەوە، لە هێڵکاریی(٣) دا نوێنراوە:




هێڵکاریی ژمارە(٣) مۆدێلە درکپێکردنەکانی ڕێزمان(Langacker,2013:77)، ( Evans &Green 2006:479)

لەسەر ئەم بنەمایە، شیکردنەوە بۆ یەکەیەکی زمانەوانیی، وەك (دار) دەکەین، کە لە پەیوەندیی نێوان خاڵێك لە فەزای فۆنۆلۆژی و خاڵێك لە فەزای سیمانتیکی و هەردوو خاڵەکانی فەزای سیمانتیکی و فەزای فۆنۆلۆژی پێکهاتووە، لە ناو فەزای چەمکیدا جێگیر دەبن، بە هۆی ئەوەی ئێمە تۆڕبەندی پەیوەندییەکانمان هەیە، لەبەرئەوە دەزانین، کە (دار) پەیوەندیی هەیە، لەگەڵ شتەکانی تری وەك (خاك، ئاو و بەروبووم،...هتد) و بە دەنگی(د) دەستپێدەکات، بە جۆرێك لە جۆرەکان لەڕووی دەستپێکی دەنگەکانیانەوە، لە وشەکانی(دڵ، دەست...هتد) نزیکە، لەوانەیە (دار) پەیوەندیی لەگەڵ وشەی (هەوا) هەبێت و لەوانەشە

پەیوەندیی لەگەڵ ناوی (درەختێك)، وەك(داربەڕوو...هتد) هەبێت، ئەمە فەزای چەمکیانەیە. بڕوانە هێڵکاریی ژمارە (٤):




هێڵکاریی ژمارە(٤) مۆدێلی درکپێکردنی یەکەی زمانەوانیی (دار)

لە زانستی زمانی درکپێکردندا، هەندێك لە لق و تیۆریی سەرەکیی هەن، کە تیشك دەخەنە سەر زمان، وەك پێڕەوێکی کۆزانین (ڕێزمان)، کە لێرەدا شرۆڤەکردنیان بە گرنگ دەزانرێت، کە زیاتر بریتین لە:

١. مۆدێلی پێڕەوی داڕشتەی چەمکییانە "The Conceptual Structuring System Model"
٢. ڕێزمانی درکپێکردن "Cognitive Grammar"
٣. ڕێبازە بونیادەکان بۆ ڕێزمان " Constructional approaches to grammar"

٤. تیۆرییە درکپێکردنەکانی بەڕێزمانیکردن" Cognitive theories of grammaticalisation"

## ٢/١ -١) مۆدێلی پێڕەوی داڕشتەی چەمکییانە:

ئەم مۆدیلە لەلایەن (لیۆنارد تالمی) یەوە، گەشەی پێدراوە. بەهەمان شێوەی ڕێبازە درکپێکردنەکانی تر بۆ ڕێزمان، (تالمی) یەکە ڕێزمانییەکانی، وەك یەکەیەك، کە لە بنچینەدا واتاداربن، پیشانداوە.

ئەم مۆدیلە بەوە جیادەکرێتەوە، کە تیشك دەخاتەسەر جیاکردنەوەی جۆری لە نێوان توخمە ڕێزمانییەکان (پۆلە داخراوەکان) و توخمە فەرهەنگییەکان(پۆلە کراوەکان)، بە بۆچوونی (تالمی)، ئەم دوو فۆڕمی دەربڕینی زمانەوانییە، دوو وەچەپێڕەوی جیاکراوەی چەمکی دەنوێنن، کە جۆری جیاوازی لایەنەکانی پێڕەوی چەمکی مرۆڤ بە کۆد دەکەن، ئەمانە پێڕەوی داڕشتە و ناوەڕۆکی چەمکین. توخمە پۆل داخراوەکان، واتای ئەسکەلەیی، یان داڕشتەیی بەکۆد دەکەن و توخمە پۆل کراوەکانیش واتاکانی، کە پڕاوپڕن لە ناوەرۆك، بە کۆد دەکەن. (تالمی) باس لە سروشت و ڕێکخستنی پێڕەوی داڕشتەی چەمکی دەکات، بەتایبەت گرنگی بە دامەزراندنی سروشت و ئەرکی داڕشتەی چەمکی دەدات، کە بەهۆی توخمە پۆل داخراوەکانەوە بە کۆدکراوە، لە ڕێساکاندا زمان بەتەنها ئەرك، لەگەڵ پێڕەوی ناوەرۆکی چەمکی ، یان فەرهەنگی دەبینێت، زمان لە ڕووی مەرجی هاوبەشیپێکردن لە نێوان دوو وەچە پێڕەوەکە لە بە کۆدکردن و بە دەرەکی کردنی داڕشتە درکپێکردنەکانمان جیاکاری ناکات، بەڵکو هەردوو وەچە پێڕەوەکە(فەرهەنگی و ڕێزمانی) بەشێوەیەکی گشتیی لەناو ڕستەدا بەشە جیاوازەکانی نواندنە درکپێکردنەکان دیاریدەکەن(Talmy,2000:21-24). بەپێی زانایانی ڕێبازی درکپێکردن کۆزانینی زمانەوانیی لەمێشکی قسەکەردا، وەك لیستی داکراو هەڵگیراوە، داکراوەکانیش لە پەیوەندیی نێوان ئەندامەکانی یەکە هێماییەکان پێکهاتوون و یەکەکانیش، لەوانەیە فەرهەنگی(پۆلی کراوە)، یان ڕێزمانی (پۆلی داخراو) بن. داڕشتنی واتای ئەسکەلەیی لەتوخمە پۆل داخراوەکاندا، چۆنیەتیی کۆبوونەوەی یەکە ڕێزمانییەکان لەناو بونیادە ئاڵۆزەکاندا دەردەخات. لە نموونەی (٣) دا ئەمە ڕووندەبێتەوە:

٣.ا. بەلەمەکە لەکەنار ئاوەکەدا لەنگەری گرتووە.

ب. بەلەمەکە لە ناو ئاوەکەدا وەستاوە.

ت. بەلەمەکە لە ئاوەکەدا دەڕوات.
لە نموونەی (٣.ا) دا، شوێنی بەلەمەکە لە کەنار ئاوەکەدایە بەهۆی (لەکەنار...دا) ەوە، ڕوونبۆتەوە، لە (٣.ب) دا بارودۆخی کەشتییەکە هەر لە وەستاندایە، بەڵام بەهۆی (لەناو) ەوە شوێنی کەشتییەکە دیاریکراوە. لە (٣.ت) دا بارودۆحی کەشتییەکە لە جوڵەدایە و شوێنەکەشی بەهۆی کرداری (ڕۆیشتن) و (لە...دا) ەوە، شوێنی کەشتییەکە لە ڕۆیشتندا دەردەکەوێت. لە (٣.ا ،ب، ت) دا ئەرکی (بەلەمەکە) وەك شێوەیەك"Figure" دەردەکەوێت، (ئاوەکە) ش ، وەك زەمینەیەك"Ground" دەردەکەوێت.

## ١ /٢-٢) ڕێزمانی درکپێکردن:

ڕێزمانی درکپێکردن"Cognitive Grammar" مۆدیلێکی ڕێزمانییە، لە لایەن (ڕۆناڵد لانگەکەر١٩٨٧) لەناو زانستی زمانی درکپێکردندا گەشەی پێدراوە. ئەم مۆدێلە هەوڵدانە بۆ تێگەیشتن لە زمان، نەك تەنها وەك بەرهەمێکی تایبەت بە مۆدولی زمان، بەڵکو بەرهەمی پێواژۆ و میکانیزمی درکپێکردنی گشتییە. بەم پێیە زمان هەمان ڕێسا گشتییەکانی تری پێڕەوی درکپێکردنی مرۆڤ جێبەجێدەکات. لەم لایەنەوە ڕێزمانی درکپێکردن پشت بە پەیوەستبوونی هەمەکییانە "Generalization Commitment" دەبەستێت، هەروەها لێرەدا ڕێزمان بە واتا تەسکەکەی بەکارنەهاتووە، کە ئاماژەبێت بۆ کۆزانینی مۆرفۆلۆژی و سینتاکس، وەك وەچە بەشێکی دیاریکراوی زمان، بەڵکو بە واتایەکی فراوان بەکارهاتووە، کە هەموو پێڕەوی زمانی (یەکگرتنی دەنگەکان، واتا و مۆرفۆسینتاکس) دەگرێتەوە.
ئەم ڕێبازەی زانستی زمانی درکپێکردن، بۆچوونی مۆدولارێتی، لەلایەن مۆدێلە بنەڕەتییەکانەوە ڕەتدەکاتەوە، کە هەر زمانێك پێڕەوێکە، لە فەرهەنگ و پێکهاتە ڕستەسازییەکان پێکهاتوون و ئەو یاسایانە لەخۆدەگرن، کە بەسەر یەکە فەرهەنگییەکاندا و پێکهاتەکانی تردا (واتا و دەنگ و ڕستەکان) جێبەجێدەکرێن. لە جیاتی ئەوە ڕێزمانی درکپێکردن، بۆچوونی بنیادنان، یان هێمایی لەسەر زمان هەیە، هیچ جیاوازییەك لە نێوان سینتاکس و فەرهەنگدا ناکات و ڕێزمان لە لیستێك لەیەکەکان پێکهاتووە، کە بریتین لە( فۆڕم و واتا، مۆرفیمەکان، وشەکان و بونیادە ڕێزمانییەکان). ئەم یەکانە، (ڕۆناڵد لانگەکەر) پێیاندەڵێت،


پێکەوەلکاندنی هێمایی" symbolic assemblies"، کە تایبەتمەندییەکانی دەنگ، واتا و ڕێزمان لەناو دارشتەیەکدا یەکدەخەن. پێکەوەلکاندنی هێمایی، یەکەی زمانەوانیی و بنچینەیی ڕێزمانن لە تیۆری ڕێزمانی درکپێکردنی (ڕۆناڵد لانگەکەر) دا، دوو جەمسەریان هەیە، جەمسەری سیمانتیکی(واتاکانیان) و جەمسەری فۆنۆلۆژی(دەنگەکان، یان فۆڕمەکانیانن). یەکە هێماییەکانیش لەڕووی دارشتەی هێماییانەوە سادە، یان ئاڵۆزن. لانگەکەریش ، وەك تالمی، باس لەوە دەکات، کە ڕێزمان، یان یەکەکانی پۆلە داخراوەکان، لە بنچینەدا واتادارن (Langacker,2008:3-7). (تالمی) هەردوو جۆری یەکەکانی، وەك وەچە پێرەوی چەمکی جیاکراوە داناوە، (Talmy,2000:32-33)، بە پێچەوانەوە لانگەکەر هەردوو جۆری یەکەکان بۆ لیستی داکراوی یەکەزمانەوانییە باوەکان دەگەڕێنێتەوە، کە کۆزانینی زمانی لە ئاوەزی قسەکەردا دەنوێنن (Langacker,1987:73-75 ). هەروەك لە نموونەی شێوەی ژمارە(١ و٢)دا خرایە ڕوو.

## ١/ ٢-٣) ڕێبازە بونیادەکان بۆ ڕێزمان:

ڕێبازە بونیادەکان بۆ ڕێزمان، یەکە بنچینەییەکانی کۆزانینی زمانەوانیی بۆ پێکهێنانی جوتەی( واتا و فۆڕم ) وەردەگرێت، پێیاندەوترێت بونیادەکان "construction". بونیادەکان یەکەی زمان و سەرەکیین لە تیۆری ڕێزمانی بونیادناندا. ئەم پەسنکردنە، لەگەڵ زۆربەی دابەشکردنە باو و ڕۆیشتووەکەدا یەکدەگرێتەوە، بەیەکسانی بەسەر هەموو بونیادە قەبارە جیاوازەکاندا جێبەجێدەکرێت (لە مۆرفۆلۆژییەوە تا ئاواز) و ئاستە بەرجەستەکراوەکان(لە ئایتمە لێکسیکییەکان و دەربڕینە ئیدیۆمییەکان بۆ یەکە دەستەواژەییەکان و تەرزەکانی دارشتەی ئارگومێنت)، بە هەمانشێوەی (ڕێزمانی درکپێکردن) ڕێزمانی بونیادنانیش، بناغەکەی بۆ گریمانەی (پێکەوەلکاندنی هێمایی دەگەڕێتەوە. (Östman& Fried,2005:153).

(لاکۆف) (١٩٧٧) دەڵێت" ڕێبازە بونیادەکانی ڕێزمان پشت بە واتای هەموو دەربڕاوەکە دەبەستێت، نەك واتای تاکە تاکەی وشەکان" (Evans et al,2007:25)&(Denia ,2017:14). فۆڕمەکان زنجیرە دەنگە فۆنۆلۆژییەکانی زمانێکی تایبەتن و واتاکانیش بە نواندنە هۆشەکییەکانەوە بەستراون، واتە ئەو

چەمکە فەرهەنگیەیە، کە بە فۆڕمەکەوە پەیوەستە، بۆ نموونە وشەی[ گوڵەباخ] بە چەمکی ڕووەکێکەوە بەستراوە و یەکەی زمانیی گوڵەباخ، بوونیادەکە پێکدەهێنێت، کە هەردوو فۆڕم و واتا لەخۆدەگرێت. لە هەموو زمانەکاندا بوونیادەکان، تەنها وشەیەك نین، بەڵکو لەوانەیە وەچە بەشێکی وشەیەك (دژە ئاو، دژە ژەهر) ، یان زنجیرە وشەکانی ئیدیۆمێك بن( ئاسنی سارد دەکوتێت)، یان بونیادە ڕستەسازییەکان بن، کە واتای هێڵکاریی زۆریان هەیە، کە پێیانەوە پەیوەستن، بۆ نموونە بونیادی کرداری تێپەڕ( ف ن١ ف ن٢ (ف ن٣) ك)، بڕوانە شێوەی ژمارە(٣) :




شێوەی ژمارە(٣ ) ئەسکەلەی بونیادی وشەی (سێو)

هێمای زمانیی(سێو) لە زمانی کوردیدا، لە زنجیرە دەنگەکانی /سێو/ پێکهاتووە و لە زمانی عەرەبیدا لە /تفاح/ و لە ئینگلیزیدا /appel/ پێکهاتووە، بەڵام لە هەموو زمانەکانی دونیادا، بە واتای چەمکییانەی (سێو)ەوە پەیوەستە، کە لە ئاوەزی مرۆڤەکاندا وێنەیەکی هەیە و بیرۆکەیان دەربارەی قەبارە و ڕەنگ و بۆن و تامی هەیە.

| | | |
|---|---|---|
| دژە | ژەهر | ↕ |
| | ئاو | |
| | خۆر | |

شێوەی ژمارە(٤) بونیادی وشەکانی (دژە ژەهر، دژە ئاو، دژە خۆر)

| | | |
|---|---|---|
| فۆڕم: | فۆنۆلۆژی: | [ دژە X ] |
| | مۆرفۆلۆژی: | {{دژە}{ X }} |
| واتا: | سیمانتیك: | ((نەرێ(ن)) |

شێوەی ژمارە(٥) ئەسکەلەی وشەکانی ( دژە ژەهر، دژە ئاو، دژە خۆر) نوێنراوە

| | | |
|---|---|---|
| فۆڕم: | فۆنۆلۆژی: | [ X ] |
| | مۆرفۆلۆژی: | {ئان} |
| واتا: | سیمانتیك: | (ئان) |

↔

| | | |
|---|---|---|
| فۆڕم: | فۆنۆلۆژی: | [ نا [ X ] ] |
| | مۆرفۆلۆژی: | {نا} {ئان} |
| واتا: | سیمانتیك: | (نەرێ_ئان) |

شێوەی ژمارە(٦) ئەسکەلەی بونیادی (ئاوەڵناویی و نا + ئاوەڵناویی)

لە مۆرفۆلۆژیدا، بونیادی (نا + ئاوەڵناویی) مان هەیە، ، وەك وشەکانی (ناشیرین، ناخۆش، نامەرد)، کە واتای نا + تایبەتێتی دەگرنەوە، بە واتاکانی ( شیرین نییە، خۆش نییە، مەردنییە) دێن، قسەکەر دەزانێت، چۆن بونیادی مۆرفیمی بەندی (نا) بەکاردەهێنێت، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا تەرزی ترمان هەیە بەهەمان میکانیزم بەرهەمدەهێنرێن، وەك (ناحەز، نالەبار، ناڕەوا...هتد)، لەهەمان کاتیشدا ناتوانین بڵێین تەرزەکانی، وەك( نابەرد، ناسێو، ناخونچە...هتد) ڕێگەپێدراون. لە تۆڕبەندی ئاوەزی بونیادەکاندا دەتوانین هەردوو ئەسکەلەی (ئاوەڵناویی و نا + ئاوەڵناویی)، بە تیرێکی دوو سەر پێکەوەببەستینەوە.

لە ئەسکەلەکەدا لە ئاستی فۆنۆلۆژیدا (x) بەکارهاتووە، گشتێنراوە بۆ هەر کەرەستەیەك، کە گونجاوبێت، بەکاردێت و دیارینەکراوە، لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا ئاوەڵناو دانراوە و سنوردار کراوە و بە واتای گۆڕاوەکانی ترەوە بەستراوە، بۆ

نموونە، ئەگەر مۆرفیمی (نا) بخەینە پاڵ وشەکانی (ڕێك، ڕەوا،...هتد)، ئەوا واتای بونیادەکە دەبێت بەوەی کەسێك، شتێك، یان شوێنێك (ڕێك) نییە. لە شیکاری وشەکاندا مۆرفیمەکان جوتەی واتایی تەواویان هەیە، پێیاندەوترێت (بونیادەکان).

واتا

بێ ئەنجام (x)

[ asni sard dekutet ]

فۆڕم

شێوەی ژمارە(٧) ئەسکەلەی ئیدیۆمی(ئاسنی سارد دەکوتێت)

ئیدیۆمی(ئاسنی سارد دەکوتێت) فۆڕمێکی هەیە، کە لە ئەسکەلەکەدا دیارە، لە هەمانکاتیشدا بەرانبەر بە واتایەك دەوەستێتەوە، کە بە کەسێك دەوترێت هەوڵێکی بێ ئەنجام بدات.

ڕێبازە بوونیادەکان بۆ ڕێزمان، بۆ چوار جۆری سەرەکیی دابەش دەبن، یەکەمیان ئەو تیۆرییەیە، کە پێی دەوترێت (ڕێزمانی بونیادنان" Construction Grammar")، کە لەلایەن (چارلس فیلمۆر، پاوڵ کای و هاوڕێکانییەوە)، لە ١٩٨٨ گەشەیکردووە و وەك بنچینەی تیۆری ڕێزمان گەشەیان بە گریمانەی هێمایی داوە. بەپێی گریمانەی سەرەکیی لقەکانی فیلمۆر و پاوڵ کای، ڕێزمان زیاتر بە هۆی بونیادەکانەوە بە مۆدیل دەکرێت ، وەك لە ڕێگەی وشە و یاساکانەوە، بونیادە ڕێزمانیە ئاڵۆزەکان (وەك ئیدیۆمەکان) زۆر جار ئەو واتایەی دەیگەیەنن لە ڕێگەی وەچە بەشەکانییەوە ناتوانرێت پێشبینی بکرێت، پێویستە

لەبەربکرێت، وەك لەوەی لە بنچینەوە بنیاتبنرێتەوە (Evans, 2007:43). یەکێك لە تایبەتێتییە دیارەکانی ڕێزمانی بونیادنان ئەوەیە، تاکجەمسەرە تەنها یەك ئاستی نواندنی سینتاکسی و یەك ئاستی نواندنی چەمکی تێدایە، وەك لەوەی زنجیرەیەك دروستەی پێکەوەبەستراوبێت، لەڕێگەی گواستنەوەکانەوە (دروستەی قووڵ و ڕووکەش) ئاستی نواندنی سینتاکسی بەرهەمبێت، وەك لە مۆدێلەکانی ڕێزمانی بەرهەمهێناندا هەیە. سەرەڕای ئەوەش نواندنەکان لە ڕێزمانی بونیادناندا، تەنها زانیاریی سینتاکسییان تێدا نییە، بەڵکو زانیاریی سیمانتیکی پەیوەندار بە داڕشتەی ئارگومێنتیش و زانیاریی پراگماتیکیشی تێدایە (Ostman & Fried, 2005: 193). تیۆرییەکی تر دەربارەی ڕێزمانی بونیادنان لەلایەن (ئەدێڵ گۆڵدبێرگ) ەوە لە ١٩٩٥ گەشەیکردووە، کە ڕەگەکەی بۆ ڕێزمانی بونیادنانی (چارلس فیلمۆر و هاوڕێکانی) دەگەڕێتەوە، هەروەها بە کارەکانی( جۆرج لاکۆف) کاریگەربووە، (گۆڵدبێرگ) لە مۆدێلەکەیدا گەشەی بە ڕێبازە بونیادەکەی (فیلمۆر) داوە و لە دەربڕینە ئیدیۆمییەکان (نایاساییەکان) ەوە بۆ دەربڕینە (یاساییەکان) فراوانیکردووە. ڕوونیدەکاتەوە، کە دەرکەوتنی ڕێزمان هەمان دەرکەوتنی یەکە زمانەوانییەکانی تری هەیە، لەوانە وشەکان، بەم پێیەش ڕێزمانی بونیادنانی Goldberg پەیوەندیی بەردەوامی فەرهەنگ و ڕێزمان پێشکەشدەکات (Evans 2007:44)&(Goldberg,1995:6).، لە خشتەی ژمارە(١) دا، چەند نموونەیەك ڕوونکراوەتەوە:

| جۆری بونیادەکان | ناوەباووڕۆیشتوەکانی | نموونە |
|---|---|---|
| ئاڵۆز و ئەسکەلەیی | سینتاکس | [ بکەر، بەرکار، کردار] |
| ئاڵۆز و سەرەکیی | ئیدیۆم | ئاسنی سارد دەکوتێت.<br>بێ ئەنجام (X) |
| ئاڵۆز بەڵام بەستراوە | مۆرفۆلۆژی | ناو_کۆ ⟷ (ن_ان) |
| سادە، ئەسکەلەیی | کەتیگۆری سینتاکسی | [ناو] ⟷ (کەس، شت)<br>[کردار] ⟷ (ڕووداو) |
| سادە، سەرەکیی | وشە/فەرهەنگ | (نۆك ) ⟷ /نۆك/ |

خشتەی ژمارە(١) ئەسکەلەی بونیادی سادە و ئاڵۆز

لە خشتەی ژمارە(١) دا، جۆری بونیادی ئاڵۆز و سادە، بەشێوەی سەرەکیی و ئەسکەلەیی نوێنراون، بونیادەکان باڵ بەسەر پەیوەندیی فەرهەنگ-سینتاکسدا دەکێشن، لە بونیادی سادە و سەرەکییەوە سەیربکەین، وشەیەکە و هیچ کەلێنێکی نییە، پڕبکرێتەوە. وشەیەکی ، وەك(نۆك) /Nok/ و لە ڕێزمانی بونیادناندا پێی دەوترێت (بونیادی سادە و سەرەکیی)، هەروەها بونیادی ئەسکەلەیی سادەمان هەیە، وەك (ناو) و (کردار)، لە ڕێبازەکانی تردا پێیاندەوترێت ( کەتیگۆرییە ڕستەسازییەکان)، فۆڕمی سینتاکسیی(ناو) لەسەر ئاستی واتادا، بە چەمکی (شت، یان کەس) ەوە بەستراوە و کەتیگۆری سینتاکسیی (کردار) یش واتاکەی بە چەمکی(ڕووداو) ەوە بەستراوە. لە بونیادە ئاڵۆزەکانیشدا دەتوانین بەشەکان دیارییبکەین، بۆ نموونە لە بونیادی ناوی کۆدا، بەشەکانی لە (ناو) ەکە لەگەڵ،(ـان)ی کۆ پێکهاتوون، لێرەدا دەردەکەوێت ڕێزمانی بونیادنان جۆرە جیاوازەکانی کۆزانینی ڕێزمانی وەکو یەك دەنوێنێت. هەموویان لەژێر بیرۆکەی بونیادەکاندا بەرجەستە دەکات.

جۆری سێیەمی ڕێبازە بونیادەکان، ڕێزمانی بونیادنانی ڕادیکەڵە" Radical "، کە لە لایەن (ولیام کرۆفت) ەوە، لە ١٩٩٦ گەشەیکردووە. ئەم ڕێبازە مەبەستیەتی بە دوای بۆدەرکەوتنەکانی تایپۆلۆژیی زمانەوانیی بۆ تیۆری سینتاکسی بکەوێت. تایپۆلۆژی زمانەوانیی بەشێکە لە بەشەکانی زمانەوانیی، کە تایبەتێتییەکانی داڕشتەی زمان لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە تاقیدەکاتەوە، تەرزە چونییەکەکان پەسندەکات و تێبینی خاڵە جیاوازەکانیشیان دەکات. لە ڕێزمانی بونیادنانی ڕادیکاڵدا، لەجیاتی وەرگرتنی ڕێزمانی جیهانی، وەك خاڵی بونیادنانی مۆدیلێك لە زمان، جیاوازیی ڕێزمانی، وەك خاڵی دەستپێك وەردەگرێت (Evans, 2007:178).

جۆری چوارەمیش، ڕێزمانی بونیادنانی بەرجەستەکراو، کە لەلایەن (بنجامین بیرگن) و (نانسی چانج) ەوە، لە ٢٠٠٥ گەشەیکردووە، ئەم تیۆرییە بەشێوەیەکی سەرەکیی جەخت لەسەر بە پێواژۆکردنی زمان دەکاتەوە، بەتایبەتی تێگەیشتنی زمان. ئەم تیۆرییە لەگەڵ هەندێك لە بیروبۆچوونەکانی (ڕێزمانی بونیادنان) و (ڕێزمانی درکپێکردن) دا یەکدەگرێتەوە. ڕێزمانی درکپێکردنیش، وەك ڕێبازە

بوونیادەکان بۆ ڕێزمان، پشتی بە بونیادەکانی پیشاندانی جۆری تایبەتی یەکە ڕێزمانییەکان بەستووە. هەردووکیان لە لیستی لقە بنچینەییەکانن بۆ ڕێزمان، بە واتایەکی تر هەردوو جۆری ڕێبازەکە، زیاتر ڕێزمان، وەك لیستێك یەکەی هێمایی پیشاندەدەن، وەك لەوەی پێڕەوێك یاسا و ڕێسا بن. ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە پێڕەوی زمان بەهۆی دارشتەکانەوە کار ناکات ( وەك لە ڕێزمانی بەرهەمهێناندا هەبوو)، بەڵکو بەهۆی لەبەرکردن/داکردنەوە دەبێت (Brdar,et all,2011:11) بەپێی ڕێزمانی بونیادنانی بەرجەستەکراو، مرۆڤ لە ڕێگەی پەیپێبردن و هەبوونی شارەزاییە جەستەییەکانەوە لە جیهاندا، فێری چوارچێوەی کردەکان و جێبەجێکردنی ئەسکەلەکان دەبن، هەروەها لەتوانایاندا دەبێت، ئەسکەلەکان بۆ مەودا ئەزموونیەکانی تر بدۆزنەوە. ئەم دارشتە چەمکییە بەرجەستەکراوانە، دەکەونە چوارچێوەی بونیادە ڕێزمانییەکان. زمانە سروشتییەکان جۆرێك لە بەکۆدکردنی هەریەك لەم ڕەهەندە گشتییانە و پارامێتەرەکانی کردەکان، ڕووداوەکان و بابەتەکانیان هەیە، لە وردەکاریەکانیاندا جیاوازن، وەك چۆن ڕێزمانییانە ڕەهەندە چەندبارەبووەکانی ئەزموونی مرۆڤ بە کۆد دەکەن. ئەسکەلە و چوارچێوە پەیوەندارەکان پشت بە نەخشەی ئاوەز و سروشتی جەستەی مرۆڤ و مەودا دووبارەبووەکانی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، دەبەستێت (Johnson,2017:29)، بۆ نموونە زۆر بەکارهێنانی بوونیادی ڕستەی بکەردیاری (بکەر، بەرکار، کردار)، وەك ڕستەکانی (٤، ٥، ٦)، بووەتە هۆی پەیداکردنی ئەزموون و شارەزایی ئاخێوەر لەسەر ئەم جۆرە بونیادە و لێرەشەوە بونیادەکەی لە ئاوەزیدا داکردووە و توانستی بۆ بونیادناوە.

٤. زیوە وانەکانی دەخوێنێت.
٥. نەسرین دەستکێش دەچنێت.
٦.شەم گوڵ دەڕوێنێت.


## ١ /٢-٤) ڕێبازە درکپێکردنەکان بۆ بەڕێزمانیکردن:

یەکێك لە تیۆرییە درکپێکردنەکان بۆ بەجەستەکردنی تەرزە زمانییەکان، بەڕێزمانیکردنە، لە ڕوانگەی گریمانەی بنەمای بەکارهێنانەوە، دارشتە ڕێزمانییەکان لە ڕێگەی پێواژۆی بەڕێزمانیکردنەوە دەردەکەون. زاراوەی

بەڕێزمانیکردن بۆ پێواژۆیەك دەگەڕێتەوە، کە تیایدا یەکە فەرهەنگییەکان بۆ خزمەتی ئەرکە ڕێزمانییەکان دێن، واتە پێواژۆییەکە لە ڕێگەیەوە ئەرکی ڕێزمانیی وشە فەرهەنگییەکان دەستدەکەوێت، یان یەکە ڕێزمانییەکان ئەرکی ڕێزمانیی زیاتر وەردەگرن، بە واتای ئەوەی تەنها واتای فەرهەنگی ڕەگەکان سەرچاوەی واتای ڕێزمانیی نین، بەڵکو هەموو بونیادەکان لەم پێواژۆیەدا بەشدارن (Flogstad,2016:10). بە ڕێزمانیکردن لەناو زمانەوانیی درکپێکردندا سەرنجی زۆری خراوەتە سەر، چونکە بە ڕێزمانیکردن "پێواژۆی گۆڕانی زمانییە، کە بەهۆیەوە توخمە پۆل داخراو، یان ڕێزمانییەکان، پلە بە پلە لە پێڕەوی پۆل کراوەکانەوە گەشەیانکردووە" (Evans & Green, 2006:482).

بەڕێزمانیکردن بۆ گۆڕانە بەیەکداچووەکان لە فۆڕم و واتای بونیادە دیاریکراوەکان تایبەتمەندکراوە، وەك پێواژۆیەك دەبینرێت، کە بە شێوەیەکی سەرەکیی پشت بە واتا دەبەستێت، لەبەرئەوە گۆڕانە سیمانتیکییەکان لە بەڕێزمانیکردندا، لە ئەنجامی بەکارهێنانی زمانەوە سەرهەڵدەدەن. ئەم گۆڕانەش یەك ئاڕاستە و خولییە/خولگەییە، لەبەرئەوەی ئاڕاستەی ئەو جۆرە گۆڕانە لە فەرهەنگییەوەیە بۆ ڕێزمانی(عەول، ٢٠٢٠) ، واتە بە پێچەوانەوە ڕوونادات. سروشتی خولی بە ڕێزمانیکردن لەوەدا ڕوونە، کە یەکە زمانییەکان، وەك توخمە فەرهەنگییە پۆل کراوەکان دەچنە ناو زمانەوە و لە ڕێگەی بە ڕێزمانیکردنەوە، بۆ توخمە پۆل داخراوەکان دەگۆڕێن، بۆ نموونە ئەگەر بڕوانینە وشەی (هێلکەوڕۆن) لە نموونەی ژمارە(٧) دا :

٧. بۆ نانی بەیانی هێلکەوڕۆنمان هەیە.




شێوەی ژمارە(٨) بەڕێزمانیکردنی وشەی(هێلکەوڕۆن)

لە شێوەی ژمارە(٨) دا، دەرکەوتووە هەردوو توخمی فەرهەنگیی(هێلکە) و (ڕۆن) بەجیا و بەسەربەخۆیی لە فەرهەنگدا بونیان هەیە و لە مۆرفۆلۆژیدا بەیارمەتی مۆرفیمی ناوبەندی (و) ، وشەیەکی نوێیان لێ بەرهەم دێت، کە بۆ ناوی خواردنێك بەکاردێت و دووبارە دەچێتەوە ناو فەرهەنگ و وەك کەرەستەیەکی نوێ لە ڕستە و ئاخاوتنەکاندا بەکاردێتەوە، بەمەش پێواژۆی بەڕێزمانیکردنی بەسەردا هاتووە و لە زمانی کوردیدا چەندین نموونەی ترمان هەیە، کە ئەم پێواژۆیەیان بەسەردا هاتووە، وەك (پیرەمێرد، ڕەشەبا، گوڵەباخ، مەلەکردن، سوێند خواردن...هتد).
(تروگۆو و تراوسدەیڵ،٢٠١٣) لە دوو ڕوانگەوە باس لە بە ڕێزمانیکردن دەکەن، " ١. گریمانەیەکی توێژینەوەییە، بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەکانی نێوان فەرهەنگ، بونیادەکان، کەرەستە ڕێزمانییەکان لە زماندا، دیاکرۆنی و سینکرۆنی، لە زمانە تایبەتییەکان و لەناو زمانەوانیدا بەکاردەهێنرێت، ٢. بە ڕێزمانیکردن بۆ گۆڕانی مێژوویی دەگەڕێتەوە، کە بە هۆیەوە یەکە فەرهەنگییەکان و بونیادەکان، لە چوارچێوەی زمانەوانیی دیاریکراوەوە بۆ خزمەتی ئەرکە ڕێزمانییەکان و بە ڕێزمانیکردنیان بۆ گەشەکردنی ئەرکە ڕێزمانیە نوێیەکان بەردەوامە". (Traugott & Trousdale 2013: 96). ژمارەیەك پێواژۆی فۆنۆلۆژی، سینتاکسی و سیمانتیکی بۆ بەڕێزمانیکردنی هەموو بونیادەکان بەیەکداچوون، Croft باس لە پێواژۆ (فۆنۆلۆژی، مۆرفۆسینتاکس و ئەرکییەکان) بۆ بەڕێزمانیکردن دەکات.(Croft,2003:254-264) .

مۆدێلێکی تری ڕێزمانی درکپێکردن، کە بە ڕێزمانی وشە(word grammar) ناسراوە، لە ١٩٨٠ لەلایەن (ڕیچارد هەدسنەوە) گەشەی پێدراوە، ئەم تیۆرییە ڕوونکردنەوە لەسەر لایەنە گرنگەکانی(بە بوونیادکردن) دەدات و بە وەچە بەشەکانی تۆڕبەندی ڕێزمانییەوە بەستراوە، ئەم تیۆرییە بە وردەکارییەوە لەبەشی دووەم و سێیەمدا دەخرێتە ڕوو.

## ١/ ٢-٤-١) یەکەکانی ڕێزمان:

کاتێك ڕێزمانووسان، زنجیرەیەکی ئاڵۆزی زمانی بۆ بەشە پێکهێنەرەکانی تێکدەشکێنن، ئەو زنجیرە ئاڵۆزە بۆ بچووکترین یەکەی واتایی (مۆرفیم)[1] دابەشدەکەن. بێگومان دەنگەکانی ئاخاوتن لە مۆرفیم بچوکترن، بەڵام ئەرکیان، وەك مۆرفیم نییە، شێوەی ( ٩) یەکە زمانییەکان ڕووندەکاتەوە ڕستە، وەك گەورەترین یەکەی ڕێزمانی نوێنراوە، لەبەرئەوەی پارچەی گەورەی ئاخاوتن لە ڕستە پێکهاتووە، کە بە ڕێگای جیاواز بەیەکەوە بەستراون.

مۆرفیم وشە فرێز ڕستە

بچوکترین یەکەی ڕێزمانی گەورەترین یەکەی ڕێزمانی

شێوەی(٩)یەکەکانی ڕێزمان

## ٢/١-٤-٢ ) کۆزانینی ڕێزمانی:

دیاردەیەکی دەروونی و درکپێکردنە، پەیوەندییەکی تەواوی بە زانینی زمانی لە زمانەوانیدا هەیە، کە بە کاریگەریی دووبارەبوونەوەی بەکارهێنانی زمانەوە لەسەر نواندنە هۆشەکییەکانی بونیادی ئەسکەلەیی پێوانەکراوە "کۆزانینی

---

[1]. چەندین لێکۆڵینەوە لەسەر یەکەکانی ڕێزمان لە زمانی کوردیدا هەن، بڕوانە (مارف، ٢٠٠٠)،(مەحوی، ٢٠٠١)، (سعید، ٢٠١٣).

زمانەوانیی بریتییە لە کۆمەڵێك یەکە، کە بۆ قسەکەر لەبەردەستن بۆ پۆلکردنی ڕووداوە بەکارهاتووەکان"usage event" (دەربڕاوە ڕاستە قینەکانن لەگەڵ وردەکاری فۆنەتیکی و تێگەیشتنی چوارچێوەیی) لە هەردوو تێگەیشتن و دەربڕیندا" (Wilcox,2018:49). مەبەستی سەرەکیی تیۆری ڕێزمانی درکپێکردنیش، بە مۆدێلکردنی کۆزانینی زمانیی قسەکەرە لەو ڕێگایەوە، کە لەگەڵ هەر دوو چەمکە پەیوەستبووەکان (هەمەکییانە و درکپێکردن) دا دەگونجێن. مۆدێلی درکپێکردنی ڕێزمان هەوڵدەدات، مۆدێلی کۆزانینی قسەکەر بە ڕێگایەکی گونجاو لەگەڵ ئەو دوو پەیوەستبوونەدا بونیاد بنێت، لەم پەیپێبردنەوە زمانەکە لە میکانیزمی درکپێکردنی گشتیی و پێواژۆکانەوە دەردەکەوێت، لەزانستی زمانی درکپێکردندا بانگەشەی سەرەکیی لە هەندێك ڕێبازی درکپێکردنی ڕێزماندا بریتییە لە کۆزانینی زمانی، کە لە ئاوەزی قسەکەردا، وەك لیستی یەکە هێماییەکان نوێنراوە، بەکارهێنانی دەربڕینێك بەشێوەیەکی دووبارە، بەسە بۆ ئەوەی ئەو دەربڕینە بچەسپێت و ببێت بە یەکە، لەم ڕوانینەوە یەکە بریتییە لە قەوارەی هێمایی، کە بە شێوەیەکی فەرمی لەلایەن پێڕەوی زمانەوە بنیاد نەنراوە، بەڵکو هەڵگیراوە و دەستمان پێیدەگات. لەبەرئەوەی یەکە هێماییەکان لە ڕێزمانی قسەکەردا نوێنراون، کەواتە یەکە باوەکانن. (یەکە باوەکان لە ڕێگەی پێواژۆی بەئەسکەلەکردن بە پشت بەستن بە دووپاتکردنەوەی فیچەرە چەندبارەبووەکانەوە، یان سەرنجە کۆمەڵایەتییەکانەوە بە ناو زنجیرە ڕووداوە بەکارهاتووەکاندا دەردەکەون. ڕێککەوتنی یەکە زمانییەکان بەستراوە بەو بیرۆکەیەی، کە دەڵێت دەربڕینە زمانییەکان دەبێتە بەشێك لە ڕێزمانی زمان، ڕۆڵی چەسپاندن و ڕێککەوتن لەم مۆدێلی ڕێزمانەدا لە گریمانەی بنەمای بەکارهێناندا دەردەکەوێت، قسەکەر یەکە هێماییەکان دەزانێت، بەو شێوەیە ڕێککەوتن بابەتی پلەیە) (Evans&Green,2006:502) ، بۆ نموونە دەربڕینێکی، وەك (باخ) زیاتر لەناو خەڵکدا بەکاردێت، وەك لەدەربڕینێکی بواری پزیشکی، وەك (نەشتەرگەری، ڕۆماتیزم ...هتد)، کە تەنها لەناو کۆمەڵێکی دیاریکراوی قسەپێکەرانی زمانێکدا لەگەڵ کۆزانینی تایبەتی پەیوەندار بە بواری پزیشکییەوە بەکاردێت. یەکە هێماییەکان لەڕووی داڕشتەوە، یان ئاڵۆزن، یان سادەن، بۆ نموونە یەکە هێماییە سادەکانی، وەك مۆرفیم، لەوانەیە داڕشتەی فۆنۆلۆژی، یان سیمانتیکی ئاڵۆزیان

هەبێت، بەڵام لەڕووی دارِشتەی هێماییەوە سادەن، ئەگەر یەکەی هێمایی بچووکتریان تێدا نەبێت، بۆ نموونە وشەی (گوڵ) و نیشانەی کۆ(ـان)، نموونەیەکن بۆ یەکەی هێمایی سادە، یەکە هێماییە ئاڵۆزەکانیش بەپێی پلەی ئاڵۆزییان لە وشەوە بۆ فریز و ڕستەکان دەستپێدەکەن. هەر یەك لەم یەکانە بەشێوەیەکی پێڕەوبەندانە هەڵگیراون و داکراون. ئەم دارِشتانەش لەو پەیوەندییانەدا، کە لە نێوان یەکەکاندا هەن دەردەکەون، بۆ نموونە هەندێك لە یەکەکان وەچە بەشەکانی تری یەکەکان پێکدەهێنن، وەك چۆن (مۆرفیمەکان) وشەکان پێکدەهێنن و (وشەکان) یش فریز و ئەمانیش ڕستەکان پێکدەهێنن. ئەم گروپە تێهەڵکێشراوانە، وەك تۆرِبەندێك دەبینرێن.

(لانگەکەر) لەناو مۆدیلی ڕێزمانی درکپێکردندا، مەرجی (داواکاریی ناوەرۆك) ی ، وەك پێوەر دارِشتووە، کە بەپێی ئەم مەرجە، تەنها ڕێگە بەو یەکانە دەدرێت، کە لە ناو ڕێزمانی زمانەکەدان، ئەوانیش ١. یەکە فۆنۆلۆژی، سیمانتیکی و هێماییەکانن، ٢.پەیوەندییەکانی نێوانیان دەگرێتەوە، ٣.ئەسکەلەکانن، کە ئەو یەکانە دەنوێنێت، ئەم داواکارییە یەکە ئەبستراکتییەکان لە مۆدێلەکە دووردەخاتەوە، لەجیاتی ئەوە کۆزانینی تەرزە زمانەوانییەکان لە ڕێگەی ئەسکەلەوە نەخشەدەکێشێت، (Langacker,2013:25) بە واتایەکی تر ئەو یەکانەی، لە ڕێزمانی زماندا ڕێگەیان پێدەدرێت، دەنگەکان و دارِشتەکانیان ( کە لە دەربرِینە زمانییەکاندا خۆیاندەبیننەوە) و ئەسکەلەکانن، کە لەسەر بنەمای ئەو دەنگ و دارِشتانە دارِێژراون، بۆ نموونە: شار ، زنجیرە دەنگێکە و دروستەیەکی هەیە و لە کردەی بەپۆلکردنیشدا (ناو) ێکە، کە لەئەسکەلەدا بۆ هەموو ناوەکان لە زماندا دەگشتێنرێت.

## ١/ ٢-٥) کۆدداکردنی ئاوەزییانە و بەئەسکەلەکردن :

خاڵێکی بنچینەیی پێواژۆی درکپێکردن بەئەسکەلەکردنە ئەم پێواژۆیە پوختەکردنی هاوبەشییە بنچینەییەکانە، کە لە ڕێگەی فرە شارەزاییەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە ئاستی بەرزی نواندی چەمکی ئەبستراکتی هەڵدەهێنجرێن . (Wilcox,2018:54 )

لە ڕێزمانی درکپێکردندا ئەو یەکانەی ڕێزمان دەیانگرێتەوە، لە بەکارهێنانی زمانەوە دارِێژراون، ئەمەش بەهۆی پێواژۆی بەئەبستراکتکردن و بەئەسکەلەکردن ڕوودەدات. "پێواژۆی بەئەبستراکتکردن لە ڕێگەی توانا

درکپێکردنەکان و هەموو کۆزانینی قسەکەرەوە دارێژراوە" (Luo,2019:43).
بەئەبستراکتکردن پێوازۆیەکە، کە لە ڕێگەیەوە دارشتەکان، بەهۆی دوپاتکردنەوەی هاوبەشییە بنچینەییەکان لە شارەزاییە سادەکانەوە لەناو بارودۆخی بەکارهێنانی زماندا دەردەکەون. سروشتی بەئەبستراکتکردن، پالاوتنی ئەو شارەزاییە تاکییانەیە، کە دووبارە نابنەوە(Fortescue,2017:30).
بۆ نموونە قسەکەرێك بەباشی زمانێك فێردەبێت، لە ئەنجامی مامەڵەکردنی چەندبارەی لەگەڵ وشەکان، فرێزەکان، ڕستەکاندا، لە ئەو دەربڕینانەی، بەر گوێی دەکەون، پەیکاڵ بە مەودای واتاکانی پەیوەست بە ئەو یەکانەوە، ڕایەڵە واتاییەکانی وشەکان درکپێدەکات و دەیانناسێتەوە. بەئەسکەلەکردن، جۆرێکی تایبەتی بە ئەبستراکتکردنە، کە ئەنجامەکان لە نواندنەکاندا وردەکاری کەمتریان تێدایە، وەك لەوەی لە دەربڕینە ڕاستەقینەکاندا هەیە، ئەنجامی بەئەسکەلەکردن لە ئەسکەلەکاندا دەردەکەوێت. ئەمەش بەهۆی دەستنیشانکردنی خاڵی جیاوازی لە نێوان دارشتە ڕاستەقینەکان و وازهێنان لە ئەو خاڵانەی تێیدا هاوبەشن، دەستدەکەوێت (Evans & Green, 2006: 115، Wiechmann, 2015:45) بۆ نموونە:

٨. بێچووە پشیلەکە لە کارتۆنەکەدایە.
٩. گوڵەکە لە گۆزەکەدایە.
١٠. درزەکە لە قاپەکەدایە.

ئەگەر بڕوانینە دەربڕینە جیاوازەکانی نموونەی (٨، ٩، ١٠)، دەبینین یەکەی زمانی (لە) لەڕێگەی دارشتەی (لە....دا) وە، هاوبەشە لە گەیاندنی زانیاریی دەربارەی شوێنی ئەو شتانەی باسکراون ، وەك (پشیلە، گوڵ، درز) لە نموونەی (٨ و٩) دا شێوە و ئاماژەی بابەتەکە ڕوونترە، وەك لە نموونەی (١٠)، لە هەرسێکیاندا جیاوازییەکی کەم هەیە و ئەو جیاوازییانەش بۆ تایبەتێتی دەربڕاوەکان دەگەڕێتەوە، ئەسکەلەی (لە)، زانیارییەکی کەممان لەسەر سروشتی شێوە و سەرچاوەی بابەتەکان پێدەڵێت.
بە شێوەیەکی سەرەکیی، لە ڕێزمانی درکپێکردندا(پێکەوەلکاندنی هێماکان) یەکە ڕێزمانییەکان، ئەسکەلەکان، بەئەبستراکتکردنی ژمارەیەکی زۆری نموونە دیاریکراوەکان و دروستکردنی ئەسکەلەکان، ڕەنگدانەوەی پێوازۆ بنچینەییەکانی درکپێکردنن، یەکە زمانەوانییەکان "پێکەوەلکاندنی هێماکان"،

چەند جۆرێکی هەمەڕەنگیان هەیە، لەوانەیە وشەیەکبن، وەك (کۆتر) لە چوار سەگمێنتی دەنگی پێکهاتووە، [ك] ،[ۆ]،[ت]،[ر]، کە وەك یەکەی [کۆتر] خۆیان دەنوێنن، یان لەوانەیە ئیدیۆمەکان بن، وەك [ئاشی نەزان خوا دەیگێڕێت]، یان مۆرفیمە بەندەکانی ، وەك نیشانەی کۆ[-ان] بن، یان پاشگرەکانی داڕشتنی وشەی نوێ بن ، وەك [-ەر] لە (نوسەر) دا، یان بونیادە ڕستەسازییەکان بن، وەك کرداری تێپەڕو تێنەپەڕ. بە ئەبستراکتکردن و بەئەسکەلەکردنی پێواژۆ درکپێکردنە بنچینەییەکان، بە پشتبەستن بە دەربڕین و ڕووداوە بەکارهاتووەکان، ئەسکەلە بەرهەم دەهێنن.

## ١/ ٢-٥-١) ئەسکەلە و نموونەی بەرجەستەکەری:

پێڕەوی زمانەوانیی لە نواندنە درکپێکردنەکانی دەربڕینە تاکەکان و بەئەبستراکتکردنی نواندنە زۆر گشتییەکان، لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی بارودۆخە لەیەکچووەکان لە چوارچێوەی بەکارهێناندا بنیادنراوە. لە ڕێزماندا تەرزە بەئەبستراکتکراوەکان بە زۆری بۆ ئەسکەلە و نموونەکانیان دەگەڕێنەوە (Flowerdew,2012:62).

یەکێك لە تایبەتێتیە جیاکەرەوەکانی مۆدێلی درکپێکردن نواندنی ئەسکەلەییە و تایبەتێتی یەکە زمانەوانییەکانە، وەك یەکە هێمایییەکان، کە بە تەنها، وەك پێڕەوی پێکهاتە سنوردار نەکراون، بەڵکو بەسەر پێڕەوی ڕێزمانیدا جێبەجێکراون، بە واتایەکی تر، وەك جووت واتا و فۆرم بینراون، بەو پێیەی تەرزە سینتاکسییەکان نواندنە ئەسکەلەییەکانن، ڕێزمانی درکپێکردن بۆ ئەم مەبەستە دوو بەڵگە دەخاتەڕوو:

" ١. پێواژۆ درکپێکردنە گشتییەکان، بۆ ڕێزمان بنچینەین ،

٢.دەرکەوتنی ڕێزمان، وەك پێڕەوێکی کۆزانینی زمانەوانیی لە بەکارهێنانی زماندا ڕەنگیداوەتەوە" (Evans &Green, 2006:115) . ئەسکەلە یەکەیەکی هێمایییە، زیاتر لە پێواژۆی بە ئەبستراکتکردنی یەکە هێمایییە دیاریکراوەکانەوە دەردەکەوێت، کە پێیاندەوترێت نموونەکان. نموونەکان پەیوەندیی نێوان جۆرو نموونەکانی دەردەخەن. فۆرمە ئەسکەلەییەکانیش لە ڕێزمانی هۆشەکیدا، زیاتر نواندنە ئەسکەلەییەکان، یان یەکە هێمایییەکان دەگرێتەوە، ئەمەش لە ڕێگەی بەئەبستراکتکردنی تەرزە هاوبەشەکان لە دەربڕاوەکاندا دەبێت. یەکە

هێماییەکان، یان سادەن یان ئاڵۆز، وەك لە نموونەکانی ١١(ا،ب،ت) دا دەرکەوتووە:

١١.ا. گوڵ
ب. گوڵان
ت.گوڵی سروشتی زۆر جوانە

ئەگەر بڕوانینە یەکە هێماییەکانی نموونەکانی ١١ (ا،ب،ت) دەبینین، یان سادەن، یان ئاڵۆزن، یەکەی فەرهەنگی (گوڵ) سادەیە و یەکەی ئاڵۆزیش، وەك (گوڵان)، یان ڕستەی (گوڵی سروشتی زۆر جوانە)، هەر یەکەیەکی هێمایی، ئەگەر سادەبێت، یان ئاڵۆز، بەپێی پارامێتەرەکانی ئەسکەلەیی و ئاڵۆزیی دەگۆڕێن. لەم ڕوانگەیەوە (لانگەکەر)، ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە یەکەزمانییەکان لە ڕوانگەی پارامێتەرەکانی ئەسکەلەیی، ئاڵۆزی و پلەی باوێتیان لە ئاخاوتندا جیاوازن (Langacker, 2013:21). بۆڕوونکردنەوەی ئەمە بڕوانە خشتەی ژمارە(٢) :


| جۆری یەکەکان | ئەسکەلەیی | دیاریکراویی | باوێتی |
|---|---|---|---|
| سادە | ناو | گوڵ،دار، بەرد،...هتد | گوڵ،دار،بەرد |
| ئاڵۆز | ف ن+ف ن+ف ك | ئازاد کتێبەکەی خوێندەوە. نازدار گوڵەکانی ئاودا. | ئازاد کتێبەکەی خوێندەوە. نازدار گوڵەکانی ئاودا. |

خشتەی ژمارە(٢) ڕوونکردنەوەی پارامێتەری یەکە زمانییەکان

لە خشتەی ژمارە(٢) دا، دەردەکەوێت یەکە هێمایییە سادە و ئاڵۆزەکان، یان ئەسکەلەیین، وەك کەتیگۆری ڕێزمانی (ناو)، یان دیاریکراون، وەك(گوڵ، دار، بەرد،...هتد) جیاوازیشیان لەوەدایە، دەرکەوتنی سیمانتیکی و تایبەتمەندیی فۆنۆلۆژی (ناو)، زۆر ئەسکەلەییە، وەك لە (گوڵ) دا، بەم شێوەیە یەکە زمانەوانییەکان لە ڕوانگەی دوو پارامێتەری سەرەکییەوە ( ئەسکەلەیی" "schematicity" و ئاڵۆزی" complexity") دەگۆڕێن، بۆ نموونە: یەکەی فەرهەنگی

(گوڵ) زۆر سادە و دیاریکراوە، لەکاتێکدا تەرزی سینتاکسیی (ف ن + ف ن + ف ك)، زۆر ئاڵۆزە و یەکەی هێمایی ئەسکەلەییە هەروەها ئەسکەلەی پۆلی (ناوی)، کە ئەسکەلەی (شت) دەنوێنێت، لە هەزاران یەکەی کۆنکرێتی، وەك (گوڵ، پشیلە، درەخت...هتد) ەوە بەئەبستراکتکراوە. "ڕێزمان بە یەکەی هێمایی ئەبستراکتی ناسێنراوە، کە لەناو دەربڕینەکانی بەکارهێنەرانی زمانەوە، بەئەبستراکتکراوە" (Luo,2019:43) لە زانستی زمانی درکپێکردندا، ئەسکەلەی بونیادی هەیە، ئەویش یەکەی هێمایی ئەسکەلەیی و ئاڵۆزی دەگرێتەوە، کە لە ڕێگەی بونیادە ئاڵۆزە دیاریکراوەکان و چوارچێوەیەك، کە ئەو ئاڵۆزی هێماییە پیشاندەدات و دەست بەسەر هاوبەشییەکانیاندا دەگرێت، پیشاندەدات، بۆ نموونە ئەسکەلەی بونیادی(ف ن + ف ن + ف ك) لە چەندین بونیادی دیاریکراوی ، وەك( ئازاد کتێبەکەی خوێندەوە، نازدار گوڵەکانی ئاودا، توانا دەرگاکەی کردەوە...هتد) دەرهێنراون.

هەردوو میکانیزمی تەواوکاریی توخمە پۆل کراوە و داخراوەکان( فەرهەنگ و ڕێزمان) لە دیاریکردنی بەشە جیاوازەکانی نواندنە درکپێکردنەکان بەرپرسن، فەرهەنگ زانیاریی ناوەرۆکی دەبەخشێت و بونیادە ڕێزمانییەکانیش زانیاریی دەربارەی ئەو ڕێگایەی، نواندنە درکپێکردنەکان دادەڕێژن، دەبەخشێت. لە ڕێکخستنی لیستی یەکە ڕێزمانییەکان لای (لانگەکەر)، لە شێوەی ژمارە (٩) دا، دوو ڕەهەند ڕوونکراوەتەوە، هێما ئاڵۆزەکان لەسەر تەوەرەی ئاسۆیی و ئەسکەلەیی لەسەر تەوەرەی ستوونی، یەکە هێماییەکانی ، وەك (مۆرفیمەکان)، هێماییانە، سادەن و کەتیگۆری ئەسکەلەیی دیاریکراوی وەك (ناو، کردار...هتد)، لەڕووی هێماییەوە ئاڵۆزنین، بەڵام ئەسکەلەین، وشەکانی وەك (یاریزان، شاخەوان،...) هێماییانە ئاڵۆزن، بەڵام ئەسکەلەیی نین، بونیادە ئەسکەلەییەکانی، وەك (ڕستەی سەرجێناویی و ڕستە تەواوکارییەکان،...هتد) ئاڵۆزیش و ئەسکەلەییشن.





شێوەی ژمارە (١٠)، ئەسکەلەی ئاڵۆزی هێمایی، لەلایەن (لانگەکەر)ەوە پێشکەشکراوە

ئەگەر لە هەریەك لە دەربڕینەکانی، وەك (شاران، گوڵان، ساڵان...هتد) بڕوانین، دەبینین یەکەی هێمایی زۆر چەسپاون، بۆ نموونە یەکەی هێمایی (گوڵان)، لە ڕێگای هاوکێشەی (١) ەوە نوێنراوە:

هاوکێشەی ١.[[[ **گوڵ** ]/[ گوڵ ]]-[[ کۆ ]/[ ان ]]]

لەو هاوکێشەیەدا، گوڵی یەکەم جەمسەری سیمانتیکی دەگرێتەوە، کە بەڕەنگی تۆخ نوسراوە، گوڵی دووەم جەمسەری فۆنۆلۆژی دەنوێنێت، هێڵە لارەکە پەیوەندیی هێمایی لە نێوان جەمسەری سیمانتیکی و فۆنۆلۆژی دەگرێتەوە، داشە ڕێکەکە، پەیوەندیی یەکە هێماییەکان بۆ پێکهێنانی دروستەی ئاڵۆز دەگرێتەوە. لەم تێگەیشتنەوە دەکرێت، پەیوەندیی نێوان (ئەسکەلە و نموونەی بەرجەستەکەری) لە ئاوەزی مرۆڤی کوردو زمانی کوردیدا، لە داڕشتەی (چەمکی کۆ ، وەك ئەسکەلەیەك) و (نموونە بەرجەستەکەرەکانیدا) بنوێنرێت، هەروەك لە هێڵکاریی ژمارە(٥) دا دیارە:




هێڵکاریی ژمارە (٥) پەیوەندیی ئەسکەلە و نموونەکەی

لەهێڵکاریی ژمارە(٥) دا، (شت_ان) ئەسکەلەی داکراو لە ئاوەزدا دەنوێنێت، نموونەکانی، وەك (گوڵان، ساڵان، کێوان، ماڵان،...هتد) نموونە بەرجەستەکەرەکانن لە زمانی کوردیدا. لە زماندا چەند بارودۆخێکی ئاسایی کۆکردنەوەی ناو هەیە، ئەم تەرزە یاساییانە لە ڕێگەی یەکەی هێمایی ئەسکەلەیی دەستیبەسەردا دەگیرێت، کە زانیاریی ئەسکەلەیی دەربارەی بونیادەکە تێدایە، ئەم ئەسکەلەیە بۆ ناوی کۆ لە هاوکێشەی ( ٢) نوێنراوە:

هاوکێشەی ٢. [[[شت ]/[ ... ]]-[[کۆ ]/[ان ]]]

لەم نواندنی ئەسکەلەییەدا، جەمسەری سیمانتیکیی (شت)، ناو دەگرێتەوە و جەمسەری فۆنۆلۆژی لە تەنیشتییەوەیەتی، هەریەکەیەکی دیاریکراوی تەواو لەگەڵ ئەم هێڵکارییەدا دەگونجێت، بۆ نموونە، دەربڕینەکانی (گوڵان، باخان، ساڵان) نموونەی ئەسکەلەکە دەنوێنن. پەیوەندییە هەرەمییەکان لە نێوان ئەسکەلە و نموونەکەی لە هێڵکاریی (٥) دا، ڕوونکراوەتەوە و پەیوەندیی نێوانیشیان نەبەستراوە بەیەکە هێماییەکانەوە."ئەسکەلەکان لە دەربڕینە دیارەکان بە ئەبستراکتکراون، پاشان دەتوانرێت لە بونیادنان و تێگەیشتنی دەربڕینە نوێیەکاندا بەکاربهێنرێنەوە" (Langakar,2013:215) ئەسکەلەی ڕێکخستنێکی ناوێزەی هەر توخمێکی بە پۆلکراوە(زۆر گشتییە)، نموونەکەی هەر توخمێکی شوێنکەوتووە (زۆر دیاریکراوە)، بەو واتایەی پەیوەندیی نێوان ئەسکەلە و نموونەکەی جۆری پەیوەندیی پۆلکردن دەنوێنێت.(Evans & Green,2006:504-505) لە یەکە فۆنۆلۆژییەکاندا فۆنیمەکان ئەسکەلەین و ئەلۆفۆنەکانی نموونەکانن، لە یەکە سیمانتیکییەکاندا چەمکێك ئەسکەلەیە و

وابەستەکانی چەمکەکە نموونەکانیەتی، دەکرێت بوترێت نموونە فراوانکردنی ئەسکەلەکەیەتی. ئەمەش واتای ئەوەیە، کە واتایەکی زۆر دیاریکراوی دەداتێ، بۆ نموونە:

١٢.ا. گەیشتنە لووتکەی شاخ، هەستێکی خۆشت پێدەبەخشێت.

ب. گەشتیاران سەردانی شاخی گۆیژە دەکەن.

١٣.ا. سروشت بە گوڵەوە ڕازاوەیە.

ب. بەهاران گوڵاڵەسورە دەردەکەوێت.

ئەگەر بڕوانینە ئەو چوار ڕستەیە، دەبینین وشەکانی (شاخ، گوڵ) لە ڕستەی (١٢.ا، ١٣.ا) دا، ئەسکەلەیین و تاڕادەیەك گشتین، وشەکانی (شاخی گۆیژە، گوڵاڵە سورە) لە نموونەکانی (١٢.ب، ١٣.ب) دا، ئەسکەلەکەن و واتاکەیان تاڕادەیەك دیاریکراوترە.

### ٢/١-٥-٢) دووبارە بوونەوە لە پێکهێنانی ئەسکەلەدا:

وەك بینیمان بنەمای سەرەکیی ڕێزمانی درکپێکردن، بە گوێرەی گریمانەی بنەمایی بەکارهێنان ئەوەیە، کە بەکارهێنان کاریگەریی لەسەر داڕشتە ڕێزمانییەکان لە ئاوەزدا هەیە. دووبارەبوونەوەی بەکارهێنانیش نواندنی توخمە زمانەوانییەکان لە یادگەدا بەهێز دەکات و چالاککردن و بە پێواژۆکردنی وشە و هاوپۆل و بونیادەکان ئاساندەکات، کە کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر ڕێکخستنی کۆزانینی زمانەوانیی لە تۆڕبەندی زماندا هەیە. لەبەرئەوە دووبارەبوونەوەی بەکارهێنان، لەگەڵ چەسپاوی یەکەکە لە ئاوەزدا بەیەکەوە بەستراونەتەوە، لەم ڕوانگەیەوە دەوترێت "ڕێزمان پێڕەوێکی پێکەوەبەستراوی بابەتی نییە و بۆ هەموو بەکارهێنەرانی زمانیش، هەر بەهەمان شێوە دەمێنێتەوە. هەرچەندە بەکارهێنانی دووبارە لەوانەیە داڕشتەی نوێ بەرهەم بهێنێت. ئەمەش بە واتای لەو پێکهاتانەی لێی پێکهاتووە، هەوڵی تێگەیشتنی زۆری ناوێت، دەتوانێت وەك داڕشتەیەکی ڕێگەپێدراو لە کردەی بەپۆلکردندا خزمەت بکات" (Pelyvás ,1995:35) کاتێك بونیادەکان دادەڕێژرێن، بە شێوەیەکی ئاسایی بڵاودەبنەوە و پلە بەپلە بەپێی کات، دووبارەبوونەوەی بەکارهێنانیان زیاددەکات، دوو جۆری سەرەکیی لە دووبارەبوونەوە لای زمانەوانەکان ناسێنراوە:


١. دووبارەبوونەوەی ئاماژەیی "Token Frequency"

٢. دووبارەبوونەوەی جۆریی"Type Frequency"


هەریەك لەمانە هۆكارێك دەبن بۆ چەسپاندنی جۆرە جیاوازەكانی یەكە زمانەوانییەكان، دووبارەبوونەوەی ئامازەیی، ژمارەی دەربڕینە جیاوازەكانی تەرزە تایبەتەكانن، یان ژمارەی جارەكانی دەركەوتنی یەكە زمانەوانییەكانن لە دەقێكدا. دووبارەبوونەوەی جۆری، ژمارەی جارەكانی هەمان یەكەیە، كە لە دەقەكەدا دێت، یان ژمارەی جارەكانی فۆڕمە جیاوازەكانی دەركەوتنی یەكە زمانەوانییەكانن لە دەقێكدا (Liu, ) ,(Traugott & Trousdale,2013:18 (2014:226

دووبارەبوونەوەی ئامازەیی، دەبێتە چەسپاندنی نموونەكان و دووبارەبوونەوەی جۆری زیاتر، دەبێتە چەسپاندنی ئەسكەلەی ئەبستراكتی. دووبارەبوونەوەی جۆری بەرز، بەبەرهەمی تەرزەكان پیشاندەدات، بۆ نموونە ( تەرزی كرداری ڕابردوو، ڕانەبردوو،...)، بەڕادەیەكی زۆر بەسەر ناوی كردارەكان لە فەرهەنگدا جێبەجێدەكرێن، لە زمانی كوردیدا لە تەرزی كرداری ڕانەبردوو (دە +ڕەگ+ جێناو) ، قسەپێكەران و ئەوانەشی، كە دەیانەوێت فێری زمانەكەببن، ژمارەیەكی زۆر لە كرداری ڕانەبردوو لەڕێگەی ئەم تەرزەوە بەرهەمدەهێنن، ئەمە بۆ بونیادەڕێزمانییەكانیش بەهەمان شێوەیە. دووبارەبوونەوەی جۆری نزمیش، وەك دروستكردنی ناوی شوێن لە ڕێگەی تەرزی( ناو+ دان)، كە زۆر سنوردارە و چەند وشەیەكی لێ پێكدێت، وەك (گوڵدان، خوێدان، ئاگردان، میزەڵدان، شەكردان، قەڵەمدان).

دووبارەبوونەوەی ئامازەیی، ئامازەیە بۆ دووبارەبوونەوە، لەگەڵ نموونە دیاریكراوەكان، كە لە زماندا بەكارهێنراون، بۆ نموونە ناوە سیمانتیكییەكانی وەك (پلیكانە و قادرمە، یان قاپی و دەرگا)، دووبارەبوونەوەی جیاوازییان هەیە، هەریەك لە (دەرگا و قادرمە) بەشێوەیەكی گشتیی زیاتر بەكاردێن، بەڵام بەكارهێنانی (پلیكانە و قاپی) لە ئێستای زمانی كوردیدا، بە تایبەت لە ناوژەی سلێمانی سنووردارترن، بە هۆكاری ئەوەی لە ئێستادا كەمترین بەكارهێنانیان هەیە لە ئاخاوتنەكانی مرۆڤی كورددا. ئەمە هۆكارێكە بۆ چەسپاندنی جیاوازیی نواندنی هۆشەكیی ئەو فۆڕمانە، ئەمە لە هێڵكاریی ( ٦، ٧) دا ڕوونكراوەتەوە:




هێڵکاریی ژمارە(٦) دووبارەبوونەوەی ئاماژەیی بەرز




هێڵکاریی ژمارە(٧) دووبارەبوونەوەی ئاماژەیی نزم

ڕێگاکان لەناو ڕێزمانی درکپێکردندا بۆ خستنەڕووی ئەسکەلەیی هاتوون، بۆ نموونە توانای یەکخستنی چەمکەکان تایبەتمەندێتیی سەرنجراکێشی مۆدیلەکەیە، یەکێك لە ئەرکەکانی ئەسکەلە لەم مۆدیلەدا پۆلکردنە. هەر بۆیە شرۆڤەی چەمکی پۆلکردن لە ڕێزمانی درکپێکردندا بنەماییە و لێرەدا بە گرنگ دەزانرێت.

### ١/ ٢-٥-٣) پۆلكردن :

دوو جۆر پەیوەندیی بنچینەیی لە نێوان یەكە زمانییەكاندا هەیە، یەكەمیان بەهێماكردنە، كە پەیوەندیی نێوان فۆڕم و واتا دیاریدەكات، بەتایبەتی پەیوەندیی نێوان داڕشتەی فۆنۆلۆژی و داڕشتەی سیمانتیكی. جۆری دووەمی پەیوەندییەكە پۆلكردنە"categorization ".

"پۆلكردن بریتییە لە لێكدانەوەی شارەزاییەكان دەربارەی داڕشتە هەبووەكانی پێشتر" (Langecker,2013:17), (Wilcox,2018:54) پێواژۆی هۆشەكیی پۆلكردنی بابەت و ڕووداو و هەموو قەوارەكانی دەوروبەرمان پێیدەوترێت پۆلكردن. " وشەكان هەمیشە لە ڕێگەی پێواژۆی دركپێكردنی پۆلكردن و داڕشتە چەمكییەكانەوە دەنوێنرێن" (Brenda,2014:20) لە زمانەوانیدا كەتیگۆرییەكان بەسەر كەتیگۆرییە فۆنۆلۆژییەكان (كۆنسۆنانت و ڤاولەكان ...هتد) و ئەو كەتیگۆرییانەی ئەركی ڕێزمانی دەبینن (ناوەكان، كردارەكان، ئاوەڵناوەكان...هتد) و كەتیگۆریی توخمە فەرهەنگییەكان (سیمانتیك) دابەشبوون. ئەگەر داڕشتەیەكی دیاریكراو بۆ كەتیگۆرییەك بگەڕێتەوە، ئەوا دەتوانین بۆ پۆلكردنی داڕشتەكانی تریش بەكاریبهێنین و دەبێت بە ئەندامێكی كەتیگۆرییەكە. (كەتیگۆری و چەمك لایەنی هاوبەشیان هەیە و كەتیگۆری گروپێكە لە قەوارەكان و چەمكیش كۆزانینە دەربارەی ئەو قەوارانە. بۆ نموونە كەتیگۆری (ئەسپ)، بریتییە لە گروپێك ئەسپی جیاواز، كە لە ڕێگەی تایبەتمەندییە جیاوازەكانی ئەندامەكانییەوە پەسنكراون، وەك شێوە و ڕەنگە تایبەتییەكانی، چوار قاچ و كلك و دوو گوێی هەیە...هتد. چەمكی (ئەسپ) كۆزانینی زمانیی بەكارهێنەر دەنوێنێت. دوو مۆدێلی پۆلكردنی زمانەوانیی، وەك ڕاستییەكی دركپێكردن ناسێنراوە، ئەوانیش مۆدێلی دركپێكردن و مۆدێلی شاوەچەیە(Langacker,1987,371). شاوەچە بەشێوەیەكی ئاسایی نموونەی كەتیگۆرییەكە، یان توخمەكانی ترە، كە لەسەر بنچینەی پلەی لەیەكچوونیان وەریدەگرن. بەو پێیەی، ئەسكەلە یەكەیەكی هێمایی ئەبستراكتییە، لە پێواژۆی بەئەبستراكتكردنی یەكە هێماییە دیاریكراوەكاندا دەردەكەوێت، كە نموونەكان و بەجەستەكردنی هاوبەشییەكانی نێوان ئەندامەكانیان دەگرێتەوە. پەیوەندیی نێوان ئەسكەلە و نموونەكانی بۆ ڕادەی فراوابوونی ئەسكەلەكە دەگەڕێتەوە. (هەرچەندە ئەسكەلەكان ئاستی جیاوازیی ئەسكەلێتییان هەیە و هەندێك لە

ئەسکەلەکان لەوانەیە ببنە  نموونە بۆ ئەسکەلەی ئەبستراکتیی زیاتر. هەموو پەیوەندیی هەڕەمی نێوان ئەسکەلە و نموونەکەی لە ڕێزماندا هەڵگیراوە، بەو جۆرەش ڕێکخستنی هەڕەمیی ناوەکی وەردەگرێت. ئەو ئەسکەلەیەی لەبەرزترین ئاستی ئەسکەلێتییە لە هەڕەمەکەدا پێیدەوترێت ئەسکەلەی بەرزترین پلە. ئەسکەلەی بەرز بە بەرهەمترە لە ئەسکەلەی ئاستی نزم. لە سروشتی ڕێزمانی درکپێکردندا، چەندبارەکردنەوەی ناپێویستی نواندنی کۆزانینی زمانەوانیی ڕێگەپێدراوە) (Luo, 2019:87).

هەموو چەمکە سەرەکییەکان لەژێر ڕێزمانی درکپێکردندا، وەك ئەسکەلە لە ئاوەزدا بوونیان هەیە، هەر شتێك پێیدەوترێت (یاسایەك، تەرزێك یان چوارچێوەیەك)، ئەمانە هەمووی لە ڕێزمانی درکپێکردندا بە (ئەسکەلە) چارەسەریان بۆکراوە، کە یاسا (سینتاکسییەکان، فۆنۆلۆژییەکان، دیاکرۆنییەکان، سیمانتیکییەکان، بڕگەیی، ئاستی وشە، یان فریزییەکان، فەرهەنگییەکان، مۆرفۆلۆژیەکان و ڕووکارەکان، چوارچێوەکانی دۆخ و هەندێك پێکهاتەکانی تر) دەگرێتەوە، بۆ هەریەك لەمانە لە ڕێسایەکی بابەتە ئەزموونییەکاندا دەبن، ئەگەر فۆڕمەکان لەڕاستیدا بەشێك بن لە پێڕەوی زمانەوانیی قسەکەر یان نا، یان ئەگەر ئەسکەلەیان لەناو ئاوەزی قسەکەردا هەبێت، یان بە پێچەوانەوە تەنها لە ئاوەزی زمانەواندا هەبێت ( Geeraerts & Cuyckens,2007:94)

(لانگەکەر) لە تیۆرییەکەیدا، واتای هەریەك لە زاراوە بنچینەییەکانی (ناو، کردار) ی لە ڕێگەی ئەسکەلەوە باسکردووە، ئەسکەلەی درکپێکراوی بۆ واتای (ناو) ی،  بە (شت) داناوە، کە بە ناوچەیەك لە مەودای بۆشایی چەمکیدا پەسنی کردووە، ناوچەش بریتییە لە گروپێك لە قەوارەی پێکەوە بەستراو. ( ناو) داڕشتەیەکی هێماییە، کە (شت) ێك دیاریدەکات. بۆ نموونە (خولەك) شوێنێکی دیاریکراوە لە کاتدا، (وزەی کارەبا) ناوچەیەکی  دیاریکراوە لە بۆشایی تایبەتمەندێتیی فیزیکیدا. (لانگەکەر)،  (کردار) ی بە (پێواژۆ) داناوە، کە شوێنپێی پەیوەندییەك لەخۆدەگرێت. پوختەی دەربڕینە پەیوەندییدارەکان لەناو قەوارە خەملێنراوەکاندا پێکەوەبەستراونەتەوە، لەناو زاراوە پەیوەندییەکاندا، بۆ نموونە (پێشناو) بریتییە لە پەیوەندیی نێوان دوو شت، کە لە بۆشایدا ڕێکخراوە و کرداری (ڕاکردن) گریمانەی پێشینەی کەسێکە، کە کردەیەك


ئەنجامدەدات، بۆیە پەیوەندییەك لە تیۆرییەکەیدا پیشانیدەدات، کە چۆن شتەکان بە ئەسکەلە دەکات، شت بە شێوەی بازنەیی پیشاندراوە و پەیوەندییش بە هێڵی پچڕ پچڕ لە نێوان دوو چوارگۆشەدا نوێنراوە، کە یەکێکیان (تراجیکتۆرە) و ئەوی تریشیان(لاندمارك) (Langakar,1987:220) تراجیکتۆر(Tr) کەرەستەی دەرکەوتوو (دەرکەوتەی بەرز) زۆر زەقکراوە دەگرێتەوە، لاندمارك (Lm) کەرەستەی کەمدەرکەوتوو(دەرکەوتەی نزم)، کەم زەقکراوە دەگرێتەوە:




شێوەی ژمارە ( ١١) بەئەسکەلەکردنی قەوارەکان

زاراوەی قەوارە بەسەر هەر شتێکدا جێبەجێدەکرێت، کە وەك دارشتەی چەمکی پەسنکرابن (شتەکان، پەیوەندییەکان، برەکان، گۆڕانەکان، شوێنەکان، دوورییەکان)، بۆیە چوارگۆشەکان دیارینەکراون.

ئەسکەلەی پۆلە سەرەکییە سینتاکسییەکان، لە هێڵکاریی ژمارە(٨) دا خراوەتەڕوو، (Langaker,1987:249):




هێڵکاریی ژمارە( ٨) هێڵکاریی پۆلە سەرەکییە سینتاکسییەکان

(Peter Pelyvas,1995) پۆلکردنی لە ڕێزمانی درکپێکردندا، بەسەر چەند تەوەرەیەکدا دابەشکردووە:

### ٢/١-٥-٤) پشکنین"Scanning":

" بیرۆکەیەکە لە ڕێزمانی درکپێکردندا گەشەی پێدراوە، بەستراوە بەوەی چۆن لایەنەکانی دیمەنێك هەستیپێدەکرێت، بەشێوەیەکی بینراو بێت، یان نا، دەبێتە هۆی نواندنی چەمکیانە" Evans:2007:187. کردەیەکی بنچینەیی لە ڕێزمانی درکپێکردندا، کە لەلایەن (ڕۆناڵد لانگەکەر)ەوە پەسنکراوە، بریتییە لە بەراوردکردن لە چەقی پشکنینی هەر کردەیەکدا، کە بە پێوانەی بەراوردکردن و مەبەست و دەستنیشانکردنی هەر دژیەکییەکیش لە نێوانیاندا بەستراوەتەوە. ئەمە کردەیەکە، کە هەموو پێواژۆ درکپێکردنەکان و زمانەوان و نازمانەوان پشتی پێدەبەستن، کە (زەمینە"ground"- شێوە"figure"، پوختە"profile"_بنەما "base" ، تراجیکتۆر"trajectory"_لاندمارك "landmark") دەگرێتەوە. هەروەها بەرانبەر

بە پێواژۆ_پەیوەندییە کاتییەکان بەرپرسە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە داڕشتە سینتاکسییەکانەوە هەیە. (پوختە بەشێکی دیاریکراوی بواری چەمکی (بنەما)یە، دەتوانرێت بە ڕوونی لە حاڵەتی ئەو شتانەی بەشێکن لە شتێکی تر تێبینیبکرێت،(Crus, 2006:141-142) بۆ نموونە بۆ شتە مادییەکان وەك (پەنجە) پوختەیەکە لە بەشێکی دیاریکراوی (دەست)، چەمکی (دەست) یش، پوختەی ناوچەیەکی (بنەما) ی گەورەترە ، وەك (قۆڵ)، کە دەبێتە پوختە بۆ (بنەما) ی جەستە، جەستەش کۆتایی زنجیرەی پوختە و بنەمایە و نابێتە پوختەی هیچ بەشێکی گەورەتر و خاڵی مەودای کۆتایی پێشبینیکردنی چەمکی پەنجەیە. سەرەڕای ئەوەی پەنجە پوختەی دەستە، دەشتوانێت، وەك بنەما بۆ پوختەی نینۆك ڕۆڵ ببینێت. هەروەها ئەمە بۆ نموونەکانی، وەك( پێنووس_نووك، شاخ_لوتکە،...هتد) هەمان شتە، هەروەها بۆ شتی نامادیش وەك (هێز) دەبێتە پوختە بۆ بنەمای (ئازایەتی) یان (خۆشەویستی و ئارامی...هتد) دەبنە پوختە بۆ چەمکی(دایك) .


دوو جۆر پشکنین لە ڕێزماندا دیاریدەکرێت:

(کورت) و (زنجیرەیی)، کە کار بۆ دۆزینەوەی جیاوازی لەنێوان پەیوەندییە کاتییەکان و ناکاتییەکان دەکەن. پشکنینی کورت، مۆدێلێکی پشکنینە، کە بارودۆخی پێکهاتە جیاوازەکان بە چالاکی دەمێننەوە لەیەککاتدا، لەناو مۆدێلێکی کۆکراوەدا، ئەوکاتە هەموو لایەنەکانی داڕشتە ئاڵۆزەکان بە شێوەیەکی گونجاو لەیەککاتدا بەردەست دەبن. ئەنجامەکانی پشکنینی کورت لە پەیوەندییە کاتییەکاندا، بریتییە لە تایبەتمەندێتیی دەربڕینە زمانەوانییەکانی، کە خاوەنی فۆرمە نادیارەکانی کردارەکە، ئاوەڵناوەکان یان پێشناوەکانن.

پشکنینی زنجیرەیی، لێرەدا بارودۆخی ڕووداوێکمان هەیە و بەشێوەیەکی زنجیرەیی پشکنینی بۆ دەکرێت، لە ڕێگەی بەپێواژۆکردنی کاتەوە. لەم جۆرە پشکنینەدا لایەنەکانی دیمەنێك، لە مۆدێلێکی زنجیرەییدا پشکنراون، هەروەها ئەو لایەنانەی دیمەنەکە لە یەککاتدا لە هەر قۆناغێکی پشکنیندا ئامادەنییە. ئەمەش دەبێتە هۆی بەچەمککردنی کات، وەك پێواژۆیەکی داینامیکی و تایبەتمەندێتیی ڕووداوەکان (پشکنینی زنجیرەیی، پشتگیری لەو نواندنە چەمکییانە دەکات، کە دەبنە هۆی پەیوەندییە کاتییەکان، وەك بەکۆدکراوەکان


لەڕێگەی کردارەکانەوە. پشکنینی کورت پشتگیری ئەو نواندنە چەمکییانە دەکات، کە دەبنە هۆی پەیوەندییە ناکاتیەکان، وەك بەکۆدکراوەکان لەڕێگەی پێشناوەکانەوە) (wilcox,2018:89-91) .

(لانگەکەر) لە ڕێزمانی درکپێکردندا، جیاوازی لە نێوان پێشناوی سادە و ئاڵۆزدا کردووە، پێشناوە سادەکان، وەك (بە، بۆ، لە...) (لە گەراجەکەدا، بۆ هەولێر...هتد) هەریەك لەمانە پەسنی شوێنێك دەکەن، ئەمانە پەیوەندیی ناکاتین و سادەن. پێشناوی ئاڵۆز، وەك( لەناو گەراجەکە، بەدرێژایی ڕووبارەکە...) ئەمانەش پەسنی زنجیرەیەك لە شوێن دەکەن، ئەمانەش ناکاتین، پێشناوەکانی (لەناو، بەدرێژایی، بۆناو...) ئەوانیش پێشناوی ئاڵۆزی ناکاتین. ئەگەر پێشناوی (لە)، وەك پێشناوێکی سادەی ئاماژەیی شوێن بێت، ئەوا (لەناو) پەیوەندییەکی ناکاتی ئاڵۆزی هەیە، لەبەرئەوەی گۆڕانی شوێنێکە. پەیوەندیی ناکاتی، مەودای پێشناوەکان دەگرێتەوە و پەیوەندیی کاتیش مەودای کردارەکان دەگرێتەوە. هەڵهێنجانی ناوەڕۆکی چەمکی هەریەك لە( لەناو گەراجەکە و چووە گەراجەکەوە)، بەزۆری هەمانشتە، جیاوازییەکە بەزۆری لەو ڕێگایەدایە، کە ناوەرۆکەکەی پێهەڵدەهێنجین، ڕێگایەکی هەڵهێنجان بریتییە لە پوختەی پێوازۆی (چوونە ناو گەراجەکەوە) و دەبێت بە کردار. لە لایەکی ترەوە ( لەناو گەراجەکەدا) زۆر ناکاتییە. ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کرداری (چوو)، ناوەرۆکی کاتی هەڵدەهێنجێت و پێشناوەکەش ناوەرۆکی ناکاتی هەڵدەهێنجێت.




شێوەی ژمارە (١٢ ) پەیوەندیی کاتی و ناکاتی

کردارەکە لەڕێگەی پشکنینی زنجیرەییانە بارودۆخی پێکهاتەکە دیاریدەکات، لەکاتێکدا پشکنینی پێشناو لە مۆدیلی کورتدا دێت و پشکنینی کورت لەسەر پوختە کار دەکات و بارودۆخی کۆتایی ( بۆ ناو گەراجەکە) دیاریدەکات. پێشناوی (بۆناو) بریتییە لە پەیوەندییەکی ناپەیپێبراوی ئاڵۆز ( چووە ناو) پێواژۆیەکی کردارییە. هەردووکیان لەیەکدەچن تەنها جیاوازییان لە پێواژۆکەدایە، کردار پوختەی کاتە و (کات) یش، لە پاشخانی ( بۆ ناو) دایە، لەبەرئەو هۆکارە لە خشتەی کاتدا ئاماژەی بۆنەکراوە. بڕوانە شێوەی ژمارە (١٣):





پەیوەندیی ناپێواژۆیی (ئاڵۆز) پەیوەندیی پێواژۆیی (کردار)

شێوەی( ١٣) پەیوەندیی کاتی و ناکاتی _ سادە و ئاڵۆز

## ٢/١ -٦) ڕێگەپێدان:

بە شێوەیەکی سەرەکیی لە زماندا، دەست بەسەر پەیوەندیی پۆلکردن لەنێوان یەکەباوەکان دەگرێت، وەك کۆکردنەوەی یەکە ڕێگەپێدراوەکان و داڕشتە نوێیەکان، بەپێی تایبەتمەندیی ئەو یەکە ڕێگەپێدراوانە (Buljan2018:187). پۆلکردن دەکرێت بە کردەیەکی بەراوردکردن و ڕێگەپێدان، لە نێوان ڕووداو بەکارهاتووەکان (داڕشتە مەبەستەکان) و یەکە باوەکان (داڕشتە ڕێگەپێدراوەکان) دابنرێت، بە گوێرەی شێوەی ژمارە (١٤)، یەکە باوەکان، بریتین لە داڕشتەکان بە هەر درێژی و ئاڵۆزییەك، کە هەن، بە پشت بەستن بە دووپاتکردنەوەی تایبەتمەندییە چەند بارەبووەکانەوە، یان لایەنە هاوبەشییە تێبینکراوەکان لەناو زنجیرە ڕووداوە بەکارهاتووەکاندا، تا وایان لێهاتووە لە ڕێزماندا چەسپیوون.




شێوەی ژمارە(١٤) ڕێگەپێدانی یەکە زمانەوانییەکان

دانانی دەربڕینە ناباوەکان/نوێیەکان ئەو شتانەن، کە قسەکەر ئەنجامیاندەدات، نەك ڕێزمان. چالاکییەکن بۆ چارەسەری کێشەکان، کە هەوڵ بۆ بنیادنان دەدەن و لەکاتی بەکارهێنانی زاراوە زمانەوانییەکاندا، لە بارودۆخە دیاریکراوەکاندا ڕوودەدەن. پێکهێنانی دەربڕینە ناباو/نوێیەکان لە تایبەتمەندییە بنچینەییەکەیاندا پێویست ناکات ، لە کردەی چارەسەرکردنی کێشەکاندا بە گشتیی و لە کۆزانینی قسەکەر بۆ دەربڕینە زمانەوانییەکان جیاواز بن، بەڵکو یەکێکە لەو سەرچاوانەی، کە بەرەو دۆزینەوەی چارەسەرمان دەبات، سەرچاوەکانی تر (یادەوەری ، توانای پلاندانان و ڕێکخستن، توانای بەراوردی دوو دارشتەکان و حوکمکرنی پلەی لێکچوونەکان) دەگرنەوە. پێویستە پەیوەندیی لە نێوان ڕێککەوتن و بەکارهێناندا بەوردی تاقیبکرێتەوە، لەبەرئەوەی سەرچاوەی گۆڕانی زمانی و شوێنی تواندنەوەی دارشتە زمانەوانییەکانە (Pelyvas,1995:37).

جەمسەرەکەی تری پۆلکردنی ڕووداو، لە شێوەی ژمارە(١٤)دا، ڕووداوی بەکارهێنانە (دارشتەی مەبەست). ئەم دەربڕینە ناباوە ( لە هەر درێژی و ئاڵۆزییەك بێت)، بۆ مەبەستێکی تایبەتی، لەلایەن قسەکەرێکەوە کۆدەکرێنەوە و لەبارودۆخێکی تایبەتیدا بەکاردەهێنرێن، دەتوانرێت لە هەر بارودۆخێکی

تایبەتیدا بۆ پەیوەندییکردنێکی سەرکەوتوو بەکاربێت، ئەگەر لەلایەن یەکە باوە دیارەکانەوە، ڕێگەی پێدرابێت، کاتێک پێی بەراورد دەکرێت.
ڕێگەپێدان، یان هەمەکییە، کە بە تیرێکی بەردەوام ئاماژەی پێدراوە، یان هەندەکییە بەتیرێکی پچڕپچڕ ئاماژەی پێدراوە، لە شێوەی ژمارە(١٤) دا.

## ١/ ٢-٦-١) ڕێگەپێدانی هەمەکی:

هەموو لایەنەکانی (کردە قسەییەکان) پێویستییان  بە هەڵسەنگاندن هەیە لە پێوازۆی پۆلکردندا، بە پێچەوانەی داڕشتە ڕێگەپێدراوەکانی ناو ئاوەزی مرۆڤ. داڕشتە ڕێگەپێدراوەکان، بریتین  لە یەکە باوەکان لە ڕێزمانی ناوەکیی بەکارهێنەری زمانەکەدا، ئەو یەکە هۆشەکییانە کەتیگۆرییە زانراوەکان و پۆلکردنی ڕووداوە بەکارهاتووە نوێیەکان، وەك ئەندامی ئەو کەتیگۆرییە دەناسێنن. (لانگەکەر ١٩٨٧) پێوازۆی پۆلکردن لە ڕووی ڕێگەپێدانی تەواو و بەشییەوە ڕووندەکاتەوە. ڕێگەپێدانی تەواو، کاتێك ڕوودەدات، کە بونیادێك بەتەواوەتی، لەگەڵ ئەو بونیادەی، وەکو نموونەی ئەو بەکارهاتووە بگونجێت. لە پێوازۆی پۆلکردندا، یەکە باوەکان ڕێگە بە داڕشتەی مەبەست دەدەن، هەتا ئەو مەودایەی قسەکەر ، وەك ئەندامێکی کەتیگۆرییەکە دەیبینێت. یەکە باوەکان هەمەکییانە یان هەندەکییانە ڕێگە بە داڕشتەی مەبەست دەدەن. "داڕشتەی مەبەست بە ڕاستەوخۆیی لە ڕێزمانی زماندا نەدراوە" (Langacker1987:66) کاتێك قسەکەرەکە یەکە هێماییەکە لە ڕێزماندا هەڵدەبژێرێت، ئەوا ڕێگەپێدانەکە هەمەکییە. پەیوەندیی نێوان داڕشتەی مەبەست و داڕشتەی ڕێگەپێدراوە بۆ ناسنامە دەگەڕێتەوە، سادەترین حاڵەتی ڕێگەپێدان، ئەوەیە، کە قسەکەر بە ئاسانی یەکەباوەکان لەڕێزماندا هەڵدەبژێرێت، بۆ نموونە کاتێك داڕشتە مەبەستەکە (ڕێوی) بێت، یەکەی باوی (ڕێوی) بەکاردەهێنرێت و ڕێگەپێدانی هەمەکی لەسەر بنچینەی پەیوەندیی ناسنامە دامەزراوە. (ناسنامەش حاڵەتێکی سنورداری ئەسکەلەیی، جۆری تری ڕێگەپێدانی هەمەکییە، لە ڕێگەپێدانی داڕشتە ڕێگەپێدراوەکاندا، زۆرتر ئەسکەلەییترن، وەك لە مەبەستەکان. زۆرجار یەکە باوەکان، کە وەك داڕشتەیەکی ڕێگەپێدراو خزمەتدەکەن، تەنها لە پلەی ئەسکەلەییاندا لە داڕشتەی مەبەستەکان جیاوازن) (Pelyvas,1995:36)، بۆ نموونە داڕشتەی ڕێگەپێدراو ئەسکەلەیە بۆ داڕشتەی

مەبەستەکە، ئەمە لە کردەی پۆلکردندا ڕوودەدات، کاتێك ئەسپ، وەك (گیانداریك یان شیردەریك) پۆلکراوە، پشت بە مەودای درکپێکردن لە نێوان دارشتەی مەبەستەکە و دارشتەی ڕێگەپێدراوەکە بەستراوە.
لەڕێگەی پەیوەندیی گونجاندنەوە، یەکەکان توانای تێکەڵکردنیان هەیە، دارشتەی پێکهاتەکان لەناو بونیادە ڕێزمانییەکاندا، وەچە دارشتەی دیاری تری ، وەك (تراجیکتۆر و لاندمارك) ڕووندەکەنەوە، بۆ نموونە کەتیگۆریی (پەیوەندییە ڕێزمانییەکان)، کاتێك دەخرێنە پاڵ تراجیکتۆرێك، یان لاندمارکێك واتادار دەبن، دیاریکردنی پوختە پشت بەوە دەبەستێت، کە کام دارشتەی پێکهاتەیەك، پوختەی بونیادە ڕێزمانییەکە، یان دارشتەی پێکهاتەکە دیاریدەکات، وەك نموونەی ( ١٤):
١٤. تۆپەکە لەژێر مێزەکە دایە.
ئەگەر بڕوانینە فرێزی (لەژێر مێزەکە) ی نموونەی (١٤) دەبینین پەسنی تایبەتێتییەکی شوێنی قەوارەیەك دەکات، فرێزی (لەژێر) پوختەی ئەم بونیادە ڕێزمانیەو پەیوەندییەکە دەگەیەنێت، فرێزی (مێزەکە) ش شتەکەیە. دارشتەی پێکهاتەکە، کە وردەکاریەکەی تێدایە، لەڕووی چەمکەوە سەربەخۆیە، بۆ نموونە (مێزەکە) لە فرێزی (لەژێر مێزەکەدا). لەکاتێکدا دارشتەکانی، کە بۆ ڕوونکردنەوەکە پێویستن، ناسەربەخۆن ، وەك (لەژێر) لە فرێزی (لەژێر مێزەکەدا).

## ١/ ٢-٦-٢) ڕێگەپێدانی هەندەکییانە:

لەڕێگەپێدانی هەندەکییدا، ئەسکەلەی دارشتەی ڕێگەپێدراو کەمترە، وەك لە ڕێگەپێدانی هەمەکیی، لەنێوان تایبەتمەندیی دارشتەی مەبەست و دارشتەی ڕێگەپێدراودا، دژیەکی هەیە، بۆ نموونە کاتێك کەسێك بە(ئەسپ)، یان (شێر) دەچوێنی، یان بەسەرقاپی (مەنجەڵ ، شوشەی هەڵگرتنی خواردن و دەبەی ئاو ...هتد)، دەوترێت (سەری مەنجەڵ، سەری دەبەکە، سەری سەتڵی ماستەکە،...هتد). یەکێك لەو کێشانەی لەم پەیوەندییانەدا دەردەکەوێت، ئەوەیە ئەگەر ڕێگەپێدانی هەندەکییەکە بە کردەی گفتوگۆکردن و لەیەکگەیشتنەوە ببەسترێتەوە، لەوانەیە وا لە دارشتەی مەبەستەکە بکات ناپەسەند دەربچێت "ڕێگەپێدانی هەندەکی دەتوانێت، لەگەڵ لادان، یان دارشتنی خراپدا یەکبگرێتەوە، بەڵام پێویستە جەختلەوەبکرێتەوە، کە بڕێکی زۆری ڕێکنەکەوتن

بێتە ئاراوە، کە وەك تایبەتمەندییەکانی بەکارهێنانی زمان بەرگە بگرن" (Langacker1987:69)، هەروەها لە پۆلکردندا (لانگەکەر) جیاوازی لە نێوان مۆدێلی هێڵکاریی و مۆدێلی شاوەچەدا دەکات و ئەندامێتیش پەیوەندیی بە پلەوە هەیە ، وەك لەوەی بەهۆی هەبوون، یان نەبوونی کۆمەڵێك تایبەتێتییەوە دەستنیشانبکرێت. بە لێکۆڵینەوە و شارەزاییەکاندا دەرکەوتووە، زمان توانای پەیوەندییکردنی لەنێوان مرۆڤەکاندا بەبێ فرەواتایی و میتافۆڕ نییە، کە لە ئەنجامی ڕێگەپێدانی هەمەکییەوە پەیدابوون، چونکە ئاوەزی مرۆڤ توانای داکردنی بڕی هەموو ئەو داتایانەی نییە، کە بۆ پەسنکردنی جیهان پێویستن، بۆیە فراوانکردن بەپێی ڕێگەپێدانی هەندەکی پەیوەندییەکە، کە لە هەموولایەنەکانی داهێنانی زمانی بەرپرسە، گرنگترین ئامێری داهێنانیش میتافۆرە (Pelyvas1995:39-40).

پەیوەندیی ڕێگەپێدانی هەندەکی، لە نێوان دارِشتەی مەبەست و دارِشتەی ڕێگەپێدراودا دەردەکەوێت، کاتێك یەکە باوەکان لە ڕێزمانی قسەکەردا ڕووداوە بەکارهاتووەکان تەنها بە کەمێك کۆششەوە پۆلدەکەن. ڕێگەپێدانی هەندەکی لەگەڵ ئەسکەلەیی هەندەکی هاوتا دەبێت، بۆ نموونە یەکە زمانەوانییەکان بەگوێرەی ڕووداوە بەکارهاتووەکان بۆ هەندێك بوار ئەسکەلەین. پۆلکردن بەپێی ڕێگەپێدانی هەندەکی، بریتییە لە کرۆکی مۆدێلی شاوەچەی پۆلکردن، کاتێك ئەندامەکانی کەتیگۆرییەکە لەگەڵ شاوەچەکەدا، وەك یەکن، بەڵام لەگەڵ پۆلکردنەکەدا یەکناگرنەوە و وەك فراوانکردنێك لەمەودای جیاوازی دوور لێی جێگیر دەبێت. دەربڕینی زمانەوانیی خوازراو بریتییە لە فراوانکردنێك لە واتای پیتی ئەو دەربڕینە (Brenda,2014:24)، بۆ نموونە زاراوە ئاژەڵییەکانی ، وەك ( ئەسپ، مار، مشك...هتد) لە واتای پیتیدا ئاژەڵەکان دەنوێنن، بەڵام کاتێك بۆ مرۆڤ بەکاردەهێنرێن بە واتای خوازراو دادەنرێن و وەك فراوانکردنی شاوەچەکەیان دادەنرێن. ئەگەر لە زمانی کوردیدا، لە وشەی فەرهەنگی (دەست) و(دەم) بڕوانین، دەبینین ڕێگەپێدانی هەندەکی و هەمەکییشی هەیە، وەك:

١٥.ا نەسرین دەستکێش دەچنێت.

ب. نارین جلەکان دەستنیشان دەکات.

١٦.ا. زانا هاوکاری ماڵە دەستکورتەکەی کرد.

ب. شیرین دەستاوی سوێرە.

١٧.ا. نوسراوەکەم لە بەردەم دەرگاکە داناوە.
ب. منداڵەکە بە چێشتەکە دەمی پیس بووە.
١٨.ا. خۆت لە مرۆڤی دەمپیس بەدوور بگرە.
ب. مرۆڤی دەمدرێژ خۆشەویست نییە.

ئەگەر بڕوانینە نموونەکانی (١٥.ا، ١٥.ب) و (١٧.ا، ١٧.ب) لە ئێستادا تاڕادەیەك ڕێگەپێدانی هەمەکیی هەیە، بە هۆکاری ئەوەی گونجاندن و ڕێککەوتنی هەیە. نموونەکانی (١٦.ا، ١٦.ب) و (١٨.ا، ١٨.ب) ڕێگەپێدانی هەندەکیییان هەیە، لەبەرئەوەی لەنێوان داڕشتەی مەبەست و ڕێگەپێدراودا پەیوەندیی هەیە.

## بەشی دووەم

# تۆڕبەندی زمان لە بۆتەی ڕێزمانی وشەدا

## ٢) تۆڕبەندی زمان لە بۆتەی ڕێزمانی وشەدا:

### ١/٢) بنەما تیۆرییەکانی ڕێزمانی وشە :

ڕێزمانی وشە تیۆرییەکی گشتییە بۆ شرۆڤەی داڕشتەی زمان. ئەم تیۆرییە لقێکە لە زانستی زمانی درکپێکردن. گریمانەی سەرەکیی تیۆرییەکە ڕوانین و تێڕامانە لە داڕشتەی زمان، وەك داڕشتەیەکی ئاوێتەکراو، کە هەموو پێکهاتەکانی زمان لە خۆبگرێت. بەم پێیە ڕێزمانی وشە "Word Grammar" شیکردنەوەی زمان بە کۆزانین و ڕەفتارەکانی ترەوە دەبەستێتەوە و زمان، وەك تۆڕبەندێکی کۆزانین دەردەخات. بەو واتایەی زمان، نەك دابڕاونییە لە کۆزانینەکانی تری ئاوەزی مرۆڤ، بەڵکو تۆڕبەندێکە لە پەیوەندیی نێوان بەشەکانی تری درکپێکردنی گشتیی مرۆڤ پێکدێت.

.تیۆری (ڕێزمانی وشەیی "Word Grammar/WG" لەلایەن (Richard Hudson) ەوە لە ساڵی(١٩٨٠) دا دانراوە و تا ئێستا هەرگەشەی پێدەدات. خودی ئەو تیۆرییەش لە تیۆرییەکانی تری زمانەوە گەشەیکردووە، کە بریتین لە Systemic Functional Grammar, Daughter-Dependency Grammar)، Sociolinguistics ،Generative Grammar ، Artificial Intelligence، (Psycholinguistics کۆی بۆچوونەکانیشی لە هەردوو کتێبی ( English Complex Sentences: An Introduction to Systemic Grammar ١٩٧١) و( Arguments for a Non-transformational Grammar١٩٧٦) خستۆتەڕوو. بەم شێوەیە دۆزینەوەکانی(ڕیچارد هەدسن) دواتر لە تیۆرییەکی یەکگرتوودا بەناوی (ڕێزمانی وشەیی "Word Grammar ") لە کتێبەکەیدا بەناوی( Word Grammar ١٩٨٤) خستۆتەڕوو و لە ساڵی ١٩٩٠ لە کتێبێکی تریدا بەناوی (English Word Grammar) ڕوونکردنەوەی زیاتر و وردەکاری زیاتری لەسەر تیۆرییەکەی پێشکەشکرد (قادر، ٢٠١٩ :٣٠). بۆ وردەکاری زیاتر لەسەر سەرەتاکانی ئەم تیۆرییەو گەشەکردنە بەردەوامەکانی بڕوانە Sugayama & (Hudsn, 2005: Xi-Xiv).

چەمکی سەرەکیی (ڕێزمانی وشە)، بریتییە لە وشە، (وشە) یەکەی سەرەکیی تیۆریی ڕێزمانی وشەیە، وەك یەکەیەکی بنەمایی بۆ هەموو جۆرە

شیکردنەوەکانی دارشتەی زمان بەکاردێت. لەم تیۆرییەدا، دارشتەی زمان لە ئاستەکانی( دەنگسازی و ڕێزمان و سیمانتیك) پێکدێت. وشەکان یەکەی سینتاکسین، خاڵی پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیکیشن و یەکەی بنچینەیی (شیکردنەوەی دەق) یشن. بەم شێوەیە وشەکان ئەو گرێیانەن، کە دارشتەی زمان ، وەك بەشێکی تۆڕبەندی درکپێکردن بەیەکەوە دەبەستنەوە.

## ١-١/٢) تۆڕبەندی زمانیی ڕێزمانی وشە:


مۆدیلی تۆڕبەند مۆدیلێکی گشتگیرە لەنێوان زۆرێک لە زانستەکاندا، بۆیە بەکارهێنانی ئەم مۆدیلە، تەنها لە زانستی زماندا نییە، بەڵکو لەچەندین بابەتی شیکردنەوەی زانستیدا بەکارهاتووە، لەوانە( ئیکۆسیستەم، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، شیکردنەوەی هزر، بەستەرە ئابوورییەکان، پێڕەوی هاتووچۆ، پێواژۆدرکپێکردنەکان و زانستی زمان)(Diessel,2019:10) . هەریەک لەمانە تایبەتمەندێتیی خۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بەکارهێنانی مۆدێلی تۆڕبەندی لەشیکردنەوەکانیاندا ئەوە دەردەخات، کە زۆربەی زانستەکان پێویستیان بە تیۆرییەکی گشتیی تۆڕبەند هەیە. یەکێک لەو هۆکارانەی وادەکات تۆڕبەند لە نێوان پسپۆرییە جیاوازەکاندا بەکاربێت، ئەوەیە، کە بەرچاوڕوونییەکی تەواو لەچوارچێوەی تۆڕبەندێکدا بە بابەتەکە دەبەخشێت. لە زانستی زمانی درکپێکردندا، گریمانەی تۆڕبەند تەنها بەشێکی زمان پەسنناکات، بەڵکو لە ڕێگەی گرێ و پەیوەندییەکانەوە پەسنی تەواوی دارشتەی زمان دەکات.

بەشێوەیەکی گشتی، تۆڕبەند لە دوو قەوارەی سەرەکی پێکدێت، یەکەمیان، کۆمەڵە گرێکانن، دووەمیان پەیوەندییەکانن. (ڕێزمانی وشە زمان وەک تۆڕبەندێکی چەمکی دەناسێنێت، تۆڕبەندێکە لەوەدا، کە لە کۆمەڵێک قەوارەی پێکەوەبەستراو پێکهاتووە و چەمکییە لەوەدا، کە پێڕەوێکی درکپێکردنە) .(Hudson, 2007: 1)

گریمانەی بینینی زمان، وەک تۆڕبەندێکی چەمکی، لە بنەڕەتدا یەکێکە لە گریمانەکانی( زانستی زمانی درکپێکردن)، لەهەمانکاتدا بیرۆکەی سەرەکیی تیۆری(ڕێزمانی وشە) یە، کە لە ڕوانگەی ئەم گریمانەیەوە هەرپێکهاتەیەکی زمان لەخۆیدا وەچە تۆڕبەندێکە لە چێوەی تۆڕبەندی گشتیی زماندا لەناو چوارچێوەی تۆڕبەندی درکپێکردنی گشتیی ئاوەزی مرۆڤدا.

(هەدسن)  لە تیۆرییەکەیدا تێبینی ئەوە دەکات، کە تۆڕبەندەکان لەناو تایبەتمەندییە زمانییەکەی (سۆسێر) ەوە هاتوون بەوەی، کە لە پێڕەوێکی زاراوەیی بەیەکەوە بەستراو پێکهاتوون، کە تێیدا بەهای هەر دانەیەك لە ئامادەبوونی ئەوانی تردا دەردەکەوێت، بەڵام لە تۆڕبەندە درکپێکردنەکاندا، تۆڕبەندی زمانی تەنها بۆ (فەرهەنگ و ڕێزمان) سنوردارنەکراوە، بەڵکو پەیوەندیی بەستنەوە لە نێوان پراگماتیک و سیمانتیک و سینتاکس و فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژیش دروستدەکات، ئەمەش جیاوازییەکی سەرەکییە لە نێوان زانستی زمانی درکپێکردن و مۆدێلەکانی تری دارشتەی زماندا، بە هۆکاری ئەوەی هێڵە پەیوەندییەکان و گرێ نوێیەکان بەبەردەوامی لە دروستبوون و گۆڕاندان، بۆیە بەهاکان هەمیشە لەگۆڕانی خێرادان)(Traugott &Trousdale ,2013:9-11). بەشێوەیەکی گشتیی تۆڕبەندی درکپێکردن لە ڕێزمانی وشەدا، لە ڕێگەی کەوانە و گرێ پۆلێنکراوەکانەوە پێناسەکراوە، لە چێوەی ئەم تیۆرییەدا، زمان بەشێکە لە تۆڕبەندی درکپێکردنی هێمایی.

بۆ ڕوونکردنەوەی بیرۆکەی تۆڕبەندەکان، دەڕوانینە چەمکێکی گشتیی، ئەسکەلەیی، وەک (کەلوپەلی ناو ماڵ)، بڕوانە هێڵکاری تۆڕبەندی ژمارە(١):




هێڵکاریی ژمارە(١) تۆڕبەندی چەمکی کەلوپەلی ناوماڵ

لە هێڵکاریی تۆڕبەندی(١) دا، بنی سێگۆشەکە بۆ کەتیگۆرییە سەرەکییەکەیە، لە کاتێکدا لوتکەی سێگۆشەکە وەچە کەتیگۆرییەکان دەگرێتەوە. هێڵەکان پەیوەندیی نێوان چەمکەکان دەنوێنن، هێڵە نەپچڕاوەکان پەیوەندییەکی زۆر بەهێز لە نێوان کەتیگۆریە زۆر گشتیی و نموونەکەیدا دەنوێنێنن، لە بەرانبەردا هێڵە پچڕپچڕەکان پەیوەندییەکی لاوەکی دەنوێنن، هۆکاری ئەوەی، ( کورسی) هێڵێکی پەیوەندیی نەپچڕاوە بە کەتیگۆری(کەلوپەل) ەوە ئەوەیە، کە ئەندامێکی سەرەکی کەتیگۆرییەکەیە.

بە پێچەوانەوە، (مقەست) هێڵێکی پەیوەندیی پچڕپچڕی بە کەتیگۆریەکەوە هەیە، لەبەرئەوەی نموونەیەکی سەرەکی کەتیگۆریی(کەلوپەل) نییە. هەریەک لە (شمشێر و تیروکەوان) چەمکی گریمانەی هەمەچەشنەیی[١] ڕووندەکەنەوە،

١. بڕوانە گریمانەی هەمەچەشنەیی لە (٢/١-٢-١-٢) دا.


تایبەتمەندییەکیان هەیە، کە لەگەڵ کەلوپەلدا دەگونجێن و لەوانەیە لای هەندێک وەک کەلوپەلی جوانکاری ناومالّ بەکاربێن، نەک وەک ئامێری جەنگ، یان ڕاوکردن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتیی، ئەندامێکی کەتیگۆری بارودۆخی جەنگن.

بەپێی گریمانەی تۆڕبەندیی، کۆزانینی مرۆڤ، جگە لە تۆڕبەندێک هیچی تر نییە، بە واتای تۆڕبەندەکانی ڕێزمانی وشە، بەشێکن لە پێڕەوی نواندنی کۆزانین، زمانیش تەواوی تێگەیشتن دەگرێتەوە و بۆ شیکردنەوەی زمان وەک تۆڕبەندێک پێویستمان بە کەرەستە هەیە، کەرەستەکانیش پێویستیان بە هەندێک بنەما و ڕێسای ڕێکخراو هەیە، لە پێناو دیاریکردنی ئەوەی، چۆن مۆدیلەکان کاردەکەن و چۆن پەسنی داڕشتە زمانییەکان دەکەن. لە گۆشە نیگای (ڕێزمانی وشە) ەوە وێنەی تۆڕبەندی چەمکی چەند تایبەتێتییەکی هەیە، بریتین لە:

( ١. هەرگرێیەک لانی کەم دەبێت پەیوەست بێت بە دوو(گرێی) ترەوە لە ڕێگەی( هێڵە گرێدەرەکان) ەوە، گەر ئەم پەیوەندییە نەبێت، ئەوا گرێیەک تەنها بریتی دەبێت لە (خاڵێک) نەک ( گرێیەک)، کە دوو چەمك تێیدا بەیەکدەگەن.

٢.هێڵە گرێدەرەکان دوو جۆرن، یان ئەوەتا ڕاستە هێڵن، یان هێڵی چەماوەن، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ا. هێڵە گرێدەرە گشتییەکان"isa" ، کە پەیوەندیی ئەندامەکانی پۆلێک دەردەخەن، هێمای ئەم هێڵەگرێدەرە، بریتییە لە هێڵێک، لەگەڵ سێگۆشەیەکی بچووک لە کۆتایی هێڵەکەدا، هەروەک لە شێوەی ئەندازەیی (١) دا دیارە:



شێوەی ئەندازەیی (١)

ب. ڕاستەهێڵی تیردار، کە پەیوەندیی نێوان گرێکانی تۆڕبەندەکە دەنوێنێت، وەک لەشێوەی ئەندازەیی(٢) دا دیارە



شێوەی ئەندازەیی (٢)

٣.هێڵە گرێدەری گشتیی لە هەر کۆتاییەکی گرێیەک، یان تیرێکی هەیە، یان خاڵێك، کە خاڵی بەیەکگەیشتنی گرێیەکانە، وەک لە شێوەی ئەندازەیی(٣) دا دیارە:



شێوەی ئەندازەیی (٣)

٤. گرێکان هەموویان ناونراون و پۆلکراون.

٥. هەموو هێڵە گرێدەرەکان، وەک هێڵە گرێدەری نەگۆڕ ناونراون)( قادر: ٢٠١٩ :٣٦).

## ٢-١/٢) تایبەتمەندییەکانی ڕێزمانی وشە:

ڕێزمانی وشە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی هەیە، لەوانە (میراتی گریمانەیی، وەچە لێکسیمەکان، دارِشتەی تەواوکەریی و دارِشتەی تۆڕبەند). یەکێک لە تایبەتێتیە گرنگەکانی ڕێزمانی وشە، میراتی گریمانەییە.


## ١-٢-١/٢) میراتی گریمانەیی:

میراتی گریمانەیی "default inheritance " بریتییە لە پێڕەوێکی پۆلکردن، وەک ڕێگەیەکی زۆر گشتیی بەکاردێت بۆ جیاکردنەوەی تەرزە بنچینەییەکان و ناوازەکان "Exceptional ، بەهۆیەوە دەتوانرێت، درک بەوە بکرێت، کە تایبەتمەندییەکانی کەتیگۆرییە گشتییەکانی زمان زیاتر میراتین و بەشێوەی بۆماوەیی بۆ خودی کەتیگۆرییە گشتییەکە ماونەتەوە. لە ڕێگەی مانەوەی ئەم تایبەتمەندییانە، بەشێوەیەکی گریمانەیی لە سەرجەم ئەندامەکانی


کەتیگۆرییەکەدا، بەو مەرجەی هیچ ئەندامێکی کەتیگۆرییەکە بەسەر ئەم تایبەتمەندیانەدا بازنەدات. خۆ ئەگەر ئەندامێکی کەتیگۆرییەکە بازیدا، ئەوا لەم بارەدا، وەک ئەندامێکی ناوازە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. پەیوەندیی هێڵە گرێدەرەکان بەهۆی میراتی گریمانەییەوە، ڕێگە بە گشتاندن دەدەن، بۆ نموونە هەر کردارێک لە هەر زمانێکدا، سەر بە هێڵەگرێدەری( وشە) یە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیشدا بەشی هەرە زۆری کردارە ڕابردووەکانی زمانەکە کەتیگۆری گشتین و بەشێوەیەکی میراتی و لە ڕێگەی گریمانەییەوە لە تایبەتمەندییەکانی کەتیگۆرییەکەدا هاوبەشن، کە هەموو جۆرەکانی کرداری ڕابردوو لە ڕێگەی بناغەوە دروستدەبن. بڕوانە(خۆشناو، ٢٠١٤ :٨٠-٨٥)(عەزیز، ٢٠٢٠: ٥٤-٥٩).

ڕێزمانی وشە میرات لەڕێگەی پەیوەندیی هێڵە گرێدەرەوە ISA/ دەنوێنێت، وشەی هێڵەگرێدەر/ISA لە is an instance of ، بە واتای (نموونەیەکە لە) بەکارهاتووە، بەشێکە لە تەکنیکی وشە لۆجیکی میراتی گریمانەیی و ڕێزمانی وشە بۆ نموونە (کردار)، نموونەیەکی (وشە) یە و کردارەکانی(هاتبوو، دەهات، هاتووە، دێت)، نموونەیەکن بۆ کرداری (هات)، یان کرداری (هاتبوو) نموونەیەکە لە لێکسیمی (هاتن) و (کەتیگۆری ڕابردوو) "ئەگەر (ا) سەر بە هێڵەگرێدەری(ب) بێت، ئەوا (ا) نموونەیەکە بۆ (ب)، یان بەشێوەیەکی تر، (ا) ئەندامێکی کەتیگۆری (ب) یە"(Gisborne,2010:39)، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(١).

لە هێڵکارییەکانی ڕێزمانی وشەدا پەیوەندییە بۆماوەییەکان بە سێگۆشەیەکی سەرەوخوار پیشاندراون، بڕوانە هێڵکاریی تۆڕبەندی ژمارە(٢)، کە لە چەمکە پۆلێنکەرەکەوە، بۆ چەمکە پۆلێنکراوەکان ڕۆیشتووە، کرداری (بردم)، سەر بە هێڵە گرێدەری(کردار) ەو، (کردار) یش سەر بە هێڵە گرێدەری (وشە) یە.




هێڵکاریی تۆڕبەندی ژمارە (٢) هێڵەگرێدەری (وشە)




هێڵکاریی تۆڕبەندی ژمارە ( ٣) پەیوەندیی کرداری ڕابردوو و ڕانەبردووی زمانی کوردی

لە هێڵكاریی تۆڕبەندی (٣) دا، هێڵەگرێدەری دایك، وشەیە و كرداریش سەربە هێڵەگرێدەری وشەیە و داڕشتەی  هەریەك لە كرداری ڕابردوو و ڕانەبردوو لە زمانی كوردیدا لە ڕێگەی ئەو تۆڕبەندەوە نوێنراون، گۆڕانی بناغە و ڕەگ بەپێی جۆری كردارەكە لە ڕێگەی هێڵەكانی پەیوەندییەوە نوێنراون.

(میراتی گریمانەیی بریتییە لە لۆجیكی پۆلكردن، كە ڕێگە بە ناوازەكان دەدات، بۆ نموونە وامان لێدەكات، بڵێین باڵندەكان دەفڕن و لەگەڵیشدا (پەنگوین)ەكان یان (مریشك) وەک باڵندە هەژماردەكرێن، هەرچەندە توانای فڕینیشیان نییە)[1] (Sugayama& Hudson 2005:12-13).

لە میراتی گریمانەییدا، ئەو كەرەستانەی دەبنە میراتگری چەمكێك توانای كشانیان هەیە، بە واتای توخمەكان بۆ كەتیگۆرییەكان دیاریكراون، تەنانەت ئەگەر هەموو تایبەتێتییەكانیشیان نەبێت، كە پەیوەستە بە كەتیگۆرییەكەوە، بەڵام لەڕێگەی چەمكی میراتی گریمانەییەوە، كە دەتوانرێت كەتیگۆریە یاسادار و ناوازەكان پەیوەست بكات بەیەكەوە لە ڕێگەی تۆڕبەندی پەیوەندیی گرێكانی هێڵەگرێدەركانی ئەو چەمكەوە، بەمەش گەر كەتیگۆریەك هەموو تایبەتمەندییەكانی چەمكەكەی (هێڵەگرێدەری دایك isa) یشی نەبێت و بازیدابێت بەسەر تایبەتمەندییەكانیدا، ئەوا هێشتا گریمانەكە لەڕێگەی پەیوەندیی تۆڕبەندییانەی هێڵەگرێدەرە دایكەكان و هێڵەگرێدەرە لاوەكییەكانەوە بەیەكەوە پەیوەستیان دەكات، بۆ نموونە مێزی چوار قاچ و سێ قاچ و دوو قاچ و یەک قاچیش هەر مێزە، یان مێزی هەڵواسراویش هەر مێزە. وێنەی ژمارە(١)، جۆرەكانی مێز دەنوێنێت.




وێنەی ژمارە(١) جۆرەكانی مێز

---

[1] .بڕوانە میراتی گریمانەیی و ناوازەكان لە (١/٢-٢-١-١) دا.

لەتایبەتێتییە سەرەکییەکانی مێز، بەکارهێنانییەتی بۆ ئەوەی کەلوپەل و پێویستیەکانی لەسەر دابنرێت و بۆ خوێندنەوە و نوسین و بۆ نانخواردن، ڕازاندنەوەی ماڵ...هتد، بەکاردەهێنرێت. تایبەتێتیەکانیش بەپێی سەردەم و پێشکەوتن و داهێنانەکان دەگۆڕێن. پێشتر یەکێک لە تایبەتێتییەکان ئەوە بوو مێز قاچی هەبێت، بەڵام لە ئێستادا چەندین دیزاینی مێز هاتووە، لەوانە مێزی هەڵواسراو هەیە، کە هیچ قاچی نییە. لە پۆلکردنی شتە زیندووەکانی جیهانی دەرەوەدا، کەمتر بواری گۆڕانکاری لە تایبەتمەندییەکانیاندا هەیە، واتا ئەو شتانەی ئێمە خاوەنی دروستکردنیان نین، تایبەتمەندییەکانیان کەمتر لە گۆڕاندان، بە پێچەوانەوە ئەو شتانەی، کە مرۆڤ دروستیان دەکەن، لەگەڵ پێشکەوتنەکانی مرۆڤ و داهێنانە نوێیەکاندا تایبەتمەندییەکانیان دەگۆڕێن، وەک مێز.

وشەکانی زمانیش لەمە بێبەش نین، واتە هەندێك لە وشەکان کۆمەڵێك تایبەتمەندییان هەبووە یان دراوەتە پاڵیان، لە ئێستای بەکارهێنانیان لە زماندا ئەو تایبەتمەندێتییەیان نەماوە، بۆ نموونە وشەی (سەرڕووت)، وشەیەکی کۆنی کوردەوارییە و زیاتر لە لادێیەکاندا بە کەسێك گوتراوە، کە (جامادانی یان جامانەی) نەبەستبێت، چونکە لەو سەردەمەدا عەیبە بووە، ئەم وشەیە، وەك ڕەخنەیەك لە پیاوەتیی ئەو کەسە، ئاڕاستەی کراوە، دواتر ئەم وشەیە بەکارهێنانەکەی و ئەو تایبەتمەندییەی لە دەستداوە زیاتر بە کەسی پانتۆڵ لەپێ گوتراوە و بەکارهێنانەکەشی هەر لە لادێیەکاندا بووە، لە ئێستای زماندا ئەم وشەیە جارێکی تر تایبەتمەندییەکی تری پێدراوە و ئەوەی پێشوی گۆڕاوە، کە ئەویش ئەوەیە لە ئێستادا بەکەسێك دەوترێت، کە چوختی و قۆشمەباز بێت بە تایبەتی ئەگەر کەسەکە کەچەڵیش بوبێت، ئەوە زۆر بۆی دەگونجێت، چونکە هەم کەسەکە، کە وشەکەی بەرانبەر بەکاردەهێنێت وا تێدەگات کەمەبەست بێ قژییەکەیەتی و زیاتر وەك سوعبەت و گاڵتە وەریدەگرێت و ناڕەنجێت و هەم کەسی قسەکەریش زیرەکانە دەتوانێت توانجی خۆی لە بەرانبەر بدات، بێ زیزبوونی بەرانبەر، بەکاربردنی وشەکە لە ئێستادا بەم واتا و تایبەتمەندی سێیەمیان، کەمتر بڵاوە و هێشتا نەبۆتە فۆڕمێکی گشتی. لە هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٤) تایبەتێتیی وشەی (سەرڕووت) لە ئێستاو ڕابردوودا خراوەتەڕوو:




هێڵکاریی تۆڕبەندی(٤) تایبەتێتی وشەی سەرڕووت لە ئێستاو ڕابردوودا

میراتی گریمانەیی سێ تایبەتێتیی هەیە(Gisborne,2011:158):

١. ڕێگە بە مۆدێلکردنی شاوەچە دەدات، لە ڕێگەی وازهێنان لە مەرجی(پێویست و تەواو و بەشکردوو) بۆ ئەندامانی کەتیگۆرییەکە.

٢.لە وەشانی ڕێزمانی وشەدا، کەتیگۆرییەکان بەهۆی شارەزاییەکانەوە دەردەکەون و هیچ کەتیگۆرییەکی بابەتییانە بوونی نییە.

٣.ڕێگای کارکردنی میراتی گریمانەیی، لەسەر ئەو زانیارییانەیە، کە چالاک و دیاربوون و بە میرات ماونەتەوە.

لە تایبەتێتیی یەکەم و دووەمەوە دەردەکەوێت، بۆماوەیی بەشێکی گرنگی تیۆرییەکانی درکپێکردنە، میراتی گریمانەیی ڕێگەدەدات بەوەی، کەتیگۆرییەك وەك شاوەچەی چەمکێك لەئاوەزدا دابکرێت و بەمۆدێلبکرێت، بەڵام بە مەرجی ئەوەی، کە مەرج نییە هەموو ئەو کەتیگۆرییانەی سەر بەم (شاوەچەیە)[١] دەبن، تایبەتمەندیی پێویست، یان تەواو، یان تایبەتمەندیی بەشکردووی خودی

١. بۆ زانیاریی وردو پێویست لەسەر شاوەچە بڕوانە (نەبی، ٢٠١٥: ٧٠).


شاوەچەکەیان هەبێت، تابتوانن ببنە هێڵەگرێدەری پەیوەست بە هێڵەگرێدەری گشتی شاوەچەکەوە، چونکە هەروەك لەتوانای کشانی میراتی گریمانەییدا خرایەڕوو، دەشێت، هەم کەتیگۆری ناوازەکان، کە بازیان بەسەر تایبەتمەندیی شاوەچەکەدا داوە و هەم ئەو کەتیگۆرییانەش، کە هەموو تایبەتمەندییەکانی شاوەچەیان نییە یان زیاتریان هەیە، لە ڕێگەی تۆڕبەندی پەیوەندیی هێڵەگرێدەری دایکەکانەوە (کە مەبەست چەمکەکانە)، پەیوەست بن بەیەکەوە و وەك ئەندامی ئەوشاوەچەیە دابنرێن.

کەتیگۆرییەکان لە ڕێزمانی وشەدا، وەک چەمکەکان و تۆڕبەندە پەیوەندارەکانیان بەپێی شارەزاییەکان دەردەکەون. نەخشەی ڕێزمانی وشە ڕێدەدات هەردوو مۆدێلی سیمانتیک و پراگماتیک بەهۆی شیکردنەوەکانەوە، لە توخمە فەرهەنگییەکانەوە بۆ مۆدێلی ڕێزمانی بگۆڕێن و لێرەدا سیمانتیک زانیاریی ئینسکلۆپیدیایی دەگرێتەوە.

پەیوەندیی نێوان چەمکەکان دوو جۆرە، یەکەمیان پەیوەندییە سەرەکییەکانە لە زنجیرەی هەرەمیی میراتیدا ، ئەوانیش پەیوەندیی هێڵەگرێدەری دایکە، پەیوەندیی ئارگومێنت، بەهاکان و ناسینەوەیە، کە ڕێگەمان پێدەدەن پەیوەندییەکان دابڕێژین و هەروەها پۆلێنیان بکەین. پەیوەندیی هێڵەگرێدەر پەیوەندییەکی سەرەکییە بۆ میراتی گریمانەیی، هەروەها ئارگومێنت و بەهاکان بۆ پێناسەکردنی چەمکە پەیوەندارەکان بەکاردەهێنرێن، ناسینەوە بۆ ئەوەیە بتوانین بڵێین ئەم چەمکە هاوشێوەی چەمکێکی ترە. جۆری دووەمی پەیوەندییەکان، پەیوەندییە چەمکییەکانە.

لەم مۆدێلی تۆڕبەندییەی ڕێزماندا، دوو جۆری جیاوازیی زانیاریی تۆڕبەندی هەیە، ئەوانیش چەمکە پەیوەندار و ناپەیوەندارەکانن، چەمکە پەیوەندارەکان بەندەکانن، هەروەها هەندێك پەیوەندیی واتاداری تر، کە لە تۆڕبەندەکاندا لە ڕێگەی هێڵەکەوانەکانەوە نوێنراون، چەمکە ناپەیوەندارەکان گرێکانی ناو تۆڕبەندەکانن( وشەکان، پەیپێبردنی وشەکان، پەیپێبردنی کردارەکان، سەرچاوەی وشەکان) دەگرنەوە. بۆ نموونە پەیوەندیی بکەر، لەگەڵ کردارەکەیدا، لە نموونەی(١) دا و لە هێڵکاریی (٥) دا خراوەتە ڕوو:

١.ئازیز کڵاو دەچنێت.




هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٥ ) چەمکە پەیوەندار و ناپەیوەندارەکان

لە هێڵکاریی ( ٥) دا، چەمکە پەیوەندارەکانی، وەك بکەرو بەرکار، کە بریتین لە بەندەکانی کرداری ڕستەکە، گرێکانی ناو تۆڕبەندەکە، هێڵەکانی گەیاندنی چەمکەکان، وەك چەمکە ناپەیوەنددارەکان نوێنراون.

## ١/٢-١-٢-١) میراتی گریمانەیی و ناوازەکان:

پۆلکردن لە دنیای ڕاستەقینەدا، بوونی نییە، بەڵکو داهێنانێکی مرۆڤە، بۆیە لە ئاوەزی مرۆڤدا بوونیان هەیە " پۆلەکانیش بریتین لە چەمکە گشتییەکان، کە نموونەکان دەتوانن تایبەتمەندییە نەزانراوەکانیان بە میرات لێوەربگرن" (Hudson ,2010:26). چەمکەکان ئەو تایبەتمەندییانە کۆ دەکەنەوە، کە دەتوانرێت وەک تایبەتمەندیی هەمانشت بەیەکەوە بێن، بۆ نموونە چەمکی' باڵندە' تایبەتمەندییەکانی وەک (دەنووک، هێلکەکەر و فڕین...هتد ) ی هەیە، لە بینینی نموونەیەکی باڵندەدا، ئەم تایبەتمەندییانە دێنەوە بیر، بۆیە دەتوانرێت باڵندەکان پۆلبکرێن. لەم تێڕوانینەوە پۆلەکان، پێویستیان بە پێناسە نییە، بەڵکو پێویستیان بە کۆمەڵێک تایبەتمەندیی تەواو جێگیر هەیە، کە بەشێوەیەکی بەرفراوان لەسەریان ڕێککەوتووین، کە باڵندەکان بەشێوەیەکی گشتیی هەیانە، کە هەموویان هەمان پێگەی لۆجیکییان هەیە. ئەو کۆمەڵە تایبەتمەندییانەی،


کە ئێمە دەستنیشانی دەکەین، سەر بە نموونەیەکی تایبەتن، کە پێیدەوترێت (شاوەچە)، بە پێی ئەو وەشانەی تیۆری شاوەچە، کە لە ڕێزمانی وشەدا بنیاتنراوە، شاوەچە بریتییە لە پۆلێک، واتا نموونەیەکی سەرەکیی و نموونەییە، بۆ نموونە پۆلی 'باڵندە' باڵندەیەکی ئاسایی و نموونەییە، هەموو باڵندەکانی تر سەر بەو شاوەچەیەن، ئەمە نموونەیەکی ناوەکییە و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی هەیە، کە لەیەککاتدا ڕوودەدەن، بۆیە ڕۆڵێکی گرنگ و سەرەکی لەپۆلەکەدا دەگێڕن. کەواتە پۆلکردن سەرنجی لەسەر پێناسەکان نییە و گرنگی بە مەرجی تەواو و بەشکردوو جیاکردنەوەی سنور لە نێوان پۆلەکاندا نادات. هەر ئەمانەش هۆکارن بۆ ئەوەی توانای کشان دروست بکەن، کە بۆ ئەو پەرش و بڵاویی و ناڕێکییانەی لە جیهاندا هەن پێویستن. پۆلکردن لەسەر بنەمای شاوەچە، یارمەتیدەرە بۆ مامەڵەکردنی ڕۆژانەی مرۆڤەکان لە گەڵ دنیای ئاڵۆزی دەرەوەدا. بۆ نموونە دەتوانین پەنگوین وەک باڵندەیەکی ناوازە پۆلبکەین. (میراتی گریمانەیی ڕێگە بە ناوازەیی دەدات، چونکە شاوەچەکان دەتوانن تایبەتمەندیی ناوازەییان هەبێت. ئاوەزی مرۆڤ توانایەکی باشی لە ئاڵۆزکردنی ئەو گشتاندنانەدا هەیە، کە ناوازەییان هەیە، چونکە پۆلکردنەکانی ئاوەزمان شاوەچەیین، کە بارودۆخە ئاساییەکان دەناسێنن، بەڵام هاوکاریشن بۆ دیاریکردنی حاڵەتە ناوازەکانی تریش. لۆجیکی بۆماوەیی، کە ڕێگە بە فراوانبوون دەدات، لەبەرئەوە لەوانەیە تایبەتێتییەکان بەهۆی تایبەتێتیی ناوازەکانەوە، زاڵببن و ببنە باو، بۆیە تەنها بەهۆی گریمانەوە بۆیان دەمێنێتەوە )(Hudson,2007:24-25) .

کاتێک دەگەڕێینەوە بۆ زمانیش، ئەوا ناوازەکان لەناو پێڕەوەکانیدا (مۆرفۆلۆژی لەیاسابەدەر و سینتاکسی لەیاسابەدەر و سیمانتیکی لەیاسابەدەر) دەدۆزینەوە. بە پیی گریمانەی(میراتی گریمانەیی)، کە لە بنەمادا بۆ کۆکردنەوە و دەرخستنی پەیوەندیی نێوان ئەو کەرەستە زمانییانە بەکاردێت، کە لە کۆمەڵێك تایبەتمەندییدا هاوبەشن و بەشیوەی بۆماوەیی بە میرات بۆیان ماوەتەوە، بەڵام ئەم گریمانەیە ڕێگەش بەو کەرەستانە دەدات، کە لە تایبەتمەندییەك، یان زیاتردا لە کۆی کەرەستەکانی پۆلەکە لادەدەن و بەسەریاندا بازدەدەن و لە ڕێگەی پەیوەندیی هێڵەگرێدەرە گشتییەکانەوە، ڕایەڵەی تۆڕبەندی زمانییانەی چەمکیلەکانی چەمکەکە پەیوەست دەبن بە یەکەوە و دەبێتەوە بە

هێڵەگرێدەرێکی سەر بە هێڵەگرێدەرە گشتییەکەوە، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا و لە ئاستی مۆرفۆلۆژیدا لە هێڵەگرێدەری گشتی چەمکی دیاریکردن بڕوانین، کە بە مۆرفیمی (-ەکە) دەکرێت، بەڵام بە هۆی ئەو ژینگە فۆنۆلۆژییەی کە مۆرفیمەکەی تێدەکەوێت، فۆڕمەکانی وەك (-ەك، -کە،-ك،-یەکە،-یەك،-ێکە،-ێك،-وەکە،-وەك،-ۆکە،-ۆك)، دەبنە ئەلۆمۆرفی مۆرفێمی ناسراوی(- ەکە)، بەڵام گریمانەکە ڕێگە بەم ناوازەییە دەدات و ڕێگەدانەکەشی پەیوەست دەکات بە پەیوەست بوونی هێڵەگرێدەرە گشتییەکانی تۆڕبەندەکەوە، لەگەڵ ئەوەشدا مۆرفیمی(- ەکە)، هێڵە گرێدەرە گشتییەکەیە و ئەلۆمۆرفەکان هێڵەگرێدەرە پەیوەستەکانیەتی، کە هەموویان خاوەنی هەمان تایبەتمەندیی مۆرفۆلۆژی و چەمکی دیاریکردن دەگەیەنن، بۆ نموونە لە دەربڕینەکانی(٢.ا.ب) دا دیارە و لە هێڵکاریی تۆڕبەندی(٦) دا نوێنراوە:

٢.ا.منداڵەکە خەوت.

ب. چیاکە بەرزە.





هێڵکاریی ژمارە(٦) تۆڕبەندی مۆرفیمی ناسراویی و ناوازەیی

## ٢-١-٢-١/٢) میراتی هەمەچەشنەیی"Multiple inheritance ":

لە ڕێزمانی وشەدا لەپاڵ(میراتی گریمانەیی) ، میراتی هەمەچەشنەییش هەیە، بەپێی گریمانەی(میراتی گریمانەیی)، کە لە ڕێزمانی وشەدا، بنەماییەکە بۆ نواندنی پۆلبەندی کەتیگۆریەکانی چەمکێك، تەنهاو تەنها کاتێك کەتیگۆرییەك سەر بەو چەمکە دەبێت، کە هەموو تایبەتمەندییەکانی کەتیگۆرییەکانی چەمکەکەی بەشێوەی میرات بۆمابێتەوە، بەمەش گریمانەی (میراتی گریمانەیی) لە ڕێزمانی وشەدا جێبەجێدەبێت، بەڵام دەشێت کەتیگۆرییەك تایبەتمەندییەکانی دوو چەمك بەشێوەی(میراتی گریمانەیی) وەربگرێت و ببێتە میراتگری هەردوو چەمکەکە، ئەم بۆچوونەش لە ڕێزمانی وشەدا بەزاراوەی(میراتی هەمەچەشنە) یی ئاماژەی بۆکراوە "چەمکێک دەتوانێت لە دوو چەمکی جیاوازی پێکەوەیی میرات وەربگرێت"( قادر،٢٠١٩ :٢٥).

بۆ نموونە گیاندارێکی، وەک (پشیلە، یان سەگ) دەتوانێت، ببێتە میراتگری هەردوو چەمکی (شیردەر وماڵی) ش. تەنانەت لە زۆر خێزانیشدا دەتوانێت، وەک ئەندامێکی خێزانیش هەژمار بکرێت. ئەمە جگە لەوەی هەندێک گیانداری تر هەن، هەر وەك کەتیگۆری( گیانداری ماڵی) ین، بەڵام زیاتر جوتیارەکان لە کێڵگەکاندا بەخێویان دەکەن، وەک ( ئەسپ، مەڕ، مانگا ...هتد) و وەک ئەندامێکی خێزانەکە مامەڵەیان لەگەڵدا ناکرێت، هەریەک لەمانە ماڵین و بەخێودەکرێن، بەڵام ناتوانرێت ڕێگەیان بدرێت بێنە ناو ماڵەوە یان ببرێن بۆ شوێنێکی گشتیی وەک(پارکێک)، بۆیە ئەزموونی ماڵیبوونی ئاژەڵێک بۆ ئاژەڵێکی تر جیاوازە. لە هێڵکاریی تۆڕبەندی(٧) دا، ئاژەڵی (پشیلە)، کە خاوەنی میراتی هەمەچەشنەییە و میراتگری هەردوو چەمکی(ماڵی و شیردەر) ە، پۆلکراوە:





(هێڵکاریی تۆڕبەندی ژمارە(٧) پۆلکردنی ئاژەڵی پشیلە، لەسەر بنەمای میراتی هەمەچەشنەیی)

ڕێزمانی وشە بۆ شیکردنەوەی میراتی گریمانەیی، لێکسیمەکان بەکاردەهێنێت، چونکە لە تۆڕبەندی ڕێزمانی وشەدا، پەیوەستبوون و بازدان و وەرگری یەك میراتی و میراتی هەمەچەشنەیی دەنوێنن، بۆیە لێرەدا باس لە لێکسیم و وەچە لێکسیمەکان دەکەین.

## ٢/١-٢-٢) لێکسیم و وەچە لێکسیمەکان:

لێکسیم وشەی فەرهەنگیی بنەڕەتییە ( ئەو یەکە زمانییانەن، کە لەناو فەرهەنگدا تۆماردەکرێن، دەشێت سەر بە ئاستی مۆرفۆلۆژی بن، لە شێوەی وشەی سادە یان ناسادەدا، خۆیان بنوێنن، یان سەر بە ئاستی سینتاکس بن لە شێوەی فرێز، یان ڕستەدا بێن بەتایبەتی ئەو فرێز و ڕستە ئامادانەی وەك ئیدیۆم و پەندەکان، کە خاوەنی واتای تایبەتن)(محەمەد ئەمین،٢٠٠٩: ٢٤). یەکێك لەتایبەتمەندییەکانی لێکسیم، ئەوەیە بەهۆی ( بناغە) وە دەڕاستێنرێت، یان خۆی دەنوێنێت، بۆ نموونە (کتێب) وشەیەکی فەرهەنگییە. لێکسیمەکان لە پۆلی وشەکاندا وەك( ناو و کردار و ... هتد)، پۆلدەکرێن. بەشێوەیەکی گشتیی، زنجیرەی هەرەمی لێکسیمەکان بەشێوەیەکی ئەبستراکتی پۆلێندەکرێن، بۆ نموونە لە لووتکەی پۆلکردنەکەدا، کەتیگۆری (لێکسیم) هەیە، کە بۆ (ناو و کردار)

دابەشکراوە، کەتیگۆری( ناو) یش بۆ (ناوی گشتیی، ناوی تایبەتی و جێناو) دابەشبووە، ناوە گشتییەکانیش، بۆ ناوی ژمێردراو و نەژمێردراو دابەشبوون. بڕوانە هێڵکاریی تۆڕبەندی(٨):




هێڵکاریی تۆڕبەندی(٨) زنجیرەی هەرەمی میراتی لێکسیم


لە هێڵکاریی تۆڕبەندی (٨) دا، پێڕەوێکی پۆلکردن خراوەتەڕوو، کە پۆلکردنی لێکسیمەکان پیشان دەدات.( پۆلکردنی لێکسیمەکان و واتای وشەکان جیاوازن، وشەکان هەمان شت نین لەگەڵ واتاکانیاندا، واتاکان پەیوەندییان بە پەیپێبردنەوە هەیە، هەرچی لێکسیمەکانن، وشە ڕەسەنەکانی زمانەکەن و لێکسیمی وشەیەك پەیوەستە بە هەمان فۆرم و شێوەی خۆیەوە، بەڵام دەکرێت واتای لێکسیمێك بۆماوەییانە لە لێکسیمێکی ترەوە واتای بۆ بمێنێتەوە)(Gisborne,2020:25-27)، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە دەڕوانینە

هێڵکاریی ژماره(٩)، کە هەریەك لە ئەسپ و شیردەر، نموونەی پۆلی 'ناوی ژمێردراون'، واتای وشەی (ئەسپ)، نموونەی واتای وشەی (شیردەرە)، لە هێڵکارییەکەدا نوێنراوە، کە چەمکی 'ئەسپ'[1] سەر بە هێڵەگرێدەری 'شیردەرە' و لێکسیمی **ئەسپ** ناوێکی گشتییە و ژمێردراوە، بۆیە لێکسیمەکان لە زنجیرەی هەرەمیی وشەدا میرات وەردەگرن و واتاکانیش لە زنجیرەی هەرەمیی واتادا، میرات وەردەگرن. بەشێوەیەکی گشتیی دوو دارشتەی جیاواز هەیە، یەکەم بریتییە لە دارشتەی بۆماوەیی بۆ واتاکان، بۆ نموونە واتای وشەی (ئەسپ) نموونەیەکە بۆ واتای وشەی (شیردەر)، یان چەمکی (ئەسپ) میراتگری هێڵەگرێدەری (شیردەر)ە. هەرچی دارشتەی دووەمە بریتییە لە دارشتەی بۆماوەیی بۆ لێکسیمەکان، بۆ نموونە لێکسیمی **ئەسپ**[2] نموونەیەک نییە بۆ لێکسیمی **شیردەر**، لەبەرئەوەی لێکسیمەکان میراتگری زنجیرە هەرەمی وشەن، نەک زنجیرە هەرەمی واتا. کەواتە وشەکان و واتاکان پێڕەوی پۆلکردنی جیاوازییان هەیە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی، وەچە پێڕەوەکانی تری زمان، وەک مۆرفۆلۆژی دارشتەی کەتیگۆری تایبەت بە خۆیان هەیە.

---

١. لێرەدا ئەسپ وەك نێری گیاندارەکە وەرنەگیراوە، بەڵکو وەك ناوێك بۆ نێر و مێی گیاندارەکە وەرگیراوە.

٢. لێرەدا بۆ جیاکردنەوەی لێکسیمەکان لە وشەی ئاسایی بە پیتی تۆخ دەنوسرێت.




هێڵکاریی تۆڕبەندی(٩) لێکسیمی ئەسپ

لە هێڵکاریی ژمارە(٩) دا، زانیاریی سینتاکسیی (پۆلکردنی **ئەسپ**) و زانیاریی سیمانتیکی( پەیپێبردنی **ئەسپ**) زانیاریی مۆرفۆسینتاکسیی، کە پەیوەندییان بە شکانەوەکانەوە هەیە و زانیاریی ڕاستاندن، کە پەیوەندیی بە چۆنیەتیی نواندنی وشەکەوە هەیە، خراوەتەڕوو. جەمسەری واتایی لێکسیمەکە بە نیشانەی خاڵبەندی('...') لەدەوری چەمکەکان جیاکراوەتەوە، جەمسەری فۆرمەکەش لە نێوان دوو هێڵی لاردا نوسراوە. تایبەتمەندیی جۆراوجۆری تر لە هێڵکارییەکەدا هەن دەتوانین بیانبینین، کە پەیوەندییە هاوبەشەکانن، هێڵەکان لە لوتکەی سێگۆشەیەکەوە بۆ چەمکێک ڕۆیشتوون و ڕێگەیەکن بۆ نیشاندانی پەیوەندییە


میراتییەکان، بنکەی سێگۆشەکە پۆلکردنی گرێکانن ، لوتکەی سێگۆشەکە گرێ پۆلکراوەکەیە. سێگۆشە هەڵگەڕاوەکە لەگەڵ هێڵەکەدا، کە لە تاکەوە کێشراوە، بۆ ئەسپەکە پیشانیدەدات، کە (ئەسپ) نموونەی کەتیگۆری تاکە، فۆڕمی (ئەسپ) فۆڕمێکی تاکی لێکسیمی **ئەسپ**ە و ئەو هێڵەش، کە لە کۆوە هاتووە کەتیگۆری کۆی ئەسپمان پیشاندەدات، کە لە فۆڕمی (ئەسپەکان) دا هاتووە. بۆیە نموونەی هەردوو کەتیگۆری (لێکسێم) و (مۆرفۆسینتاکس) ین.

هەروەها پەیوەندیی هاوبەش لە نێوان ناوی گشتیی و **ئەسپ** پیشانیدەدات، کە لێکسێمی **ئەسپ** نموونەیەکە بۆ کەتیگۆری ناوی گشتیی. هەروەها پەیوەندییە پۆلکراوەکان لە ئاستە جیاوازەکانی ڕێزماندا پیشاندەدات، لە ئاستی سیمانتیکدا، چەمکی 'ئەسپ' وەک 'ماڵی' و 'شیردەر' پۆلکراوە، لێرەدا کەتیگۆری ئەسپ بووە بە ئەندام لە میراتی هەمەچەشنەدا، چونکە سەر بە هەریەك لەو دوو هێڵەگرێدەرەیە. هەروەها زانیاریی سیمانتیکی ئینسکلۆپیدیایی، وەک حیلاندنی ئەسپ و گیاخۆری پیشاندراوە. دەتوانین بڵێین هێڵکارییەکە بوارە جیاوازەکانی ڕێزمان لە مۆرفۆلۆژییەوە بۆ سیمانتیکی ئینسکلۆپیدیایی پیشاندەدات، کە بەهۆی پەیوەندییە هاوبەشەکانەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە و ئەو پەیوەندییانەن، کە لەناو بوارەکەدا دەبینرێن.

بەمشێوەیە لە ڕێزمانی وشەدا، وشە یەکەی بنەمای، هەم داڕشتەی زمانە، کە لە شێوەی تۆڕبەندێکی پەیوەنداردا داڕێژراوە و هەم لە شیکردنەوەی ئەم تۆڕبەندە پەیوەندارەشدا، جارێکی تر ڕێبازی ڕێزمانی وشە دەکاتە بنەمای شرۆڤەکردن و شیتەڵکردنی خودی تۆڕبەندەکە و پەیوەندییەکان لەسەر هەر سێ ئاستە پێشنیازکراوەکەی زمان. لەم ڕوانگەیەوە وشە دەبێتە خاڵی گرنگ و نێوەندی و وەك هێڵەگرێدەرێکی گشتی، هێڵەگرێدەرەکانی (فۆنۆلۆژی و ڕێزمان و واتا) ی کەرەستە بەخۆیەوە ڕایەڵ دەکات و تۆڕبەندی گشتیی زمانەکە دادەڕێژێت. بەو پێیەی وشە خاڵی گرنگ و نێوەندییە لە ڕێزمانی وشەدا لەم ڕوانگەیەوە تێزەکە بەگرنگی دەزانێت، تایبەتمەندییەکانی وشە بەپێی تیۆریی ڕێزمانی وشە شرۆڤەبکات و بخاتەڕوو:

## ۳-۲-۱/۲) ئامازەیی و جۆریی:

لە تیۆری ڕێزمانی وشەدا، جیاکردنەوەی نێوان ئامازە و جۆرەکانیان کارێکی پێویست و بنچینەییە، کاتێک چەمکێک پۆلێندەکەین، ئاوەزی مرۆڤ بە گەڕانێکی گشتیی گونجاودا تێپەڕدەبێت، لەبەرئەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ لە شتەکان بەپێی ئەزموونەکانی و بەچەمککردنی ئەزموونەکانیەتی لە ئاوەزیدا، کە خودی یادگەی مرۆڤەکەی پێکهێناوە، بۆیە توانایەکی سنورداری بۆ هەژمارکردنە ئالۆزەکان هەیە. لە ڕێزمانی وشەشدا میرات لە سەرەوە بۆ خوارەوە کاردەکات، بۆ نموونە، یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی باڵندە فڕینە، فڕینیش ئەو تایبەتمەندییەیە، کە زۆربەی باڵندەکان هەیانە، وەک (کۆتر، چۆلەکە، مراوی...هتد)، بەڵام پەنگوین بە باڵندە هەژمارکراوە و توانای فڕینیشی نییە، بۆیە لە پەنگوینەوە میراتێک دێت، کە ئەو میراتە نەفڕینە، مرۆڤ گەڕان لە جۆرەکەیداناکات، لەبەرئەوەی دەزانرێت، کە پەنگوین نافڕێت، تەنانەت ئەگەر باڵندەش بێت. لێرەدا میرات لەگەڵ میکانیزمی گەڕاندا، درکپێکردنانە کاردەکات. بۆزانیاریی زیاتر بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(۱۰):



هێڵکاریی تۆڕبەندی(١٠) پۆلکردنی باڵندە لەڕووی تایبەتمەندیی فڕینەوە


لە هێلکاری تۆڕبەندی (١٠) دا، باڵندە، وەك نمایندەی چەمکێك بە شاوەچەی (باڵندە) دەربڕاوە، دەبێتە هێلەگرێدەرێکی گشتیی و هەردوو چەمکیلەی(فڕین) و (نەفڕین) بەخۆیەوە پەیوەست دەکات، پەیوەستکردنی هێڵەگرێدەری یەکەم بەهۆی خودی گرێی(فڕین) ەوەیە، کە تایبەتمەندیی گشتیی هەریەك لە وەچە هێلەگرێدەرەکانی ( کۆتر،چۆلەکە، مراوی) یە، بەڵام پەیوەستبوونی هێڵەگرێدەری دووەم بە هێڵە گرێدەری گشتییەوە بەهۆی خودی گرێی(نەفڕین) ەوە نییە، کە تایبەتمەندییەکی ناوازەو ناباوی بازدراوی هێڵەگرێدەری گشتییە، بەڵکو بەهۆی وەچە هێڵەگرێدەری(ا) (پەنگوین) وەیە، کە لە جۆریدا دەبێتە هێڵەگرێدەرێکی پەیوەست بە هێڵەگرێدەرە گشتییەکەوە. لێرەدا باڵندە جۆرێکە بۆ کۆمەڵێک باڵندە، کە توانای فڕینیان هەبێت، یان نەبێت و ئامازەیەکە بۆ جۆرێک لە جۆری ئاژەڵەکان، کە بە بڕبڕەدارەکان ناسراون.

ئامازەکان بچوکترین یەکەی ئەبستراکتن، یان نیشانەیەکن، چەمکێکی دیاریکراو دەنوێنن، ئەو چەمکەش دەشێت وشەیەك یان دەنگێك بن ( لە زمانیشدا بۆ پۆلەکان، زاراوەی جۆر بەکارهێنراوە و بۆ نموونەکانیشی زاراوەی ئامازە بەکارهێنراوە، ئامازەکان بەشێکن لە تێگەیشتن، مرۆڤ چەمکیان بۆ دروستدەکات و پۆلێنیان دەکات و ڕێگەیان پێدەدرێت تایبەتمەندییان بە میرات بۆ بمێنێتەوە. کاتێک ئامازەیەك بە بەستنەوەی بە جۆرێکەوە پۆلدەکرێت، دەتوانێت هەموو تایبەتمەندییەکانی ئەم جۆرە بە میرات بگرێت، بەمەش تایبەتمەندییە ناسراوەکانی زۆر دەوڵەمەند دەکات)(Hudson,2010:111) ، بڕوانە نموونەی (٣):

٣. ئێمە نانەکە لە چیمەنەکەدا دەخۆین.

لە نموونەی(٣) دا، وشە جۆرییەکان، شەش وشەن و بریتین لە (ئێمە، نان، ەکە، لە.......دا، چیمەن، دەخۆین) چونکە (ەکە) دووبارە بۆتەوە و وشە ئامازەییەکانیش نۆ وشەن و بریتین لە(ئێمە، نان، ەکە، لە......دا، چیمەن، ەکە، دە، خۆین، ین). لێرەدا دوو ئامازە بۆ(-ەکە) هەیە، هەردووکیان نموونەی یەک جۆری (**-ەکە**)ن، هەروەها کلیتیکی(ین)، لەبەرئەوەی ئامازەیە بۆ ئەو جێناوەی، کە سەر بە

هیڵەگرێدەری ناوە و ناویش سەر بە هیڵەگرێدەری وشەیە و هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی جێناوی (ئێمە) ی هەڵگرتووە، بۆیە وەك ئامازەیەك هاتووە، نواندنی هەریەك لە وشە جۆریی و ئامازەییەکانی ئەم ڕستەیە، لە شێوەی ( ٤) دا دەخەینە ڕوو:




شێوەی(٤) جیاکردنەوەی وشە ئامازەیی و جۆرییەکان

لە هێڵکارییەکەدا، وشە ئامازەییەکان لەسەر بنەمای هاتنیان لە ڕستەکەدا ژمارەیان پێدراوە و بە (وشەی١)، تا دوایی ئامازەی پێدراوە و پیتی( و) وەك کورتکراوەی (وشە) بەکارهاتووە و پیشاندراوە، کە چۆن ئامازە و جۆرەکان بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەمە پەیوەندییەکە ڕێگە بە تایبەتێتییە بۆماوەییەکان دەدات، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، بۆ هەبوونی چەمکە گشتییەکان، بۆ نموونە لە پۆلکردنی وشەیەکی ئامازەییدا دەزانین واتایەکی هەیە و دەربڕینێکی هەیە و سەر بە پۆلە وشەیەکە، ئەم تایبەتێتییە بۆماوەییانە، دەبنە پاشخانێکی گەورەی دارِشتەی چەمکی، بۆ ئامازەکان.

یەکێك لە تایبەتێتیی تۆڕبەندی ئاوەز، لە هەر تیۆرییەکدا ئەوەیە، کە قسەکەر و گوێگر بەردەوام گرێکان دروستدەکەن، ئاوەزی مرۆڤ بەردەوام، لەڕێگەی بڵاوکردنەوەی چالاککردن و پۆلکردنەوە لەکاردایە، بەمەش گرێکان لە تۆڕبەندەکاندا دروستدەکات و پۆلێنیان دەکات، هەندێك لەو گرێیانە ئەگەری لەناوچوونیان هەیە و هەندێکی تریشیان دەچنە یادگەی هەمیشەییەوە. بۆیە ئامازەکان هەموویان لە ناوەوەی ئاوەزن.

## ٤-٢-١/٢) بڵاوبوونەوەی چالاککردن"Spreading activation ":


زمان میکانیزمە گشتییەکانی درکپێکردن بەکاردەهێنێت، لەوانە بڵاوبوونەوەی چالاککردن، کە بۆ جۆرەکانی تری چالاکیی درکپێکردن پێویستن. بڵاوبوونەوەی

چالاككردن ڕێگایەكی گەڕانی تۆڕبەندە هاوبەشەكانە، وەك تۆڕبەندی زمانی. (بیرۆكە بنچینەیەكە ئەوەیە، كە گرێكان لەناو تۆڕبەندەكاندا دەكرێت چالاكبكرێن و ئەو چالاككردنەش لە گرێیەكەوە بۆ گرێكانی تری تۆڕبەندەكە بڵاودەبێتەوە. لە ڕێزمانی وشەدا، چونكە گرێكان خۆیان چەمكن، لەوانەیە چالاككردن وەربگرن و بۆ هێڵە پەیوەندارەكانی تر بڵاوببێتەوە. كاتێک ئاستی چالاكبوونی ئێستای چەمكێک دەگاتە ئاستێكی دیاریكراو، چەمكەكە دەتەقێتەوە، واتا هەموو چالاكییە زیادەكانی بۆ گرێی دراوسێكانی بڵاودەبێتەوە، واتە بۆ ئەو گرێیانەی، كە ڕاستەوخۆ پێیانەوە بەستراوەتەوە، بەمەش ئاستی ئێستای چالاكیی چەمكەكە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی پشوودان) (Hudson,2010:75).

لە ڕێزمانی وشەدا، چۆنیەتی وێناكردنی چەمكێک و چۆنیەتی بیركەوتنەوە و بەكارهێنانی لە كاتی پێویستدا، دەبەستێتەوە بە ئەزموونی بڕێكی دیاریكراوی چالاككردن لە مێشكدا و گونجاندنی لەگەڵ بڕێكی دیاریكراوی چالاككردندا، كە لە تۆڕبەندێكی هێمایيدا دەنەخشێنێت. لە گەڕان بەدوای كاریگەرییەكانی ئەم چالاككردنەدا، نموونەیەكی بینراو وەردەگرین، كە هەستكردنە بە فڕینێک لەهەواوە و ناسینەوەی وەک فڕینێک، مرۆڤ چۆن ئەو شتە لە ئاسماندا پۆلدەكات و پێش ئەوەی باڵندەكە ببینێت، چۆن بیریلێدەكاتەوە، واتا بۆ نموونە ئەوەی پێیدەوترێت بارودۆخی ئاسایی ئاوەزی مرۆڤ چۆن لەو بارودۆخەدا كاردەكات. یەكێک لە چەمكەكان بۆ ئەو شتە بینراوە (باڵندە) یە، لەگەڵ ژمارەیەک تایبەتمەندیی هاوپێچكراو لەگەڵیدا، ئەگەر دوو تایبەتمەندیی گریمانە بكەین، یەكێكیان بەستنەوەی (باڵندە) بە شوێنەوە، وەک ئاسمان و دووەمیشیان جووڵەی باڵندەكەیە، بۆ نموونە شەقاندنی باڵەكانی. وەك لە هێڵكاریی تۆڕبەندی (١١) دا، ڕوونكراوەتەوە، ئەو تایبەتمەندییانەی، كە لەو شتەدا هەیە، كە لە ئاسماندا دەبینرێن، بریتین لەوانەی لە هێڵە پەیوەندییەكانی گرێ داكراوەكان لە تۆڕبەندەكەدا ( بۆ قەبارە، شێوە، شوێن، جووڵە و هتد ) نوێنراون.

لە هێڵكارییەكەدا "شتێک لە ئاسماندا"، بەستراوەتەوە بە (جوڵەی باڵەكان) و (ئاسمان)، چالاكبوون بە نیشانەی سەرسوڕمان نوێنراوە و هێڵە پچڕ پچڕەكە پیشانیدەدات چۆن ئەو چالاكبوونە لە "شتێک لە ئاسماندا"، بۆ ئەو دوو چەمكانە بڵاودەبێتەوە، لە بەرانبەردا ئەوەندە چالاكدەبن، دەتەقنەوە و چالاكبوونەكەیان

بۆ باڵندە دەگوازنەوە. بەمەش "شتێک لە ئاسماندا"، وەک باڵندە دەناسرێتەوە بەتایبەت کە باڵندە، سەر بە هێڵەگرێدەرەی شتە کۆنکرێتییەکانە، لەبەرئەوە گرێ چالاککراوەکە، باڵندەیە و چالاکییە زیادەکەش، بە (+) نوێنراوە.




هێڵکاریی ( ١١) بڵاوبوونەوەی چالاککردن لە شتێکی فڕیو لە ئاسماندا

(پێواژۆی بڵاوکردنەوەی چالاککردن، ڕابەری بەستنەوەی جۆری گرێکان دەکات، بە هەر کام لەو گرێیانەی پێشتر داکراون و زۆرترین گونجاندنی لەگەڵ تایەتێتییەکانیدا هەیە، پاشان میراتی گریمانەیی دڵنیادەبێتەوە لەوەی گرێکە، ئایا تایبەتێتیەکانی تری بۆماوەتەوە> لەگەڵ ئەو گرێیەی لەگەڵیدا دەگونجێت، یان بۆی ڕاکێشراوە)(Butler, Gonzálvez,2014:240 ).

لە نەخشەی تۆڕبەندداو بڵاوبوونەوەی چالاککردن ڕێگەیەکە بۆ ڕۆیشتنی لێشاوی زانیاری بە مێشکدا، بڵاوبوونەوەی چالاککردن ڕێگەمان دەدات ئەم لێشاویی زانیارییە لەڕێگەی تۆڕبەندێکەوە بە مۆدێل بکەین. هەروەها بۆ ئەوەی باری سەرنجمان لەسەر هۆکارەکانی تری، وەک چوارچێوە وردتر بێت. بۆ نموونە چوارچێوە ئەو لێشاوە لە ڕێگەی تۆڕبەندێکەوە ئاڕاستە دەکات، لەبەرئەوەی چوارچێوە هەندێك جۆری گرێ چالاکدەکات، بۆ نموونە وشەیەکی وەک [بامێ] ئەم دەربڕینە لە زمانی کوردیدا، دوو واتا دەگەیەنێت، واتای سەرەکی بە واتای ناوی جۆرە ڕووەکێکە و بەزۆری بۆ شلە بەکاردەهێنرێت و واتای دووەمیشی ناوی جۆرە شیرینیەکە.

٥.نەسرین برنج و بامێی لێناوە.

٦.بامێکە بە چاوە دەخۆین.

لە نموونەی (٥، ٦) دا دیارە،کە چوارچێوە بڕیاردەدات، کام لە واتاکان لەگەڵیدا دەگونجێت. بڵاوبوونەوەی چالاککردن ئاڵۆزە، لەبەرئەوەی تێگەیشتنی مرۆڤ خێرا کار ناکات، مرۆڤ توانای داکردنی باشی هەیە و میراتی گریمانەیش ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت و ڕێگەماندەدات گەڕانێکی خێراو کاریگەر بۆ زانیارییەکان بکەین.


## ٥-٢-١/٢) تایبەتمەندیی دارشتەی بەندێتیی ڕێزمانی وشە:

ڕێزمانی وشە بە تیۆری بەندێتیی سینتاکس ناسراوە، لە ڕوانگەی پەیوەندییە بەندێتییەکانەوە لە نێوان وشەکاندا. بانگەشەی سەرەکی ڕێزمانی وشەیش بریتییە لەوەی زمان لە تۆڕبەندێکی چەمکی پێکهاتووە، لەبەرئەوە تیشکی خستۆتە سەر(وشە) لە زماندا و هەموو پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای وشەکان لێکدەداتەوە، بەندێتیی و فرێزەکانیش ڕێگەیەکی جێگرەوەی نواندنی پەیوەندییەکانن لە نێوان وشەکاندا، ڕێزمانی وشە چوارچێوەیەکی ڕێزمانیی تاکرەوە و بەتەواوەتی واز لە فرە ئاستی نواندنی سینتاکسیی و گواستنەوەکان دەهێنێت، بەڵکو پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، یان ئەرکەکان وەك (بکەرو بەرکار...هتد) بەهۆی (دارشتەی بەندێتیی) یەوە پیشاندەدات، لەم ڕووەشەوە دارشتەی بەندێتییش وەک بەشێک لە دارشتەی تۆڕبەندی زمانی گەورەتر پەسنکراوە، کە پەیوەندییە هاوبەشەکانی وشەکانمان بۆ دەخاتەڕوو. (بۆ

بەراوردکردنی دروستەی فریز بە دارشتەی بەندێتیی، بڕوانە(Gisborne,2010:30-35)) ، بەندەکان تەنها کاریان بەستنەوەی نێوان وشە ئامازەییەکان نییە، بەڵکو کۆکردنەوە و پێچانەوەی زانیاریشە، هەروەها زانیارییە جێکەوتەییەکان و زانیارییە سیمانتیکییەکانیش دەگرنەوە (Maekawa,2010:51)، بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا بکەر و بەرکار پێش کردار دێن و بکەری تەواوکەر لەگەڵ سیمانتیکی کارادا دەگونجێت و هەر تەواوکەرێک بە بونیادی بەستنەوەی ئارگومێنت دادەنرێت، بڕوانە ڕستەی(٧) :

٧. زانا ڕۆیشت.

بۆ شیکردنەوەی پەیوەندیی نێوان وشەکان و چۆنیەتی پێکهێنانی ڕستەیەک پێویستمان بە تۆڕبەندێک هەیە، هەروەها دەمانەوێت بزانین چۆن ئەم ڕستەیە ڕێزمانییە. لە ڕێزمانی وشەدا پەیوەندیی لەنێوان کرداری ڕۆیشت و ناوی تایبەتی زانادا هەیە، پەیوەندییەکە بریتییە لە بەندێتیی، ئەم پەیوەندییە لە هێڵکاریی ( ١٢) دا پیشاندراوە:




هێڵکاریی تۆڕبەندی( ١٢) دارشتەی بەندێتیی لە (زانا ڕۆیشت)

هێڵکاریەکە سادە دەردەکەوێت، بەلام زانیاریی ڕێزمانی زۆری تێدایە، تیری بەندێتییەکە، پەیوەندییەکی سینتاکسی لە نێوان کردارە کات و کەسدارەکە و بکەرەکەی یان فریزی ناوییەکە پیشاندەدات، تیری ڕۆیشتوو لە هێڵەگرێدەری

کردارییەوە بۆ کردارەکە، ئاماژەیە بۆ ئەوەی کردارەکە سەرەی ڕستەکەیە. لەو پەیوەندییەدا ناهاوسەنگییەک هەیە، ناهاوسەنگیەکە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە یەکێک لە وشەکان سەرەیە و یەکێکی تریان بەندێکە لە جۆری تەواوکەر، بۆیە دەتوانین بڵێین پەیوەندییەکە ناهاوسەنگە، تیرەکە، لە (سەر) ەوە بۆ (بەند) ەکە ڕۆیشتووە، بۆیە ئەمە بە واتای ئەوەیە، کە کردارە کات و کەسدارەکە سەرەیە و بکەرەکەش بەندەکەیە. بەندەکانیش بەپێی سەرەوڕیزبوونی کەرەستەکانی ڕستەی زمانی کوردی زیاتر لەپێش سەرەوە دێن[1].

بەندەکان وەك لێکسیمەکان لە زنجیرەی هەرەمی میراتیدا پۆلکراون. خودی پێرەوەکە بە پەیوەندییە هاوبەشەکانەوە"associative link" بەستراوە و هیچ جیاکارییەک لەنێوان ڕێزمان و فەرهەنگدا ناکات. لێرەدا ژمارەی گرێکان لەگەڵ ژمارەی وشەکاندا دەگونجێت، بۆ نموونە ڕستەی (٧)، لە دوو وشە پێکهاتووە و بۆیە لە دوو گرێ پێکهاتووە، لەبەرانبەردا لە دروستەی فرێزدا بۆ پێنج گرێ پۆلدەکرێت (ڕ، ف.ن، ف.ك، ن، ك) ئەمە بە واتای ئەوەی، کە دارشتەی بەندێتیی لە دارشتەی فرێز سادەترە" هەر وشەیەك، کە بەلانی کەمەوە یەك بەندی هەبێت، ئەوا بریتییە لە سەرەی فرێزێك، کە لەو وشەیە پێکدێت، لەگەڵ هەموو بەندەکانی" (Hudson,2007:118). بۆ ڕوونکردنەوەی بەندەکان لە دارشتەی هەرەمیی میراتی تۆڕبەندا، دەڕوانینە نموونەکانی(٨، ٩، ١٠) ، کە لە هێڵکاریی تۆڕبەندی(١٣) ،(١٤) ، (١٥) دا نوێنراون:


٨. زەنێ خەوت.

٩. ئەیلان نانەکەی خوارد.


١٠. ئەیلان نانەکەی بە دەست خوارد.

---


١. لە بەشی سێیەمی نامەکەدا، دارشتەی بەندێتی بەوردی خراوەتە ڕوو، بڕوانە بەشی سێیەم.




هێڵکاری تۆڕبەندی(١٣) بۆ ڕستەی (زەنێ خەوت)




هێڵکاریی تۆڕبەندی(١٤) بۆ ڕستەی(ئەیلان نانەکەی خوارد)




هێڵکاریی تۆڕبەندی(١٥) بۆ ڕستەی (ئەیلان نانەکەی بە دەست خوارد)

لە هێڵکاریی(١٣) دا، تۆڕبەندی ڕستەی (٨) نوێنراوە، لە هێڵکارییەکەدا پەیوەندیی لە نێوان هێڵەگرێدەری یەکەم (دارشتە ڕێزمانییەکان) دا، پەیوەندیی سەرە و تەواوکەرە، ڕستەکە لە سەرەیەك، کە کرداری ڕستەکەیە و بەندێکی خورتی لە جۆری تەواوکەر، کە بکەرەکەیە (زەنێ) پێکهاتووە. هێڵەگرێدەری دووەم، ئەرکی دارشتەکانن، کە بۆماوەییانە بۆیان ماونەتەوە و پەیوەندیی لە نێوان بکەر و کردار پەیوەندییەکی خورتییە، تایبەتمەندییەکانیشیان لەو دارشتانەدا ڕەنگدەداتەوە، کە دەیاننوێنن.


لە ڕێزمانی وشەدا بەستنەوەی گرێکان، لە هێڵەگرێدەری دایکەوەیە بۆ تەواوکەر و سەربارەکانی، بۆیە لە هێڵکاریی تۆڕبەندی ڕستەی(٩) دا، کرداری (خوارد) ی، وەك سەرەیەك پێویستیی بە دووبەندە لە جۆری تەواوکەر یەکێکیان (بکەرە) و ئەوی تریشیان (بەرکار). هیچ کەرەستەیەکی سەربار جگە لە خورتییەکان نەهاتووە. لە هێڵکاریی تۆڕبەندی ڕستەی(١٠) دا، پەیوەندییەکان لە نێوان سەر و بەندەکانیدا دوو جۆرن، پەیوەندیی سەر و تەواوکەر و پەیوەندیی سەر و سەربار، بە واتای سەرە دوو تەواوکەری خورتیی هەیە و یەك بەندی سەرباری

هەیە. گرێی پێشناویەکە لە پێشناوێك، کە دەبێتە سەرە بۆ ناوەکەی دوای خۆی پێکهاتووە. لە هێڵکارییەکاندا ئەو هێڵەی لە هێڵەگرێدەری کردارییەوە بۆ کردارەکە دابەزیووە، تیرێکی پێوەیە، کە ئاماژەیە بۆ سەرەی ڕستەکە.


## ٣-١/٢) واتای کردارەکان لە گرێی تۆڕبەندەکاندا:

ڕێزمانی وشە هیچ جیاوازییەک لە نێوان واتای ناو و کرداردا ناکات، بەشێوەیەکی ئاسایی هەریەك لە (جێناوەکان، ناوەکان، کردارەکان) گرێیەکن لە تۆڕبەندەکەدا، ئەوە پەیوەندییە ڕێزمانیەکانن، بۆ نموونە (بکەر و بەرکار) لە سینتاکسدا و پەیوەندییە واتاییەکان(کارا و باس..) لە سیمانتیکدا، جیاوازن و هەریەك لەمانە گرنگن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ واتای کردارەکان، وەک گرێیەک نەک وەک بەشە کردارێک "زمان تەنها لە گرێ و پەیوەندییەکان پێکدێت، کە لە زنجیرەی هەڕەمیی میراتیدا هەڵگیراون، بونیادەکان لە لێکسیم و وەچە لێکسیمەکان پێکهاتوون، کە لە ڕێگەی پەیوەندییە بەندێتییەکان و تۆڕبەندە پەیوەنددارەکانەوە بەیەکەوە بەستراون" (Gisborne,2020:41)

بۆ نموونە کرداری(خەوت)، جۆرێکە لە(پشوودانی تەواوەتی)، جۆرێکە لە کردن، یان ئەنجامدانی کردەیەك، ناوی(پەپوولە) ش جۆرێکە لە (باڵندە) و جۆرێکە لە (گیاندار)، بڕوانە هێڵکاریی تۆڕبەندی(١٦) و(١٧). زنجیرەی شاوشە" hyponym"، لە زنجیرەی هەڕەمیی میراتی گریمانەیی دەچێت لەو زنجیرە شاوشەیەدا، (خەوت) سەر بە هێڵەگرێدەری (پشوودان) ەو پشووش سەر بە هیڵەگرێدەری ئەنجامدانی کردەیەکە.




هێڵکارە تۆڕبەندی (١٦) شاوشەی(پەپوولە)



هێڵکاریی تۆڕبەندی(١٧) شاوشەی(خەوت)

هەروەها دەتوانین ئالۆزتر و وردتر لە کرداری(خەوت) بڕوانین، وەك بەستراوەیەك بە کارایەکی زیندووەوە، وەك(زەنێ)، کەواتە لە دەروازەی فەرهەنگی (خەوت) دا، کارایەك هەیە. بەمەش دەردەکەوێت ناهاوسەنگییەك لە پەیوەندیی نێوان (زەنێ) و(خەوت) دا هەیە، چونکە هەرگیز لە دەروازەی فەرهەنگی(زەنێ) دا سەرچاوەی کارا نییە، بڕوانە هێڵکاریی تۆڕبەندی(١٨). لەبەرئەوەی واتای کردارەکان لە تۆڕبەندی ڕێزمانی وشەدا گرێن، کردارەکان دەتوانن سەرچاوەیان هەبێت "سەرچاوەی وشەیەک بریتییە لە شاوشەی پەیپێبردنەکەی" (Gisborne,2010:36). پەیپێبردنی کردارەکان، وەک ناوەکان، دەتوانرێت لە ڕێگەی واتای توخمەکانی تری ڕستەوە بنیاتبنرێت، لەبەرئەوە واتای ( زەنێ خەوت) سەرچاوەیەکی هەیە، ئەویش شاوشەی پەیپێبردنی خەوتنە، ئەمەش بەو واتایە دێت، کە کردارەکان دەتوانن سەرچاوەیی بن.

پەیوەندیی نێوان سەرچاوەی وشەکان و پەیپێبردنەکەیان بریتییە لەوەی سەرچاوەی وشەکە شاوشەی پەیپێبردنەکەیە، لێرەدا لە ڕووی میراتەوە لەمە دەڕوانین، تا ئێستا ڕەنگە مەبەست لە بۆماوەیی پەیوەندیی شاوشە بێت، بەڵام ئەوەش ڕوونە، کە پەیوەندیی شاوشە جۆرێکە لە پەیوەندیی بۆماوەیی، بەڵام میرات لە شاوشە گەورەترە، کەواتە گرێیەک لە گرێیەکی بەرزترەوە میرات وەردەگرێت، تایبەتمەندییەکانیشی بە میرات بۆ دەمێنێتەوە. لە ڕێزمانی وشەدا تەنها گرێکان بەهۆی پەیوەندیی هێڵەگرێدەرەوە پۆلناکرێن، بەڵکو پەیوەندییەکانیش بەهەمان شێوە، پۆلدەکرێن، کە هەردوو گرێ و پەیوەندییەکان لە زنجیرەیەکی هەرەمی میراتیدا پۆلدەکرێن.




هێڵکاریی تۆڕبەندی(١٨) کرداری (خەوت) لە گرێی داڕشتەی تۆڕبەنددا

بە مەبەستی شرۆڤەکردن و سەلماندنی ئەوەی، کە لە ڕێزمانی وشەدا کردارەکان زیاتر کەرەستەی سەرچاوەیین و سەرچاوەکەشیان کردەی کردارەکانە، وا پێویست دەکات سەرەتا سەرچاوەی ئەنافۆرا/کەرەستەی بەستراوە دیاریبکەین، تا بتوانین وەڵامی پرسیاری ئەوە بدەینەوە، کە ئایا کردارەکان کەرەستەی سەرچاوەیین، یان نا، بۆ شیکردنەوەی زیاتر، با لە نموونەی(١١) بڕوانین:

١١. دانا دەستی لەکارکێشایەوە، ئەوە بۆ ئەو باشتربوو.

(ئەوە) لەگەڵ ڕستەی یەکەمدا هاوسەرچاوەیە، لە ڕێزمانی وشەدا واتای ڕستە بریتییە لە واتای وشە، هەربۆیە واتای تەواوی ڕستەکە بریتییە لە شاوشەی واتای (دەستلەکارکێشانەوە)، بە لەبەرچاوگرتنی بۆچوونەکانی ڕێزمانی وشە لەسەر واتای کردار. لەم ڕستەیەدا (ئەوە) هاوتەرییە، لەگەڵ واتای (دەستلەکارکێشانەوە) لە ڕستەی یەکەمدا، لەبەرئەوەی (دەستلەکارکێشانەوە) بریتییە لە سەرەی ڕستەکە. کەواتە بەپێی بۆچوونەکانی ئەم تیۆرییە تەنها کردارەکان، لە بنەڕەتدا پەیوەندار نین، بەڵکو ناوەکانیش و پێشناوەکانیش پەیوەندارن. مەرجیش نییە هەموو کردارەکانی زمانی کوردی لە بنچینەدا


پەیوەندارین، بۆ نموونە کردارەکانی کەش و هەوا وەک (بارین). بۆ چارەسەری ئەمە لە ڕێزمانی وشەدا پێشنیازی ئەوەکراوە، کە دەشێت هەر پۆلێکی وشە وەك(ناو،کردار) واتای ناپەیوەندداریان هەبێت، چونکە پەیپێبردنەکانیان تەنیا بریتین لە گرێکانی ناو تۆڕبەندەکە و واتاکانیان دەتوانن ئارگومێنت، یان پەیوەندیی پەیوەندداریان هەبێت.

پوختتر دەتوانرێت بگوترێت، کە ڕێزمانی وشە جیاوازی لەنێوان چەمکە پەیوەندار و ناپەیوەنددارەکان دەکات، چەمکە پەیوەندارەکان بەندەکانن، هەروەها هەندێک پەیوەندیی سیمانتیکی، چەمکە ناپەیوەندارەکان، گرێکانن لە تۆڕبەندەکاندا( وشەکان و پەیپێبردنی وشەکان، پەیپێبردنی کردارەکان و سەرچاوەی وشەکانیش) دەگرێتەوە.

## ٢/٢) نەخشەی زمانی لە ڕێزمانی وشەدا:

لە ڕێزمانی وشەدا، هەموو توخمە زمانییەکان بەشێوەیەکی هەرەمی پۆلکراون، ئەمەش ڕێگەماندەدات، کە ئاستە ناسراوەکانی زمان لە ڕێگەی یەکەکانیانەوە بناسینەوە، بۆ نموونە وشەکان لە سینتاکسدا، مۆرفیمەکان لە مۆرفۆلۆژیدا و فۆنیمەکان لە فۆنۆلۆژیدا. ڕێزمانی وشە هاوشێوەی تیۆرییە درکپێکردنەکانی تر هیچ سنورێک لە نێوان دارِشتە فەرهەنگی و ڕێزمانییەکاندا دانانێت، لەجیاتی ئەوە بە شێوەیەکی سادە جۆرە گشتییەکانی وشە دەناسێنێت. بۆ نموونە ناوی کردارێکی وەک(سەرکەوتن)، وەک وشەیەک مامەڵەی لەگەڵدەکرێت و دەبێتە (کردار) لە ڕێگەی میراتی گریمانەییەوە و بە ناوازەیی بۆ سەرکەوتن لە بوارە جیا جیاکان لە ژیاندا بەشێوەی میتافۆڕو کرداری شکاوە بەکاردێت. هیچ خاڵێکی جیاوازیی جۆری لە نێوان چەمکە فەرهەنگییەکان و ڕێزماندا نییە و ناتوانین درێژی یەکەی زمانی بکەین بە پێوەر بۆ جیاکردنەوەی یەکە فەرهەنگییە یەک وشەییەکان، لە بونیادە گشتییە فرە وشەییەکاندا، سەرەڕای ئەوەش، یەکە فەرهەنگییەکان هاوهێزیان هەیە، کە ڕۆڵی تەواوکەرێک دەبینن و بە وشەکانی ترەوە بەستراون. ئەوەی لەسەر ڕێزمانە، تێکەڵکردنی یەکە فەرهەنگییەکانە. بەشی سینتاکسیی تۆڕبەندی زمانەکە تەنها دارِشتەیەکی فەرهەنگیی هەرەمییە، کە قەوارە گشتییە پەیوەندییدارەکان دەگرێتەوە. بۆ نموونە لە مۆرفۆلۆژیدا، مۆرفەکان تێکەڵدەکرێن بۆ پێکهێنانی فۆڕم یان وشە تەواوەکان، بۆ نموونە:

(مەلەوان) لەڕێگەی فۆڕمەکەیەوە، دەڕاستێنرێت/دەناسرێتەوە {{مەلە} {وان}}، بەهۆی داڕشتەی فۆنۆلۆژییەوە ڕاستێنراوە وەک /mele:wan/ یان/مەلەوان/، هەر ئاستێک بەهۆی ئەو یەکانەوە دیاریناکرێت، کە دەناسرێنەوە، بەڵکو بەهۆی ئەو یەکانەوە، کە ئەوان دەڕاستێنن و ئەوانەشی، کە ئەوان دەیانڕاستێنن دیاریدەکرێن. بۆیە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی وشەکان ئەوەیە، کە بەهۆی فۆڕمەکان و گریمانەی بۆماوەییەوە ڕاستێنراون. نەخشەی ڕێزمانی وشە لە بابەتی ئاستەکاندا لە تۆڕبەندی(١٩) دا پیشاندراوە. وشەکان بەهۆی چەند فۆڕمێکەوە ڕاستینراون و هەر فۆڕمێکیش بەهۆی چەند دەنگێکەوە ڕاستێنراون.





یەکە زمانییەکان

هێڵکاریی( ١٩) سێ ئاستە زمانەوانییەکە لە ڕێزمانی وشەدا

(ڕێزمانی وشە ئاستەکانی زمان لەڕێگەی پۆلکردنی یەکەزمانییەکان و پەیوەندییەکانیانەوە جیادەکاتەوە، جۆری گرێکانی بریتین لە (وشەکان، فۆڕمەکان، دەنگ و فۆنیمەکان) جۆرکانی پەیوەندییەکانیش، بریتیین لە ( واتا، ڕاستاندن) ، واتا کۆمەڵێکی بچووکی چەمکەکان دەگرێتەوە، کە لەگەڵ واتای چەسپاوی فەرهەنگی و واتای گۆڕاوی دەقیدا کۆدەکرێنەوە، بە واتا بەستنەوەی وشەکان بە واتاکانیانەوە بۆ گەیاندنی واتای ئینسکلۆپیدیایی، ئەم کۆمەڵە چەمکە لەگەڵ فۆڕمی چەسپاوی فەرهەنگی و فۆڕمی گۆڕاوی وشەییدا کۆدەبێتەوە و دەنوێنرێت، بەمەش دەوترێت ڕاستاندن. ڕاستاندن وا لە وشەکە دەکات، کە لە کاتی ئاخاوتندا ببیسترێت و لە کاتی نووسیندا ببینرێت و لە پەیپێبردنیدا بە ڕاستی دەربکەوێت، بە واتای ئەوەی بەستنەوەی وشەیەک بە پێکهاتەکەی


(مۆرفیمەکان یان بە فۆڕمی گەورەترەوە)، هەروەها بەستنەوەی فۆڕمێکە بە داڕشتەی فۆنۆلۆژییەکەیەوە. ڕاستاندنی ڕێزمانی وشە، بریتییە لە (فۆڕم) ، کە لە ڕێگەی دەنگەکان و فۆنیمەکانەوە ڕاستێنراوە) Heine& Narrog, 2010:12-(29).

بەشی زۆری کارەکان لە ڕێزمانی وشەدا، زیاتر بۆ لایەنە ستانداردەکانی سینتاکس و مۆرفۆلۆژی و سیمانتیکیی فەرهەنگی تەرخانکراون، لەم تیۆرییەدا سینتاکس و مۆرفۆلۆژی ئاستی جیاکەرەوەن، لەسەر ئەو بنەمایەی، کە وشە و مۆرفیمەکان بە جیاوازییەوە پۆلکراون و جۆرە جیاوازەکانی تەرزەکان پیشاندەدەن و یەکەکانی هەر ئاستێکیش، پێویستیان بە یەکگرتن و گونجان هەیە، بڕوانە هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٢٠ ):




هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٢٠ ) قەوارەکان و پەیوەندییەکان لە ئاستەکانی زماندا

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمە وشەی (باخ) وەردەگرین، بە پشتبەستن بە شیکردنەوەکانی (هەدسن، ٢٠٠٧:٥٢٣) لە هێڵکاریی ( ٢١) دا پیشاندیدەدەین، کە چۆن وشەی ( باخ) دەتوانرێت لە هەریەک لە ئاستەکانی (سیمانتیک، سینتاکس، مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی) دابنوێنرێت.




هێڵکاریی(٢١) شیکردنەوەی وشەی (باخ) لە ئاستەکانی زماندا


لە هێڵکارییەکەدا وشەی (باخ) وشەیەکی فەرهەنگییە و لە لێکسیمی **باخ** پێکهاتووە، پەیپێبردنێکی هەیە، کە شوێنی دارو درەخت و گوڵە، هەروەها(باخ) نیشاندەری سیمانتیکیی ئینسکلۆپیدیاییە، بۆیە زیاتر ئاماژەی شوێنی هەیە، وەك(باخی بەهەشت، باخی دڵم، باخی ژیانم، باخی گشتی...هتد) سەر بەهێڵەگرێدەری(ناو) ە، واتە تایبەتمەندییەکانی ناوی تێدا کۆبۆتەوە، لە سینتاکسدا ئەرکەکانی تەواوکەر لەگەڵ وشەی تردا، ئەرکی سەربار دەبینن، لە مۆرفۆلۆژیدا، یەك مۆرفیمە و وەك بناغەیەك وشەی تری لێدروستدەکرێت و

لەفۆنۆلۆژیدا لە سێ فۆنیم پێکهاتووە، کە هەریەکەیان سەر بە هێڵەگرێدەری فۆنیمن و لە دوو فۆنیمی نەبزوێن و فۆنیمێکی بزوێن پێکهاتووە، لەڕێگەی هەر سێ فۆنیمەکەوە ڕاستێنراوە /باخ/.

## ١-٢/٢) خستنەڕووی تایبەتێتی وشەکان و ڕایەڵە پەیوەستەگییەکانیان لە ڕێزمانی وشەدا:

وشەکان و تایبەتێتییەکانیان لە زۆربەی فەرهەنگەکاندا، لە دەروازەی وشەکاندا خراونەتە ڕوو، بەڵام لە زۆربەی تیۆرییە زمانەوانییەکاندا بە پێچەوانەی فەرهەنگەکانەوە، زۆربەی ئەم زانیارییانە فەرامۆش کراون و تەنها ئەو تایبەتێتیانەی وشەکان بە شتەکانی تری ناوەوەی زمانەوە دەبەستێتەوە و دەناسێنێن، وەک (دەنگەکان، واتاکان، پۆلەکانی وشە، هاوهێزی سینتاکسی). ڕێزمانی وشە لەشێوەی تۆڕێکدا وشەکان و تایبەتمەندییەکانیان و پەیوەندییەکانیان دیاریدەکات. (وشە ئاساییەکان ئەو تایبەتێتییە ئاوەزیانەی، وەک ( واتا، ڕاستاندن، پۆلە وشەییەکان، هاوهێزی سینتاکسی و چەندبارەبوونەوەیان) بۆ هەموو قسەکەرێک هەیە، هەندێک لە وشەکان چەند تایبەتێتییەکی تری، وەک بەکارهێنانی وشەکان بە پێی توێژ و ئاستە کۆمەڵایەتییەکان، بە پێی جۆری قسەکەر و بەپێی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و هەستەکان و ئیتیمۆلۆجی و پەیوەندییە فەرهەنگییەکان و ...هتدیان هەیە)(Hudson.2010:114).

لە ڕێزمانی وشەدا، چەمکەکان لە پۆلەکاندا ڕێکخراون و بە پۆلە سەرەکییەکانەوە بەستراونەتەوە و لەبەشی خوارەوەش بە وەچە پۆلەکانەوە بەستراونەتەوە، پەیوەندیی نێوان چەمکێک و وەچە پۆلەکەی، پێیدەوترێت هێڵەگرێدەری دایک. بۆ نموونە، ئەگەر شیکردنەوەی باو و ڕۆیشتوانەی پۆلە وشەییەکان، لە هێڵکارییەکدا بخەینەڕوو دەبینین، هەریەک لەم پۆلانە، بریتیین لە پۆلە سەرەکییەکانی وشە، بۆیە هەریەکێکیان سەر بە هێڵە گرێدەری وشەن، هەریەک لە پۆلەکانیش دابەش بوون بۆ وەچە بەشی تر وەک ناوەکان بۆ گشتیی و تایبەتێتیی و ...هتد، بڕوانە هێڵکاریی تۆڕبەندی(٢٢):





هێڵکاریی تۆڕبەندی (٢٢) پۆلە وشەییەکان

لە ڕێزمانی وشەدا، بەهۆی گریمانەی بۆماوەییەوە، چەمکێک لە هەموو چەمکەکانی تری نێوان خۆی و لە سەرەوەی پۆلکردنەکەیەوە تایبەتێتییەکانی بۆدەمێنێتەوە، ئەو تایبەتێتییانە بە هاوپێچکردنیان بە چەمکە باڵاکانەوە لە ڕێگەی بۆماوەییەوە دەگشتێنرێن و لە هەندێک بارودۆخدا، بەتایبەت لە کاتی مامەڵەکردن لەگەڵ نموونە نەناسراوەکاندا، کە تایبەتێتییەکانی نازانین و کاتێک پێویستمان بە زانینی ئەو تایبەتێتیانە دەبێت، کە ناتوانین تێبینی بکەین، یان ڕاستەوخۆ بیزانین، ئەوا دەتوانین لەڕێگەی ڕێکخستنی کۆزانین لە پۆلەکاندا بیزانین، چونکە ئەم ڕێکخستنە ڕێگە بە زانیارییە باو و ناباوەکان دەدات، بەهۆی بۆماوەییەوە جێبەجێبکرێت.

وەک هەر پۆلکردنێک، هەریەک لە پۆلی وشەکان ژمارەیەک تایبەتێتیی هەیە، کە بۆ هەموو وەچە پۆلەکانی دەگشتێنرێت، بۆ نموونە (کردار) ێکی ئاسایی چ وەك بەشەئاخاوتنێك و چ وەك کەرەستەیەکی ڕستەسازی ئەم تایبەتییانەی خوارەوەی هەیە:

ئەنجامدان، یان ئەنجامنەدانی کردەیەك، کاتی(ڕابردوو، ئێستا و داهاتووی) هەیە، لە ڕووی هێزەوە( تێپەڕ و تێنەپەڕ) یان هەیە، بکەردیار و بکەرنادیاری هەیە، ڕەگیان هەیە، کەسی (یەکەم و دووەم و سێیەمی) تێدایە، ژمارەی تاك و کۆی کەسەکانی تێدایە، نیشانەی (ناسراوی و نەناسراوی و کۆ) وەرناگرن، لە هاوهێزیەکەیدا بەندێك یان زیاتر لەخۆدەگرێت، ئامرازی خستنەسەر وەرناگرێت، ناچنەپاڵیەك بۆ دروستکردنی کرداری لێکدراو، بەگشتیی لەکۆتایی ڕستەدا دێن، نیشانەی نەرێ وەردەگرن، توانای گەردانکردنیان هەیە و ...هتد.

لە هێڵکاریی (٢٣) دا، تایبەتێتییەکی وشە و ئەو کردارەی لە چاوگی (هەبوون) ەوە وەرگیراوە دەخرێتەڕوو، کە بە (ـە،بوو، دەبێت) ڕێنوس دەکرێت، یان دەڕاستێنرێت، بۆ نموونە وشەیەکی ئاسایی، بەلایەنی کەمەوە یەک ڤاوڵی تێدایە، بڕوانە هێڵکاریی ژمارە(٢٣ ):




هێڵکاریی(٢٣) بۆماوەیی لە پۆلێنی پۆلی وشەیی کرداری پەیوەندیی

لە هێڵکارییەکەدا، وشە وەك هێڵەگرێدەری گشتیی پەیوەستە بە هێڵەگرێدەری گشتیی(کردار)ەوە. بەمەش تایبەتمەندییەکانی هێڵەگرێدەری گشتیی (وشە)


بەشێوەی میراتی گریمانەیی بۆ هێڵەگرێدەری (کردار) ماوەتەوە، بەهەمان شێوە هەندێك تایبەتمەندیی لەڕێگەی میراتەوە بۆ (کرداری پەیوەندیی) گوازراوەتەوە، بۆ نموونە (کات و کەس و ژمارە)، (تێنەپەڕ)، (وەرگرتنی تەواوکەر)،(کاتی ڕابردوو و ئێستا و داهاتوو). هەریەك لەمانە لە هێڵەگرێدەری(کردار) ەوە، بۆ هەریەك لە هێڵەگرێدەرەکانی تری وەك جۆرەکانی کردار، درێژدەبێتەوە.

## ٢-٢/٢) لێکسیم و شکانەوەکان:

لێکسیم بۆ فۆڕمە ڕێزمانییە جیاوازەکانی وشەیەك بەکاردێت، واتە هەموو وشەیەك، لەگەڵ فۆڕمە جیاوازەکانیدا، کە لە فەرهەنگدان بە (لێکسیم) دادەنرێن، وەک لێکسیمی( **گوڵ**).

شکانەوەکان، بریتین لە وشەیەکی نوێ، کە ئێمە بەهۆی( شکانەوە) وە دروستمانکردووە "مۆرفۆلۆژی لە چۆنیەتیی لێکدان و پێکەوەبەستنی کەرەستەکان دەکۆڵێتەوە، شکانەوە ڕێگەیەکی ئەم پێکەوەبەستنەمان بۆ دیاریدەکات، کردە مۆرفۆلۆژییەکانیش بریتین لە کردەی وشە داڕشتن و هەڵگواستن و لێکدان و مۆرفۆلۆژی شکانەوە کە لە سینتاکسدایە" (حسەین،٢٠١٢: ٥٦) بە پێچەوانەی لێکسیمەکانەوە، شکانەوەکان بەهۆی وەشانێکی گۆڕاوی تایبەتانەی بناغەکەوە دەڕاستێنرێت/ دەنوێنرێت، کە لە ڕێزمانی وشەدا پێیدەوترێت (گۆڕاو/variant)، بۆ نموونە ( گوڵان) بریتییە لە (گۆڕاوی- ان) ی لێکسیمی **گوڵ**.

لە هێڵکاریی (٢٤) دا، لێکسیم و شکانەوەی لێکسیمی( **دێ**) ڕوونکراوەتەوە، کە لە زمانی کوردیدا ڕێگایەکی سەرەکی بۆ کۆکردنەوەی لێکسیمەکان نییە.




هێڵکاریی تۆڕبەندی ( ٢٤) بەستنەوەی لێکسیمی **دێ** بە شکانەوەی (کۆ) وە

هێڵکارییەکە پیشانیدەدات، لێکسیم و شکانەوەکان دوو جۆری جیاوازی وشەن و خاوەنی تایبەتێتیی جیاوازن، شکانەوەکان بە زۆری بە لێکسیمە تاکەکانەوە بەستراونەتەوە، لەبەرئەوەی لە ڕێگەی ئەوانەوە دروستدەبن، بۆ نموونە شکانەوەی (دێهات) بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لە لێکسیمی (**دێ**)ەوە دروستبووە، بەهۆی زیادکردنی (هات) ی کۆ و لە ڕێی فۆڕمی(دێهات) ەوە ڕاستێنراوە. ئەم جۆرەی گۆڕانی ناوی تاک بۆ کۆ لە زمانی کوردیدا، ناتوانرێت بۆ هەموو ناوێک بگشتێنرێت، چونکە چەند ناوێکی کەم بەم ڕێگایە دەکرێن بە کۆ (محێددین، ٢٠١٣:٥٢) بۆ تێگەیشتنی زیاتر، با لەم خشتەیە ڕابمێنین:

| لێکسیم | کۆ |
|---|---|
| **کورد** | کوردان |
| **کچ** | کچان |
| **میوە** | میوەهات |
| **کوڕ** | کوڕگەل |
| **دێ** | دێهات |


| باخ | باخات |
|---|---|

خشتەی ( ١) هەندێک لە لێکسمەکان و کۆیەکانیان

لە هێڵکاریی تۆڕبەندی (٢٥) دا، دارِشتەیەکی تۆڕبەندی بۆ لێکسیمی( **زێڕ**) نوێنراوە، کە وەک ناوێکی گشتیی پۆلکراوە. لێکسیمی( **زێڕ**) لە کەتیگۆری ناوی گشتییەوە بە میرات ماوەتەوە. لێکسیمی( **زێڕ**) پەیوەندییەکی پەیپێبردنی بە پەیپێبردنەکەیەوە هەیە، کە 'زێڕ' ە لەڕێگەی میراتی هەمەچەشنەوە وەک کانزا و خشڵ پۆلکراوە. هەروەها زانیاریی پەیوەنداریی وەك ڕەنگی زێڕ و گەشاوەیی/بریقەکەی لە کانزای زێڕدا دەبینرێت. پەیپێبردنێکی زێڕ، وەک کانزایەک و دووەم پەیپێبردنیش ناوی کەتیگۆریی 'زێڕ' ە. وەکو کانزا جۆرێک لە کانزا دەگرێتەوە، وەکو کەتیگۆریش، جۆرەکانی خشڵ دەگرێتەوە، وەک (بازن، ملوانکە، موستیلە...هتد) دەگرێتەوە.

هێڵکارییەکە، پیشانیدەدات چۆن لێکسیمی( **زێڕ**) لە مۆرفۆلۆژیدا بەهۆی شکانەوەوە لەڕێگەی مۆرفیمی ناسراوییەوە، دەبێتە ناوێکی ناسراو، وەك "**زێڕ** : ەکە" . ئەم کەتیگۆرییە میراتی لە لێکسیمی( **زێڕ**) و کەتیگۆری ناسراوی بۆماوەتەوە. پەیپێبردنی "**زێڕ**: ناسراوی" بریتییە لە دیاریکردنی جۆری زێڕێك. پاشان پێویستە پەیوەندی لەنێوان ( **زێڕ** ، **زێڕ**: ناسراوی، فۆڕمەکەی {زێڕ} و {زێڕەکە}) پیشانبدرێت. فۆڕمی بنچینەی( **زێڕ**) بریتییە لە دەروازەی مۆرفۆلۆژی { زێڕ}، فۆنەتیکییانە وەک [زێڕ] ڕاستێنراوە.

هەروەها فۆڕمی بنچینەی فۆڕمی ناسراوی( **زێڕ**)، کە بەتەواوی شکێنراوەتەوە، بریتییە لە (گۆڕاوی_ەکە) ی فۆڕمی بنچینەیی {زێڕ} :{زێڕەکە} و لەڕێگەی تیرە پەیوەندداڕەکانەوە پیشاندراوە، کە بە بەشە جیاوازەکانەوە بەستراون. بۆیە بەشی یەکەمی {زێڕەکە} بریتییە لە {زێڕ} و بەشی دووەمیشی بریتییە لە {- ەکە}.




هێڵکاریی تۆڕبەندی(٢٥) نواندنی لێکسیم و شکانەوەی وشەی زێڕ

شکانەوەی ناسراوی و زانیاریی مۆرفۆلۆژییە، کە پیشانیدەدات چۆن فۆڕمە بنچینەیی و فۆڕمە ناسراوەکە بەیەکەوە بەستراون، تەرزی زۆر ئاڵۆز لە زانیاریی مۆرفۆلۆژیدا هەیە، تەنانەت بۆ وشەیەکی سادەش، کە جیاوازی شکانەوەیەکی سادە لە خۆدەگرێت (زێڕنگەر، زێڕەکە، زێڕێک ...هتد). لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا شێوازی دەربڕین و ڕاستاندنی فۆڕمی ناسراوی، لە هەموو ژینگەیەکدا یەک جۆر نییە و دەگۆڕێت، بۆیە زانیاریی فۆنۆلۆژیش لەخۆدەگرێت، دەتوانین بیربکەینەوە دەربارەی چی پێویستە لەدەوری وشەی( **زێڕ**) هەبێت، تا واتایەکی

زۆر تەواوتری هەبێت. سەرەتا پێویستە واتای شاوەچە جیابکەینەوە، لە واتای ناشاوەچەیی، لێرەدا واتای شاوەچەی( **زێڕ**) بریتییە لە کانزا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زێڕ زاراوەیەکی سەرپەرشتە بۆ کەتیگۆری خشڵەکان، لەوانە بازنە و موستیلەو..هتد.


لەم ڕوانگەیەوە سیمانتیک جیاوازی لە نێوان زاراوە سەرپەرشتەکە و جیاوازی لەنێوان هەریەک لەو زاراوانەدا دەکات، هەر دوو پەیپێبردنەکە گرنگن، بۆ نموونە 'زێڕ'، وەک جۆرێک لە کانزا و 'زێڕ' وەک ناوی کەتیگۆرییەکە 'زێڕ'، وەک ناوی کەتیگۆریەکە میراتی لە زێڕ، وەك (کانزا) وە بۆماوەتەوە، هەروەها لە ڕێگەی میراتی هەمەچەشنەییەوە لە هەردوو ( کانزا و خشڵ) ەو میرات بۆ (زێڕ) ماوەتەوە.

هەروەها گونجاوە 'زێڕ'، وەک کانزا بە شاوەچە دابنرێت، لە تۆڕبەندی زمانیی ڕێزمانی وشەدا، تۆڕێکی چڕتری پەیوەست بە شاوەچەوە هەیە، لەبەرئەوەی لەدەوری شاوەچەکە زانیاریی زیاتر هەیە، هەتا لە شاوەچەکە دووربکەوینەوە زانیاریی کەمترت دەبێت، هەرکاتێک زنجیرەی هەڕەمی میراتی بەرزتربێتەوە، زانیاریی بەردەست کەمتردەبێت، (لاکۆف) ١٩٨٧ دەڵێت " کەتیگۆرییە بنەڕەتییەکان ئەو کەتیگۆرییانەن، کە بە دەوڵەمەندترین تۆڕبەند دەورە دراون" (Gisborne,2020;57). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە جیاوازی لە نێوان زێڕ (وەک واتای لێکسیمی **زێڕ**) و'زێڕ' (وەک واتای ئاماژەیی زێڕ) بکەین. ئەگەر بڵێین (زێڕی عەیارە بیستویەک باشە) ، ئەمە پەیوەندیی ئاماژەیی_ جۆرییە.

## ٣-٢/٢) مۆرفۆلۆژی و پەیوەندییە فەرهەنگییەکان:

مۆرفۆلۆژی پەسنی گۆڕانەکان لەناو لێکسیمێکدا دەکات، وەک (ڕۆیشت، دەڕۆیشت، ڕۆیشتبوو). بە پێچەوانەوە سینتاکس دەربارەی ئەو ڕێگایانەن، کە وشەکان بەیەکەوە کۆدەکاتەوە( وشەکان وەک ئامڕازێک بۆ دابەشکردنی داتاکانی ڕێزمان بەکاردەهێنرێن، مۆرفۆلۆژی، تەرزەکانی ناوەوەی وشەکان دەگرێتەوە، بەڵام سینتاکس تەرزەکانی نێوان وشەکان دەگرێتەوە) (محێددین،٢٠١٣: ١٥٦-١٥٨). بۆ نموونە لە فۆڕمی( کۆ) دا، وشەکان مۆرفۆلۆژیی لەیەکچوویان هەیە، لە فۆڕمی بنەڕەتیی وشەکە و پاشگری (ان) پێکهاتوون، بەڵام لە سینتاکسدا جیاوازە زۆربەی

زمانەکان سەرەوڕیزبوونێکی ئازادیان هەیە، بەڵام ڕێکخستنی ئازادی توخمەکانی ناو وشەیەکیان نییە، هەردوو جۆری تەرزەکان سەربەخۆن و بەتەواوی لەیەکتر جیاوازن، لەیاسابەدەری مۆرفۆلۆژی پەیوەندیی بە لەیاسابەدەری سینتاکسەوە نییە، بۆیە ئەگەر وشەکان ئامڕازەکانبن، مۆرفۆلۆژی مامەڵە لەگەڵ فۆڕمەکانیاندا دەکات، لەکاتێکدا سینتاکس مامەڵە لەگەڵ بەکارهێنانیاندا دەکات. مۆرفەکان توخمی سەرەکی مۆرفۆلۆژین و هەمان ڕۆڵی وشە بۆ سینتاکس دەبینن. لە هێڵکاریی( ٢٦) دا، فۆڕمەکان وشەکان دەڕاستێنن، فۆڕمی وشەکانیش، گۆڕاوەکانن/variant بۆ فۆڕمەکانی تر.





هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٢٦) ڕاستاندی وشەکان لەلایەن فۆڕمەکانەوە

لەو هێڵکاریەدا، مۆرفەکان کراونەتە نێوان دوو کەوانەی چەماوەوە " پەیوەندی نێوان مۆرف و مۆرفیم، پەیوەندییەکی بەرانبەرییە، واتا هەر دەربڕاوێك ژمارەی مۆرفەکانی یەکسانە بە ژمارەی مۆرفیمەکان و بە پێچەوانەوە" (قادر،٢٠٠٣: ١٧)، بەم جۆرە دەتوانین دوو مۆرف لەوشەی (گوڵان) دا دیاریبکەین، {گوڵ} و {ان}، لە ڕێزمانی وشەدا، ئەمە بۆ داڕشتەی زۆرئالۆزی مۆرفۆلۆژی درێژدەکرێتەوە، کاتێک {گوڵ} لەگەڵ {ان} کۆدەکەینەوە فۆڕمی {{گوڵ}{ان}} مان دەستدەکەوێت، ئەمە پێیدەوترێت فۆڕمی وشە و (مۆرفەکان و فۆڕمی وشەکانیش بەیەکەوە پێیان دەوترێت (فۆڕمەکان).

فۆڕمەکان پۆلکردنی خۆیان هەیە، کە بەکەتیگۆرییە زۆر باووڕۆیشتوەکانی وەک(ڕەگ، پێشگر وپاشگر) ناسراون، لەم پۆلکردنەدا {گوڵ} مۆرفێکی ڕەگە و {ان} مۆرفێکی پاشگرە. لێکسیمی( **گوڵ** ) یش تایبەتمەندیی بناغەیی هەیە [= بناغە]. ڕۆڵی گۆڕاوەکان تەنها بریتی نییە لە جیاکردنەوەی شکاوەکان لە لێکسیمە بنەڕەتییەکانیان، بەڵکو ڕۆڵێکی زۆر گرنگیان لە جیاکردنەوەی لێکسیمێک لە لێکسیمێکی تر هەیە و ڕۆڵیان لە دەرخستنی پەیوەندییە فەرهەنگییەکانیشدا هەیە. بۆ نموونە مۆرفیمی {-ەر} لە وشەی( بینەر) دا لەناوی کرداری(بینین) ەوە جیابۆتەوە، کە بە ڕێگایەکی ڕوون و یاسایی دروستبووە. لەم بارودۆخەدا، (گۆڕاو-ەر) دەناسینەوە لە ناو {{بین}{ەر}} دا، وەک گۆڕاو-ەر ی{بینین}، بەڵام ئەمە پەیوەندیی بەو ڕێگایانەوە نییە، کە بۆ ناسینەوەی ناو بەکارهاتوون. تەرزە مۆرفۆلۆژییەکانی گۆڕاوەکان، کە فەرهەنگییانە بە لێکسیمەکانەوە بەستراون زۆر نزیکن لەوانەی، کە لە شکانەوەکاندا بەکاردەهێنرێن، لەجیاتی ئەوە هەندێک لە گۆڕاوەکان بۆ هەندێک لە شکانەوەکان بەکاردەهێنرێن، هەروەها بۆ هەندێک لە پەیوەندییە فەرهەنگییەکانیش بەکاردێت. لەلایەکی ترەوە هۆکاری باش بۆ جیاکردنەوەی شکانەوەکان لە پەیوەندییە فەرهەنگییەکاندا هەن.

ناوی (بینەر) فەرهەنگییانە بەناوی کرداری (بینین) ەوە بەستراوەتەوە، بەڵام لێشی جیاوازە، بە پێچەوانەی (بینەران) ەوە، کە لەگەڵ (ان) ی شکاوە کۆکراوەتەوە، یان تێکەڵکراوە. بڕوانە هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٢٧):




هێڵکاریی تۆڕبەندی(٢٧) شکانەوە و پەیوەندییە فەرهەنگییەکان

دارِشتە مۆرفۆلۆژییەکانی وشە بەشێوەیەکی بەرز بە پۆلکردنە رِێزمانییەکانەوە بەستراون، مۆرفۆلۆژی لەوانەیە شکانەوەیەکی وەک (کۆ)، یان پەیوەندییە فەرهەنگییەکە دەربخات، وەک ئەو پەیوەندییەی لە نێوان کردار و ناوە کردارەکەیدا هەیە. سەرەرِای ئەوەش دەتوانرێت، هەمان دارِشتەی مۆرفۆلۆژییانە، وەک هەبوونی {ان} لە ژمارەیەکی جیاوازیی شکانەوەدا بەکاربهێنین(یان لە پەیوەندییە فەرهەنگییە جیاوازەکاندا). ئەم رِوونییە دارِشتە مۆرفۆلۆژییەکە لە کەتیگۆریە رِێزمانییە زۆر ئەبستراکتییەکان جیادەکاتەوە.

ئەم تایبەتمەندییانە وامان لێدەکەن زانیاریی زمانیمان بنیاتبنێین. یەکێک لەو بنەمایانەی، کە زمانەکان لەسەری کۆکن ئەوەیە، کە دەتوانین بۆ ژمارەیەک لە ئاستی شیکردنەوەی جیاواز جیایی بکەینەوە، بەشێوەیەك لە ئاستێکدا واتامان هەیە، لە ئاستێکی تردا، یەکەکانی رِێزمان و لە سێیەم ئاستدا، فۆنیمە نوسراوەکانمان هەیە.

تێڕوانینێکی هاوئاهەنگیی زمان ئەوەیە، کە ئاستە جیاوازەکان لەزنجیرەی هەڕەمییدا لەلایەکەوە، لەگەڵ واتاو لەلایەکی ترەوە لەگەڵ نوسینی فۆنیمەکان و دەنگەکانی ئاخاوتن ڕێکخراون، لەبەرئەوەی ئێمە بەشێوەیەکی ئاسایی بیر لەواتا دەکەینەوە، وەک شتێکی پێویست، زمانەوانەکان هەمیشە واتا لەسەرەوەی زنجیرە هەڕەمییەکە دادەنێن و دەنگ و فۆنیمەکانیش لە خوارەوە، بەڵام ئاراستەی زنجیرە هەڕەمییەکە، تەنها میتافۆرێکی ئاساییە لەم چەمکانەدا، کاتێک قسەدەکەین، لە لوتکەی پلەبەندییەکەوە دەستپێدەکەین، واتە لە سیمانتیکیی ئینسکلۆپیدیاییەوە، دەبێت تاڕادەیەک کار بۆ فۆنیم و دەنگە کۆنکرێتیەکان بکەین، کاتێک ئێمە گوێدەگرین، یان دەخوێنینەوە، بەشێوەیەکی تر کاردەکەین، زنجیرە هەڕەمییەکە لە کۆنکرێت بۆ ئەبستراکت کاردەکات.


سەرەڕای ئەوەش، زماننا‌سان لەسەر ئەوە کۆکن، کە هەر ئاستێک ڕێبەرێک بۆ ئاستی سەرو خۆی دابیندەکات، بۆیە فۆنیمەکان بەڵگەن بۆ وشەکان، وشەکان بەڵگەن بۆ واتاکان، بەڵام فۆنیمەکان، یان دەنگەکان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی وشەکانەوە پەیوەندییان بە واتاوە هەیە، ئەو دانەیەی زۆر ڕاستەقینە بێت لەم پەیوەندییەدا، لە نێوان ئاستەکاندا پێیدەوترێت ڕاستێنراوە، لەوانەیە هەمان وشە بۆ پەیوەندیی نێوان وشە و واتاکەی بەکاربهێنرێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا واتا بۆ هەبوونی پشت بە وشەکە نابەستێت بەو شێوەیەی، کە وشەیەک پشت بە ڕاستاندنی کۆنکرێتییەکەی دەبەستێت. بۆ نموونە کەسێک، کە بە ئەو یان بەناوی خۆی ئاماژەی پێبکرێت، هەرکەسەکەیە و بوونی هەیە.

یەکێک لەبەڵگەکان بۆ بوونی مۆرفەکان لە مێشکدا ئەوەیە، کە خەڵکی ئاسایی نەک تەنها زماننا‌سەکان، وەک وشەیەکی نوێ بەدوایدا دەگەڕێن، بۆ نموونە وشەی (مەلە) وشەیەکی سەرەتایی و بناغەیە بۆ مەلەوان، بەڵام وشەی (مەل) سەرەتایی نیە بۆ (مەلە).

## ٤-٢/٢) زنجیرەی هەرەمیی توخمەکانی زمان:

زمان وەک زنجیرەیەکی هەرەمیی جیاواز لە شیکردنەوەدا ڕێکدەخرێت، کە تێیدا واتا لەسەرو دەنگ و فۆنیمەکانەوە بیری لێدەکرێتەوە و یەکەیەک لە ئاستێکدا، یەکەکانی تری ئاستی بەرزتر دەڕاستێنن، بەڵام واتا لەدەرەوەی زمان باشتر دەبینرێت و لە ڕێگەی واتا پەیوەندییدارەکانەوە نەک ڕاستاندنەوە بە وشەکانەوە بەستراوەتەوە.

ڕێزمانی وشە، وادادەنێت ئاستی فۆرمەکان لە نێوان وشەکان و دەنگەکانی ئاخاوتن و فۆنیمە نوسراوەکاندایە. ئەمە سێ ئاستی شیکردنەوە بە وشەکان دەبەخشێت، ئەوانیش سینتاکس و مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژین. ئاستی فۆرم ڕێگەماندەدات، بۆ دەستبەسەراگرتنی گشتاندنەکان دەربارەی پەیوەندییەکان لە نێوان سینتاکس و فۆنۆلۆژیدا، بۆ ئەوەی هەبوونیان لەڕووی ڕێسا درکپێکردنە گشتییەکانی گەورەکردنی گشتاندنەوە شیبکرێتەوە. بڕوانە هێڵکاریی (٢٨).




هێڵکاریی(٢٨) توخمەکانی زنجیرەی هەرەمیی زمان

لەم هێڵكارییەدا، زمان چوارجۆری لەتوخمەكان هەیە، وشەكان، فۆڕمەكان، دەنگەكان و فۆنیمەكان، وەک ئەوەی لەسەرەوە دەبینرێت دەنگەكان و فۆنیمەكان هەردووكیان بە پەیپێبردنەوە بەستراون، هێڵكارییەكە تەرزە گریمانەییە یاساییەكان پێشكەشدەكات، كە وشەیەک لەڕێگەی فۆڕمێكەوە دەڕاستێنرێت و فۆڕمەكانیش لەڕێگەی دەنگ و فۆنیمەكانەوە دەڕاستێنرێن، هەرچۆنێک بێت میراتی گریمانەیی ئەوەیە، كە لەڕێگەیەوە ئێمە دەتوانین چاوەڕوانی ناوازەیی بكەین، بە پێی ڕێسا ئەوە گونجاوە، كە هەندێک لە وشەكان، ڕاستەوخۆ لەلایەن دەنگەكانەوە، یان فۆنیمەكانەوە بڕاستێنرێن یان بنوێنرێن، بۆ نموونە لە زماندا كورتكراوەكان نموونەن بۆ ئەمە، ناوازەكانیش نابنە هۆی لاوازكردنی تەرزە گشتییەكان لە زماندا.

## ٥-٢/٢) ئیدیۆمەكان لە ڕێزمانی وشەدا:

ئیدیۆم بریتییە لە نیشانەیەكی ئاڵۆز یان بونیادێكە، لەگەڵ واتای ناشیكەرەوەیی، دەتوانین بە وردبوونەوە لە ئیدیۆم، ئەوەمان بۆدەربكەوێت، كە ئەم یەكانە بەشێوەیەكی زۆر دیار دەگۆڕێن، لە ڕووی ئاڵۆزیی داڕشتنیان، بەكارهێنانی زمانەوانییان، شیكردنەوەی ڕستەكان و لێكدانەوەی واتاكەیان، ئەم هۆكارانە وایان لە ئیدیۆم كردووەو داڕشتەیەكی ئاڵۆزیان هەبێت. (ئیدیۆم لە دەربڕینە ناداڕشتەییەكانە، بەو واتایەی دەربڕینەكە لەسەر بنەمای واتای پارچەكانی شیناكرێتەوە، ئیدیۆم بە دانەیەكی ئاخاوتن دانراوە، بە واتا ئیدیۆمیش وەك دەربڕاوە ئاساییەكانی تری زمان پێڕەوی یاسا و دەستووری زمانەكە دەكەن، پێكهاتەی مۆرفۆلۆژی و سینتاكسیی ئیدیۆم هەمان مامەڵەی كەرەستەكانی تری زمانیان لەگەڵدەكرێت، ئەوەندە نەبێت ئەمان بەهۆی چەسپاوی فۆڕمەكەیان سنوردارترن و كەمتر گۆڕانیان بەسەردا دێت، بەڵام لەڕووی سیمانتیكەوە بەتەواوەتی یاساكان دەبەزێنن) (حسەین،٢٠٠٩: ٣١-٣٢).

بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییە سەرەكییەكانی ڕێزمانی وشە، وەك میراتی گریمانەیی( كە ڕێگە بە ناوازەكان دەدات)، وەچە لێكسیمەكان (كە ڕێگە بە جیاوازییە بەشییەكان لە ناو لێكسیمێكدا دەدات)، داڕشتەی بەندێتیی( كە ڕێگە بە وشەكان دەدات، پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان لەگەڵ یەكتردا هەبێت) و داڕشتەی تۆڕبەند( كە بڵاوبوونەوەی چالاككردن و پەیوەندییەكان ڕووندەكاتەوە)،

هەوڵدەدەین بەئەم ئامرازانە ئەو ڕاستییە هەمەجۆرانەی دەربارەی ئیدیۆم بوونیان هەیە، بیخەینەڕوو.

ئیدیۆمەکان دەروازەیەکی جیاواز و تایبەتییان لە یادگەدا هەیە، هەرچەندە لێکسیمە ئاساییەکان و سینتاکسی ئاسایشیان تێدایە، میتافۆڕی ئاسایش لە خۆدەگرن، بەڵام پێکەوەبەستنێکی نائاساییان/ناسروشتیان هەیە. لەبەرئەوەی پێکەوەبەستنێکی نائاساییان هەیە، بۆیە سینتاکسی ئیدیۆمەکانیش نائاسایی بەستراونەتەوە و لە چەند ڕوویەکەوە جیاکراونەتەوە، بۆ نموونە لە ڕووی فۆڕمی پێکهاتەیانەوە، بۆ ئیدیۆمی وشەیی و فرێزی و ڕستەیی جیاکراونەتەوە.

لەبەرئەوەی زمان تۆڕبەندێکی درکپێکردنە، کەواتە ئیدیۆمەکان لە پەیوەندییان بە پێکهاتووە لێکسیمییەکانیانەوە(لێکسیمە پێکهێنەرەکانیانەوە) داکراون، ئیدیۆمەکان لەبەرئەوەی سروشتی ناوازەییان هەیە و میراتی گریمانەیش ڕێگە بە ناوازەکان دەدات، بە شێوەیەکی ئاسایی تەواوکەرێک پەیپێبردنی سەرە دەردەخات، بۆیە دەتوانێت تایبەتمەندییە گریمانەییەکان زیادبن، بۆیە لە هێڵکاریی تۆڕبەنددا، پەیپێبردنی ئەو تایبەتێتییە ناوازەییانە بۆ ئیدیۆمەکان دەخرێتەڕوو.


فرەیزە ئیدیۆمییەکان و دەربڕینە کۆکراوەییە ئیدیۆمییەکان هەردووکیان سینتاکسی ئاسایی بەکاردەهێنن، وشە سەرەکانیان پەیپێبردنی ناوازەییان هەیە، ئێمەی قسەپێکەرانی زمانەکە، لە کاتی شیکردنەوەدا، دەتوانین سینتاکسی ئیدیۆمەکە دەستکاری بکەین و بیگۆڕین، بەمەرجێک، لەگەڵ واتای ئیدیۆمەکەدا جیاواز نەبێت، واتا گۆڕان لەواتای ئیدیۆمەکەدا نەکات. لە ئیدیۆمدا پەیپێبردنی ئیدیۆمەکە تیشکی خراوەتە سەر، بۆ هەر جۆرە بەپێی تایبەتمەندیی سینتاکسی خۆیی و پەیپێبردنی واتاسازییەکەی شیکردنەوەی بۆدەکرێت. مەودای ئەگەرییەکان بریتی بوون لە، میراتی گریمانەیی، وەچە لێکسیمەکان بۆ وردەکاری سینتاکسی و سیمانتیکی، بەندەکان، وەک دەرخەرە سیمانتیکییەکان و داڕشتەی تۆڕبەند.

ئێمە لێرەدا شیکردنەوە بۆ دوو جۆر ئیدیۆمی ڕستەیی دەکەین، بڕوانە نموونەکانی(١٢ ) و(١٣):

١٢. کێچ کەوتە کەوڵی.

١٣. کای کۆن بەبا دەکات.


ئیدیۆمی نموونەی(١٢)، ڕستەسازییەکی توند و تۆڵی هەیە، پاش و پێش بەکەرەستەکانی ناکرێت، بڕوانە هێڵکاریی(٢٩)، ئیدیۆمی نموونەی(١٣) لە ڕووی سینتاکسییەوە کەمێک ئازادە، بۆ نموونە دەتوانرێت بوترێت (کای کۆن بە با کرا) بڕوانە هێڵکاریی(٣٠).




هێڵکاریی تۆڕبەندی(٢٩) داڕشتەی ئیدیۆمی کێچ کەوتە کەوڵی

لە داڕشتەی تۆڕبەندی ئیدیۆمی (کێچ کەوتە کەوڵی) دا، پەیوەندیی نێوان هێڵەگرێدەرە سەرەکییەکان و ئەو کەرەستانەی تایبەتمەندیی هێڵەگرێدەرەکەیان هەڵگرتووە، پیشاندراوە، بۆ نموونە هەریەك لە( کێچ و کەوڵ) سەر بە هێڵەگرێدەری ناون، هەروەها لە لێکسیمی( **کەوتن**) دا، کرداری (کەوت) دروستبووە، لە داڕشتەی بەندێتیی ئیدیۆمەکەدا، کردارەکە سەرەی ڕستەکەیە و دوو بەندی هەیە، بەندێکیان لە جۆری تەواوکەرە و خورتییە، کە بکەرەکەیە،

بەندەکەی تریان (سەربارە)، کە لە پێشناوێك ( ـە) و گرێیەکی ناوی (کەوڵی) پێکهاتووە، هەروەها لە دارشتەی بەندێتیی ڕستەکەدا، سەرەیەکی تر هەیە، کە بەسەرەی گرێی ناوییەکە دادەنرێت، کە پێشناوی (ـە) یە و گرێی ناوییەکەش تەواوکەرێکی خورتی ئەو سەرەیەیە، هەروەها ئەو کلیتیکەی لە نێوان ناو و جێناوە سەر بەخۆکەدایە، (کەوڵی ئەو) بە کلیتیکی خاوەندارێتی، ئاماژەی بۆکراوە. ئەگەر لە واتای فەرهەنگیی وشەکان بڕوانین، بە واتای (جۆرە مێرووویەك چووەتە پێستی ئەو زیندەوەرە) دێت، بەڵام واتای فۆنیمی وشەکان هاوواتا نییە، لەگەڵ واتای پەیپێبردووی ئیدیۆمەکە، کە (نائارامییە). ئەمەش جۆرێکە لە ناوازەیی لە زماندا، (ڕێزمانی وشە) ش، لە ڕێگەی میراتی گریمانەییەوە ئاماژەی پێدەدات.




هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٣٠) دارشتەی ئیدیۆمی (کای کۆن بەبا) دەکات

لە داڕشتەی تۆڕبەندی ئیدیۆمی(کای کۆن بەبا دەکات)، بەهەمان شێوەی ئیدیۆمی پێشوو پەیوەندیی هێڵەگرێدەرەکان و کەرەستەکان و نواندن و پەیپێبردنەکانیان خراوەتەڕوو. لە داڕشتەی بەندێتیی ئیدیۆمەکەشدا، سەرەی ڕستەکە کردارەکەیە، کە تێپەڕەو پێویستی بە دوو بەندی لە جۆری تەواوکەر هەیە، کە یەکێکیان بکەرەکەیە لە ڕێگەی کلیتیکی بکەرییەوە بە کردارەکەوە نوێنراوە و ئەوی تریشیان بەرکارەکەیە، کە لە دوو ناو و ئامرازێکی خستنەپاڵ پێکهاتووە، هەروەها کردارەکە بەندێکی لە جۆری سەربار وەرگرتووە (بە با)، کە لە پێشناوێك پێکهاتووە و بووەتە سەرە بۆ تەواوکەرەکەی. لەڕووی واتایشەوە واتای فەرهەنگی وشەکان لە واتای ئیدیۆمەکە جیاوازە، کە بە واتای ئەوە دێت دوای شەن و کەوکردنی خەرمان، بەتەواوەتی(کا) و (دانەوێڵەکە) لەیەکترجیادەبێتەوە، ئنجا ئەگەر کایەکە چەند جاری تر بەبا بکەیت، یەك دەنکە دانەوێڵەی تێدا نادۆزیتەوە و کارێکی بێ سوود و بێ کەڵکە و بگرە زیانیشی هەیە، چونکە تۆزێکی زۆری تێدایە، کە گەروو دەگرێت، ئەمە بۆ کارێك بەکارهاتووە، کە جگە لەوەی سودی نییە ئەنجامی بدەیت هەندێکجار زیانیشی هەیە.

## ٦-٢/٢) کلیتیکەکان لە ڕێزمانی وشەدا:

ڕێزمانی وشە مامەڵە لەگەڵ(نووسەك/ کلیتیك) [١] ەکاندا دەکات، وەك وشەیەك، کە فۆڕمی ئەم وشانە پاشگرێکە، نەك فۆڕمی وشەی ئاسایی. کلیتیکەکان وەك پاشگرەکان، پێویستیان بە وشەیەکە لەگەڵی بگونجێن، بەڵام لە حاڵەتی کلیتیکەکاندا ئەمە جۆرێکی تایبەتی وشەیە، کە پێیدەوترێت وشەی خانەخوێ" Hostword ". لە ڕێزمانی وشەدا کلیتیکەکان، وشەی ئاساییین، بەڵام مۆرفۆلۆژییانە بەهۆی تاکە پاشکگرێکەوە دەڕاستێنرێن، وەک پاشگرەکانی تر، پێگەی ئەوان لە ڕێی یاسا مۆرفۆلۆژییەکانەوە دیاری دەکرێت و لە ڕووی فۆنۆلۆژیشەوە وەک بەشەکانی وشە ڕەفتار دەکەن. وەك وشەکانی تر پەیوەندیی تەواوکەریی ڕستەسازییان لەگەڵ هەموو ڕستەکەدا هەیە و بەشێوەیەکی گشتیی سەرچاوەی جیاوازییان هەیە. بۆیە کلیتیکەکان ڕستەسازی لەگەڵ مۆرفۆلۆژی

---

١. لەم لێکۆڵینەوەیەدا، باس لە کلیتیکە جێناوییەکان کراوە.

کۆدەکەنەوە، وشەکان لەگەڵ تەواوکەریی ڕستەسازیی ئاسایی بەوشەکانی ترەوە بەستراونەتەوە، بەڵام بەشێکیشن لە داڕشتەی مۆرفۆلۆژیی وشەیەکی گەورەتر.


سروشتی زمانی کوردی بەوجۆرەیە، کە زمانێکی کلیتیکدارە، بەو واتایەی دەتوانرێت هەندێك لە توخمەکانی ڕستە و دەستەواژەکان، بکرێن بە کلیتیك و بچنە سەر وشەیەکی تر و بە شێوازێکی ئابووریکردن بەهەمان واتا دەرببڕدرێن، هەرچەندە ئەم بە کلیتیککردنە لە ڕووی گەیاندنی زانیارییەوە سنوردارە، واتە ناتوانرێت لەهەموو چوارچێوەی ئاخاوتنێکدا جێبەجێبکرێن(عەبدوڵا،٢٠١٣: ٦٨-٧١) ، بەڵام لە داڕشتەی ڕستەسازیی زمانی کوردیدا کلیتیکەکان بە هەمیشەیی هەن و بەشێکن لە داڕشتەی مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازیی ڕستەکان.

(گرنگترین نوسەکەکانی زمانی کوردی بریتین لە جێناوە لکاوەکان، مۆرفیمەکانی ناکردن، نیشانەی ناسراوی ئەلۆمۆرفەکانی) (محێددین،٢٠١٣: ٤٢)، (کلیتیکەکان)[١] لە داڕشتەی زماندا گرنگن و زیاتر دەبنە سەلمێنەری تیۆری ڕێزمانی وشە، چونکە سنوورەکانی نێوان وشە و مۆرفیمەکان و نێوان ڕستەسازی و مۆرفۆلۆژی دەبڕن، هێدسن(٢٠٠١) لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەڵێت کلیتیکەکان وشەی ڕستەسازین و وەک بەشێکی وشەش کاردەکەن، بۆیە بوونیان لە ڕووی تەواوکەریی ڕستەسازییەوە ڕوون دەکرێتەوە، بەڵام جێکەوتەکەیان پەیڕەوی یاسا مۆرفۆلۆژییەکان دەکات "وشەیەکی جیایە بۆ ڕستەسازی، بەڵام تەنها مۆرفێمێکە بۆ مۆرفۆلۆژی و فۆنۆلۆژی"(Hudson,2001:245). لەبەرئەوەی لە ڕێزمانی وشەدا، پۆلە ئاڵۆزەکان لە ڕێگەی میراتی گریمانەیی هەمەچەشنەوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە ڕێگە بە توخمێک دەدات بە گریمانە میرات لە چەندین کەتیگۆری/ پۆلی سەرووی جیاوازەوە وەربگرێت، بۆ نموونە (جێناوی کلیتیک) لە

---

١ . بۆجیاکردنەوەی نووسەك لە گیرەك، بڕوانە (قادر، ٢٠٠٣: ٢٣_٢٤) هەروەها دەربارەی جۆری تری کلیتیك لەزمانی کوردیدا، (سەمیرە ٢٠١٧) لە لێکۆڵینەوەیەکیدا بەناوی( The Kurdish Adpositional System: New Perspective) باس لە جۆرێکی تری کلیتیك دەکات لەزمانی کوردیدا، ئەوانیش پاشناوەکانی ( ەوە، دا، را) ن، پێی وایە ئەم پاشناوانە دەتوانن بە ناو  و جێناو و کلیتیکی جێگرەوەوە بنوسێن وەك وشەی خانە خوێ و بە واتای شوێنەوە پەیوەستن، وەك (پێدا،پێڕا)(Tawfeeq,2017) بەڵام هەریەك لەمانە زیاتر تایبەتمەندیی پاشناویان هەیە وەك لە کلیتیك.

(ناو یان جێناو و لە کلیتیکشەوە) میرات   وەردەگرێت، وەك هێڵکاریی تۆڕبەندی(٣١):




هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٣١) میراتی هەمەچەشنەیی جێناوی کلیتیك

بەکلیتیککردن ناتەبابییەك لە نێوان فۆڕمی وشە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە لەگەڵ ئەرکە ڕستەسازییەکەیان لە سینتاکسدا دەردەخات. لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە بەشێکە لە خانەخوێ،  وەك فۆڕم سەیردەکرێن، لە ڕستەسازییشدا لەڕووی ئەرکەوە لێیدەڕوانرێت، کۆمەڵێك هۆکار هەیە بۆ ئەوەی کلیتیك بەشێك بێت لە وشەی خانەخوێ نەك وەك فۆڕمێکی وشەی جیاواز بمێنێتەوە و بە ڕێککەوت چوبێتە تەنیشت خانەخوێوە، یەکێك لەو هۆکارانە(ڕێککەوتنە)، لە کرداری ئاڵۆزی(مۆرفۆسینتاکس) ی زمانی کوردیدا کلیتیك و خانەخوێیەکەی بەجۆرێك بەیەکدادەچن یاخود کارلێك دەکەن، پێویستیان بە پەیپێبردنێکی ورد هەیە بۆ جیاکردنەوەیان، تا بزانین کلیتیکەکان کامیان بکەرین یان بەرکارین، زیاتر تایبەتمەندیی شکانەوەکانیان هەیە وەك لە کلیتیکەکان، بۆیە وەك فۆڕمێکی مۆرفۆلۆژی دەبینرێن و دواتر بەپێی یاسا ئێرگەتیڤییەکانی زمانی کوردی و سەرە و  بەندەکانی لێکدانەوەیان بۆدەکرێت. لە زمانی کوردیدا، کلیتیکی بکەری و کرداری دابەشبوونی تەواوکەرانەیان هەیە و هەڵگری کەس و ژمارەن و ڕستەکە تەواودەکەن[١].


---

١. بڕوانە ٣/١-٣) ی لێکۆڵینەوەکە.

تایبەتمەندیی کرداری ئاڵۆز (مۆرفۆسینتاکس) لە زمانی کوردیدا ئەو مۆرفیمانەن، کە ئەرکی ڕستەسازییان هەیە لە زماندا و بەمۆرفۆلۆژی شکاندنەوە دانراون. چۆنیەتیی خستنە تەکیەکی کلیتیکەکان و وشەی خانەخوێ بەهۆی مۆرفیمەکانی شکانەوەوە بەرجەستەدەبن و واتای ڕێزمانی دەگەیەنن و پەیوەندیی ناوەوە دیاریدەکەن. وشەی خانەخوێ و کلیتیکەکان(تاف، ژمارە، ڕووکار، کەس، ڕێککەوتن، توخم...هتد) دەنوێنن، نابنە داڕێژەری وشەی نوێ، بەڵکو فۆڕمێکی نوێی وشەکانمان دەدەنێ، پۆلە ڕەگەزی وشەی خانەخوێیەکە ناگۆڕن، دەربڕی تایبەتێتیی وشە ئاماژە بۆکراوەکانن لە ڕستەکەدا، پێوەرێك پێکدەهێنن بۆ بەئەندامبوونی دەستەیەك لە سەرەکان و تەواوکەرەکانی ناو دەستەواژەیەك (قادر، ٢٠٠٣: ٢٣_٢٥).

لە ڕێزمانی وشەدا، کلیتیکەکان، وەک وشەی ڕستەسازیی جیاکراوە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت، کە پەیوەندیی بەندێتیی ئاساییان، لەگەڵ وشەکانی تردا هەیە. جێکەوتەی کلیتیکەکان بە گریمانەکردنی پەیوەندییە ڕستەسازییە سەربارەکان، کە ڕێگە بەهاتنی کلیتیک دەدەن، هەژماردەکرێت. داڕشتەی ڕستە لەڕێگەی بەندەکانەوە شیدەکرێتەوە وەك (بکەر، بەرکار، ...هتد) و پەیوەندییە سەربارەکانی ( مۆرفۆلۆژی و سینتاکس) کە بۆ خانەخوێ پێویستن، لێکدەدرێن.

کلیتیکەکان، وەك پاشگر  بە وشەی خانەخوێوە دەنوسێن، واتە لە فۆڕمی پاشگردان، جگەلەوە لەڕووی ئەرك و واتاوە، بەتەواوەتی جیاوازن، پەیوەندیی نێوان پۆلی وشە کلیتیك و پۆلی وشەی پاشگر، لە هێڵکاریی تۆڕبەندی ( ٣٢) دا دەخەینەڕوو:





هێڵکاریی تۆڕبەندی ( ٣٢) پەیوەندیی نێوان پۆلی وشەیی کلیتیك و پۆلی وشەیی پاشگر

لە هێڵکاریی (٣٢) دا پەیوەندیی نێوان هێڵەگرێدەرەکان و خاڵی بەیەکداچوونیان پیشاندراوە، کلیتیك، وەك بەشێکی سەر بە هێڵەگرێدەری وشە نوێنراوە لەوەدا، کە خاوەنی واتایەکە و وەك بەندێکی ڕستە توانای هەیە و فۆڕمێکی هەیە، هەرچەندە فۆڕمەکەی جیاوازە، یان دەتوانین بڵێین بەپێی میراتی گریمانەیی، کە ڕێگە بە ناوازەکان دەدات، کلیتیکەکانیش ڕێگەیان پێدەدرێت، جیاواز مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بەوەی هەڵگری هەموو زانیاریی و تایبەتمەندییەکانی وشەیەکە و تارادەیەك لەتوانایدا هەیە، لە جێی ئەو وشەیە بێت، بۆیە وەك وشەیەك مامەڵەی لەگەڵداکراوە. خاڵی هاوبەشیان، لەگەڵ پاشگر لەوەدایە، کە دەچنە سەر بناغەیەك، یان بەشی یەکەمی وشەیەك و بە پێچەوانەشەوە پاشگرەکان هەڵگری واتای شوێن، یان شتێکن، نەك هەڵگری زانیاریی و تایبەتمەندیی ڕستەسازیی وشەیەکی تربن.

### ٢/٢-٦-١) وشەی خانەخوێ:

وشەی خانەخوێ لە دوو بەش یان زیاتر پێکدێت، بەشێکیان بناغەکەیەتی و بەشەکانی تریشی کلیتیکەکانیەتی. وشەی خانەخوێ، بەستراوەبە بوونی کلیتیکەوە، واتە هەرکات کلیتیك هەبوو، وشەی خانەخوێش هەیە، لەسەر بنەمای جۆری وشەی خانەخوێیەکە، چەشنەکانی کلیتیکەکان دیاریکراون. بۆ نموونە لە زمانی کوردیدا کلیتیکی بەرکاری ناچێتە سەر (ناو)، بەڵام کلیتیکی بکەری دەچێتە سەر وشەیەك لە پۆلی(ناو) بێت. لە ڕێزمانی وشەدا کلیتیکەکان لەوشەکان جیادەکرێنەوە بەهۆی ئەو ڕاستییەی، کە کلیتیکەکان لەڕێگەی پاشگرەکانەوە دەڕاستێنرێن. هەر پاشگرێك پێویستی بە خانەخوێیەك هەیە، بەو واتایەی وشەیەك، کە بیگرێتە خۆی، بەڵام زۆربەی پاشگرەکان بە شکانەوە تایبەتەکانەوە بەستراونەتەوە، بۆ نموونە (ان) بە (کۆ) وە بەستراوەتەوە، وەك {شار}{-ان}. کلیتیکەکان کەتیگۆرییە شکانەوەکان و پەیوەندییە فەرهەنگییەکان ناڕاستێنن، بەڵکو وەك وشە ئازادەکان لە ڕێگەی سینتاکسەوە هاوبەشی لە واتادا دەکەن، بۆیە کلیتیك پێویستیی بە وشەیەك هەیە، کە شوێنێکی لە ڕستەدا پێ بدات. بەم وشەیەش دەوترێت وشەی خانەخوێ ، کە لەڕووی پەیوەندییەوە ڕۆڵی سەرەکیی بریتییە لە دانان و هەڵگرتنی کلیتیکەکان لە ڕیزبەندیەکدا. کەواتە دەتوانین بڵێین وشە خانەخوێکان ئەو وشانەن، کە مۆرفۆلۆژیی زۆر تایبەتیان هەیە و هیچ واتایەکیان نییە، واتە واتای بناغەکە ناگۆڕن، بەڵام تەواوکەری ڕستەسازی تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەم پەیوەندییە تایبەتە لەنێوان کلیتیك و وشەکاندا، لەهێڵکاریی ( ٣٣) دا دەخرێتە ڕوو:




هێڵکاری تۆڕبەندی(٣٣) پەیوەندیی نێوان کلیتیك و وشەکان

وشە ئاساییەکان فۆڕمی تەواوی شکانەوەی خۆیان هەیە، کە بەلانی کەمەوە لەیەك مۆرفیمی ڕەگ پێکهاتووە، بەڵام هەندێك لە کلیتیکەکان شکاونەتەوە، بۆ نموونە (لە ئەوان)، کاتێك دەبێتە کلیتیك، دەبێت بە (لێیان). بەم شێوەیە کلیتیك

وەك پاشگرێك تەنها لە فۆڕمێكی وشەی گەورەتردا دەردەكەوێت، كەواتە هۆكارێك بۆ ئەوەی وشەی خانەخوێ هەبێت ئەوەیە، كە هەر كلیتیكێك پێویستیی بە وشەی خانەخوێی هەیە، بە میرات بۆی بمێنێتەوە، بە جۆرێك، كە كلیتیك، وەك پاشگرێك لە وشەی خانەخوێدا ڕۆڵدەبینێت، لە زمانی كوردیدا وشە خانەخوێیەكان، بریتین لە (ناو،جێناوی سەربەخۆ، پێشناو و كردارەكان) ن، كردارەكان چالاكترین جۆری وشەی خانەخوێن، بەتایبەت لە كردەی مۆرفۆسینتاكسیی زمانی كوردیدا، بڕوانە نموونەكانی(١٤، ١٥، ١٦، ١٧):

١٤.ا.كتێبەكەی زیوەم خوێندەوە.

ب. كتێبەكەیم خوێندەوە.

١٥.ا. من لە ئاهەنگەكە ئەوانم بینی.

ب. من لە ئاهەنگەكە بینیمن.

١٦. دیارییەكە لە ئێمە وەربگرە.

ب. لێمان وەربگرە.

١٧.أ. من ئەوانم بۆ قوتابخانە برد.

ب. بردمن.

لە هەریەك لە نموونەكاندا، وشەی خانەخوێ هەیە، لە نموونەی ( ١٤.أ) دا، دوو ناو هەیە و بوونەتە وشەی خانەخوێ بۆ كلیتیكەكان و لە( ١٤.ب) دا ناوی(كتێب) بووەتە وشەی خانەخوێ، بۆ هەریەك لە كلیتیكەكانی (ی) و(م) ی ناوەكانی (زیوە) و (من) ی ڕستەی( ١٤.أ). لە نموونەی(١٥.أ.) دا، جێناوی (ئەوان) بووەتە وشەی خانەخوێ بۆ كلیتیكی (م) لە (١٥.ب) دا كرداری (بینی) بووەتە وشەی خانەخوێ بۆ كلیتیكی( م ، ن). لە نموونەی (١٦.ب) دا، پێشناوی (لێ) بووەتە وشەی خانەخوێ بۆ كلیتیكی(مان) ی جێناوی سەربەخۆی(ئێمە) لە (١٦.أ) دا. لە نموونەی (١٧.ب) دا كردارەكە بووەتە وشەی خانەخوێ بۆ هەریەك لە كلیتیكەكانی(م) و(ن).

دەشێت لە ڕستەیەكدا، لە وشەیەكی خانەخوێ زیاترمان هەبێت، وەك:

١٨.أ. تۆ پۆستەکەت بە ئەواندا ناردەوە؟

ب. پۆستەکەت پێیاندا ناردەوە؟

لە نموونەی (١٨.ب) دا، دوو وشەی خانەخوێ هەن، ئەوانیش (ناو و پێشناو) ن، کە هەریەك لە وشەکانی (پۆست، پێ) ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زمانی کوردی کلیتیکدارە.


لە داڕشتەی بەندێتیدا، کلیتیکەکان هەمیشە دەکەونە وشەی خانەخوێوە، کە سەر بەو کردارەیە، کە تەواوی دەستەواژەکە پشتی پێدەبەستێت. کردار وەك هێڵێکی پەیوەندیی گرنگ لە نێوان وشەی خانەخوێ و بەشەکانیدا ڕۆڵدەبینێت، بۆیە نێوەندگیرە لەنێوان ڕستەسازیی تەواوکەرییە ئاساییەکان و مۆرفۆلۆژیی کلیتیکەکاندا. لە زمانی کوردیدا، کاتێك توخمەکانی ڕستەکان بە کلیتیك دەکرێن، بە کردەی کرداری ئاڵۆز دانراوە و کردارەکان جێبەجێکەری کردەی کرداری ئاڵۆزن، لەبەرئەوەی ئەرکی کردار لە ڕستەدا (سەرە) یە و توخمەکانی تری وەك(بکەر و بەرکار) دەکرێن بە کلیتیك و دەلکێن پێیەوە، خودی کردار مۆرفیمەکانی(ڕەگ، کات،کەس) داڕشتەکەی پێکدەهێنن[١].

## ٢/٢-٦-٢) جۆرەکانی کلیتیکی جێناویی لە زمانی کوردیدا:

لە مۆرفۆلۆژی و ڕستەسازیدا، کلیتیک مۆرفیمێکە، کە تایبەتمەندیی ڕستەسازیی وشەیەکی هەیە، بەڵام لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە پشت بە وشەیەک، یان دەستەواژەیەکی دیکە دەبەستێت. بەو واتایەی، لە ڕووی ڕستەسازییەوە سەربەخۆیە، بەڵام لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە وابەستەیە، هەمیشە بە خانەخوێیەکەوە گرێدراوە، کلیتیکەکانیش، وەک تەرزە کۆنکرێتیەکان ڕێگە بە گشتاندن دەدەن، ئەو جێگرەوانەن، کە لە جیاتی وشەیەك دێن، ئەوانیش وەك کلیتیکی بکەری و بەرکاری و جێناوی لکاوی خاوەنداریی و کلیتیکی پۆلەکانی جیناوی لکاوی تایبەت، لە هێڵکاریی (٣٤) دا، جۆرەکانی کلیتیکی جێناویی خراوەتە ڕوو:

---

١.بڕوانە (٢/٣-٥) ی لێکۆڵینەوەکە.




هێڵکاریی تۆڕبەندی (٣٤) جۆرەکانی وشەی خانەخوێ


لە هێڵکاریی تۆڕبەندی(٣٤) دا هێڵەگرێدەری گشتیی وشەی خانەخوێ، تایبەتمەندییەکانی بە میرات بۆ هەر گرێیەکی گونجاو دەگوازێتەوە، کە بە خاڵێکی ڕەش ئامارژەی پێکراوە، لە جۆرەکانی وشەی خانەخوێشەوە لە هەرجۆرێکیانەوە بێت، پەیوەندیی لەگەڵ هێڵەگرێدەری جێناوی کلیتیکیدا دروستدەکات و دارشتەیەك دروستدەکات، دارشتەکە بۆی هەیە لە ناوێك و جێناوێکی بکەری پێکهاتبێت، یان لە ناوێك و جێناوێکی بەرکاری یان لە کردارێك و جێناوێکی بکەری و ...هتد.

### ٢/٢-٦-٢-١) جێناوە کلیتیکیە بکەرییەکان"Subject clitic pronouns":

لە زمانی کوردیدا، ئەم جێناوە کلیتیکییانە ڕێککەوتنی بکەر و کردار پیشاندەدەن، بۆیە هەمیشە بە خورتی لەناو دارشتەی ڕستەکاندا بوونیان هەیە، ئەگەر بکەر دەربڕابێت، یان نا. کلیتیکی بکەری بەپێی پێڕەوی تاف بە بەرکارەوە، یان بە کردارەوە لکاوە، ڕستەسازی کلیتیکی بکەری بەپێی جۆری کردارەکە دەگۆڕێت، لە کرداری ڕابردووی تێنەپەڕ و ڕانەبردووی تێپەڕو تێنەپەڕدا، دەچێتە سەرکردار و لە ڕابردووی تێپەڕیشدا دەچێتە سەر بەرکاری ڕستەکە، جێکەوتەکەشی لەناو ئەو وشەیەدایە، کە وەك خانەخوێ تێیدا جێگیردەبێت، ئەو فۆڕمانەی وەك جێناوی لکاوی بکەری، یان وەك کلیتیکی بکەری ناسراونەتەوە، سەر بە توخم و نیشانەکانی ڕێککەوتنە ئەرگەتیڤییەکانن(کەس، ژمارە)[١]. بۆ وردەکاری پێڕەوی ئەرگەتیڤیی زمانی کوردی بڕوانە (مەحویی، ٢٠١١: ١١٩-١٢٦)، بۆشیکردنەوەی کلیتیکی بکەری لە ڕێزمانی وشەدا، نموونەکانی( ١٩، ٢٠ ) لە هێڵکاریی تۆڕبەندی(٣٥، ٣٦) دەخەینەڕوو:

١٩. من تۆم ناسییەوە.

٢٠. من تۆ دەناسمەوە.





---

١.بڕوانە (٣/١-٣-٢) ی لێکۆڵینەوەکە.

هێڵکاریی تۆڕبەندی(٣٥) کلیتیکی بکەری لە ڕستەی ڕابردووی تێپەڕدا

لە هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٣٥) دا، جێکەوتەی کلیتیکی بکەری لە ڕستەی ڕابردووی تێپەڕدا خراوەتەڕوو، لە هێڵکارییەکەدا وشەی خانەخوێیەکە، ئەرکی ڕستەسازیی (بەرکار) ی هەیە و کلیتیکێکی بکەری لەخۆدەگرێت دەشێت هەر گرێیەك دروست بکەن، کە چەندین نموونەی زمانی هەبێت، بە خاڵێکی ڕەش ئاماژەی بۆکراوە، یەکێك لەو نموونە زمانییانە(تۆم)ە، ئەو تیرەی لە (تۆم)ەوە ڕۆیشتووە بۆ گرێکە (خاڵە ڕەشەکە)، واتە داڕشتەی وشەی (تۆم) بە هەمان شێوەی داڕشتەی ئەو گرێیەیە و ئەو تیرەشی لە گرێکەوە هاتووە بۆ(تۆم)، بە واتای هەمان ئەو تایبەتمەندیی و زانیارییە ڕستەسازییانەی لەو گرێیەدا هەیە، لە (تۆم) دا ڕەنگیداوەتەوە.





هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٣٦) کلیتیکی بکەری لە کرداری ڕانەبردووی تێپەڕدا

لە هێڵکاریی تۆڕبەندی(٣٦) دا، جێکەوتەی کلیتیکی بکەری لە ڕستەی ڕانەبردووی تێپەڕدا خراوەتەڕوو، لە هێڵکارییەکەدا وشەی خانەخوێیەکە (کردار) ە و کلیتیکێکی بکەری لەخۆدەگرێت، دەشێت هەر گرێیەك دروست بکەن، کە چەندین نموونەی زمانی هەبێت، بە خاڵێکی ڕەش ئاماژەی بۆکراوە، یەکێك لەو

نموونە زمانییانە (دەناسمەوە) یە، ئەو تیرەی لە (دەناسمەوە) ڕۆیشتووە بۆ گرێکە (خاڵە ڕەشەکە)، واتە داڕشتەی وشەی (دەناسمەوە) بە هەمان شێوەی داڕشتەی ئەو گرێیەیە و ئەو تیرەشی لە گرێکەوە هاتووە بۆ(دەناسمەوە)، بە واتای هەمان ئەو تایبەتمەندیی و زانیارییانەی لەو گرێیەدا هەیە، لە (دەناسمەوە) دا ڕەنگیداوەتەوە.

لە زمانی کوردیدا، کلیتیکەکان دەچنە سەرکردارەکە، وەک وشەی خانە خوێ، تەواوکەرەکان پشتی پێدەبەستن، بەڵام لە کرداری ڕابردووی تێپەڕدا، لەو حاڵەتەدا، کە بەرکار لەڕستەکەدا بێت، کلیتیکی بکەری دەچێتە سەر بەرکار، بۆیە هەردووکیان هەمان وشەی خانەخوێیان نییە، بەڵام ئەگەر بەرکار لابراو کردارەکە وەک سەرەوڕیزبوونی مۆرفۆسینتاکس مایەوە، ئەو کاتە هەمان وشەی خانە خوێیان دەبێت و بەندەکانی ڕستەکە لە جۆری تەواوکەر، دەبن بە کلیتیک و دەچنە سەر کردارەکە، وەك لە هێڵکاریی( ٣٧) دیارە:




هێڵکاریی تۆڕبەندی(٣٧ ) ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی ڕابردووی تێپەڕ


لە هێڵکاریی تۆڕبەندی (٣٧) دا، داڕشتەیەکی مۆرفۆسینتاکس بۆ(کرداری ڕابردووی تێپەڕ) خراوەتەڕوو، وشەی خانەخوێیەکە، لە هێڵەگرێدەری کردارەوە هاتووە، واتە تایبەتمەندییەکانی کرداری هەیە و پاشان بووەتە وشەیەکی

خانەخوێ بۆ هەریەك لە كلیتیكەكانی (بكەری و بەركاری)، كە هەریەك لەمانەش بە تایبەتمەندییەكانی خۆیانەوە لە هێڵەگرێدەری خۆیانەوە هاتوون و میراتیان وەرگرتووە ئەو دارِشتەیەی، كە دروستدەبێت، تێكەڵەیەك دەبێت لە تایبەتمەندیی هەریەك لەو چوارهێڵەگرێدەر(كردار، وشەی خانەخوێ، كلیتیكی بكەری، كلیتیكی بەركاری)، ئەمەش لە ڕێزمانی وشەدا پێیدەوترێت (میراتی هەمەچەشنەیی). پاشان بۆ ئەم دارِشتە ئەبستراكتە نموونەی (ناسیمیتەوە) هاتووە، ئەم دارِشتەیەش لەڕووی واتاوە، پەیپێبردنێكی هەیە، كە (من تۆم ناسییەوە) یە.

## ٢/٢-٦-٢-٢) جێناوەلكاوە بەركارییەكان:


ئەم دەستە جێناوە بەخورتی لە ڕستەكاندا نین، واتە كاتێك بەركار هەبێت، كلیتیكی بەركاری نییە، ئەم جێناوە لكاوانە دەچنە سەر كردار، واتە تەنها وشەی خانەخوێی ئەم جۆرە كردارەكانن، لە دارِشتەی ڕستەی ئاساییدا دەرناكەون، لە دارِشتەی ڕستەی مۆرفۆسینتاكسییشدا، لە تافی ڕابردوو و ڕانەبردوودا دەردەكەون، وەك نموونەی(٢١) دا، بڕوانە هێڵكاریی تۆڕبەندی ( ٣٨) و(٣٩):

٢١. دەیكرِێت.




هێڵكاری تۆڕبەندی(٣٨) دارِشتەی ئەبستراكتی (كردار)، وەك وشەی خانەخوێ

لە هێڵکاریی تۆڕبەندی(٣٩) دا، کردارێك، وەك وشەی خانەخوێ، کە دەشێت هەر کردارێکی تێپەڕ بێت، جێناوی کلیتیکی بکەریی و بەرکاری وەردەگرێت، داڕشتەیەك دروستدەکات.





هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٣٩) ڕستەی مۆرفۆسینتاکسی ڕانەبردووی تێپەڕ

لە هێڵکاریی تۆڕبەندی (٣٩) دا، داڕشتەیەکی مۆرفۆسینتاکس بۆ(کرداری ڕانەبردووی تێپەڕ) خراوەتەڕوو، وشەی خانەخوێیەکە، لە هێڵەگرێدەری ڕەگی کردارەوە هاتووە، کە لە هێڵەگرێدەری گشتیی کردارەوە هاتووە، واتە تایبەتمەندییەکانی کرداری هەیە و پاشان بووەتە وشەیەکی خانەخوێ بۆ هەریەك لە کلیتیکەکانی (بەرکاری و بکەری)، کە هەریەك لەمانەش بە تایبەتمەندییەکانی خۆیانەوە لە هێڵەگرێدەری خۆیانەوە هاتوون و میراتیان وەرگرتووە، ئەو داڕشتەیەی کە دروستدەبێت تێکەڵەیەك دەبێت لە تایبەتمەندیی هەریەك لەو چوارهێڵەگرێدەر(کردار، وشەی خانەخوێ، کلیتیکی بکەری، کلیتیکی بەرکاری)، ئەمەش لە ڕێزمانی وشەدا پێیدەوترێت (میراتی هەمەچەشنەیی). پاشان بۆ ئەم داڕشتە ئەبستراکتە نموونەی، (دەیکرێت) هاتووە، ئەم داڕشتەیەش لەڕووی واتاوە پەیپێبردنێکی هەیە، کە (ئەو شتێك دەکرێت)، کە دەشێت(خانوو، کتێب،...هتد) بێت.

### ٢/٢-٦-٢-٣) جێناوە لکاوە خاوەندارێتییەکان:

ئەم جۆرەی کلیتیك، هەم لە فۆڕمی خستنەپاڵدا و هەم لەفۆڕمی مۆرفۆسینتاکسییدا هەیە، ئەم جۆرە کلیتیکانە دەچنە سەر وشەی خانەخوێی جۆری ناو. لە ڕووی فۆڕمەوە، لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی تافی ڕابردووی بکەردیار وەکیەکن (مەحویی، ٢٠١١ :١٢٦)، وەك نموونەی (٢٢) لە هێڵکاریی تۆڕبەندی (٤٠) دا خراوەتە ڕوو:

٢٢. ئەو کتێبەکەمی برد.




هێڵکاریی تۆڕبەندی( ٤٠) کلیتیکی خاوەندارێتی لە ڕستەی ( ئەو کتێبەکەمی برد )

لە هێڵکاریی تۆڕبەندی(٤٠) دا وشەی خانەخوێی کلیتیکی خاوەندارێتی (ناوە) و داڕشتەیەك دروستدەکات لە هەریەك لەو سێ هێڵەگرێدەرەوە( ناو، وشەی خانەخوێ، کلیتیکی خاوەندارێتی) یەوە میرات وەردەگرێت و (کتێبەکەم)، وەك یەکێك لە نموونەکانی ئەوجۆرە داڕشتەیە هێنراوەتەوە.

## ٢/٢-٦-٢-٤) کلیتیکی جێناوە تایبەتەکان:

ئەم جۆرە کلیتیکە بەو جۆرە دەوترێت، کە لە فرێزێکی پێشناویدا دێت، بەهۆی پێشناوەکانەوە( بە، لە) (پێ،لێ،تێ) دێن، دۆخی ڕێزمانیی خستنەپاڵ و پێشناوی دەدەن. هەدسن(٢٠٠١) بە کلیتیکە تایبەتەکان ناویان دەبات (Hudson,2001:263),(Hudson& Camdzic 2007:25-26)، لە نموونەکانی (٢٣.أ، ٢٣.ب) دا دیارە:

٢٣.أ. من نەمتوانی بەباوکم بڵێم.

ب. نەمتوانی پێی بڵێم.

لە ڕستەی(٢٣.أ) دا، تەواوکەری پێشناوەکە (باوك) فۆڕمێکی سەربەخۆی هەیە، کاتێك پێشناوەکە بە ئەلۆمۆرفەکەی (پێ) دەگۆڕێت لە(٢٣.ب) دا، تەواوکەرەکەی بۆ کلیتیکی جێناوی وەك( ی) دەگۆڕێت، پێشناوی (بە) دۆخی ڕێزمانی دەبەخشێت، بەڵام (پێ) دۆخی ڕێزمانی نابەخشێت. تەواوکەرەکانی پێشناوەکان دەشێت( ناو، فرێزی ناوی، ئاوەڵکردار، جێناوی سەربەخۆ، یان کلیتیکی جێگرەوە) بن. پێشناوەکانی (پێ، تێ، لێ) بە خورتی تەواوکەرە کلیتیکەکان وەردەگرن، بڕوانە نموونەکانی (٢٤ ):

٢٤.أ. ئازاد دووان لە سێوەکان دەخوات.


ب. ئازاد دووان لەوانە دەخوات.

پ.*ئازاد دوو دەخوات.

ت. دوانیان لێدەخوات.

لە زمانی کوردیدا، ناوە ژمێردراوەکان، تەواوکەرێکیان دەوێت، بۆیە (لەوان، لە سێوەکان) تەواوکەری (دووان) ن لە ڕستەکانی(٢٤.أ و ب) دا و ڕستەی (٢٤.پ) دا ناڕێزمانییە. لە ڕستەی (٢٤.ت) دا کلیتیکی(یان) ئاماژەیە بۆ کەتیگۆریی(سێو) و پێشناوی(لێ) ش ئاماژەی فۆڕمی(لە) یە و هەربۆیە، کە داڕشتەکە دەبێت بە کرداری ئاڵۆز، دەبێتە جێگرەوەی. بڕوانە نموونەی ( ٢٥):

٢٥. لێیان دەخوات.




هێڵکاریی تۆڕبەندی(٤١) بۆ ڕستەی(لێیان دەخوات)

لە هێڵکاریی تۆڕبەندی (٤١) دا، داڕشتەیەکی مۆرفۆسینتاکس خراوەتەڕوو، وشەی خانەخوێیەکە، لە هێڵەگرێدەری پێشناوەوە هاتووە، واتە تایبەتمەندییەکانی پێشناوی هەیە و پاشان بووەتە وشەیەکی خانەخوێ بۆ کلیتیکە تایبەتەکان، کلیتیکەکە(یان) بووەتە تەواوکەری پێشناوەکە (لێ).

# بەشی سێیەم
# دارشتەی ڕستە لە ڕێزمانی وشەدا

## ٣) داڕشتەی ڕستە لە ڕێزمانی وشەدا:

لەم بەشەدا، وەك لایەنی کارەکیی تێزەکە، شرۆڤەی داڕشتەی ڕستەکانی زمانی کوردی بەپێی ڕێزمانی وشە ئەنجام دەدەین و جگە لە خستنەڕووی وردەکارییە ڕستەسازییەکانی چۆنیەتیی شیتەڵکردنی داڕشتەی ڕستەسازیی ڕستەکانی زمانی کوردی بە ڕێزمانی وشە لە هەمانکاتیشدا داڕشتەی ڕستەکانی زمانی کوردی و تۆڕبەندی وشەییان شرۆڤە دەکەین و پەیوەندییە تۆڕبەندییەکانی کەرەستە زمانییەکانی ناو ڕستەی زمانی کوردی، بەپێی ڕێزمانی وشە شیدەکەینەوە.

## ١/٣) داڕشتەی بەندێتیی "dependency structure":

ڕێزمانی وشە بۆ شیکاری ڕستەسازیی ڕستەکان پشت بە ڕێزمانی بەندیتی"dependency grammar" دەبەستێت، ڕێزمانی بەندێتیی بریتییە لە پۆلێک لە تیۆرییە ڕێزمانییە مۆدێرنەکان، کە هەموویان لەسەر بنەمای پەیوەندیی بەندێتیی دامەزراون[١]. بەندێتیی ئەو تێڕوانینەیە، کە یەکە زمانییەکان بۆ نموونە (وشەکان) لەڕێگەی پەیوەندییەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە. لەناو یەکەکانیشدا کردارە کات و کەسدارەکان، توخمێکی سەرەکین لە داڕشتەی ڕستەدا، توخمەکانی تری (وشەکانی تر) ڕستە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی پەیوەندییەکانەوە بە کردارەوە بەستراونەتەوە، بەمە دەوترێت بەندێتیی.

لە ڕێزمانی وشەدا هەموو پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای وشە دامەزراون، بۆیە گرنگی و جەخت لەسەر وشەکانە، هەریەك لە داڕشتەی بەندێتیی و فرێزەکان ڕێگەیەکی جێگرەوەی نواندنی پەیوەندییەکانن لە نێوان وشەکاندا، بەڵام ڕێزمانی وشە بەتەواوەتی واز لە فرەئاستی نواندنی ڕستەسازیی و گواستنەوەکان

---


[١].ڕێزمانی بەندێتیی مۆدێرن لەلایەن زمانناسێکی فەرەنسی بەناوی Lucien Tesni ere لەساڵی (١٩٥٩) گەشەپێدراوە و لە سەدەکانی ناوەڕاستەوە لەلایەن ڕێزماننناسە نەریتییەکانەوە بەکارهێنراوە، دواتر لەلایەن چەند زمانەوانێکی ترەوە گەشەی بەخۆیەوە بینیوە (Debusmann, 2000:2) .

دەهێنێت و تیشکدەخاتە سەر ڕێزمانی بەندێتیی، بۆ زانینی جیاوازییەکان لە نێوان ڕیزمانی بەرهەمهێنان و ڕێزمانی بەندێتیی بڕوانە(کانبی،٢٠١٥: ٢٨-٤١)

دارِشتەی بەندێتیی  بە پەیوەندیی نێوان وشەیەک (سەرەیەك) و بەندەکانی دیاری دەکرێت بەو واتایەی لە نواندنی پەیوەندییەکان لەنێوان سەرە و بەندەکەیدا پێکدێت. لەم تیۆرییەدا، پەیوەندییە ڕێزمانییەکان، یان ئەرکەکان بەهۆی نیشانەی ڕوونەوە پیشاندەدرێن، وەك ( بکەر،بەرکار..) و (بەندێتیی).

پەیوەندییەکانی نێوان وشەکان لەناو شێوەیەکی بازنەیی، یان  لە هەندێك شوێندا لەناو شێوەیەکی هێلکەیدا نوسراوە و بەهۆی تیرەکانەوە لە سەرەکەوە بۆ بەندەکانی ڕۆیشتووە، گرێیەکی ڕەگ بە ڕوونی ڕەگی ڕستەکە دیاریدەکات و سەرەی دارشتەکەیە.

لە شیکردنەوەکاندا، هەریەك لە فۆڕمی ڕێزمانی و ئەرکی ڕێزمانیی وشەکان بەکاردێت، بۆ نموونە ئەو وشەیەی ئەرکی (کردار) لە ڕستەکەدا دەبینێت، هەر زاراوەی (کردار) ی بۆ بەکاردێت، ئەو وشانەشی کە ئەرکی ( بکەر، یان بەرکار) دەبینن، زاراوەی (ناو، یان جێناو) یان بۆ بەکاردێت، لە ڕێزمانی وشەدا ئەمە بە واتای ئەوەی هەریەك لە (بکەر و بەرکار و کردار) سەر بە هیڵەگرێدەری (وشە) ن، بەڵام (کردار) هەر سەر بە هیڵەگرێدەری( کردار) ە و ( بکەر و بەرکار) یش سەر بە هیڵەگرێدەری (ناو) ن، چونکە ئەگەر (جێناو) یش بن، هەر سەر بە هێڵەگرێدەری ناون، بڕوانە هێڵکاریی تۆڕبەندی(١):




هێڵکاریی تۆڕبەندی (١) فۆڕم هەمبەر بە ئەرکی ڕێزمانی وشەکان

## ١-١/٣) پەیوەندیی بەندێتیی"dependency relation":

هەموو جۆرەکانی ڕێزمانی بەندێتیی پێیان وایە، کە داڕشتەی ڕستە کۆمەڵە وشەیەك لەخۆدەگرێت، کە پەیوەندیی نابەرانبەری/ناهاوسەنگی لە نێوانیاندا هەیە، بەم پەیوەندییەش دەوترێت پەیوەندیی بەندێتیی،(کانبی،٢٠١٥: ٤٣)، بەو واتایەی هەموو پەیوەندییەکانی ئەم ڕێزمانە لە ڕێگەی پەیوەندیی بەندیتییەوە شیدەکرێنەوە. بەندێتییش بریتییە لە پەیوەندیی نێوان توخمە زمانییەکان لە داڕشتەدا، ئەویش لەڕێی سەربەخۆبوون و سەربەخۆنەبوونی تواناکەیان. واتە لە هەر ڕستەیەکدا تەنها یەك کەرەستە سەربەخۆیە، کەرەستەکانی تری ڕستەکە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پێیەوە بەندن، یان پشتی پێدەبەستن.

تیۆریی بەندێتیی بەزۆری لەسەر دوو تەوەرە دامەزراوە، ئەویش ئەوەیە، کە هەموو ڕستەیەك کردارێکی سەرەکی هەیە و ئەویش سەرەی ڕستەکەیە،

دوەمیشیان پەیوەندیی بەندێتیی هەریەك لەو كەرەستانە بە كردارەكەوە بەندن، ئەمە جگە لەوەی پەیوەندییە ناوەكییەكانی گرێیەك بە كردارەوە پەیوەست نین، (پەیوەندیی بریتییە لە تایبەتمەندیی سەرە و بەندەكانی، كە دەبێت لەلایەن ڕێزمانەوە بنیاتبنرێت، لەگەڵ هەموو تایبەتمەندییەكانی سەرە و بەند (وەكو واتاكەیان، ڕاستاندنەكەیان و هتد ...) بەو واتایەی ڕێزمان، دەبێت بڕیاربدات لە هەبوونی پەیوەندیی گونجاو لەنێوان سەرە و بەندەكانی، تاكە ڕێكاریش بۆ دروستكردنی تایبەتمەندییەكان بەهۆی میراتەوەیە، بۆیە پەیوەندیی پێویستە وەك تایبەتمەندییەكی سەرە، یان تایبەتمەندییەكی بەند بە میرات مابێتەوە یان لە تایبەتمەندیی هەردووكیانەوە بە میرات مابێتەوە. بە واتای پەیوەندی بە هیچ شێوەیەک پێویست ناكات بە تەنها یەكێک بێت لە تایبەتمەندییە بۆماوەییەكانی سەرە، بەڵكو هەندێک لایەنی پەیوەندی دەبێت، لەلایەن (بەند) ەوە بۆماوەیی بێت. لەو حاڵەتەی، كە پەیوەندیی لەلایەن (بەند) ەوە بۆماوەییە ئەو بەندە پێیدەوترێت سەربار و بوونیان پەیوەندیی بەوەوە هەیە، كە هیچ شتێک زیاد ناكات بۆ ئەو ڕاستییانەی، كە پێشتر لە ڕێزمانەوە بەردەستن. دەتوانین بڵێین پێشبینی نەكراوە)(Hudson,2007:164). جگە لە دیاریكردنی سەرە و بەندەكان، ڕێزمانی بەندێتیی ڕێگەماندەدات، جۆرەكانی پەیوەندییە ڕێزمانییەكان، یان ئەركە ڕێزمانییەكانیش پۆلبكەین، بەپێی جۆر و هاوهێزیی سەرەكە، لەوانە چەمكە ئاشناكانی( بكەر، بەركاری ڕاستەوخۆ، بەركاری ناڕاستەوخۆ)، بەپێی ڕێزمانی بەندێتیی بەندەكانی كردار بەسەر دوو دەستەی گشتیدا دابەشدەكات ئەوانیش(تەواوكەرەكان و سەربارەكانن) و تەواوكەرەكانیش (خورتی و سەرپشكی) ین و سەربارەكانیش (گشتی و تایبەتیی) ن، سەربارە تایبەتەكان لەڕووی واتاوە پەیوەندیی تایبەتیان بە سەرەكەیانەوە هەیە، واتە هەر سەربارێكی تایبەتی ناتوانرێت، لەگەڵ هەموو سەرەیەكدا بەكاربهێنرێت و بەپێچەوانەوە سەرباری گشتی دەتوانریت، لەگەڵ هەرجۆرێكی سەرەدا بەكاربهێنرێت، وەك لە نموونەی (١) دا دیارە.


١. من ئەمڕۆ كتێبخانەكەم بەخۆشییەوە بۆ لانە ڕێكخست.

لە ڕستەی(١) دا، هەریەك لە (من و كتێبخانە) تەواوكەری خورتین، (بۆ لانە) تەواوكەری سەرپشكییە، (ئەمڕۆ) سەرباری گشتییە، (بە خۆشییەوە) سەرباری تایبەتییە، (ڕێكخست) سەرەیە.

کردارەکان ڕەگی ڕستەن و کەرەستەکانی تریش، پشت بە ئەو دەبەستن و کەرەستەکانی تری ڕستەش وەك( ئاوەڵناو) پەسنی ناو دەکەن لەو بارودۆخەدا ناو دایك وباوکە و ئاوەڵناویش بەندی ئەو دایك وباوکەیە، بەم شێوەیە زۆربەی وشەکانی ناو ڕستەیەک دایک و باوکی وشەیەک و بەندی وشەیەکی ترن. (لە زمانی کوردیدا پۆلی ڕەگەزە حوکمکەرەکان بریتین لە(کرداری کات وکەسدار، ڕەگی کردار، مۆرفیمی تاف، مۆرفیمەکانی نەکردن، پێشناوەکان، ئاوەڵناو، دیاریخەر) لەناو ئەمانەدا (کردارە کات وکەسدارەکان و پێشناوەکان) حوکمی دۆخی ڕێزمانی ئاشکراو لەڕوویان هەیە)(حسێن، ٢٠٢١: ٢٢).

بۆ بە هێڵکارییکردنی ڕستەیەک لە ڕێزمانی وشەییدا، هەر پەیوەندییەک بە بەندێتیی وشە-وشە ناودەبرێت، ڕەگی ڕستەکە لە ڕێگەی تیرێکی ستوونی، کە ئاماژەیە بۆ ئەوەی لە دایك و باوکێکەوە هاتووە دیاریدەکرێت. (بەندێتیی وشە-وشە) بەهۆی تیرێکەوە نیشان دەدرێت، کە لە دایک و باوکەوە، یان سەرەوە بەرەو بەندەکانی ئاڕاستەکراوە. کاتێک هەموو پەیوەندییەکان لە ڕستەیەکدا دیاریکران، دەبێت کردارەکە تاکە وشە بێت ،بمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی تیرێک ئاماژەی پێبکات، بڕوانە نموونەی(٢):

٢.نەسرین پڵاو لێدەنێت.




دارِشتەی بەندێتیی(١) بۆ(نەسرین پڵاو لێدەنێت)

لە شیکردنەوەی نموونەی(٢) دا، کرداری (لێدەنێت) ڕەگی ڕستەکەیە و سەرەیە، سەربەخۆیە و کەرەستەکانی تری ڕستە بۆ ئەو دەگەڕێنەوە و دوو بەندی لە جۆری تەواوکەر هەیە، یەکێکیان بکەرە (نەسرین)، ئەوی تریشیان بەرکارە(پڵاو).

## ٢-١/٣) شیتەڵی داڕشتەی توخمە پێکهێنەرەکانی ڕستەی زمانی کوردی لە چێوەی ڕێزمانی وشەدا:

١.سەرە:

بەشی سەرەکیی ڕستەیە و هەموو بەشەکانی تر بەمەوە بەستراون، لەبەرئەوەی زانیاریی واتایی گرنگ دەگوازێتەوە، واتای تەواوی ڕستەکە لەلایەن ئەمەوە دیاریدەکرێت. تاکە وشەیە، کە دەتوانێت شوێنی تەواوی ڕستەکە بگرێتەوە، ناتوانرێت بکرتێنرێت، چونکە زانیارییەکان بەوەوە بەندن. بۆیە سەرەکان هەڵگری گرنگترین زانیاریی سیمانتیکن لە ڕستەکاندا و هەمیشە خورتین و لەگەڵ کەرەستە شوێنکەوتوەکانی خۆیاندا ڕێکدەکەون، لەسەر هەندێك، یان هەموو نیشانە ڕێزمانییەکانی هەمان سەرە (کانبی، ٢٠١٥ :٤٨)

٢.بەندەکان، ئەو کەرەستانەن کە لەناو ڕستەدا بوونیان سەربەخۆ نییە، بەڵکو بەکەرەستەکانی ترەوە پەیوەستن، بەندەکانیش بۆ (تەواوکەر و سەربارەکان) دابەشدەبن، بەگوێرەی پەیوەندیی نێوان سەرە و بەندەکانی هەریەك لە تەواوکەر بۆ (تەواوکەری خورتی و سەرپشکی) دابەش دەبێت و سەرباریش بۆ( سەرباری تایبەتی و گشتی).


٣. تەواوکەر زاراوەیەکە بۆ پێکهاتە سەرەکییەکانی ڕستەیەك لە داڕشتە ڕێزمانییەکاندا بەکاردێت. توخمی سەربار، توخمێکی سەرپشکییە، بەشێوەیەکی سەرەکیی، زانیاریی زیادە لەخۆدەگرێت و کرتاندنیان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر ڕێزمانی بوونی ڕستەکە نابێت، بەڵکو لە وردەکاری زانیارییە دراوەکانی ڕستەکە کەمدەکاتەوە(عەول، ٢٠٠٨: ٢٩-٣٠) بڕوانە نموونەی (٣):

٣. زانا بەپەلە نانەکەی خوارد.

لە نموونەی (٣) دا، هەریەك لە(زانا) و(نانەکەی)، وەك تەواوکەری سەرە و (بەپەلە) ش، وەك سەربارێك هەژماردەکرێن. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت، کەرەستە تەواوکەرییەکان لە ڕستەدا ناتوانرێت بکرتێنرێن، بەڵام کەرەستە سەربارەکان دەتوانرێت لابرێن و ڕستەکەش ناڕێزمانی نەبێت، هەروەها ژمارەی تەواوکەر سنوردارە و بەجۆری کردارەکەوە بەندە، بەڵام ئەم سنوردارییە بۆ سەربار نییە، چونکە هیچ سنورێکی ڕێزمانی بۆ ژمارەی سەربار لە دروستەی ڕستەدا نییە ( عەول،٢٠٠٨ :٢٨).

لە داڕشتەی بەندێتیی ڕێزمانی وشەدا، جگە لە دیاریکردنی بەندەکانی ڕەگی ڕستەکە، لەناو بەندەکانیشدا وشەکان پشت بەیەك دەبەستن بۆ نموونە ئەو وشانەی، کە لەگەڵ ناودا دێن، ناو بە دایك وباوك، یان سەرەی ئەوان دادەنرێت، ئەمانیش دەکرێن بە دوو بەشەوە ئەو دەرخەرانەی پێش سەرە دێن، وەك( وشەکانی (هەر، تەنیا...)، وشەی نیشانە (ئەم، ئەمانە...)، وشە پرسەکانی(چ، کام)، ڕادە( هەندێك، کەمێك) وشەی نەرێی (هیچ)، ئاوەڵناو لەپلەی باڵاترین( گرانترین، جوانترین..) نازناو (مامۆستا، حاجی...) ئەو دەرخەرانەی دوای سەرەش دێن وەك (ناو یان جێناو، ئاوەڵناو، هەندێ وشەی ڕادە، فرێزی پێشناوی، پاڕستەی شوێنکەوتوو (عەول،٢٠٠٨ :٩-١٢)(صدیق، ٢٠٠٨ :٦٥). بڕوانە نموونەکانی (٤ تا ٩) بەهەمان شێوە ئاوەڵناویش دەبێتە سەرە، بۆ ئەو کەرەستانەی لەگەڵیدا دێن.

٤. هەر شیرین ببە.





داڕشتەی بەندێتیی(٢) بۆ ڕستەی(هەر شیرین ببە)

لە داڕشتەی بەندێتیی ڕستەی (٤) دا، دوو بەندی سەرەکیی هەن، کە ئەوانیش بکەرو بەرکارن، هەرچەندە بکەر لە ڕێگەی کلیتیکی بکەری نوساو بە کردارەکەوە

دەرکەوتووە. لەناو بەندی بەرکاریشدا، ناوی (شیرین) بووەتە سەرە بۆ دەرخەرەکەی(هەر).


٥.ئەو گوڵانە ئاوبدە.




داڕشتەی بەندێتیی(٣) بۆ ڕستەی (ئەو گوڵانە ئاوبدە)

لە داڕشتەی بەندێتیی ڕستەی(٥) دا، بەهەمان شێوە سەرەی ڕستەکە (کرداره) ەکە دوو بەندی هەیە، ئەوانیش (بکەر) و(بەرکار) ن، لەناو فرێزی(ئەو گوڵانە) شدا، (گوڵ) سەرەی (ئەو) ە، (ان) ی کۆش دەرخەری کۆی سەرەکەیە. هەموو کەرەستەکان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە، پەیوەندییەکەش خۆی لە سەرە و دەرخەرو دیاریکەردا دەبینێتەوە.

٦. دوو دەفتەرم بۆ بکڕە.





داڕشتەی بەندێتیی(٤) بۆ ڕستەی(دوو دەفتەرم بۆ بکڕە)

لە داڕشتەی بەندێتیی ڕستەی ( ٦) دا، لە هاوهێزیی کردارەکەدا، دوو بەندی لە جۆری تەواوکەر (بکەر و بەرکار) هەیە. لە داڕشتەکەدا بەندێکی تری لە جۆری

(سەربار) هەیە، کە گرێیەکی پێشناوییە، پێشناویش، وەك سەرەیەك تەواوکەرەکەی لەدوای خۆیەوە دێت، بەڵام لێرەدا بەهۆی لابردنی(من) ی تەواوکەری پێشناوەکە و کردنی بە کلیتیك بە وشەی خانەخوێی( بەرکار) ەکەوە، ئاڕاستەی تیرەکە بۆ پێش پێشناوەکە گۆڕاوە و تەواوکەرەکەی لەپێشەوە دەرکەوتووە. هەروەها ناوی (دەفتەر) بووە بە سەرە بۆ دەرخەرەکەی، کە ژمارە(دوو) ە.


٧. چ ڕەنگێك هەڵدەبژێریت؟




دارِشتەی بەندێتیی(٥) بۆ ڕستەی(چ ڕەنگێك هەڵدەبژێریت؟)

لە دارِشتەی بەندێتیی ڕستەی (٧) دا، هەریەك لە تەواوکەرەکانی (بکەر) و(بەرکار) هەیە و ناوی(ڕەنگ) یش سەرەی وشەی پرسی(چ) و ئامرازی نەناسراوی(ێك) یش، دەرخەری نەناسراوی ڕەنگەکەیە.


٨. باشترین کارت هەڵبژاردووە.




دارِشتەی بەندێتیی(٦) بۆ ڕستەی(باشترین کارت هەڵبژاردووە)

لە داڕشتەی بەندێتیی ڕستەی (٨ ) دا، جگە لە پەیوەندیی سەرەی ڕستەکە و بکەر و بەرکار پەیوەندیی سەرەی وشەی (کار) و دەرخراوەکەی، ئاوەڵناوی پلەی باڵای (باشترین) یش هەیە.

٩. گوڵەکانی نەسرینی خوشکم وشکبوون.




داڕشتەی بەندێتیی(٧) بۆ ڕستەی(٩)

لە داڕشتەی بەندێتیی ڕستەی(٩) دا، سەرەی ڕستەکە یەك بەندی لە جۆری تەواوکەر هەیە، ئەویش (بکەر)ە، لەناو داڕشتەی کەرەستەکانی بکەرەکەدا سەرەی (گوڵ) هەیە، دیاریکەرێك (ەك) و (ان) ی مۆرفیمی کۆ، کە دەرخەری کۆی ناوی (گوڵ)ە، ئامرازی(ی) خستنەسەر، کە پێویستی بە تەواوکەری(نەسرین) و(خوشك) هەیە. کلیتیکی(م)، جێگرەوەی جێناوی(من)ە و تەواوکەری (خوشك) ە.

لە میراتی سەرەکاندا جۆری تەواوکەرەکان هەن، واتە ئەو تایبەتمەندییانەی بۆ تەواوکەری سەرەیەك پێویستن، لە میراتی سەرەکاندا تۆمارکراون، بۆ نموونە ناوەکانی، وەك (خۆپاراستن)، داوای تەواکەرێك دەکات، کە لەشێوەی گرێی (لە) دابێت و (پشت بەستن)یش، داوای تەوکەرێك دەکات، کە لە شێوەی (بە) دا بێت، ئەم تەواوکەرانەش خورتین، لەشێوەی ئامرازی بەندان(کانبی، ٢٠١٥: ٥٢) بڕوانە، نموونەکانی(١٠ أوب) و(١١ ا وب) :

١٠ا. پشت بەستن بە کەسی دڵسۆز

ب. *پشت بەستن لە کەسی دڵسۆز

١١ا.خۆپاراستن لە پەتای کۆرۆنا

ب.*خۆپاراستن بە پەتای کۆرۆنا

تەواوکەرەکانی سەرەی ڕستەیەك، واتە تەواوکەرەکانی کردار، ئەو توخمە ڕستەسازییانەن کەلەلایەن کردارەوە هەڵدەبژێردرێن، بەو واتایەی، کە بوونیان بە کرداری سەرەکیی ڕستەوە بەندە، بەشێکن لە هاوهێزیی کردارەکە، بە بەشێك لە زانیارییە لێکسیکییەکانی کردارەکە دەژمێردرێن، کردارەکانی زمانی کوردی جگە لە ڕەگی کردارەکە، لەچەند مۆرفیمێکی تر(کات و کەس و ژمارە) پێکهاتوون" ڕەگی کردار، سەرەی واتایی کردارە، چونکە بە گۆڕینی مۆرفیمی کات، یان نیشانەی ڕێککەوتن واتای فەرهەنگیی کردارەکە ناگۆڕێت"(عەول ،٢٠٠٨ :١٦) تەواوکەرەکانی کردار لە (بکەر، بەرکار، بەرکاری ناڕاستەخۆ، پاڕستەی تەواوکەری، تەواوکەری بکەر) پێکدێت. هەندێك کردار هەن تەواوکەری تایبەتییان دەوێت لە جۆری بەندی فرێزی پێشناوی، هەر گۆڕانکاریەك لەم فرێزەدا بکرێت واتاکەی دەگۆڕێت. وەك کردارەکانی (مۆڵەتدان، بەکرێدان...هتد)، بۆ نموونە:

١٢. زانا مۆڵەتی بە ئازاد دا.

١٣. زانا خانووەکەی بە ئازاد بەکرێدا.

زاراوەی هاوهێزیی، بۆ ژمارەی ئارگومێنتەکانی کردار بەکاردەهێنرێت، کە بەناوی هێزەکانی کردارەوە هاتوون، کردار هەیە (یەك هێزییە ، دوو هێزییە، یان سێ هێزییە)، کرداری بکەرنادیار بە بەراورد بە بکەر دیارەکەی هێزی کەمترە، یان باشترە بڵێین هێزێکی کەمبۆتەوە، بۆیە کردارەکان لەڕووی هاوهێزییانەوە جیاوازن.

## ٣-١/٣) ڕێککەوتن لە ڕستەی زمانی کوردیدا:

چەمکی ڕێککەوتن و گونجانی ئەو کەرەستانەی داڕشتەی ڕستەیەك پێکدێنن بنەمای بونیادی داڕشتەیی ڕستەسازیی خودی داڕشتەی ڕستەکەن. ڕێککەوتنەکانیش لە نێوان کەرەستەکانی ڕستەیەکدا، هەم دەبێت ڕێزمانییانە بێت و هەم دەبێت واتاییانەش بێت. لە بنەڕەتیشدا ڕێککەوتنە ڕێزمانییەکان لە پێناو هێنانەوەی ڕێککەوتنە واتاییەکاندایە و بە مەبەستی گەیاندنی واتایەکی ڕاست و دروستە بە ڕستەکە. لەم پێناوەشدا لە داڕشتەی ڕستەی زمانی کوردیدا

وەك هەر زمانێكی تر، چەندین جۆر ڕێككەوتنی ڕێزمانییانە بوونیان هەیە، كە پێكەوە سەرجەمیان داڕشتەیەكی ڕستەسازیی دروست بۆ ڕستەكە دەخولقێنن و ڕستەیەكی ڕێزمان دروست و واتا ڕاست دادەڕێژن. ڕێككەوتنی نێوان كەرەستەكانیش، زیاتر ڕێككەوتنە لە ( كەس و ژمارە و ئاماژە ڕێزمانییەكاندا )، ڕوودانی ڕێككەوتنەكەش، لە نێوان خودی كەرەستەكانی داڕشتەی ڕستەكەدایە، واتە یان لە نێوان (بكەر و كردار) ، یان لە نێوان (بەركار و كردار) ، یان لە نێوان (بكەر و بەركار)، یان لە نێوان (بەركاری ناڕاستەوخۆ و كردار)، یان لە نێوان (تەواوكەر و كردار) دایە. بۆ ڕێككەوتن و جۆرەكانی ڕێككەوتن بڕوانە (ئەمین،٢٠٠٣: ١٥٩_١٦٦) (عەلی ئیبۆ،٢٠٠٨: ٦٩)(سەعید،٢٠٠٩: ١٧-١٨).

لەسەر بنەمای شرۆڤەكانی سەرەوە، ڕێككەوتی ڕێزمانییانەی نێوان كەرەستەكانی داڕشتەی ڕستەی زمانی كوردی دەتوانرێت ئەم چەشنانەی لێ دیاریبكرێت وەك لە سەرچاوە ڕێزمانییەكانی زمانی كوردیدا شرۆڤەی بۆ كراوە و ئێمەش لەم لێكۆلێنەوەیەدا، جارێكی تر و لەسەر بنەمای چەمكەكانی ڕێزمانی وشە بە شێوەی تۆڕبەندی ڕیزمانییانە، هەم چەشنەكانی ئەو ڕێككەوتنانە شرۆڤە دەكەین و هەم شرۆڤەی بۆ هەر یەكەیان نموونە و هێڵكاریی تۆڕبەندی داڕشتە ڕێزمانییەكەی بۆ دەكێشین، لەسەر بنەمای چەمكی بەندێتیی ڕێزمانی وشە و دەشیكەینە بنەمایەك بۆ دامەزراندنی كلێشە و ڕێبازێكی لێكۆڵینەوەی وردی زانستییانە، بۆ شیكردنەوە و خستنەڕووی داڕشتەی ڕێزمانی وشەی سەرجەم چەشن و جۆرەكانی ڕستەی زمانی كوردی. ئەمە جگە لە نواندنی هێڵكاریی تۆڕبەندی وشەییانەی خودی ڕستەكان.

لە زمانی كوردیدا، كلیتیكەكان ڕۆڵێكی گرنگیان لە داڕشتەی ڕستەسازیی ڕستەكاندا هەیە، لە شیكردنەوەی بەندێتیی ڕستەكانیشدا، ئەمانە تەنها مۆرفیمێكی ئاسایی نین، بەڵكو پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان، لەگەڵ كەرەستەیەكی دەربڕاو، یان دەرنەبڕاوی ڕستەكەدا هەیە و ڕێككەوتن لە نێوان كەرەستەكانی داڕشتەی ڕستەدا دروستدەكەن.(جێناوە لكاوەكان، جگە لە جێناوی خۆیی و جێناوی خاوەنداریی، كە بە پلەی یەكەم بۆ ڕێككەوتن نین لە نێوان توخمەكانی ڕستەدا، جێناوە لكاوەكانی تر بۆ ڕێككەوتنی ئەرگەتیڤیین) (مەحویی،٢٠١٠ : ٣٦).

( مەحویی، ٢٠١٠) ڕێککەوتن لە زمانی کوردیدا دەکات بەچەند چەشنێکەوە:

### ٣/١-٣-١) ڕێککەوتنی ئاسایی بکەر_کردار لە داهاتوودا:


ڕێککەوتنی خورتی بکەر و کرداری تافی ڕانەبردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ، لە کەس و ژمارەی بکەردا چەشن و ڕێککەوتنی ڕێزمانی دەنوێنێت، کلیتیکی ڕێککەوتنەکەی ئاسایی و نیشانەنەکراوە و دەستەی (م_ین) بە کردارەکەوە لکاوە. بکەر لە دۆخی بکەرییدایە و بەرکاریش لە دۆخی خستنەسەردایە (مەحویی، ٢٠١٤ :٦٩). وەك لە نموونەکانی ( ١٤) و (١٥) و(١٦) و (١٧) دا، دەردەکەوێت و ئەم چەشنە ڕێککەوتنە لە ڕێگەی تۆڕبەندێکەوە خراوەتەڕوو، بڕوانە تۆڕبەندی ژمارە(٢)، بۆ هەریەك لە نموونەکانیش داڕشتەی بەندێتیی نموونەکە و ڕێککەوتنی ناو ڕستەکان، لە هێڵکارییەکانی(٣، ٤، ٥، ٦، ٧) دا نوێنراون:

١٤. زیوە وێنە دەکێشێت.

١٥. من دەڕۆم .


١٦. ئەو دێت.

١٧. ئەوان دێن.





هێڵکاریی تۆڕبەندی (٢) ڕێککەوتنی بکەر_ کردار لە کرداری داهاتوودا

لە هێڵکارییەکەدا، هێڵەگرێدەرە گشتییەکە (کردار) ەکەیە، لە کردارەکەوە هێڵەگرێدەری کرداری تافی داهاتوو وەرگیراوە، لێرەدا پەیوەندیی بە هاوهێزیی کردارەکەوە نییە. لەڕووی کەس و ژمارەوە، لەگەڵ بکەرەکەی ڕێکدەکەوێت، تایبەتمەندیی ژمارە بەهاکانی(تاك وکۆ) ی هەیە، تایبەتمەندیی(کەس) یش بەهای(یەکەم و دووەم وسێیەم) ی هەیە. کلیتیکەکانی دەستەی(م_ین) ئەم ڕێککەوتنە، لەگەڵ (ناو یان جێناو) ی بکەریدا بە ئەنجام دەگەیەنن. لەناو هێڵکارییەکەدا، گرێی خاڵە ڕەشەکە بۆ هەرگرێیەکە، کە هەریەك لەو ژمارە و کەسانە بنوێنن.





هێڵکاریی تۆڕبەندی(٣) ڕێککەوتنی بکەر_کردار لە ڕستەی (زیوە وێنە دەکێشێت)

لە دارِشتەی ڕستەی( زیوە وێنە دەکێشێت) دا، کردارەکە سەر بە هێڵەگرێدەری تافی داهاتووی کردارە، بکەری ڕستەکە سەر بە هێڵەگرێدەری(ناو)ە و لێرەدا ناوەکە لە تایبەتمەندییەکانی (کەس و ژمارە) یدا، تایبەتمەندیی کەسی (سێیەم) و ژمارە (تاك)ی هەیە، جێناوی لکاوی کردارەکەش بەهەمان شێوە تایبەتمەندیی کەسی سێیەمی تاکی هەیە، بۆیە بکەر و کردارەکە ڕێککەوتنیان هەیە.





هێڵكاریی تۆڕبەندی(٤) ڕێككەوتنی بكەر_ كردار لە ڕستەی (من دەڕۆم)

لە داڕشتەی ڕستەی (من دەڕۆم) دا، ڕێككەوتنی بكەر و كردارەكە لە كەسی (یەكەم) و ژمار (تاك)دایە.




هێڵكاریی تۆڕبەندی(٥) ڕێككەوتنی بكەر-كردار لە ڕستەی (ئەو دێت)

لە هێڵكاریی تۆڕبەندی ڕستەی(ئەو دێت) دا، بكەری ڕستەكە تایبەتمەندیی كەسی سێیەمی تاكی هەیە و كردارەكەش هەمان تایبەتمەندیی هەیە، بۆیە لێرەدا ڕێككەوتنی بكەر كردار هەیە.





هێڵکاریی تۆڕبەندی(٦) ڕێککەوتنی بکەر_کردار لە ڕستەی (ئێوە دێن)

لە هێڵکاریی تۆڕبەندی(٦) دا هەریەك لە بکەروکردارەکە، لە کەس و ژمارەدا ڕێککەوتوون، تایبەتمەندیی کەس و ژمارەی بکەرو کردارەکە، بریتییە لە کەسی سێیەمی کۆ.

## ٣-١/٣-٢) ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیی_کارایی خورتیی:

ئەم جۆرە ڕێککەوتنە بە ڕێککەوتنی بکەر_بەرکار لە تافی ڕابردوودا ناو دەبرێت، لە ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤییدا، زمانی کوردی ئامێری مۆرفۆلۆژییانەی وەك کلیتیکەکان بەکاردەهێنێت، ڕێککەوتنی کارای بەرکاری تافی ڕابردووە لە کەس و ژمارەدا، لە ڕێی کلیتیکی کاراییەوە، کە بە کلیتیکی دەستەی (م_مان) نیشانە کراوە، کارا لە دۆخی ئەرگەتیڤیدایە، بەرکارە ڕاستەوخۆیەکەش لە دۆخی ئەبسۆلۆتیدایە (دۆخی ڕیزمانیی بکەری زمانە ئەرگەتیڤییەکانە)، بە کلیتیکە نائاساییەکە نیشانە لێدراوە، لێرەدا نموونەی تێنەپەڕ ناهێنینەوە، چونکە دۆخی ئەرگەتیڤیی تایبەتە بە کردارە تێپەڕەکان، نیشانەکانی ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیی بکەر و بەرکاری ڕستە لە تافی ڕابردوودا، دەستەی (م_مان)ە (مەحویی،٢٠١٤، ٧٠). وەك نموونەی(١٨):

١٨. ئێمە تۆمان دۆزییەوە.




هێڵکاریی تۆڕبەندی(٧) ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیی کارایی خورتی


لەهێڵکاریی تۆڕبەندی ڕستەی(١٨) دا، کارا لە دۆخی ئەرگەتیڤییدایە و بەرکارییەکەش لە دۆخی ئەبسۆلۆتیدایە، بۆیە ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیی بکەر بەرکار لە کەس و ژمارەدا ڕوویداوە. ڕێککەوتنی بەرکار و کردار لێرەدا ڕێککەوتنێکی ئاساییە، نەك ئەرگەتیڤیی.

## ٣-٣-١/٣) ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیی[١]_بەرکاری سەرپشکی:

بریتییە لە ڕێککەوتنی نێوان بەرکاری ڕاستەوخۆ و کردار، لە کەس و ژمارەدا، بەرکار لە دۆخی ئەبسۆلۆتیدایە و بۆ ڕێککەوتنی لەگەڵ کارادا، بە دۆخی ئەرگەتیڤییەوە بە کلیتیکی نائاسایی نیشانە لێدراوە، لێرەدا بۆ ئەوەی بەرکارەکە بە دۆخی ئەبسۆلوتییەوە، لەگەڵ کردارەکەدا ڕێکبکەوێت، کلیتیکی ئاسایی بە کردارەکە دەدرێت و رێککەوتنی ناڕاستەوخۆ لە نێوان( بکەر و کرداردا) دروستبووە، وەك نموونەی(١٩):

١. بۆ وردەکاری زیاتر لەسەر ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤی و بەتایبەت بۆ هەریەك لە کردارەکانی( هەبوون و مان)، بڕوانە لێکۆڵینەوەی( پاشماوەی سیستەمی ئەرگەتیڤی لە کرمانجی ناوەڕاستدا) (محەمەد، ٢٠١٢: ٢٧-٣٤).

١٩.دایکم گوڵی زۆری هەن.




هێڵکاریی تۆڕبەندی(٨) ڕێککەوتنی بەرکار لەگەڵ بکەرو کردار

لە هێڵکاریی تۆڕبەندی ڕستەی(١٩) دا، ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیی بکەرو بەرکار لە کەس و ژمارەدا هەیە و هەریەك لە بکەرو کلیتیکەکە، هەڵگری تایبەتمەندیی کەسی سێیەمی تاکن، ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیی سەرپشکیش لە نێوان بەرکار و کردارەکەدا هەیە، کە هەریەکەیان کەسی سێیەمی کۆن. بەم جۆرە کلیتیکەکان یەکێکن لە تەواوکەرەکان و بەتایبەت تەواوکەرە خورتییەکان، چونکە کلیتیك جێگەی سەربار ناگرێتەوە، واتە لەو بەندانەیە، کە لە جۆری تەواوکەرن، تەواوکەری خورتی ناتوانرێت بکرتێنرێت، چونکە واتای ڕستەکە تێکدەچێت، بەڵام سەربار دەکرتێنرێت.

## ٢/٣) دارِشتەی بەندێتیی لە ڕێزمانی وشەدا:

دارِشتەی بەندێتیی، بەشێکە لە تۆڕێکی زمانیی گەورەتر، (هەدسن ٢٠٠٧)، وەك بنەمایەکی سەرەکیی تیۆرییەکەی دەڵێت" لە ڕێزمانی وشەدا خاڵی سەرەکیی ئەم بانگەشەیە ئەوەیە، کە زمان جگە لەتۆڕبەندێك هیچی تر نییە، هیچ یاسایەك، ڕێسایەك، یان پارامێتەرێك نییە بۆ تەواوکردنی ئەم تۆڕبەندە. هەموو شتێك لە زماندا دەتوانرێت لە ڕێگەی گرێکانی ئەو تۆڕبەندەوە پەسنبکرێت" (Hudson,2007:2). لێرەدا ڕستەکان نواندنێکی هۆشەکییان هەیە، کە لە وشە ئامازەییەکان و بەندێتییەکەی نێوانیان پێکهاتووە، هەموو وشە ئامازەییەکان بە پەیپێبردنەکەی و سەرچاوەکەیەوە بەستراون.( هەریەك لە بەندەکان و لێکسیمەکان بنیادەکانن، وشەیەك پەیپێبردنی خۆی هەیە، پەیوەندییەکی ڕستەسازیی، پەیوەندییەکی واتایی پەیوەنددار بەخۆیەوە هەیە، بەستنەوەی

ئارگومێنت، تەنها گەیاندنی تەرزە لێکسیمییەکانە بە وابەستەیییەکی گونجاو، کە کۆنترۆڵی چۆنیەتی نەخشەکێشانی ئارگومێنتە واتاییەکان بۆ ئارگومێنتە ڕستەسازییەکان دەکات، میراتی گریمانەیی ڕێگەماندەدات وەچەچەشنەکانی بەندێتیی بنوێنین، بۆ نموونە کردارێك وەچەچەشنیکی بکەری دروست و هاوتا بە واتاکەیی هەڵدەبژێرێت) (Gisborn,2010:20). وەك نموونەی (٢٠ا و ب) دا دەرکەوتووە:

٢٠أ. کانیاوەکان وشکبوون.

٢٠.*کانیاوەکان وشکبوو.

لە ڕستەی ( ٢٠ ب) دا، کردارەکە بکەرێکی گونجاوی هەڵنەبژاردووە، لەبەرئەوەی بکەرەکە هەڵگری تایبەتمەندیی واتای کۆیە و کردارەکەش بکەرێکی تاکی دەوێت.

لە ڕیزمانی وشەدا، هەر وشەیەك پەیوەندیی، لەگەڵ وشەکانی هاوسێیدا هەیە، واتە پێش، یان دوای خۆیی هەیە، ئەمە جگە لە دیاریکردنی ڕەگی ڕستەکە و هاوهێزییەکانی وەك تەواوکەرێك، بەندەکان دەکات بە دوو بەشەوە، بەندەکانیی پێش سەرە و دوای سەرە، لە دارشتەی ڕستەی زمانی کوردیدا بە هۆی سەرەوڕیزبوونی وشەکانی زمانی کوردییەوە، کردار لە کۆتایدایە بۆیە بەندەکان زیاتر لەپێشەوەن. بڕوانە نموونەی(٢١):

٢١. ئازاد شەممە کتێبەکەی بە ئیمەیڵ بۆ زانا نارد.

لە نموونەی (٢١) دا، (نارد) کردارە و سەرەی ڕستەکەشە، لە دارشتەی هاوهێزیی ئەم کردارەدا سێ بەند هەیە، (ئازاد و کتێبەکە) بەندە خورتییەکانی بکەر و بەرکارن، (بۆ زانا) بەندێکی سەرپشکییە، (بەئیمەیڵ) سەربارێکی تایبەتە و(شەممە) سەربارێکی گشتییە. دەتوانین بڵێین هەردووکیان سەربارن. لەهەر ڕستەیەکدا کرداری (ناردن) ی تێدا بێت سێ بەندەکەش بوونیان هەیە، چونکە ئەم بەندانە لەڕیزی زانیارییە فەرهەنگییەکانی کرداری ناردنن. بەمەش بکەرو بەرکار بەندی جۆری تەواوکەرە خورتییەکانی ئەم کردارەن، بە کرتاندنیان

ڕستەکە دەبێتە ناڕێزمانی، بەڵام بەرکارە ناڕاستەوخۆکە، (بۆ زانا) تەواوکەرێکی سەرپشکییە، چونکە بە کرتاندنی داڕشتەی ڕستەکە، نابێتە ناڕێزمانی، بەڵام واتاکەی بەشێوەیەکی شاراوە لەناو کردارەکەدا دەمێنێتەوە، بۆ نموونە:

٢٢. ئازاد کتێبەکەی نارد.

بە واتای ئەوە دێت ئازاد کتێبەکەی بۆ کەسێك، یان بۆ شوێنێك ناردووە، (بە ئیمەیڵ) سەربارێکی تایبەتە، چونکە لەگەڵ هەموو کارێکدا بەکارنایەت، بەڵام (شەممە) گشتییە، چونکە لەگەڵ زۆربەی کردارەکان بەکاردێت.

## ٣/٢-١) سەربار و هاوهێزییەکان لە میراتدا:

لە داڕشتەی بەندێتییدا، بەو پێیەی کە پەیوەندییە بەندێتییەکان لەنێوان وشەکاندا هەیە، پەیوەندییە جیاوازەکان پۆلێك دروستدەکەن، کە پەیوەندییە ڕستەسازییە باووڕۆیشتووەکان دەگرێتەوە، وەك (بکەر و بەرکار)، بەهۆی لۆجیکی میراتییەوە جیاوازیی نێوان (سەربار) و(تەواوکەرەکانی تر) دەردەکەوێت. بۆ نموونە:

٢٣. ئێمە بە پێ ڕۆشتین.

لەم ڕستەیە دا ، (ئێمە) و(بەپێ) پشت بە (ڕۆشتین) دەبەستن، لێرەدا بۆماوەیی بەو جۆرە کاردەکات، کە (ڕۆشتین) پێویستی بە (ئێمە) یە، چونکە ئەگەر لە ڕستەکەدا، لایببەین ناڕێزمانی دەردەچێت، بۆ نموونە:


٢٤.*بە پێ ڕۆشتین.

بێگومان لەبەرئەوەی لە زمانی کوردیدا کلیتیکی بکەریمان هەیە، کە لەم ڕستەیەدا (ین) لابراوە، بۆیە ڕستەکە ناڕێزمانییە، هەرچەندە فۆڕمی ڕستەکە وا دەرکەوتووە، فۆڕمێکی دروستە، چونکە بۆ کەسی سێیەمی تاك کلیتیك دەرناکەوێت، بەڵام ناڕێزمانی ئەم ڕستەیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕستەی پێشتر. ناڕێزمانی ڕستەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە چۆن (ڕۆشتین)، پێویستی بە بکەرێکە، لە زمانی کوردیدا کاتێك ڕستە ناڕێزمانی دەبێت، کە بکەرو کلیتیکی بکەرییەکەش بەیەکەوە لاببرێن.

بەڵام ئەگەر گرێی (بەپێ) لاببەین، ڕستەکە ناڕێزمانی دەرناچێت، چونکە سەربارە و لابردنی کاریگەری لەسەر واتای ڕستەکە نابێت، وەك نموونەی (٢٥).

٢٥.ئێمە ڕۆشتین.

جیاوازیی لەنێوان بکەر(ئێمە) و سەربار(بەپێ) ی ڕستەکەدا، تایبەتمەندییەکی تا ڕادەیەک ئاشکرای چۆنیەتیی میراتگرتنی پەیوەندییەکان پیشان دەدات. پەیوەندییەك بریتییە لە تایبەتمەندیی هەردوو قەوارە پێکەوەبەستراوەکە و پەیوەندییەکی نایەکسان لە میراتی بەندێتیی نێوان وشەکاندا دەبینرێت، هەرچەندە( ئێمە) و (بەپێ) هەردووکیان پشت بە (ڕۆیشتین) دەبەستن، بەڵام بەندێتیی (ئێمە) بەشێوەیەکی سەرەکیی، لە (ڕۆیشت) ەوە ، بە بۆماوەیی بۆیی ماوەتەوە، بەڵام (بەپێ) میراتی لە خودی خۆیەوە بۆ ماوەتەوە، بڕوانە هێڵکاریی تۆڕبەندی ( ٩)، بۆ ڕستەی (٢٣).




هێڵکاریی تۆڕبەندی (٩) بکەرو سەربار لە ڕستەیەکی سادەدا

نموونەی (٢٣) لە هێڵکاریی تۆڕبەندی ژمارە (٩) دا، خراوەتە ڕوو، کە تێیدا هەریەك لە بەندەکان لە ڕێگەی هێڵەگرێدەرەکانی (ناو، ئاوەڵکردارو کردار) ەوە هاتوون و میراتیان لە سەرە و بەندەکان خۆیانەوە بۆماوەتەوە، بەڵام بە ڕێژەی جیاواز، بۆ نموونە (ڕۆیشت) پێویستیی بە بکەرێك بە میرات دەگرێت، کە سەر بە هێڵەگرێدەری (ناو، یان جێناو) بێت، بۆیە دەکرێت (ئێمە) بێت، (بەپێ) پێویستیی بە کردارێك، کە پشتی پێ ببەستێت بە میرات دەگرێت، بۆیە دەکرێت (ڕۆیشت) بێت. بە واتایەکی تر، بەندێتیی (بکەر) لە کردارەوە دێت، کە دایکوباوکە، بەڵام بەندێتیی سەربار لە (ئاوەڵکردار) ە کەوە دێت، کە بەندی ڕستەکەیە.


نموونەکە دوو ئەگەری لۆجیکی بۆ میراتی بەندێتیی دەخاتە ڕوو، هەندێك بەند لە بەندەوە میراتی بۆ دەمێنێتەوە، بۆیە کردار بەندی سەربار بە میرات ناگرێت. ئەگەرێکی تر، کە (بکەر) ە، کە تایبەتمەندیی هەموو کردارێکە، بۆیە لەلایەن هەموو کردارێکەوە بە میرات دەمێنێتەوە. هەمان شت بۆ (بەرکار) یش ڕاستە، واتە لە کردارە تێپەڕەکانەوە (بکەر وبەرکار) بە میرات دەمێنێتەوە. بۆ بە میرات مانەوەی بەندەکان لە دایك وباوکەوە تیۆریی بەندێتیی زاراوەی (هاوهێزیی) بەکاردەهێنێت. هاوهێزیی، بریتییە لە ژمارە و جۆری ئارگومێنتەکان، کەلەلایەن کردارەو کۆنترۆڵ دەکرێن بۆ نموونە کرداری ( ڕۆیشت) یەك هاوهێزیی هەیە ئەویش ( بکەرە)، بەڵام کرداری (خواردی) دوو هاوهێزیی هەیە ئەوانیش (بکەر و بەرکار) ن.

## ٢-٢/٣) پۆلکردنی بەندێتیی"Dependency Classification":

پەیوەندییە ڕستەسازییەکان ، لەڕێگەی ئەو بەندانەی، کە ڕێزمانی وشە دەکەنە ڕێزمانی بەندێتیی پۆلدەکرێن. بەندەکان لە جۆرێك پلەبەندیدا دادەنرێن و لە ڕێگەی میراتی گریمانەییەوە پۆلدەکرێن و لە ڕێگەیەوە ئەو تایبەتمەندییانەی هاوبەشن پیشاندەدرێن. لەبەرئەوەی دەتوانین پەیوەندییەکان پۆلێنبکەین، دەتوانین ڕێبازێکی هاوشێوە بۆ هەر پێڕەوێکی پەیوەندییەکان بگرینەبەر. واتە دەتوانین گشتاندن بکەین بۆ تێگەیشتنێکی سادەتر لە بابەتەکە. بۆ نموونە (پەیوەندیی بکەری)، ئەگەر بتوانین بڵێین هەموو بکەرەکان هاوهێزیین و بەندی پێشەوەن، ئەوکاتە شیکردنەوەکان ئاسانتردەبن و پێویست ناکات، هەموو بکەرێك لە هەموو ڕستەکاندا وەربگرین.

بەندی پێشەوە، جیاوازییەکی تایبەتە بە  ئەو زمانانەی، کە سەریان لە کۆتایدایە لە سەرەوریزبوونی وشەکاندا، کەتیگۆرییەکان بەشێوەیەکی ئاسایی لە جێکەوتەی خۆیاندا دێن، بەڵام لە کرداره ناوازەکاندا کەتیگۆرییەکان یەکتر دەبڕن بکەر لەپێشەوە دێت و تەواوکەر لەدوای سەرەوە دێت و  سەربارەکان یان لەپێشەوە دێن لەدوای بەندی بکەر، یان لەدواوە دێن لەدوای بەندی تەواوکەر. بۆ هاوهێزییەکان دوو کەتیگۆری هەن، کە بەشێوەیەکی ئاسایی پێش دایك وباوکیان یان سەره دەکەون، ئەوانیش (بکەر) و (تەواوکەر) ن.


پۆلێنی گشتی داڕشتەی بەندێتیی لە زمانی کوردیدا، لە هێڵەگرێدەری گشتیی (بەندێتیی) پێکهاتووە، بۆ هەریەك لە (هاوهێزیی) و(سەربار) دابەشبووە و هاوهێزییش بۆ بەندە تەواوکەرەکانی (بکەر) و(بەرکار) دابەشبووە، هەریەك لە (سەربار) و(بەرکار)، بۆیە خراونەتە کەوانەوە، بە واتای دەشێت هەبن، یان نەبن، بەپێی جۆری کردارەکە و ڕستەکە، بەڵام (بکەر)، کە سەر بە هیڵەگرێدەری (هاوهێز)یە،  خورتییە. بڕوانە هێڵکاریی تۆڕبەندی (١٠ ).




هێڵکاریی تۆڕبەندی (١٠) پۆلێنی گشتی بەندێتیی

ڕێزمانی وشەیی (جیاواز لە تیۆرییە ڕستەسازییەکان)، دوو جۆری بەندێتیی زۆر گشتی لەیەکتر جیا دەکاتەوە، بەندی پێشەوە، کە پێش دایک و باوکیان دێن، بەندی دواوە، کە دوای دایك و باوکیان دێن. بەندەکان پەیوەندییان بە سەرەوڕیزبوونی وشەکانی زمانەکەوە هەیە، سەرەوڕیزبوونی زمانی کوردی (بکەر+بەرکار+کردار) ە، واتە زمانی کوردی سەر کۆتاییە، بۆیە هەموو بەندەکانی لەپێش سەرەوە دێن، ئەمە جگە لە ناوازەکان، هێڵکاریی تۆڕبەندی


ژماره(١١ ) پۆلێنبەندییەکی ئاڵۆزی نێوان جۆرە جیاوازەکانی بەندێتییمان لە زمانی کوردیدا پیشاندەدات.




هێڵکاریی تۆڕبەندی(١١ ) دارِشتەی بەندێتیی لە کرداری تێپەڕی زمانی کوردیدا

لە هێڵکاریی ( ١١) دا، لە هێڵە گرێدەری ( بەندێتیی) یەوە، هێڵەگرێدەری (هاوهێزیی، بەندی پێشەوە و سەربار) میرات وەردەگرن، هاوهێزییش دابەشدەبێت بۆ بەندەکانی بکەر و بەرکار، بەندی پێشەوە بەهەر کەتیگۆرییەك دەوترێت، کە لەپێش سەرەوە دێت، کە دابەشدەبێت بۆ(بکەر، بەرکار و سەرباری پێشەوە)، سەرباریش دابەشدەبێت بۆ سەرباری پێشەوە. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە پێڕەوەکە ڕێگە بە میراتی هەمەچەشنەیی دەدات، هەریەك لە( بکەر و بەرکار) لە (هاوهێزیی و بەندی پێشەوە) میرات وەردەگرن، سەرباریش لە( بەندی پیشەوە و سەربار) میرات وەردەگرێت. هەریەك لە (سەربار) و (سەرباری پێشەوە) دەشێت هەبن یان نەبن. بڕوانە نموونەی(٢٦ ).


٢٦. زیوە چیرۆك بە باشی دەخوێنێتەوە.




هێڵکاریی تۆڕبەندی (١٢) بۆ ڕستەی (٢٦)

لە هێڵکاریی تۆڕبەندی(١٢) دا، دارشتەی ڕستەکە لە (سەرە و بەندەکانی) پێکهاتووە، لە میراتی هاوهێزیی کردارەکەشدا دوو بەندی لە جۆری تەواوکەر هەیە و یەك بەندی لە جۆری سەربار، بەندەکانیش لەپێشەوەی سەرەکەوە هاتوون، لەناو بەندی سەربارەکەدا، پێشناوەکە بووەتە سەرە بۆ تەواوکەرەکەی.


لە زمانی کوردیدا، هەندێك لە کردارەکان بەندەکەیان دەکەوێتە دوای خۆیان (واتە بەندەکەی لە جۆری تەواوکەر) و سەربارەکانیش، هەندێك جار دەکەونە دوای کردارەکەوە(بۆ نموونە ئاوەڵکردارەکان)، ئەمە جگە لەوەی، کە پێشناوەکان دارشتەی بەندێتیی تایبەتیان هەیە، هەمیشە بەندەکەیانە، کە لە جۆری تەواوکەرە، دەکەوێتە دوای خۆیان، تەنها لە هەندێك جۆریاندا، لە حاڵەتی دەرنەبڕینی تەواوکەرەکەیان و کردنی بە کلیتیك، تەواوکەرەکە دەچێتە پێش خۆیەوە، وەك نموونەی ڕستەی (٦)، بە پێچەوانەی کردارەکانەوە، کە تەواوکەرەکانی لەپێشیەوە دێن. بۆ ئەمەش دارشتەی بەندێتییەکە بەم جۆرەی خوارەوەی لێ دێت:




هێڵکاریی تۆڕبەندی(١٣) بۆ ئەو کردارانەی ڕێگە بە بەندەکانیان دەدەن لەدوای خۆیانەوە بێن

لە هێڵکارییەکەدا هێڵەگرێدەری گشتی(بەندێتیی) لە سەرەوەی پۆلێنەکەیە و بۆ هەریەك لە (هاوهێزیی، سەربار، بەندی پێشەوە و بەندی دواوە) دابەشدەبێت، هاوهێزیی هەریەك لە (بکەر و بەرکار) دەگرێتەوە و سەرباریش بۆ سەرباری پێشەوە، بەندی پێشەوەش بۆ بکەر دابەشدەبێت، بەندی دواوەش بەرکار دەگرێتەوە. بەهەمان شێوە لێرەشدا میراتی هەمەچەشنەیی ڕێگەپێدراوە، بۆیە بکەر سەر بە هێڵەگرێدەری هاوهێزیی و بەندی پێشەوەیە، بەرکاریش لە هاوهێزیی و بەندی پێشەوە و بەندی دواوە میرات وەردەگرێت و سەرباریش سەر بە هێڵەگرێدەری سەربار و بەندی پێشەوەیە. بڕوانە، نموونەی ( ٢٧) :

٢٧. ئەمساڵ گوڵی لە خوێندنگا چووە قۆناغی دووەم.




هێڵکاریی تۆڕبەندی(١٤) بۆ ڕستەی (٢٧)

لە هێڵکاریی(١٤) دا، لە هاوهێزیی کردارەکەوە سێ بەندی لە جۆری تەواوکەر بە میرات هەیە، بکەرەکەی لەپێش خۆیەوە هاتووە و بەرکاری ناڕاستەوخۆی (لە خوێندنگا) کە تەواوکەری سەرپشکیی کردارەکەیە لەپێش سەرەوە هاتووە، بەرکاری ناڕاستەوخۆی(ـە قۆناغی دووەم)، کە تەواوکەرێکی خورتی کردارەکەیە، لە دوای سەرەوە هاتووە، ئاوەڵکرداری (ئەمساڵ)، بەندێکی لە جۆری سەربارە لەپێش سەرەوە هاتووە. بەهۆی میراتی هەمەچەشنەییەوە، لە سەربار و بەندی پێشەوە میرات وەردەگرێت، بکەر لە هێڵەگرێدەری هاوهێزیی و بەندی پێشەوە میرات وەردەگرێت، بەرکاری ناڕاستەخۆی (لە خوێندنگا) لە هێڵەگرێدەری هاوهێزیی و بەندی پێشەوە میرات وەردەگرێت و ( ـە قۆناغی دووەم) یش لە هێڵەگرێدەری هاوهێزی و بەندی دواوە میرات وەردەگرێت.

## ٢/٣ -٣) داڕشتەی بەندێتیی جۆرەکانی ڕستە لە ڕووی داڕشتەوە:


پاش شیکردنەوەی داڕشتەی ڕستەی زمانی کوردی بەپێی چەمکی بەندێتیی ڕێزمانی وشە و شرۆڤەی چۆنیەتیی و چییەتی پەیوەندییە وشەییەکانی ناو داڕشتەیەکی ڕستەکە، کە بنەمایە بۆ خودی داڕشتەی ڕستەسازییانەی ڕستەی زمانی کوردی. لێرەدا و لەم وەچە پارەدا دێین بە وردی و بە شێوەیەکی کارەکی بەسەر ڕستەکانی زمانی کوردیدا بەپێی چەشن و جۆرەکانی ڕستە جێبەجێدەکەین. ڕستە لەڕووی داڕشتنەوە، کراون بە سێ جۆرەوە (ئەمین، ٢٠١٣: ٥٩):

**١.ڕستەی سادە:**

ڕستەی سادە بەو ڕستانە دەوترێت، کە تەنها کردارێکی تێدایە. بۆ نموونە:

٢٨. شەم خەوت.


لە ڕستەی (٢٨) دا، لە هاوهێزیی کرداری (خەوت) دا، یەك بەند هەیە، لە جۆری تەواوکەر، ئەویش بکەرە، بڕوانە داڕشتەی بەندێتیی ( ٨):




داڕشتەی بەندێتیی (٨) بۆ ڕستەی (شەم خەوت)

ئەم ڕستە سادەیە دەتوانرێت، فراونبکرێت، بەڵام هەریەك لەو کەرەستانە دەبنە سەربار و پشت بە بەندی ڕستەکە دەبەستێت، وەك نموونەی (٢٩):

٢٩. دوێنێ شەو شەم زۆر زوو خەوت.




دارِشتەی بەندێتیی(٩) بۆ ڕستەی (٢٩)

لە دارِشتەی بەندێتیی ڕستەی(٢٩) دا، کردارەکە تەنها یەك بەند لە جۆری تەواوکەر بە میرات دەگرێ، کە ئەویش بکەرەکەیە، بەندێکی تری لە جۆری سەرباری گشتی (دوێنێ شەو) هەیە، دوێنێ بووەتە تەواوکەر بۆ شەو، هەریەك لە ئاوەڵکردارەکانی (زۆر) و (زوو) ش سەربارن بۆ ناوی(شەم).

ڕستەیەکی سادەی کردار تێپەڕ، وەك نموونەی (٣٠):

٣٠.گەشاو وانە دەڵێتەوە.




دەڵێتەوە.          وانە          گەشاو


دارِشتەی بەندێتیی(١٠) بۆ ڕستەی(٣٠)

لەم ڕستە سادەیەدا، لە دارِشتەی هاوهێزیی کرداری( دەڵێتەوە) دا دوو تەواوکەری خورتی هەن، ئەوانیش(گەشاو) و (وانە) ن، هەردوو تەواوکەرەکەش هی پێشەوەن، واتە لەپێش (سەرە) وەن، لە میراتی دارِشتەی ڕستەسازیی زمانی کوردیدا، تەواوکەرەکان لەپێش سەرەوە دێن. کلیتیکی (ێت) جێگرەوەی بکەرە و ڕێککەوتنی بکەر-کرداری[1] پیشانداوە و سەر بە تەواوکەری سەرەیە، بۆیە لێرەدا پێویست ناکات جیابکرێتەوە، بەڵام کرداری ناوازەش هەیە، وەك (بوون)، کە تەواوکەرێکی خورتی دەکەوێتە دواوەی، ئەمە جگە لە سەرەی حوکمکەری پێشناوەکانی زمانی کوردی، کە تەواوکەرەکانیان دەکەوێتە دواوە، بڕوانە نموونەی (٣١ ).

---

١. (بڕوانە ٣/١-٥) ی لێکۆڵینەوەکە.

٣١. زانا دەبێت بە مامۆستا





دارشتەی بەندێتیی(١١) بۆ ڕستەی (٣١)

لە ڕستەی سادەی (٣١) دا، شیکردنەوەی بەندێتیی جیاوازە، کرداری (دەبێت) سەرەی ڕستەکەیە و لە هاوهێزییەکەیدا دوو تەواوکەر هەیە ئەوانیش(زانا) و (بە مامۆستا) یە، تەواوکەرێکیان دەبێتە تەواوکەری پێشەوە و ئەوی تریشیان، دەبێتە هی دواوە، بۆیە ڕستەکە لە تەواوکەرێکی پێشەوە و بەندێکی دواوە لە جۆری تەواوکەر پێکهاتووە، تەواوکەرەکەی دواوە، کە گرێ پێشناوییەکەیە، لە سەرەیەك(بە) و تەواوکەرێکی دواوە(مامۆستا) پێکهاتووە، لەبەرئەوەی (پێشناو) لە زمانی کوردیدا سەرەی حوکمکەرە.

لە ڕێزمانی وشەدا، مەودای بەندێتییی هەیە، خاڵی سەرەکیی ئەوەیە، کە مەودای بەند ڕاستەوخۆ لەسەر دارشتەی بەندێتیی دارژاوە، دارشتەی ڕستەسازیی ڕستەیەکی سادەی فراوانکراو وەردەگرین، بڕوانە نموونەی(٣٢ )

٣٢. کارمەندانی شارەوانیی سلێمانی بەدڵسۆزی شەقامەکان پاکدەکەنەوە.




کارمەندانی شارەوانیی سلێمانی بەدڵسۆزی شەقامەکان پاکدەکەنەوە.

داڕشتەی بەندێتیی(١٢)بۆ ڕستەیەکی سادەی فراوانکراو

لە داڕشتەی بەندێتیی ڕستەی (٣٢ ) دا، لە هاوهێزیی کردارەکەدا، دوو بەندی لە جۆری تەواوکەر و یەك بەندی لە جۆری سەرباری تایبەت هەیە، کەرەستەکانی تر بۆ فراوانکردنی بەندەکان، وەك سەربارێك و پشتبەستوویەك بە بکەر و تەواوکەر هاتوون و لەناو سەربارەکانیشدا گرێی پێشناوی هەن، کە وشەیەکیان پشت بە وشەکەی تر دەبەستێت و دەبێتە تەواوکەری. بۆ نموونە( شارەوانیی سلێمانی)، بەندێکی سەرباری ناوی (کارمەند)ن و (ان) ی کۆ دەرخەری کۆی ناوەکەیە، کەواتە (کارمەند) بەندێکە لە جۆری تەواوکەر و بەندێکی پێشەوەیە.


هەردوو (ی) خستنەسەرەکان پێویستیان بەتەواوکەرەکانی (شارەوانی و سلێمانی) هەیە، گرێی پێشناویی (بە دڵسۆزی)، کە ئەرکی ئاوەڵکرداری هەیە، سەرباری تایبەتی کردارەکەیە و دوو وشە لەناو یەك گرێدا بەهۆی بەندێتییەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، لەبەرئەوەی(بە) سەرەی گرێکەیە، بۆیە (دڵسۆزی) پشت بە (بە) دەبەستێت. کەواتە دڵسۆزی بریتییە لە تەواوکەر و هاوهێزیی بەندی دواوەی (بە) یە. (شەقامەکان) بەرکاری ڕستەکەیە و دەبێتە بەندێکی جۆری تەواوکەر، بۆ کردارەکە چونکە بەبێ ئەوە ڕستەکە ناڕێزمانی دەردەچێت، کەواتە دەتوانین بڵێین (تەواوکەرە و بەندی پێشەوەیە (ـەکان) دیاریکەری ناسراویی و کۆی ناوی (شەقام) ن. (پاکدەکەنەوە) کرداری ڕستەکەیە و پشت بە هیچ وشەیەکی تر نابەستیت، چونکە کرداری کات و کەسدارە و ڕێککەوتنی ئاسایی بکەرو کرداری لە کەسی سێیەمی کۆدا هەیە.

لێرەدا دەردەکەوێت، کە چۆن هەر بەندێك کۆمەڵێک تایبەتمەندی جیاواز لە سەرەوریزبوونی وشەکانەوە تا پۆلی وشەکان و واتاکەی کۆدەکاتەوە .

**٢.ڕستەی لێکدراو:**

بەو ڕستانە دەوترێت، کە لە دوو ڕستە، یان زیاتر پێکدێت، یان دەتوانین بڵێین ئەو ڕستانەن، کە ئامرازی لێکدەر بەشداری لە دروستکردنیاندا دەکات( ئەمین،٢٠١٣: ٥٩) ، لە دارشتەی بەندێتیی ڕێزمانی وشەدا، ئامرازی پەیوەندیی، هیچ حوکمکەرێکی نییە و خۆی حوکمکەری پێکەوە بەستراوەکەیە، هەردوو ڕستەکە بە شێوەیەکی هاوسەنگ حومکمدەکرێن. بڕوانە ڕستەی (٣٣ ) ، لە دارشتەی(١٣) دا نوێنراوە:


٣٣. مەلا بانگیدا و ڕۆژووەکەم شکاند..




دارشتەی بەندێتیی(١٣) ڕستەی هاوپێوەند

لە دارشتەی بەندێتیی ڕستەی(٣٣) دا، ئامرازی پەیوەندییەکە، پشت بە هیچ نابەستێت. حوکمی هەردوو پێکەوەبەستراوەکان دەکات. بەم ڕستانە دەوترێت ڕستەی لێکدراوی هاوپێوەند، هەریەك ئامرازەکانی (و، هەروەها و ئینجا...هتد) بەشداری تێدا دەکەن، بۆ نموونە:

٣٤. زانا ڕۆیشت و دانا هات





دارشتەی بەندێتیی (١٤) بۆ ڕستەی لێکدراوی هاوپێوەند

له دارشتەی بەندێتییدا، وشەکان پێگەیەکی نایەکسانیان هەیە، لەبەرئەوەی وشەیەکیان شوێنکەوتووی ئەوی تریانە، بە واتایەکی تر وشەیەکیان پشتی بە ئەوی تریان بەستووە، بەڵام لە هاوپێوەند، وەك یەکسان مامەڵەدەکەن. لە دارشتەی ڕستەی( ٣٤) دا، ڕستەکان، وەکو یەك حوکمکراون، کرداری ڕستەکان حوکمی تەواوکەرەکانی خۆیان دەکەن و ڕێککەوتنی ئاسایی بکەر و کرداری ڕستەکە لە(کەس و ژمارە) دا هەیە.

٣٥. ئەو زانا و دانای بینی.


هەردوو ناوە تایبەتەکە(زانا و دانا)، بە هۆی (و) وە پێکەوە بەستراونەتەوە و هەردووکیان هەمان پەیوەندییان، لەگەڵ ڕستەکەدا هەیە و (زاناو دانا) پەیوەندیی بەندێتیی (بەرکار) یان لە ڕستەکەدا هەیە، ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیی لە نێوان بکەرو بەرکار، لە کەسی سێیەمی تاکدا هەیە.




دارشتەی بەندێتیی(١٥) بۆ ڕستەی (٣٥)

له دارشتەی بەندێتیی ڕستەی لێکدراودا، ئامرازی بەستنەوەکە (و)، دایك وباوکی نییە، بۆ نموونە وشەکانی(زانا) و(دانا)، پشت بە (بینیی) دەبەستن، بەڵام (و) نا، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە ئامرازی پەیوەندیی هاوپێوەند، وەکو کرداری کات و کەسدار هیچ دایك و باوکێکی نییە، بەڵام بە پێچەوانەی کردارە کات و کەسدارەکانەوە هیچ تیرێکیان لە نوسینەکەدا نییە، لەبەرئەوەی دایك و باوکیکیان نییە و تەنانەت لە ڕێساکانیشدا، بۆیە بەندەکانی تر بەئاسانی پێیدا تێدەپەڕن، بڕوانە نموونەی (٣٦):


٣٦. ئەو لە بازاڕ زانا و دانای بینی.




داڕشتەی بەندێتیی(١٦) بۆ ڕستەی (٣٦)

لە داڕشتەی بەندێتیی ڕستەی( ٣٦) دا، لە هاوهێزیی کردارەکەدا، سێ بەند هەیە، دوو تەواوکەری خورتی( بکەر و بەرکار) و یەك تەواوکەری سەرپشکی، کە ئاوەڵکرداری شوێنە (لەبازاڕ) هەیە. بەندەکانی ئەم ڕستەیە بەندی پێشەوەی سەرەی ڕستەکەن، ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیی نێوان بکەرو بەرکار لە کەسی سێیەمی تاکدا هەیە. دەشێت هەر بەندێك لەلایەن سەرەیەك زیاترەوە، هاوبەشی پێبکرێت، بۆ نموونە:

٣٧. زانا و ئازاد خانوو و زەوییان دەکڕی و دەفرۆشت.





داڕشتەی بەندێتیی (١٧) بۆ ڕستەیەکی دوو سەرەیی

لە دارشتەی بەندێتیی ڕستەی( ٣٧) دا، هەریەك لە کردارەکان لەبەرئەوەی بەهۆی ئامرازی (و) وە بەیەکەوە بەستراون، لەبەرئەوە هەریەکەیان بەجیا بەندەکانی خۆی دیاریدەکات، هاوهێزیی هەردوو کردارەکە، وەك یەکە و دوو بەندی لە جۆری تەواوکەریان هەیە، (زانا و ئازاد) بۆ هەردووکیان بکەرن، (خانوو و زەوی) یش بەرکارن، ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیی بکەر و بەرکار لە کەسی سێیەمی کۆدا هەیە.

جۆرێکی تری ڕستەی لێکدراو ، کە پێیدەوترێت، ڕستەی لێکدراوی پێچەوانەیی، وەك:

٣٨. ئەو ئەزموونی زۆری هەیە، بەڵام بڕوانامەی نییە.





دارشتەی بەندێتیی(١٨) بۆ ڕستەیەکی لێکدراوی پێچەوانەیی

لە دارشتەی بەندێتیی ڕستەی( ٣٨) دا، هەریەك لە ڕستەکان، بەجیا کرداری حوکمکەری خۆیان هەیە، کرداری یەکەم، تەواوکەرەکانی بکەر و بەرکاری هەیە، (زۆر)، وەك سەرباری (ئەزموون) هاتووە و تەواوکەری (ی) خستنەسەرەکەیە، ڕێککەوتنی ئەرگەتیڤیی بکەر و بەرکار هەیە، لە ڕستەی دووەمدا بە هۆی کلیتیکەکەوە توانراوە بکەر دەرنەبڕدرێتەوە و کلیتیکەکەی، کە ڕێککەوتنی لەگەڵ جێناوی(ئەو) ی بکەرەکەدا هەیە، جێی گرتۆتەوە، بەندی بەرکاریش لەناو ڕستەکەدا هەیە.

## ٣.ڕستەی ئاڵۆز:

لە دوو ڕستە، یان زیاتر پێکدێن و بە هۆی ئامرازی لێکدەرەوە ڕستەکان لێکدەدرێن، بەڵام ڕستەیەکیان سەرەکییە و پێیدەوترێت شاڕستە و ئەوی تریشیان شوێنکەوتووە و پێیدەوترێت پاڕستە. ڕستەی ئاڵۆز یەك ڕەگی ڕستەی هەیە، واتە کرداری شاڕستەکە، دەبێتە ڕەگی هەردوو ڕستەکە و ئامرازەکە دەبێتە سەرباری دواوەی کرداری ڕستە سەرەکییەکە، کرداری ڕستەی پاڕستەکە، دەبێتە تەواوکەری ئامرازەکە( فەرهادی،٢٠١٣: ٤٣).

٣٩.ئەو وەستایەی، کە دروستیکرد لە ڕۆژهەڵات دەژی.




ئەو وەستایەی کە دروستیکرد لە ڕۆژهەڵات دەژی.


داڕشتەی بەندێتیی(١٩) بۆ ڕستەی (٣٩ )

لە داڕشتەی بەندێتیی ڕستەی(٣٩) دا، ڕستەیەکی سەرجێناوییە و پاڕستەی دیارخەریشی پێدەوترێت، لەو جۆرە ڕستانەدا سەرەی ڕستەکە، کرداری ڕستەی شاڕستەکەیە، کە لێرەدا (دەژی) یە، بەندێکی لە جۆری تەواوکەری خورتیی هەیە، کە بکەرەکەیە، (ئەو) دیاریکەری (وەستا) یە، ئامرازی ڕستەی ئاڵۆزەکەش (کە)، کردارێکی کاتوکەسداری، وەك تەواوکەر هەیە، کردارەکەش بەرکارێکی هەیە، کە بە کلیتیکی (ی) ئامازەی پێکراوە، دەشێت هەرشتێك بێت، کە کاری دەستی بێت، (لە ڕۆژهەڵات)، بەندێکی سەرباری تایبەتیی کرداری(دەژی) یە، (ڕۆژهەڵات) یش تەواوکەری پێشناوی(لە) یە.

زۆربەی ڕیزمانی بەندێتیی (بەندێتیی دوولایەنە) ڕەتدەکەنەوە، بەڵام ڕێزمانی وشە ڕێگەی پێدەدات، زۆربەی تیۆرییەکانی ڕێزمانی بەندێتیی وادادەنێن، کە ناو سەرەیە، بەڵام ڕێزمانی وشە لە بەندێتیی دوولایەنەدا، دیارخەرەکانیش بە

سەرە دادەنێن، لەناو ناوەکاندا تەنها دیارخەرەکان نین، کە تەواوکەریان هەیە(Maekawa,2010:51-61)، بۆ نموونە (کە) ی ڕستەی سەرجێناوی کردارێکی کاتوکەسداری، وەك تەواوکەری خۆی هەیە، لە نموونەی (٤٠) دا، (کە) پشت بە (کتێب) و (دەتەوێت) یش پشت بە (کە) دەبەستن، وەك لە دارشتەی ( ١٣) پیشاندراوە:


٤٠. ئەو کتێبەی کە تۆ دەتەوێت لێرە دەستناکەوێت.




دارشتەی بەندێتیی(٢٠) بۆ ڕستەیەکی سەرجێناوی

لە دارشتەی بەندێتیی ڕستەی(٤٠) دا، کرداری سەرەکیی(دەستناکەوێت) سەرەی ڕستەکەیە و یەك تەواوکەری هەیە، کە بکەرە و بەندێکی سەربای گشتیی هەیە، کە (لێرە) یە، ئامرازی(کە)، بووەتە تەواوکەری کتێبەکە و جێناوی (تۆ) تەواوکەری کرداری(دەتەوێت) ە.


٤١. نمە زۆر هەوڵدەدات هەرچەندە زیرەکیشە.




دارشتەی بەندێتیی (٢١) بۆ ڕستەیەکی شوێنکەوتوو

لە دارِشتەی رِستەی(٤١) دا، کرداری شارِستەکە، تەواوکەرێکی هەیە، کەرەستەکانی تر بەندی سەربارن، ئامرازی رِستە ئاڵۆزەکە، تەواوکەرێکی هەیە، کە کردارە پەیوەندییەکەیە، کرداری رِستەی پارِستەکە، تەواوکەرێکی هەیە، کە (زیرەك) ە.

٤٢. پێویست بوو لەلای بمێنیتەوە.




دارِشتەی بەندێتیی (٢٢) بۆ رِستەی(٤٢)

لە دارِشتەی رِستەی(٤٢) دا، کرداری (پێویست بوو) رەگی رِستەکەیە و تەواوکەرەکانی لە ناو پارِستەکەدان، کردارە کاتوکەسدارەکەی پارِستە، کە بەندێکی سەرباری تایبەتیی هەیە، تەواوکەری پێشناوەکەش، بووە بە کلیتێك و لەدوایەوە هاتووە.

## ٢/٣ -٤) دارِشتەی بەندێتیی رِستەی بکەرنادیار:

لە کرداری بکەرنادیاردا، بەرکاری رِستەی پێشوو دەبێت بە بکەری رِستەی بکەرنادیار، لەهەمان کاتدا بکەرەکە، دەبێت بە تەواوکەری دواوەی پێشناوی (لەلایەن). کاریگەریی سێیەمی بکەرنادیار گۆرِینی کردارەکەیە بۆ بکەرنادیار، بۆ نموونە (نانەکەت خوارد_ نانەکە خورا)، لە رِێزمانی وشەدا، بکەر نادیار تەنها شکانەوەی کردارە و لە کردار و لە بکەرنادیاریشەوە میرات وەردەگرێت، لە دارِشتەی بەندێتییدا بکەر نادیار، بەندێکی هەیە لە جۆری تەواوکەر، بەندەکانی تر ئەگەر بێن سەربارن:

٤٣. پۆلیسەکە دزەکەی گرت.

٤٤. دزەکە گیرا.

(بەرکار+کرداری بکەر نادیار) لێرەدا کردارەکە هاوهێزییەکی لەدەستداوە، کە تەواوکەرێکی سەرەکیی رِستەی کارا/چالاکە، کە بکەرە، چونکە کردارەکە بووەتە

ناچالاك. (مەرج نییە، هەموو ڕستەیەکی بکەرنادیار لە ڕستەی بکەردیارەوە وەرگیرابێت، چونکە لە زمانی کوردیدا، زۆر ڕستەی بکەرنادیار دەبینرێت، کە پەیوەندیی بە ڕستەی بکەردیارەوە نییە)(محەمەد،١٩٨٨: ٧٦).

هەندێك لەو ڕستانەی کە فۆڕمی کردارەکەیان بکەرنادیارە، بەڵام بەهۆی کەرەستەیەکەوە لە ڕستەکەدا ئاماژە بۆ بوونی کارا یان بکەرەکە کراوە، بۆ نموونە بەهۆی (پێشناوەکان) یان گرێی (لەلایەن):

٤٣. ئاسمان بە تەم گیراوە.

٤٤. کێکەکە لەلایەن گەردەوە دروستکرابوو.

٤٥. نامەکە لەلایەن زاناوە نێردرابوو.

لەم جۆرە ڕستانەدا، بکەرەکە لەشێوەی سەربار دەرکەوتووە، بەم ڕستانە دەوترێت ڕستەی بکەرنادیاری ئاماژە پێکراو. (خۆشناو٢٠١٤ : ١١٠-١١٤)

سەرەوڕیزبوونی ڕستەیەکی ئاسایی زمانی کوردی، لە (بکەر+بەرکار+کردار) پێکهاتووە، لەکاتێکدا ڕستەکە دەکرێتە بکەرنادیار، دەبێتە (بەرکار+کردار) و ئەگەر ڕستەکە بەهۆی گرێی(لەلایەن) ەوە کاراکەی دەرخرایەوە، ئەوکاتە ڕیزبەندییەکە دەبێتە (بەرکار+بکەر+کردار)، لێرەدا بکەرەکە بە فۆڕم بکەرنادیارە و توانای وەرگرتنی دوو بەندی هەیە، یەکێکیان لە جۆری تەواوکەر(بەکارەکەی) ئەوی تریشیان لە جۆری سەربار(بکەرەکەیەتی) ئەمە بەتەواوەتی، پێچەوانەی ڕستەیەکی بکەردیارە، چونکە هەرگیز (بکەر) نابێتە بەندێکی سەربار و هەمیشە تەواوکەرێکی خورتییە. بە پێچەوانەوە لێرەدا بەهۆی کەمبوونەوەی هاوهێزیی کردارەکەوە دەتوانرێت بکەرەکە بکرتێنرێت و وەك سەربار هەژماربکرێت. بۆ نموونە:

٤٦ ا. نمە تۆپەکەی هەڵدا(بکەر دیار)


٤٦ ب. تۆپەکە لەلایەن نمەوە هەڵدرا(بکەرنادیاری ئاماژەپێکراو)

٤٦ پ. تۆپەکە هەڵدرا(بکەرنادیار)


لە ڕستە بکەردیارەکەدا، تیشکخراوەتە سەر (نمە)، وەك بکەر، لە ڕستەی دووەمدا تیشکخراوەتە سەر تۆپەکە و ڕێککەوتن لە نێوان(بکەر و کردار) دا نییە، بەڵکو لەنێوان (بەرکار و کردار) دایە، ئەگەر ڕستەکە بکەینە ڕانەبردووش

ڕێککەوتنەکە هەر لەنێوان (بەرکار و کرداردایە). بۆیە لێرەدا(بکەر)، وەك سەربارێك هەژماردەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا گرێی (لەلایەن)، وەك پێشناوێك سەرەی حوکمکەری ناوەکەی دوای خۆیەتی. ڕستەی سێیەم بکەرنادیارێکی تەواوەتییە کاراکە دیار نییە و ڕوون نییە، کێیە.


لە شێوەی داڕشتەی تۆڕبەندی بەندێتیی(٢٣ ،٢٤، ٢٥)، ڕستەکان دەخەینە ڕوو:




داڕشتەی بەندێتیی(٢٣) بۆ ڕستەی(٤٦.أ)




داڕشتەی بەندێتیی(٢٤) بۆ ڕستەی(٤٦.ب)




داڕشتەی بەندێتیی (٢٥) بۆ ڕستەی( ٤٦. پ)

بەگۆڕینی کاری بکەردیار بۆ بکەرنادیار، کردارەکە هاوهێزییەك لەدەستدەدات یان کەمدەبێتەوە(مەحویی، ٢٠٠١: ٢٢٩)، پرۆسەی بە بکەرنادیارکردن تایبەتە بە کردارە تێپەڕەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کردار تێنەپەڕەکان دەکرێن بە تێپەڕ و بە بکەرنادیار، بڕوانە (خۆشناو، ٢٠١٤ :١٠٥)(مارف، ٢٠٠٠: ٣١٥٠٣٢٣).

داڕشتەی بەندەکانی ڕستەی بکەر دیار، بەپێی هاتنیان لەپێش، یان دوای سەرە، لەم خشتەیەدا، دەخەینەڕوو:

| ژمارە | داڕشتە | هاوهێزیی |
|---|---|---|
| ١ | ب+ (س)+سەرە | یەك هاوهێزیی |
| ٢ | ب+(س)+بەر+(س)+ سەرە | دوو هاوهێزیی |
| ٣ | ب+(س)+سەرە+بەر+(س) | دوو هاوهێزیی |
| ٤ | ب+(س)+(بەر)+سەرە+(بەر)+(س) | دوو هاوهێزیی |
| ٥ | ب+بەر+بەر+(س)+سەرە | سێ هاوهێزیی |
| ٦ | ب+بەر+بەر+(بەر)+سەرە+(بەر) | چوارهاوهێزیی |

خشتەی(١) داڕشتەی بەندەکانی ڕستە بەپێی هاتنیان لەپێش یان دوای سەرە

دارِشتەی بەندەکانی ڕستەی بکەرنادیار:

| ژمارە | دارِشتە | کردار |
|---|---|---|
| ١ | بەر+س+ سەرە | بکەرنادیاری ئامازەپێکراو |
| ٢ | بەر + سەرە | بکەرنادیار |

خشتەی(٢) دارِشتەی بەندەکانی ڕستەی بکەر نادیار

## ٢/٣ -٥) دارِشتەی بەندێتیی کرداری ئاڵۆز (مۆرفۆسینتاکس):

لەسەر بنەمای دارِشتەی بەندێتیی ڕێزمانی وشەدا، لێرەدا کرداری ئاڵۆز( مۆرفۆسینتاکس)، وەك دارِشتەیەك لە وشەی خانەخوێ و ڕێکخستنی لەگەڵ کلیتیکدا وەردەگرین، (کردار) وەك سەرەی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، بەبێ (کەس) لە چاوگ دەچێت و ناتوانێت دۆخی ڕێزمانی ببەخشێت، کەواتە کلیتیکەکان، بۆیە دەچنە سەر کردار و واتاکەش ناگۆڕێت، بەهۆی هاوهێزیی کردارەکەیە. هەریەك لە کلیتیکەکانی دەوری کردار، هەڵگری تایبەتمەندییەکانی تەواوکەرەکانی کردارن و بە میرات لە سەرچاوەی وشەکەیان و لە کردارەکەوە بۆیانماوەتەوە.

شکانەوەکان خاڵی بەیەکگەیشتنی نێوان مۆرفۆلۆژی و سینتاکسن، بۆ نموونە مۆرفۆلۆژی(شێوەی وشە) مامەڵە، لەگەڵ جیاوازیی دارِشتەیی نێوان {گوڵ} و {{گوڵ}{ان}} دا دەکات، لە کاتێکدا ڕستەسازی(دارِشتەی ڕستە) شکانەوەی (کۆ) دەناسێتەوە و تایبەتمەندییە ڕستەسازی و واتاییەکانی ناوە کۆیەکان دەردەخات. گەردانکراوەکانیش، هەموو ئەو وشانە دەگرنەوە، کە دەتوانرێت گەردان بکرێن و نیشانەکانی (تاف، کەس و ژمارە ،ڕێژە، ڕووکار) وەردەگرن.

(مۆرفۆسینتاکس هەموو ئەو فۆڕمە مۆرفۆلۆژییانە دەگرێتەوە کە ئەرکی ڕستەسازییان هەیە و چەمکەکانی ناسراوی و نەناسراوی و ژمارە ڕەگەز و دۆخ دەیاننوێنن). (قادر، ٢٠٠٣: ١٤). ئەوەی بۆ بەندەکان پێویستن، تایبەتمەندییەکانی(کەس و ژمارە)یە، ئەمانیش بە کلیتیکەکان دەنوێنرێن،

تایبەتمەندیی(کەس)، بەهای ئەگەریی (یەکەم و دووەم و سێیەم) ی هەیە، تایبەتمەندیی ژمارە، بەهای ئەگەریی (تاك و کۆ) ی هەیە.


کرداری ئاڵۆز لە بناغە، یان ڕەگی کردارەکە و کلیتیکەکانی ڕێککەوتن، لەگەڵ بکەر و بەرکاری ڕستەکە پێکهاتووە. بەپێی هاوهێزیی کردارەکە، بەندەکانی دەردەکەون. مۆرفیمی تافی کردارەکە حوکمی دۆخی ڕێزمانیی بکەر و بەرکار دەکات. ئەگەر کردارەکە سێ هاوهێزیی بێت، بەرکارە ناڕاستەوخۆکە، لەلایەن پێشناوەکەوە حوکمدەکرێت.( عەزیز،٢٠٢٠، ١٤٣-١٥٣)

دارشتەی مۆرفۆسینتاکس، ئەو ڕستانە دەگرێتەوە، کە کەتیگۆرییە ڕستەسازییەکانی وەك بکەر و بەرکار و بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە دارشتەکەیاندا هەیە و پاش بەکلیتیککردنی هەریەك لەمانە و جێگیرکردنیان بە ڕەگی ڕستەکەوە، کە کرداری دارشتەی مۆرفۆسینتاکس بەرهەمدێت. دارشتەی بەندێتیی لە کرداری ئاڵۆزی زمانی کوردیدا، جیاواز و ئاڵۆزە و بەپێی جۆری کردارەکە( تێپەڕ و تێنەپەڕ) و هاوهێزییەکەی شوێنی بەندەکان دەگۆڕێن.
لە گۆڕینی دارشتەیەکی ڕستەی ئاسایی بۆ دارشتەیەکی ڕستەی مۆرفۆڕفۆسینتاکس، تەواوکەرەکان دەبن بە بەشێك لە دارشتەی کرداری ئاڵۆز یان مۆرفۆسینتاکسەکە، واتە تەنها هاوهێزییەکان دەمێننەوە، سەربارەکان ناچنە ناو ئەم دارشتەیەوە. لە ڕێگەی پەیپێبردنەوە کلیتیکەکان دەکرێنەوە بەو وشانەی ئەرکی ئەو تەواوکەرانەیان بینیوە. لێرەدا کرداری ڕابردوو و ڕانەبردوو بۆ کرداری سادە و دارێژراو و لێکدراو وەردەگرین:

### ١.کرداری ڕابردووی تێپەڕ:

١٤٧. چنیمن.

ب. من کڵاوەکانم چنی.





دارشتەی بەندێتیی (٢٦) بۆ کرداری ئاڵۆزی(چنیمن)

لە دارِشتەی تۆرِبەندی بەندەکانی رِستەی(٤٧) دا، رِێککەوتنی ئەرگەتیڤیی لە نێوان بکەر و بەرکاردا هەیە و لە کرداری ئاڵۆزیشدا، کلیتیکی کارا و بەرکاری دێت. لە کرداری رِابردووی تێپەردا، دەستەی(م_مان) کارا و دەستەی(م_ین) بەرکار دەردەخەن. لە هەموو جۆرەکانی رِابردوودا، تەواوکەری بکەر لەپێش بەرکارەوە دێت ولە هەموو جۆرەکانیشدا دەچێتە سەر بناغەکە، جگە لە رِابردووی بەردەوام، تەواوکەری بکەر دەچێتە پێش بناغەوە، وەك:

١٤٨. من کڵاوەکانم دەچنی.


ب. دەمچنی.




دارِشتەی بەندێتیی (٢٧) بۆ کرداری ئاڵۆزی(دەمچنی)

١٤٩. ئەو سندوقەکانی داگرت.

ب.دایگرتن.





دارِشتەی بەندێتیی (٢٨) بۆ کرداری ئاڵۆزی(دایگرتن)

لەدارِشتەی بەندێتیی رِستەی( ٤٩) دا، لەبەرئەوەی کردارەکە ناسادەیە و پێشگری هەیە، تەواوکەری بکەر دەچێتە سەر پێشگرەکە، رِێککەوتنی ئەرگەتیڤیی لەنێوان بکەر و بەرکاردایە، کلیتیکی بکەری چووەتە سەر بەشی یەکەمی کردارەکەو کلیتیکی بەرکاریش، لەدوای بناغەکەوە هاتووە.

١٥٠. من سەرشانەکەم بە تۆ چنی.

ب. پێمچنیت.





داڕشتەی بەندێتیی (٢٩) بۆ کرداری ئاڵۆزی(پێمچنیت)

لە داڕشتەی بەندێتیی(٢٩) دا لەبەرئەوەی کردارەکە سێ هاوهێزییە، بکەر دەچێتە سەر پێشناوەکە، کلیتیکی بەرکاریش دەرناکەوێت، تەواوکەری پێشناوەکەش، دەکەوێتە دوای بناغەکەوە. ئەوەی جێی سەرنجە، یەکێك لە تەواوکەرەکانی کردار، کە بەرکارەکەیە (سەرشانەکەم) دەرناکەوێت، بەڵکو یەك تەواوکەری کردار(بکەر) ەکەی و تەواوکەری پێشناوەکە دەرکەوتوون. بەڵام لە حاڵەتی بوونی پێشناوی(بۆ) و مانەوەی، وەك خۆی لە کردارە ئاڵۆزەکەدا، هەرسێ تەواوکەرەکە دەردەکەوێت، وەك:

١٥١. ئەوان تۆیان بۆ من دانابوو.


ب. بۆمنیاندانابوویت(بۆمیاندانابوویت).




داڕشتەی بەندێتیی (٣٠) بۆ کرداری ئاڵۆزی(بۆمیاندانابوویت)

٥٢أ. شیرین بڕیارەکانی پەسەند کرد.

ب.پەسەندی کردن.




داڕشتەی بەندێتیی(٣١) بۆ کرداری ئالۆزی(پەسەندیکردن)


لە داڕشتەی بەندێتیی(٣١) دا، کردارەکە لێکدراوە، بکەر دەچێتە سەر بەشی یەکەمی کردارەکەو بەرکاریش دەچێتە سەر بەشی دووەمی کردارەکە.

## ٢.کرداری ڕانەبردووی تێپەڕ:

لە کرداری ڕانەبردوو و ڕابردووی تێنەپەڕدا، ڕێککەوتنی ئاسایی بکەرو کردار بەهۆی کلیتیکەکانی (م_ین) وەیە.

٥٣ أ. من کڵاوەکان دەچنم.

ب. دەیانچنم.





داڕشتەی بەندێتیی (٣٢) بۆ کرداری ئالۆزی(دەیانچنم)

لە داڕشتەی بەندێتیی(٣٢) دا، بەندی بەرکار چووەتەسەر نیشانەی تافی ڕانەبردوو، بکەریش لەدوای ڕەگی کردارەکەوە هاتووە.

٥٤ أ. ئەو سندوقەکان دادەگرێت.

ب. دایاندەگرێت.





داڕشتەی بەندێتیی (٣٣) بۆ کرداری ئاڵۆزی(دایاندەگرێت)

لە داڕشتەی بەندێتیی(٣٣) دا، بەهەمانشێوە بەرکار لەپێش بکەرەوە هاتووە، بەرکارەکە چووەتە سەر مۆرفیمی پێشگری کردارە داڕێژەرەکە.

٥٥أ. من سەرشانەکە بەتۆ دەچنم.

ب. پێتدەچنم .





داڕشتەی بەندێتیی(٣٤) بۆ کرداری ئاڵۆزی(پێتدەچنم)

لێرەدا بەرکار دەرنەکەوتووە، کلیتیکی(ت) وەك تەواوکەری پێشناوەکە دەرکەوتووە، کلیتیکی(م) یش وەك بکەری کردارەکە. بەڵام لە واتای کردارەکەدا بەرکارەکە هەیە، من (شتێك) بەتۆ دەچنم. ئەوەی جێی سەرنجە، بەرکار لە کرداری ڕانەبردوودا، بە دەستەی(م_مان) دەردەکەوێت. لەم دەستەیەشدا بۆ کەسی سێیەم، کلیتیکی(ی) هەیە، نەك کلیتیکی(Ø). بەڵام لە نموونەیەکی تردا، کەبەرکاری ناڕاستەوخۆکە لە پێشناوی(لە) و جێناوی (ئەوان) پێکهاتووە، هەرسێ تەواوکەرەکە دەردەکەون، وەك:

٥٦أ. من تۆ لە ئەوان وەردەگرمەوە.

ب. لێیانتوەردەگرمەوە.





داڕشتەی بەندێتیی(٣٥) بۆ کرداری ئاڵۆزی(لێیانتوەردەگرمەوە)

لەم داڕشتەیەدا تەواوکەری پێشناوەکە، لەسەرەتای داڕشتەکەدا هاتووە و دواتر بەرکارو بکەر هاتوون.

٥٧أ. شیرین بڕیارەکان پەسەنددەکات.

ب. پەسەندیاندەکات.




داڕشتەی بەندێتیی (٣٦) بۆ کرداری ئاڵۆزی(پەسەندیاندەکات)

داڕشتەی بەندێتیی کرداری ئاڵۆزی تێپەڕ لە خشتەیەکدا دەخەینەڕوو:

| ژمارە | داڕشتە | تافی کردار | هاوهێزیی کردار |
|---|---|---|---|
| ١ | ب + بەر | ڕابردوو | دوو هاوهێزیی |
| ٢ | ب+ تە | ڕابردوو | سێ هاوهێزیی |
| ٣ | تە+ب+بەر | ڕابردوو | سێ هاوهێزیی |
| ٤ | بەر+ب | ڕانەبردوو | دوو هاوهێزیی |
| ٥ | تە+ب | ڕانەبردوو | سێ هاوهێزیی |
| ٦ | تە+بەر+ب | ڕانەبردوو | سێ هاوهێزیی |

خشتەی(٣) داڕشتەی بەندێتیی کرداری ئاڵۆزی تێپەڕ

ئەوەی تێبینیکراوە لە ڕێککەوتنی بکەر_بەرکاردا، تەواوکەری بکەر لەپێش بناغەکەوە و تەواوکەری بەرکاریش لەدوای بناغەکەوە دێن، لە ڕێککەوتنی ئاسایی بکەر_کرداریشدا، تەواوکەری بەرکار لەپێش ڕەگی کردارەکە دێت و بکەریش دەچێتە سەر ڕەگی کردارەکە.

# ئەنجامەکان

١. کۆدداکردنی ئاوەزییانە لە زماندا لەڕێگەی دەربڕینەکانی بەکارهێنەرانی زمانەوە بەکۆدکراون و بەئەسکەلەکردنیش جۆرێکی تایبەتیی نواندنی ئەو کۆدداکردنەیە.

٢. دەربڕینە نوێیەکان لە ڕێگەی پێواژۆی بەڕێزمانیکردنەوە لە زماندا بۆ بارودۆخە جیاواز و تایبەتەکان بە جەستە دەکرێن.

٣. ئەو پارچە بنچینەییانەی، کە لە زماندا دەیانناسینەوە، تاکە وشەن، نەک دەستەواژەی گەورەتر، وشەکان و پەیوەندییەکانیان لە تۆڕبەندێکی چەمکیدا دەنوێنرێن.

٤. کرداری ئاڵۆز "مۆرفۆسینتاکس" ی زمانی کوردی، لە هێڵەگرێدەرێك زیاترەوە میرات وەردەگرن. بەمەش دەتوانین بڵێین، میراتی هەمەچەشنەیی لە دارِشتەکەیدا هەیە.

٥. وشە خانەخوێیەکان لە زمانی کوردیدا، بریتین لە (ناو، جێناوی سەربەخۆ، پێشناو و کردارەکان)، چالاکترین وشەی خانەخوێ (کردارەکانن).

٦. زانیارییەکان لەناو دارِشتەی تۆڕبەنددا ڕێکخراون، هەموو چەمکێك بە چەمکێکی ترەوە بەستراوە و پشت بە تایبەتمەندییەکانی چەمکەکە دەبەستێت، بەڵام ژمارەی بەستەرەکان لە چەمکێکەوە بۆ چەمکێکی تر جیاوازن.

٧. وشەکان هەڵگری کۆمەڵێك تایبەتمەندیین، ئەم تایبەتمەندییانە لە هێڵەگرێدەرێك، یان زیاترەوە، بە میرات بۆیانماوەتەوە. ئەم تایبەتمەندییانەش دەشێت، لە ئەمانەوە بۆ هەر وشەیەکی گرێی هاوسێی بگوازرێنەوە، میراتی گریمانەیی ڕێگە بە نموونەکان دەدات، کە تایبەتمەندیی ناوازەیان هەبێت، میراتی هەمەچەشنەیش، ڕێگە بە نموونەکان دەدات لە چەندین سەرچاوەوە میرات وەربگرن.

٨. زمانی کوردی، ڕێزمانەکەی تۆڕبەندانەیە، واتە داتاکانی بە مۆدێلی تۆڕبەندی شیدەکرێنەوە، ئەم داتایانەش ناوازەییان هەیە، کە بەهۆی میراتی گریمانەییەوە لە تۆڕبەندەکەدا دەنوێنرێن.

٩. لە داڕشتەی بەندێتیی ڕستەکانی زمانی کوردیدا، لە زۆربەی داڕشتەکاندا تەواوکەرەکان لەپێش سەرەوە دێن، تەواوکەری (بکەر)، بەزۆری لەپێشەوە دێن، جگە لە هەندێك کردار، کە تەواوکەری(بەرکاری) یان لەدوایانەوە دێن.

١٠.لە داڕشتەی بەندێتیی کرداری ئاڵۆزدا، تەواوکەرەکان لە فۆڕمی کلیتیکی جێناویدا دەردەکەون، بەڵام سەربارەکان هیچ دەرکەوتنێکیان نییە. لە حاڵەتی بوونی پێشناوێك لە داڕشتەکەدا، بۆ کەسی سێیەم تەواوکەری بەرکار فۆڕمێکی نییە و تەنها لە واتای کردارەکەوە دەزانرێت.

## سەرچاوەکان

به زمانی کوردی:

کتێب:


١. مارف، ئەورەحمانی حاجی،٢٠٠٠، ڕێزمانی کوردی-کردار، بەرگی یەکەم(وشەسازی) بەشی پێنجەم، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.
٢. مەحویی، محەمەد، ٢٠٠١، ڕستەسازی کوردی، زانکۆی سلێمانی.
٣. سەعید، یوسف شەریف، ٢٠٠٩، دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆر و هەندێ لایەنی ڕستەسازیی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.
٤. حسەین، شیلان عومەر،٢٠٠٩، ئیدیۆم- چەشن و پێکهاتنی لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٥. مەحویی، محەمەد، ٢٠١٠، هەندێك لایەنی سینتاکسیی زمانی کوردیی و زمانی عارەبیی، زانکۆی سلێمانی.
٦. مەحویی، محەمەد، ٢٠١١، بنەماکانی سینتاکسی کوردیی، زانکۆی سلێمانی.
٧. حسەین، شیلان عومەر،٢٠١٢، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا، چاپخانەی کارۆ، بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.
٨. ئەمین، وریا عومەر، ٢٠٠٣، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، دەزگای ئاراس، هەولێر.
٩. ئەمین، نوری عەلی ،٢٠١٣، ڕێزمانی کوردی،چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.
١٠. فەرهادی، ساجیدە عەبدوڵڵا، ٢٠١٣، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١١. محێددین، بازیان یونس، ٢٠١٣، پەیوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس ، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٢. سعید، سازان زاهیر، ٢٠١٣، پێزی مۆرفیمە دارێژەرەکانی بچووککردنەوە و ناسکی لە سازکردنی وشەی نوێدا، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

١٣. خۆشناو، نەریمان عەبدوڵڵا ،٢٠١٤، ڕستەسازی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر.

١٤. کانبی، دلێر صادق ، ٢٠١٥، تیۆریی بارگەخستن و ڕۆنانی ڕستە، چاپخانەی موکریانی، هەولێر.

١٥. حسێن، شیلان عومەر، ٢٠٢١، زانستی زمانی کارەکی، چاپخانەی پیرەمێرد، سلێمانی.


نامەکان:


١٦. محەمەد، فەرەیدوون عەبدول، ١٩٨٨، نادیاری-لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردە لەنێوان دوو زاری کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.

١٧. قادر، ئەبوبەکر عومەر، ٢٠٠٣، بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا،نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

١٨. عەول، محەمەد عومەر،٢٠٠٨، کردەی تەواوکردن، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

١٩. صدیق، شێرزاد سەعید،٢٠٠٨، ڕستەی زمانی کوردی بەپێی تیۆریی(کەتیگۆری و پێوانەی) هاڵیدەی،نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.

٢٠. محمدئەمین، میدیا مراد ، ٢٠٠٩، لێکدان و خستنەپاڵ لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەددین.

٢١. عەبدوڵڵا، گۆنا عومەر، ٢٠١٣، دروستەی زانیاری لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی.

٢٢. نەبی، ڕێبوار ئەحمەد، ٢٠١٥، پەیپێبردنی شاوەچە لە سیمانتیکی درکپێکردن لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی.

٢٣. حەسەن، فەرهاد تۆفیق، ٢٠٠٨، پەیوەندییە سیمانتیکییەکان و هەندێك دیاردەی واتایی لە زمانی کوردیدا ،تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٢٤. عەلی ئیبۆ، ڤیان ئیبراهیم، ٢٠١٥، دۆخ د زمانێ کوردیدا(گوڤەرا بەهدینی)، زانکۆی دهۆك، تێزی دکتۆرا.

٢٥. ئیبراهیم، شیلان ڕەحیم، ٢٠١٩، نەخشاندنی کۆزانیاری وشەیی لە فەرهەنگی ئاوەزیدا، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.

٢٦. عەزیز، ئاریان سدیق ، ٢٠٢٠، ناوی کرداریی، کرداری شکاوەو وکرداری ئاڵۆز، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.


گۆڤارەکان:


٢٧. محەمەد، فەرەیدوون عەبدول،٢٠١٢، پاشماوەی سیستەمی ئێرگەتیڤی لە کرمانجی ناوەڕاستدا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە (٣٧) ی تشرینی یەکەم، بەشی (B).

٢٨. قادر، کاروان عمر ، ٢٠١٩ ،تەنینی وشەیی لە ڕێزمانی وشەدا، گۆڤاری زانستی زانکۆی جیهان، سلێمانی، بەرگی (٣)،ژمارە(١).

٢٩. قادر، کاروان عمر،٢٠١٢، سیستەمی درکپێککردن وەك بنەمایەکی ڕێزمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی،ژمارە(٣٤)، بەشی (B).

٣٠. مەحویی،محەمەد، ٢٠١٤، سینتاکسی ئەرگەتیڤیی/ئەبسۆلوتیڤیی کوردیی-لێکۆڵینەوەی یەکەم، ئەرگەتیڤیی شەقبووی وەچە زاری سلێمانیی، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە ٣١ی ئازاری ٢٠١٤.

چاوپێکەوتن:

٣١. عەول، محەمەد عومەر، ٢٠٢٠، بەشی کوردی، سلێمانی.

بە زمانی ئینگلیزی:

32. Bielak, J & Pawlak,M, 2013,Applying cognitive grammar in the foreign language classroom teaching English tens and aspect, Springer-Verlag Berlin Heidelberg.
33. Brdar,M., Gries,S.,TH& Fuchs,M.,Z.,2011, Cognitive Linguistics: Convergence and Expansion, John Benjamins, Amsterdam.
34. Brenda, M. , 2014, The Cognitive Perspective on the Polysemy of the English Spatial Preposition Over, Cambridge Scholars Publishing,Uk.
35. Campo Martínez,N.D., 2013, llocutionary constructions in English : cognitive motivation and linguistic realization, Peter Lang AG, Bern .
36. Croft,W. & Cruse, D. , A. , 2004, Cognitive Linguistics, Cambridge University Press, New York.
37. Croft,W., 2003,Typology and Universals, Cambridge univers.
38. Crus, A., 2006, A Glossary of Semantics and Pragmatics, Edinburgh University
39. Diessel, H., 2019, The grammar network : how linguistic structure is shaped by language use, New York, NY: Cambridge University Press.
40. Evans , V.& Green, M. ,2006, Cognitive Linguistics:An Introduction , Edinburgh University Press.
41. Evans, V. , 2007, A Glossary of Cognitive Grammar, Edinburgh University Press.
42. Flogstad ,G.,N.,2016, Preterit expansion and perfect demise in Porteno Spanish and beyond: a critical perspective on cognitive grammaticalization theory,Brill, LEIDEN.

43. Flowerdew, L. ,2012, Corpora and Language Education, 1st edition, Palgrave Macmillan, Uk.
44. Fortescue, M.,2017, The Abstraction Engine: Extracting patterns in language, mind and brain, John Benjamins.
45. Geeraerts, D. & Cuyckens. , H. , 2007, The Oxford handbook of cognitive linguistics, Oxford University Press, New York.
46. Gisborne,N.,2010, The Event Structure of Perception Verbs, Oxford University Press Inc., New York.
47. Gisborne,N.,2011**,** Constructions, Word Grammar, and grammaticalization, Walter de Gruyter.
48. Gisborne,N.,2020, Ten Lectures on Event Structure in a Network Theory of Language, brill.com/dlcl.
49. Goldberg, A., E. ,1995, Constructions: A Constructions Grammar Approach to Argument structure, The university of Chicago press, Chicago London.
50. Heine, B. & Narrog, H. , 2010, the oxford handbook of linguistic analyasis, Published in the United States by Oxford University Press Inc., New York.
51. Hudson,R. ,2007, Language Networks: The New Word Grammar , Oxford University Press Inc., New York.
52. Hudson,R. ,2010, An Introduction to Word Grammar, Cambridge University Press, New York.
53. Johnson,M. , 2017, Embodied Mind, Meaning, and Reason,The University of Chicago.
54. Kermer, F., 2016, A cognitive grammar Approach to teaching tense and aspect in the L2 context, Cambridge Scholars Publishing.
55. Kristiansen,G., Achard,M., Dirven,R. & Ruiz de Mendoza,F.,J., 2006, Cognitive Linguistics: Current Applications and Future Perspectives, Mouton de Gruyter, Berlin.
56. Langacker,R.W. , 2013, Essentials of Cognitive Grammar, Oxford University Press.
57. Langacker,R.W. ,1987.Foundation of cognitive grammar,Vol.1 Theoretical Prerequisites. Stanford, Stanford University Press.
58. Langacker,R.W. ,2008, Cognitive Grammar A Basic Introduction, Oxford University Press

59.Liu ,D., 2014 , Describing and explaining grammar and vocabulary in ELT: key theories and eff ective practices, Routledge, New York& London.

60.Luo, H , 2019, Particle verbs in English: A Cognitive Linguistic Perspective, Springer Nature Singapore, Singapore.

61.Ostman,J.,O.& Fried,M.,2005, Construction Grammars: Cognitive grounding and theoretical extensions, John Benjamins B.V., Amsterdam_/_Philadelphia.

62.Pelyvás, P. , 1995, A Reader In Cognitive Grammar for Students of English, Debrecen.

63.Sugayama, k & Husdon, R,2005, Word Grammar: New Perspectives on a Theory of Language Structure, Printed and bound in Great Britain by MPG Books Ltd, Bodmin, Cornwall.

64.Talmy,L.,2000, Toward a cognitive semantics: Concept structuring systems,V.1, Massachusetts Institute of Technology, London.

65.Thagard, P. ,2005, Mind :Introduction to cognitive science, 2nd ed. Massachusetts Institute of Technology.

66.Traugott, E.,C.& Trousdale, G. , 2013, Constructionalization and Constructional changes, Oxford University Press, New York.

67.Wiechmann, D. , 2015, Understanding Relative Clauses: Usage-Based View on the Processing of Complex Constructions, Walter de Gruyter GmbH, Berlin.

68.Wilcox ,SH., 2018 ,Ten Lectures on Cognitive Linguistics and the Unification of Spoken and Signed Languages, Koninklijke Brill NV, Leiden, The Netherlands.

نامەکان:

69.1.Denia,L., 2016-2017, Cognitive Linguistics:Tomasello,s Usage based theory of Language Acquisition, Master,University of Mostagane John Benjaminsm.

گۆڤارەکان:

70.Buljan, G., 2018,The Croatian Suffix -stv(o) : A Study of Meaning and Polysemy in Word Formation, Journal of Slavic Linguistics 26(2): 185–244.
71.Butler, S. ,Christopher, 2014,Exploring Functional-Cognitive Space , John Benjamins B.V.
72.Debusmann,R., 2000, An Introduction to Dependency Grammar, Universit¨at des Saarlandes, Computerlinguistik.

73.Diessel, Holger. 2017. Usage-based linguistics. In Mark Aronoff (ed.), Oxford Research Encyclopedia of Linguistics. New York: Oxford University Press.
74.Evans, V. , Bergen B. K., & Zinken, J. ,2007, The Cognitive Linguistics Enterprise: An Overview , London: Equinox.
75.Hudson, R. ,2001, Clitics in Word Grammar, University College London.
76.,Hudson, R., Camdzic, A., 2007 ,Serbo-Croat clitics and word grammar, University College London
77.Maekawa, T. ,2010, dependency structure vs. phrase structure: two analyses of English determiners.
78. Tawfeeq, S.,S., 2017, The Kurdish Adpositional System: New Perspectives, koninklijke brill nv, leiden, doi 10.1163/23526416-00301001.

# الملخص

هذا البحث بعنوان (شبكة قواعد الكلمات في اللغة الكوردية)، دراسة تحليلية و يمكن التعرف عليها عن طريق النظريتين و هما قواعد الكلمات و قواعد المعرفية، حيث تستثمر لتحديد وتحليل البنية المعرفية.

القواعد النحوية التي تتبع المعرفة النحوية، ترتبط بجميع المعارف البشرية ،تقوم وتعمل على تنظيم هذا الهيكل المعرفي في معرفة القواعد و إبرازها من خلال شبكة لقواعد الكلمات.

هذه الدراسة مقسم إلى ثلاثة فصول:

الفصل الأول؛ بعنوان (القواعد المعرفية و فهم قواعد الكلمات). في هذا الفصل يبرز النظرية الأساسية لنظرية قواعد الكلمات، أي (القواعد المعرفية)، و يتكون من قسمين ،في القسم الأول الذي بعنوان (علم اللغويات المعرفية)، تحدثنا عن كيفية وصف مباديئ علم اللغويات المعرفية، وفي القسم الثاني الذي بعنوان (النموذج المعرفي في القواعد) ركزنا على النماذج التي تصف أنموذج للقواعد المعرفية كمبدأ لنظرية قواعد الكلمات.

وفي الفصل الثاني الذي بعنوان(شبكة لغوية في سياق قواعد الكلمات) ركزنا على ما يصف المباديئ الأساسية لقواعد الكلمات و طريقة عملها في اللغة الكردية، و يتكون من قسمين ،القسم الأول بعنوان (المباديئ النظرية لقواعد الكلمات) برزنا هنا الأساسيات للنظريات،وفي القسم الثاني بعنوان (هندسة اللغة في قواعد الكلمات) خصصناه لبنية اللغة في شبكة قواعد الكلمات.

وفي الفصل الثالث الذي بعنوان (التركيب النحوي في قواعد الكلمات)، عرضنا كيفية عملية وصف تحليل الجمل في اللغة الكوردية وفق نظرية قواعد الكلمات، يتكون من قسمين أيضا، في القسم الأول بعنوان (هيكل تبعية) الذي يصف بنية التبعية في اللغة الكوردية، و القسم الثاني بعنوان (البنية التبعية وأنواع الجمل هيكليا)، في هذا القسم يعمل على تحليل تراكيب الجمل في اللغة الكوردية، و يبرز أيضا البنية الصعبة لها، من نظرية قواعد الكلمات. و في الختام عرضنا النتائج في بعض النقاط الأساسية.

Abstract

The research entitled (A network of Word Grammar in Kurdish Language) is a cognizable analytical study. According to theories of Word Grammar and cognitive Grammar invest to specify and analysis cognitive structure.
Grammar is a knowledge system of grammar, that connected to all knowledge of Humans, acting and organizing this cognitive structure in knowledge of grammar, bring out through Network of Word Grammar.
A study divided into three chapters:
First chapter entitled (Cognitive grammar and Comprehend word grammar). In this chapter bring out basic theory to word grammar theory, that is (cognitive Grammar), consists of two sections, first section entitled (Science of cognitive linguistics) that describe principles of science of cognitive linguistics, second section entitled (A Model of Cognitive Grammar) that describe a model of cognitive grammar as a principle of word grammar theory.
Second Chapter entitled (Network of linguistic in a context of word grammar) in this chapter describe basic principles of word grammar and their working in Kurdish language. Consists of two sections, first section entitled (Theoretical principles of word grammar) in this section bring out the basic of theories, second section entitled (The architecture of language in word grammar) that bring out the architecture of language in the Network of word grammar.
Third chapter entitled (Syntactic structure in word grammar) in this chapter describe analyzing sentences in Kurdish language according to word grammar theory. Consists of two sections, first section entitled (dependency structure) thatdescribe dependency structure in Kurdish language, second section entitled (dependency structure and types of sentences structurally), in this section working on analyzing structures of sentences in Kurdish language also bring out difficult structure of word grammar theory.
Finally, the results are presented in some points.